# دەنگی هەرمان

١٧ کورتە چیرۆکی ئەمریکایی و ئۆرووپایی

PDF4Kurd

وەرگێڕ (لە ئینگلیزیەوە):

**محەمەد رەمەزانی**

**دەنگی هەرمان**

(١+١٧ کورتە چیرۆکی ئەمریکایی و ئۆرووپایی)
وەرگێڕ (لە ئینگلیسیەوە): محەمەد رەمەزانی
پیتچن: شاسەنەم (بۆکان٠٩١٤١٨٠٥٥٩٧)
ڕووبەرگ:
ئەژمار:
چاپ:

## نێوەرۆک


پێشەکی وەرگێڕ ..................................................................... ٥

**مردووەکان:** جێمیز جۆیس ..................................................... ٢٧

**بێدەنگی:** ئێدگار ئالێنپۆ ....................................................... ١٠١

**میوان:** ئالبێر کامۆ ............................................................... ١٠٧

**چەند گردی وەک فیلی سپی:** ئێرنێست هێمینگوێی ........................ ١٢٧

**دڵ پیسی:** ئێد والاس ............................................................. ١٣٥

**دووشوو:** گی دۆ مۆپاسان ....................................................... ١٤١

**ڕاوەماسی:** گی دۆ مۆپاسان ...................................................... ١٥١

**پادشا گەردانی:** گی دۆ مۆپاسان ................................................ ١٦١

**دزی بەشەرەف:** فیۆدۆر داستایەفسکی ....................................... ١٧٧

**سروودی شاهێن:** ماکسیم گۆرکی ................................................ ٢٠٥

**قەرزی شەرەف:** ئاندرێ مۆروا .................................................. ٢١٣

**بەسەرهاتی خوشکی ئایینی، خاتوو ئاپاریسۆن:** ئێمیلیا پاردوو بازان. ٢١٩

**باخی جڕ و جانەوەر:** ئیۆد. دی. هۆچ ......................................... ٢٢٩

**یەکەم جار کە چووم ددان بە تاوانەکانمدا بنێم:** فرانک ئۆکانێر..... ٢٣٣

**قانوون:** ڕابرت. ئێم. کۆوتس ..................................................... ٢٤٧

**ئەو کابرایەی وا ژنێکی ناجسنی هێنا:** دۆن خوان مانوئێل .............. ٢٥٥

**...، پەت لە مل خراوی، دڵ هەراو!:** مارسێل ژووهاندۆ ................ ٢٦٣

**نامەی منالان بۆ خوا** ........................................................... ٢٧٥

# پێشەکی وەرگێڕ

ئەم کۆمەڵە دەنگانە بە پێی خوێندنەوەی دەقەکانیان لە لایەن ئەم پێنووسەوە کراونەتە کوردی. جۆری دانانی ئەمانە بە شێوەی ئەم پێرستە ئێستاییە، یەک بە پێی حەزی وەرگێڕ بووە، کە تۆی خوێنەر دەتوانی بۆخۆت بیگۆڕی و بۆ وێنە ١٧ بکەیە یەک و هتد؛ دوو لە سەر بنەمای هێندێ تێبینی وەک لێککاڵانەوەی گرێچن و شێوازی زمان و ناوەرۆک و...ماڵی هەر چیرۆکێک دەگەڵ دەروجیرانەکانی. بۆ وێنە ١٣و ١٤ و ١٥ دەچنە خانەی تەنزەوە، یان ٦و ٧و ٨ بەو هۆ ساکارەی کە هەر سێک دەستکاری یەک نووسەرن. ئەمانە بەشێک بوون لەو کارانەی کە لە ساڵی ١٩٩٠ی زاینییەوە تا ئێستا لە گۆڤارە ئەدەبییەکاندا لە چاپ دراون، جگە لە "مردووەکان" و "پادشاگەردانی" کە جارێ لە شوێنی دی لە چاپ نەدراون...

ئەم دەنگانە زۆربەیان نە ڕەنگی یەکدییان دیوە و نە دەنگی یەکتریان بیستووە و ئەوەش دەستووری خوای زەمانە.

***

گۆیا دەنگ و ڕەنگ ـ چ هی ئینسان چ هی غەیری ئینسان ـ نافەوتێ و دەڕوا بە ئاسماندا. بێتوو بەشەر زەمانێ تێپەڕی لە سنووری تیژتێپەڕیی (سرعت) نوور، دەنگ و ڕەنگی ئەژدادانی هەزاران ساڵە دەگرێتەوە کە بە هەوادا دەڕۆن، ئەو کاتی بە دەردی فارس گوتەنی:

"قیامت می‌شود!"[1] بەڵام مخابن بەشەر تەنانەت بە تیژتێپەڕیی نووریش تەنیا لە فرموولەی ئەنشتەیندا جێی دەبێتەوە.[2].

ئەگەر فیزیک ناتوانێ جارێ لەم فرموولە کەڵک وەرگرێ (بۆ بەشەر)، هونەر دەتوانێ. وەرگێڕان، ڕاو کردنی ئەو دەنگانەیە. لێرەدا m بەلای منەوە لێکدراوێکە لە خەستایی دەق و جەوهەر و قوورسایی بیر و توانی وەرگێڕ و $C^2$ شاباڵەکانی خەیاڵی وەرگێڕە: بێتوو وەرگێڕ تەپ بێ و وەک پەلەوەری ماڵی هەڵفڕینی لە بیر چووبێتەوە، E ئینێرژی کارەکەی لە سیفر نزیک دەبێتەوە. میووزەکانی وی ـ خۆی و بەختی ـ کێن؟ تۆ بڵێی لە دەرەوە بن، میووزی دەوڵەتی یان نان و ناون یان لە دەروون دان، میووزی کەوناڕا، سەرچاوەی هونەر. دەستەی یەکەم لەشکر لەشکرن، دەستەی دووهەم تاک و تەران. ڕەنگدانەوەی دەق لە ناو مێشکی ئەمانە چۆنە، **وەکوو عەسکی قەمەر وایە لە ناو حەوزێکی لیخندا.** ئەمانە ئەو بۆچوونەی سووفەستاییەکان دەیانگرێتەوە کە ئەزموونی کەس بە کەس ناگا. دەستەی دووهەمن کە پەپوولەی زێڕکفتی دەق دەگرن و لە ناو هەر دووک دەستی ناسکی هونەرمەندانەیانا دەیگرن: پەپوولە زێڕم دەیە، و دەیداتێ...

***

حەزی تایبەتی من لەو کۆمەڵە چیرۆکانەدا "مردووەکان"ی جێمیز جۆیس (زووریخ ١٩٤١ ـ ١٨٨٢ دووبلین)ە. ئەمە ئاخر چیرۆکی کۆمەڵە چیرۆکی "دووبلینییەکان"ە کە لە ساڵی ١٩٠٤ لە ئۆرووپا دەینووسێ و وەک باقی کارەکانی دیکەی تووشی چەرمەسەرێ و گیروگرفت دەبن. کەمتر نووسەرێکی ئۆرووپایی بە ئەندازەی جۆیس دێوەزمەی سانسۆڕ

---

[1] یانی زۆر زۆر مایەی هەژانە.

[2] $E=mc^2$ (E ئینرژی و m جرمی ماددە و c تیژتێپەڕیی نوورە کە بە هێزی ٢ گەیشتووە)

هەڕەشـەی لـێ کـردوە و کارەکـانی تەنانـەت لـە گومرکـەکانیش قاچـاغ بوون. دە پێشدا گرەنت ڕیچاردز[١]ی ناشر پێ دێ بڵاوی کاتەوە، بەڵام پاش چەنەچەن و گێرە و کێشەیەکی زۆر دەگەڵ جۆیسدا بە هۆی چەند وشەوە کە ئەم، یانی ناشر دەیەوێ هەڵیانپەرتێوێ، شانی پێداناکا لە چاپی دا. بنکەی بڵاڤۆکی مۆنسیل و هاوالان[٢] بەڵێن دەدا بڵاوی کاتەوە، ئەمیش هەر لەبەر ئەوەی دەیەوێ چەند بەشێکی لێ بقرتێنێ، نایکا. ساڵی ١٩١٢ بە هیوای چاپی "دووبلینییەکان" دەگەڕێتەوە بۆ دووبلین (ئەمە ئاخر جارە دەچێتەوە ئیرلەند) بەڵام بە دڵگرانی و دڵمەویستییەکی زۆرەوە دەگەڕێتەوە تریست کە لەوێ بە عینوانی مامۆستای ئینگلیسی دەرس دەڵێتەوە کە پێی بەڕێ بچێ. عاقیبەت پاش ئەو هەمووە گزوفتە لە ساڵی ١٩١٤ گرەنت ڕیچاردز مل پێدا دەکا کە دووبلینییەکان چاپ کات، یانی پاش دە ساڵان.

چیرۆکی "مردووەکان" لە میوانی ماڵی دوو پیرە کچ، پوورە کێیت و پوورە جوولیا، دەست پێدەکا. کەسایەتی سەرەکی داستان، لە سەرەتاوە گابریەلە، خوشکەزای ئەو دوو پیرێژنە، ڕووناکبیرێکی شەیدای کتێب کە لە ستوونێکی ڕۆژنامەی The Daily Express ڕەخنە لەسەر کتێبە ئەدەبییەکان دەنووسێ و مامۆستایە و پاش کلاس و وانە گوتنەوە بە هەڵەداوان دەچێ ڕوو لەو کتێبفرۆشانە دەکا کە کتێبی کۆنە دەفرۆشن. ئەو کتێبانەی ڕۆژنامەکە بۆی دەنێرێ شتیان لەسەر بنووسێ، هەڵدەگرێ و بە حەز و ئەوینەوە دەستیان پێدا دێنێ و هەڵیان دەداتەوە. ئاستی خوێندەواریی کۆڕی میوانییەکە لەوە دەچێ زۆر لە خۆی بەرەو خوارتر بن، جگە لە خاتوو ئیڤۆرس، کچی ڕفێقی زانکۆی. گابریەل کە

---

[١] Grant Richards

[٢] Maunsel and Company

بڕیار وایە دوای شام، وتارێک پێشکەش بکات، لە خۆئاگاییەکی پڕ لە هەستیاریدا کە گوێی لە زرمە و خشەی نازەریفی میوانان دەبێ، بە خۆی دەڵێ کە ئەمانە لە خۆی خوارترن و وەک کۆمەڵێک بنیادەمی عامی و عادیی دەیانبینێ: "زرمە زرمی نازەریفی پاشنەی کەوشی پیاوەکان و خشەخشەی پەنجەی کەوشیان ئەو شتەی وەبیر هێناوە کە ئاستی فەرهەنگیی وان جیاوازە لە گەڵ هی خۆی." ئەم بابەتە یانی جیاوازیی هەست و هۆش و کردار و وتاری ناسکی هونەرمەند، لە کەسایەتی هونەرمەندانەی Stephen لە "وێنەی هونەرمەند لە تافی لاوی"شدا دەبینرێ. ئەم بابەتە لە کاری زۆر نووسەرانی پاش وی دووپاتە بۆتەوە، خۆوحاستت یان بە شێوەی هێماگەریی؛ بۆ وێنە کەسایەتی هەستیار و هونەرمەندانەی سایمۆن لە "سەروەری مێشان"[1] نووسراوەی ویلیام گۆڵدینگدا کە لە کۆمەڵی بێزەرافەت و بێبەزەی منالانی ناو جەزیرەکە کە تەنانەت کۆدە ئەخلاقییەکانی کۆمەڵی جارانیان وەلا ناوە و گەڕاونەتەوە سەر سەرچاوەی سروشتی خۆیان یانی خەراپە، کە بە بۆچوونی نووسەر لە ناخی بەشەردایە ـ گیانی لە دەست دەدا و خوێنی دەڕژێتە ئەرزی و دەریا، ئاو ـ هێمایە بۆ پاکی و مەعسوومییەت و گوناه شتنەوە ـ تەرمی لا دەبا.

یا ئەگەر دەقی چیرۆکەکەی ماکسیم گۆرکی نووسەری ڕووس، بە ناوی "سروودی شاهێن" ئەگەر بە تێڕوانینی غەیری سۆسیالیستی کە هی گۆرکی بۆخۆیەتی بخوێنینەوە، کەسایەتی هێماگەرانەی شاهێنی بەرزەفڕ هەر ئەو هونەرمەندەیە کە تەنانەت مەرگی لە حەوێقی ئاسماندا دەوێ و مار ـ هێمایە بۆ کۆمەڵی ڕەشۆکی ئاسایی بەندیی عادەتە

---

[1] Lord of flies

ڕۆژانەکانی خۆیان - لێی حاڵی نییە و تیزی پێ دەکا. لەم چیرۆکەی جۆیسدا هێمای هەڵفڕین هەیە، لە وەسفی گۆرانییەکەی پوورە جۆلیادا: "بێئەوەی دەم و چاوی گۆرانیبێژ ببینی، تۆش هەژان و دڵەتەپێی هەڵفڕینێکی تیژ و بێمەترسیت هەست دەکرد و تێیدا هاوبەش دەبووی."

چیرۆکی "سەگی بەڕەڵڵا"ی سادقی هیدایەت، نووسەری ئێرانیش هەر هێمایە بۆ ئەو تەنیایی و ئیزۆلە بوونی هونەرمەند لە ناو کۆمەڵی ڕەشۆکی یان بە دەردی گۆران گوتەنی: "قەومی بەسیت"، و سەگەکە، کە بەڕەڵڵا نییە و بەڵکوو بەڕەڵڵا بووە و هەموو هەست و ئاکاری تەربێت کراوە و پڕ لە زەرافەتە، بەو چاوە پڕ لە خۆشەویستی و دەردمەندییە لە دەری شار (هێما بۆ ئیزۆلە بوون) خەریکە گیان دەسپێرێ و لاشخۆران - هێمای ملهوڕان - مەحتەلن ئەم بمرێ و چاوی دەرهێنن: ئەمان کوشتە و مردەی چاوی بوون، چونکێ لە چاو دەترسن کە هێمای تێگەیشتنە کە بنیادەمی ئاسایی لێی بێبەرین.

لەم داستانەی جۆیسدا گابریەل، ئەتوانێ هەمان کەسایەتی جۆیس با، ئەگەر بێتوو لە ئیرلەند مابا - ئەو لە تەمەنی ٢٢ ساڵی زێدی خۆی یانی دووبلینی بەجێهێشت - لە بازنەی تەنگی بیری تەسکی ئیرلەندیانی ئەوکات و لە زیندانی شارۆچکەی دووبلیندا خەسار دەبوو و ئاخ هەڵکێشان و زگ بەخۆسووتانی گابریەل لە هوتێلەکەدا دەتوانێ مەرسییەیەک بێ بۆ ئەو جۆیسەی دەیتوانی لەو ئەگەرەدا با: "... بنیادەمێکی ئیحساساتی پەشۆکاو بەڵام دەروون پاک کە وتار پێشکەشی پۆلێ بنیادەمی ڕەشۆکی و ڕەمەکی دەکا..."، هەر ئەم ڕەشۆکی و ڕەمەکییانەی کە لە جەغزی عادەتی ڕۆژانەدا دەخولێنەوە و خولانەوەی ئەسپەکەی پاتریس مۆرکن، نەجیمزادەی پیر، بە دەوری کۆتەڵی پادشادا هێمایەکە بۆ ئەم شتە.

لە خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە هەر وەک باقی چیرۆکەکانی جۆیس، چەند تێکنیک دەبێ لەبەر چاو بگیرێ، هێماگەری[١]، ئیشارە[٢] و "رەوتی نەسرەوتووی زەین"[٣] یان "لە دڵی خۆدا دوان"[٤]ی کەسایەتی چیرۆک و "وەبیرخستنەوەی ئازاد"[٥] کە کاراکتێر شتێک دەبینێ، وەبیر شتێکی دیکە دەکەوێتەوە.

هەر لەو کاتەوە گابریەل دێتە ژووری، ڕوانگەی[٦] چیرۆک زۆر دەکەوێتە دەلاقەی بینایی وییەوە. لێرەدا شتێک جێگای سەرنجە: ناو مێشکی گابریەل ئەو کاتەی گوێی دابووە دەنگی زوڵاڵی پوورە جوولیا لە کاتی گۆرانی وتنەکەیا، ئاوا پیشانی خوێنەر دەدرێ: "کە بە شوێن ئەو دەنگەدا هاتبای، بێوەی دەموچاوی گۆرانیبێژ ببینی، تۆش هەژان و دڵەتەپێی هەڵفڕینێکی تیژ و..." جۆیس زۆر جاران ئاوا پێداگرییەکی تایبەتی لەسەر وێنە دەنگییەکان[٧] هەیە و هۆی ئەمەش ئەوە بووە کە حوکمی چاوی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە کزیی و بەرەو کوێری بووە. جۆیس بۆخۆشی دەنگێکی تێنۆڕی بووە و جاروبار گۆرانیشی گوتووە.

ئەسڵ و سەرەتای چیرۆک لە ئاخرەکەوە دەست پێدەکا. لەو کاتەدا کە گابریەل لە هۆدەی هۆتێلەکە دەگەڵ گرێتای خێزانی بە تەنێ ماونەوە. گابریەل ئەم لەحزەیەی لە خوا دەویست، چونکێ هەوەس بە تەواوی دەماری لەشیا دێ و دەچێ و ئۆقرەی لێ هەڵگرتووە، خوا

---

[١] Symbolism
[٢] allusion
[٣] Stream of consciousness
[٤] inner monologue
[٥] Free association
[٦] Point of view
[٧] vocal images

خوای بوو کابرای پێشخرمەت زوویان بە تەنیا بەجێ بهێڵێ و گابریەل بە هەڵەداوان درگاکە دادەخا، بەڵام: "**شەوقێکی ناخۆش**[1] لە خیابانەوە بە پەنجەرەیەکدا و لە شێوەی نەوارێکی پان هاتبووە ژووری، **خۆی درێژ کردبۆوە و بۆ لای درگاکە چووبوو**..." جۆیس بە شێوەیەکی هێمایی شەوقێکی ناخۆش، لە لانی گرێتاوە، دەخاتە سەر ڕاستەقینەیەک و هەر ئەو درگایەی گابریەل دەیەویست دایخا، بە شێوەیەکی سەمبولیک بە ڕووی نهێنییەکی چەند ساڵەدا کراوە: "گرێتا دڵی گیراوە و گابریەل لێی حاڵی دەبێ کە هەوایەکی کۆن بە ناوی "کیژۆڵەی ئۆگریم" کە کاتی بڵاوە کردنی میوانییەکە لە زاری گۆرانیبێژێک بە ناوی بارتێل دارسی دەبیستێ و دەگەڕێتەوە بۆ زەمانی کچێنی کە حەزەکەی بە ناوی مایکڵ فیورێی ئەم گۆرانییەی دەگوت..." گرێتا دەگێڕێتەوە کە شەوێکی زستانی کە باران بە غووڕەم دەباری، ئەم خۆی ساز دەکرد بەیانی بچێ بۆ دەیر لە دووبلین و حەزەکەی ـ با ئەوەی زۆر زۆر نەخۆش بووـ خۆی دەگەیەنێتێ و پێی دەڵێ نامەوێ بێ تۆ بژیم و حەوتوویەک پاش ڕۆیشتنی گرێتا، لە تاوانی دڵی دەتۆقێ و بە ١٧ ساڵی، سەری جوانەمەرگی دەنێتەوە. ئەمە دووهەم زەربەی کاریگەرە وە گابریەل دەکەوێ. ـ یەکەمیان خاتوو ئیڤۆرسی ڕفێقی زەمانی زانکۆی لە کاتی ڕەخسین لە میوانییەکە تێی دەسرەوێنێ: ئەو داوا لە گابریەل دەکا لەگەڵ ئەم و چەند هاواڵی تر لە گەڵی بچێ بۆ ڕۆژاوای ئیرلەند، بەڵام گابریەل خۆیەکی ڕیاکارانەی شێوە فازلانەی بۆخۆی پێک هێناوە و لە زمان و نەتەوەی خۆی نەبانە و سەفەر بۆ وڵاتانی ئۆرووپایی دەکا و خۆ بە زمانەکانی وانەوە خەریک دەکا و ئیڤۆرس حەیای پێوە ناهێڵێ ـ

---

[1] تەئکید و پێداگرتنەکە لە لایەن وەرگێڕەوەیە، نەک لە دەقەکەدا بێ.

گابریەلی خۆخۆشەویست بۆ یەکەم جار لێی  حالّی دەبێ گریتای هەر لەبەر خۆی ویستووە و تەنیا هەر خۆی دیوە و خۆی. تازە لێی حالّی دەبێ "بێتۆ نامەوێ بژیم" یانی ئەوین، یانی ئەو هێزەی کە بوونت پێ ئەبەخشێ و ئەگەر نەتبێ مردووی و ئەو بنیادەمانەی لە چەشنی مایکل فیورێین هەتا هەتایە زیندوون و ئەم بە ڕواڵەت زیندووانە مردوون. جا تیتری چیرۆکەکە لە بنەڕەتدا هەر ئەم ئینسانە بە ڕواڵەت زیندوو بەڵام مردووانە دەگرێتەوە، ئەم و تەواوی ئەوانەی لە میوانییەکە بوون، هەموویان مردوون: "مردووەکان". بەیتێک لە مەولانای ڕوومی لێرەدا ـ هەرچەند بۆ عیشقی خوایی هاتووە ـ جێی خۆیەتی:

آتش است این بانگ نای و نیست باد

هر که این آتش ندارد نیست باد

یانی هاواری ئەم نەیە، ئاگرە، و با نییە، (و هەر لەخۆڕا نییە) و ئەوەی ئەم ئاگرەی لە جەستە بەرنەبووبێ، ئەی هەر نەبێ!

ئەم ڕستەیە لە ئاخرەکانی چیرۆکەکەدا بۆتە تابلۆی جیهانی تازەی گابریەل، گابریەلی تازە لە خەو ڕابوو: "کاتی ئەوە هاتبوو ئەم سەفەری بەرەو ڕۆژاوا دەست پێبکا"، یانی ڕۆژاوای ئیرلەند و ئەوە بڕیارە بۆ گەڕانەوە و بادانەوە بۆ سەر خۆ و بۆ لای نەتەوە و زێدی ڕاستینی خۆی و ناسنامەی خەت زێڕینی خۆی لە گیرفان دەنێ.

***

تۆ دەزانی لە خزمەت جێمز جۆیسدا بڕێک زۆرم پێ چوو؟ هەقی خۆیەتی و هەقی خۆییم نەداوەتێ. من لەو کاتەوەی دانشجووی[1] زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیسی بووم و "وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا" بە

---

[1] دانشجوو (هەرچەند فارسییە) بە لای منەوە لە تەڵەبە خۆشترە

دەرس خوێندم لە خزمەت دوکتۆر "بەهرامی میقدادی"دا وەرگێڕ و کافکاناسی بەناوبانگ، گیرۆدە و شەیدای جۆیس بووم و زۆر شەوان و ڕۆژان نۆبەتێی جۆیس دەیگرتم، ئەویش چۆن! لە ڕۆژانی ئاخری هاوینی ٢٠٠٦ی زایینی "مردووەکان"م کردە کوردی و شەوی ئاخر کە گەیشتبوومە ئاخرەکانی، چۆنی هەژاندم: سەعات لە نزیکەی سێی نیوەشەو دەمنووسی و فرمێسک بە چاومدا دەهات دەڕژا سەر کاغەزەکە.

جۆیس لە تەوسیفی مێزی شێو کردنەکە بە دانستە و بۆ شۆخی هێناویە لە شێوازی گاڵتەجاڕی چارلز دیکنز کەڵکی وەرگرتووە: "لە نێوان ئەو دوو شتانەی سەر دوو قەراغی مێزەکە **کە کێبەرکێیان بوو**، ڕەدیف ڕەدیف خواردەمەنی جۆراوجۆر دانرابوو... لە ناوەڕاستی مێزەکە دوو بتری کورت و پانەسێڵەی قەدیمی لە بلووری تاشراو... **ئەم دووانە دەتگوت نیگابانن** ئاگایان لەو سێپایەیە کە پرتەقاڵ و سێوی ئەمریکاییان لەسەر هەڵچنیبوون و قووچ ببوونەوە. لەسەر پیانۆ چوار گۆشە داخراوەکە پوودینگیان لەسەر دیسکێکی زەردی زەلام **دەستەونەزەر** دانابوو..."[١]

***

چیرۆکی "چەند گردی وەک فیلی سپی" هێمینگوێی کێشەی نێوان کچ و کوڕێکە: کچە زگی لەو کوڕە پڕە و لێشی دڵپڕە، چونکێ نایەوێ زگەکەی هەڵکەنێ و هەرچی ئەمە بە شوێن ژیانی بەختەوەرانەی خاوخێزانە، شتێکی کە کوڕە دەیەوێ لەبەری هەڵێ. کچە ئیشارە بەو گردانەی ئەوبەری شوێنەکەی خۆیان دەکا کە بەفر دایپۆشیون و دەڵێ

---

[١] تەئکید یا پێداگرتن لە لایەن وەرگێڕەوەیە.

ئەمانە وەک فیلی سپی دەچن، دیارە ئەمەش هێمایەکە بۆ زگی پڕی خۆی.

شتێکی دیش کە لەم چیرۆکەدا لەبەرچاوە، تەوسیف بە نیسبەت کەمە و وتوویێژ لە گەڕدایە و بە واتایەکی دی، دەنگ بەسەر ئەم چیرۆکەدا زاڵە. لە هێندێک لە چیرۆکەکانی هێمینگوێی لەم تێکنیکە کەڵک وەرگیراوە.

***

"بێدەنگی" حیکایەتە و ئێدگار ئالێن پۆ بۆخۆی لە بن تیتری "بێدەنگی" وشەی Fableی هێناوە کە بە مانای حیکایەتە، بەتایبەت ئەو حیکایەتانەی کە لە زمانی جڕوجانەوەر شت دەگێڕنەوە و لەم ژانرە ئەدەبیانەشدا کەسایەتی داستان پان یا دوولایەنەیە.[1] فەزای داستان ـ وەکی زۆربەی داستانەکانی ئێدگار ئالێن پۆ ـ فەزایەکی گۆتیکە، فەزایەکی پڕ لە ترس و خۆف، پڕ لە ڕاز و ڕەمز یان پڕ لە وەڕەزی و دڵتەنگی. دەوری سەرەکی فەزا و نووسەر (شەیتان) وەک خودای سەحنەکە دەیگێڕێ و نەک کابرای وا دانیشتووە. زمانێکی کە بۆ وەرگێڕانەکەم هەڵبژارد زمانێکی بڕێک ئاهەنگین و بە شێوەی نەسری موسەجەعە و لە دەقە ئەسڵییەکەدا بەشێک وەک تەرجیعبەند دووپاتە بۆتەوە: "... کابرا و کرداریم دابووە بەر سیلەی چاوان..."

***

سێ چیرۆکیشم لە گی دۆ مۆپاسان نووسەری هەڵکەوتووی فەرانسەوی وەرگێڕاونەوە لە قۆناغی جۆراوجۆری تەمەنمدا. گی دۆ مۆپاسان قەڵەمێکی شیرینی هەیە و خوێندنەوەی کارەکانی حەز و لەززەتی تێدایە. ئەڵبەت شێوازی "دووشوو" جیاوازی هەیە لەگەڵ

[1] Flat Character

دوانەکــەی دی. بــا ئــەوەش بڵــێم کــە دەقــە ئینگلیســییەکانیان زۆر ئابڕوومەندن و جێگای بڕوا. (بەڵام بەداخەوە دەقە فەرانسەویەکانیانم لەبەر دەستدا نەبوون)

شێوەی دارشتنی "دووشوو" پتەوترە و هەرچەند بۆخۆی هەرگیز نەیویستووە چیرۆکی دەروونناسانە بنووسێ، لەباری دەروونناسییەوە قسە هەڵدەگرێ. لەوە دەچێ گی دۆ مۆپاسان لە تەمەنێکی پوختەتردا نووسیبێتی، هەرچەند بە داخەوە لە ڕەدەی نووسەرە کەم تەمەنەکان بووە (١٨٩٢-١٨٥٠) بەڵام هەر لە سەرەتاوە کە هاتوچۆی ماڵی ئیواان تۆرگینێف، نووسەری پایە بەرزی ڕووس کە لە فەرانسە دەژیای دەکرد، قەڵەمبەدەستان پەیان بە توانای ئەدەبی وی برد و ئەو جەمعە بە تایبەت تۆرگینێف و ئێمیل زۆلا و ئالفۆنس دوودە بە تەحسینەوە چاویان لێ دەکرد. تەنیا گوستاو فلۆبێر کە لە سەرەتاوە پەی بە بایەخیی نەبرد، بەڵام ڕەوتی زەمان ئەویشی گیرۆدەی مۆپاسان کرد.

بێینەوە سەر "دووشوو"، کەسایەتی سەرەکی بارۆنێکە، بنیادەمێکی قەدیم خانەوادەیە بە ناوی مۆڕدیان. ئینسانێکی خۆویست و خۆخۆشەویست و لە هەمان کاتیشدا بە پێی پلەی تەبەقایەتییەکەی، خاوەنی سەلیقەی زەریف و پڕ لە جوانییە. لە جحێڵیدا لەگەڵ ژنێکی جوانی مێردار کەینوبەین پەیدا دەکا و ژنە زگی پڕ دەبێ و ئەم لە ترسی ئابڕووی خۆی منداڵەکە دەنێرێ بۆ باشووری فەرانسە و لەوێ بە دایەنی دەدا و تا دەبێتە پیاوی خاوەن ژن و منداڵ و خاوەن شوغڵێکی پڕ دەرامەد ـ ئەندازیاری نەخشەی مڵک و خاوەنی مڵک و ماڵی زۆر ـ هەموو خەرج و بەرجێکی دەدا. دایکیشی هەر بە سەری ساوایی ئەم دەمرێ، هیچیان هیچیان نابینن.

مۆڕدیان ڕەبەنە، تا لاوە ڕایدەبوێرێ. بە پیری تەنیایی و دڵتەنگی ڕووی تێدەکا. حەزرەتی یەعقووب ئاسایی ـ بەڵام یەعقووبێکی مۆدێڕن ئەویش بە شێوەیەکی کاریکاتۆڕ ئاسایی، هەڵدەستێ ڕوو دەکاتە باشووری فەرانسە و وەک شتێک بە شوێن "بۆنی کراسەکەی ویسبی خۆی"دا دەگەڕێ، بەڵام هەر لە کووچەوە کە یەکێ لە نەوەکانی دەبینێ و بە حەزەوە هەڵیدێنێ و ماچی دەکا، بۆگەنی سیری لێ دێ و بە دڵشکاوییەوە دەڵێ: "حەح" و دایدەنێ و لە دڵی خۆیا دوودڵ دەبێ کە بڵێی منداڵی نۆکەرەکەیان نەبێ، کە دوایە لە ژووری لێی حاڵی دەبێ کە نەخێر ڕاست وایە نەوەیەتی. لە ماڵێ کە ئەو کوڕ و کارخانەیە دەبینێ و ئەو ژنە پنگەڵە و ماڵی شپرێو و پیس و پلۆخ و قیافەی کوڕەکەی و دەنگی ناخۆشی کە وەک نیرەنیر دەچێ، وەک شووڵ لە کەپۆی درێ، خۆی ئاشکرا ناکا و لەگەڵ نۆکەرەکەی بەڕێی خۆیدا دەگەڕێتەوە. هەرچەند بێبەری کردنی ئەولاد لە نیعمەتی باب و فرزەندی بە پێچەوانەی سروشت و هاواری خوێنە، خوێنەر زۆرتر دەگەڵ بارۆن مۆردیان هاودەردی دەکا و بەزەیی پێدا دێتەوە.

***

چیرۆکی "میوان" نووسراوی ئالبێر کامۆ، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمانەی ئەلجەزایر موستەعمەرەی فەرانسە بوو. کەسایەتی سەرەکی دووانن: ١ـ مامۆستایەکی فێرگە بە ناوی داڕوو، بە ڕەچەڵەک فەرانسەوی و لە ئەلجەزایر لە دایک بووە و چەشنێک خۆشەویستی سەبارەت بە عەڕەبان لە دڵیدا ٢ـ جووتیارێکی عەرەب، پیاوی کوشتووە و هۆزەکەی حاشاریان دابوو. بەڵام پۆلیس گرتوویەتی و هێناویە داویەتە دەست داڕوو کە سبەینێ بیبا تەحویلی پاسگای پۆلیسی بدا، و داڕوو ڕقی لەم کارەیە.

تیتری چیرۆکەکە بە دانستە سەرلێشێواندنێکی تێدایە. بە ئینگلیسی guest یانی میوان و host یانی خانەخوێ. بەڵام لە ئەسڵی دەقە فەرانسەوییەکە l'hôte ـە کە لە زمانی فەرانسەویدا هەم بە مانای میوانە و هەم بە مانای خانەخوێ. (بە داخەوە فەرانسەویەکەیم نەماوە)[1]، ڕیشەی ئەم وشەیە لە شاخە زمانە هێندی و ئێرانییەکاندا گۆیا دەبێتە ghosti کە ئەزقەزا لەویشدا، هەم بە مانای میوانە و هەم بە مانای خانەخوێ.

عەرەبەکە دێننە فێرگە تەحویلی داڕووی دەدەن، کە ماڵ و حاڵ و شوێنی ژیانیشی هەر لە مەدرەسەکەدایە، عەرەبە لە پێشدا ڕقی لە داڕووە و وەک یەکێک لە دوژمنانی داگیرکەر سەیری دەکات. بەڵام داڕوو بە هەستێکی ئومانیستی (مرۆڤدۆستانە)وە دەگەڵی دەجووڵێتەوە و میوانداریيەکی باشی دەکا و وێڕای خۆی، بێپۆز و دەمار، نانی بۆ دادەنێ و دەگەڵی دەخوا. دیارە نان و نمەکیش گۆیا دەبێ لە ناو عەرەباندا گرینگ بێ و شوێنی خۆی هەبێ. ئەم شەو و ڕۆژە کە لەگەڵ داڕوو هەستان و دانیشتنی دەبێ، خۆشەویستیی ئەم وەک پشتیوانی خۆی دەچێتە دڵیەوە و چی دی وەک بێگانەیەکی سەیر ناکا. داڕوو لێ دەبڕێ تەحویلی پۆلیسی نەدا. سبەینێ پاش نان و چایی، ماوەیەکی باشی لەگەڵ دەڕوا و پووڵ و پریسکەیەک خواردەمەنی دەداتێ و ڕێگای هەڵاتنی پیشان دەدا و بۆخۆی دەگەڕێتەوە.

---

[1] لەبەر سەرلێشێواوی و ماڵوێرانی کە چارەی ڕەشی زۆربەی هونەرمەندان و قەڵەم بە دەستانی ئەم وڵاتە ژێر چەپۆکەی دێوەزمەیە، هەستام بە ملی وردم چووم بۆ هەولێر و تەماشم بوو بمێنمەوە، بەڵام لە هەژنۆدە ڕۆژانم پتر هەڵنەکرد و هاتمەوە سەر پەت و سینگەکەی خۆم. پێش ڕۆیشتن کتێبە فەرانسەوییەکانم هەموو فرۆشت و ئێستاش وا دەزانم ڕۆڵەیەکی شیرینم مردووە.

کـامۆ لێـرەدا بـە شـێوەیەکی ئێگزیستانسیالیسـتی (وجوودگەرایانـە) بنیادەمی چیرۆک لەسەر دووڕێیانی بڕیار و هـەڵبژاردن دادەنـێ. سـارتر دەڵێ: "بەشـەر هـەر دەمەی بەو هەڵبژاردنەی دەیکا، پێناسـەیەکی تـازە لـە خۆ بـە دەسـت دەدا." عەرەبـە دوو ڕێگـای لەبـەرە: ١ـ بچـێ پـەنا بـۆ ئـەو هـۆزە بـەرێ کـە داڕوو ناونیشـانی پێداوە ٢ـ بچـێ خـۆ بداتـە دەسـت پۆلیس. ئەو ڕێگای دووهەم دەگرێتە بـەر، چونکێ ئـەم هـۆزە بـە بێگانـە دەزانێ و لێیان ڕانابینێ بە باشی وەریگرن.

داڕوو کە دەگەڕێتـەوە فێرگـە، دەبینـێ بـە خـەتی خـوار و لار لەسـەر تابلۆکە هەڕەشەیان لێ کردووە کە چونکێ تۆ برایەکی عەڕەبی مەت بە دەسـتەوە داوە، شـەرت بـێ واوات لـێ بکـەین. دیـارە بـەینی ئەمانـە و هەسـت و بیـری بەشەردۆسـتانەی داڕوو، دیـوارێکی بێتـۆنی هەیـە بـە پانایی ڕق و کینەی عەرەبە ئەلجەزاییریەکان لە فەرانسەویان، و لە حـەد و سەدێک دایە کە لافاوی شۆڕش خەریکە هەڵدەستێ و فەرانسـەویان ڕادەمـاڵێ. ئـەو کـاتی کـێ حیسـاب بـۆ هەسـتی جیـاواز و سـەربەخۆ و ئومانیستی داڕوو دەکاتـەوە کـە خـۆی بـۆ کابرایـەکی عـەڕەب خستۆتە مەترسییەوە و ئەگەر ئەو ڕابکا، ئەم لەسـەر کارەکەی ـ کە دڵیشـی پێـی خۆشە ـ وەدەر دەنێن. نە فەرانسەویان و نە عەرەبان هیچیان لەم حـاڵی نین: مرۆیەکی تەنیا (ئیزۆلە) و بێگانە و نامۆ. باسی بێگانـە و نـامۆ هاتـە پـێش، دەگەڕێینـەوە بـۆ سـەرچاوەی عینـوانی چیرۆکەکـە کـە لـە زمـانی لاتینـدا کـە فەرانسـەویەکەی l'hôte (لۆت)ە: بـە بارێکدا دەکەوێتـە سـەر hostis یـانی بێگانـەی دوژمـن، بـە بـارێکی دیکـەدا دەچێتـەوە سـەر hospes یـانی بێگانەیـەکی کـە دوژمـن نییـە و بـەڵکوو میـوانگر و ماڵخۆشە. لێرەدایە کە هەڵبژاردنی ژیرانەی کامۆ بۆ تیتری ئەم چیرۆکە وەدەر دەکەوێ.

***

چیرۆکی "باخی جرۆجانەوەر" نووسراوی ئیۆد. دی. هۆچ. زانیارییەکم کە لەسەر ئەو نووسەرە نیە، دەمەویست بچمە سەر ئینتێرنێت بۆی بگەڕێم، بەڵام بە داخەوە کامپیۆترەکەم خەراپە، کاریّ ناکا.[1] بەڵام دەقەکە، زانیاریمان دەداتە دەست: چیرۆک فەزایەکی فانتزی هەیە و بە شێوەی فابل یا حەکایەت نووسراوە. بەشەر بە خۆی دەڵیّ ئەشرەفی مەخلووقات و ئەم بیرە لە لانی هێندێک بیرمەند و خاوەن پێنووس وەبەر پلار دراوە، جاناتان سویفت لە "بەسەرهاتەکانی گالیوێر"دا بە دانستە بنیادەمەکان وەک ئافەریدەی ورد و چکۆلانەی لە چەشنی دەعبا و شت دەخاتە بەر چاوان و حەقارەتی نەسلی بەشەر ئاوا پیشان دەدا.

بێرتراند ڕاسل، فەیلەسووف و بیرمەندی ئینگلیسی لە کتێبی "سەرکەوتنی عەقڵی سپی"دا کورتە چیرۆکێکی نووسیوە: قەشەیەک شەو خەو بە قیامەتەوە دەبینیّ و حوکم دەکا بمبەن بۆ بەهەشت. فریشتەکان لێی دەپرسن تۆ کێی؟ دەڵیّ: "من بنیادەمم، ئەشرەفی مەخلووقاتم. لەسەر عەرز دەژیام" دەپرسن: "بنیادەم چیە و عەرز لە کوێیە؟" دەڵیّ عەرز گۆیەکی خاکییە لە مەنزوومەی شەمسی وا لە کەهکەشانی ڕێگای شیری. دەفتەرێکی گەورە دێنن، ٩٩٩٩ ساڵان دەگەڕێن تا ئەو کەهکەشانانەی نزیک ڕێگای شیری دەبیننەوە. ٩٩٩٩ ساڵ دەگەڕێن تا کەهکەشانی ڕێگای شیری دەدۆزنەوە. خولاسە پاش ٩٩٩٩ ساڵی دی، عەرز پەیدا دەکەن. دەڵێن ئەوەیە عەرز، ئا ئەو سەرە

---

[1] لەم بەینانەدا لە ڕێگای ئینتێرنێتەوە ویرووسی "یاحوسێن"یان بۆ بەڕیّ کردم، ئاداری بەسەر پاداریەوە نەهێشت. یاحوسێن!! تیرۆریستان فەقیرە بە مردووییش لێخەی نابنەوە و دەیانەویّ بەستزمانە ترۆری پیّ بکەن!

دەرزیـە؟ هـەی بـەزیاد نـەبێ، ئێوە لەسـەر ئێرە دەژیـان و خۆشـتان بـە ئەشرەفی مـەخلووقات دەزانـی؟ جـەنابی قەشـە سـەر هەڵدێنێ دەپرسـێ: "خوداوەنـدا ئـەدی ئێمـەت بـە گـەوج دەزانـی، پێت دەگـوتین ئەشـرەفی مـــەخلووقات؟" جـــەنابی قەشـــە بـــەیانی خەبـــەری بـــۆوە و گـــوتی: "ئەستەغفیروڵڵا!"

لێرەشدا پرۆفسۆر هۆگۆ جرۆجانەوەر لـە کوراتی ئاسمانەوە دێنێ سـواری کەشـتی هـەواییان دەکـا و دەیـانهێنێ پێشـانی خـەڵکی سـەر زەوییان دەدا و پووڵیشیان لێ دەستێنێ. ئەم جانەوەرانە پاش گەڕانـەوە بۆ زێدی خۆیان، بۆ بنەماڵە و کەس و کاریان دەگێڕنەوە کە چووبوونـە سەیری جانەوەرێکی عەجایب بە ناوی ئینسان و دەڵێن ئەو پووڵـەی بۆ سەیری ئەوانەمان دا، بەڕاستی بە زایـە نـەچووە! دیـارە جرۆجانـەوەری کوراتی کەش خۆ بە ئەشرەفی مەخلووقات دەزانن. لـە لایـەکی دیکـەش، تەنزی تاڵی چیرۆک لەوەدایە، لە نیزامی کاپیتالیسـتیدا بنیادەمـەکان وەک کاڵا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ، بێ‌وەی بۆخۆیان بزانن.

***

چیرۆکی "بەسەرهاتی خوشکی ئایینی..."، لە چوارچێوەی ڕۆمانس یـا چیرۆکی ئەویندارییدا جێی دەبێتەوە و بە حـوکمی قـەدیمی بـوونی بابـەت و شـێوازی کـار، وەرگێڕانەکـەی بـە شـێوەی نەسـری موسـەججەع هاتۆتەوە، هیـوادارم بـە دڵـی خوێنـەر بـێ. حـەز دەکـەم خوێنـەری بـەڕێز سـەرنج بداتـە جیـاوازی نەسـری تەرجومەکـە لـە چیرۆکێکـەوە بـۆ چیرۆکێکی دی و مـن لام وایـە تـوانیبێتم ـ هیـوادارم تـوانیبێتم ـ ئـەو جیاوازیانە بگوێزمەوە سەر زمانی کوردی.

***

"دزی بەشەرەف" نووسراوی کەڵە چیرۆکنووسی ڕووس، فیۆدۆر داستایەفسکییە. داستایەفسکی جیهانی پڕ ڕەمز و ڕازی دەروونی ئینسان و نەحەواوەییەکان و ناکۆکیەکانی نەفسیان بە شێوەیەکی گەش و هەژێنەر و زیندوو پیشان دەدا. تۆ لە چیرۆکەکانی داستایەفسکیدا، تەوسیفی سەحنە کەم دەبینی، ئەوسەری دەگەڕێتەوە، بۆ وێنە دەڵێ، ڕۆژێکی ساو بوو، هەواکەی خۆش بوو و شتی لەم چەشنە. لافاوی پڕ کەفوکوڵی چیرۆکەکان بە شیو و دۆڵی قووڵ و پڕ پێچ و پەنای دەروونی بەشەردا تێدەپەڕێ. نووسراوەکانی داستایەفسکی بۆتە زنەیەکی لەبن نەهاتوو کە دەروونناسانی هەڵکەوتووی وەک فرۆید و یۆنگ و ئێریک فرۆم و زۆری دیکە، لێیان هەڵگوێزتووە.

باشی و فەزیلەت (بە ئینگلیسی virtue) و خەراپە و ڕەزیلەت (بە ئینگلیسی vice) وەک دوو لۆی پەلکەیەک وا پێکەوە هۆندراونەتەوە کە دەپرسی ئاخوا کاراکتێر ئەمەیانە یا ئەویانە، یا هەردووکیان یا هیچیان. لە "تاوان و تەمێ"دا کەسایەتی سەرەکی ڕۆمان، ڕاسکۆلینکۆف دووسەت لاپەڕە لە ڕۆمانەکە بەوە دەگرێ کە شێر و ڕێوی دێنێتەوە و خورجێنی فەلسەفە دەچنێ و بیوری تێدەخنێ و لە پشتی چارەوێی مەنتقی دەنێ و بەرەو ماڵی لیزاوتا، ئەو پیرێژنەی پووڵ بە سوود دەدا، دەچێ و خوێنی دەڕێژێ. سۆنیا مارمالادۆف، بە پێی بڕیارنامەی کۆمەڵ، کچێک یا ژنێکی خۆفرۆشە، بەڵام داستایەفسکی لە ڕەوتی ڕۆمانەکەدا مسۆگەری کردووە کە ئەم تەنیا بەدەنی خۆی دەفرۆشێ کە خەرجی زڕدایکی سیلداری بێچارەی کە سۆنیا بەڕاستی زگی پێی دەسووتێ، و بابێکی هیچەکە و پووچەکەی کار لێنەهاتووی تەوەزەلی دایمە مەست دابین بکات و دەنا ڕوحی سۆنیا پاک و بێگەرد و مەسیحاییە.

داستایەفسکی لەو پێنج ساڵەی لە سیبری لە زیندانندا بوو، لەو هەڵسوکەوتەی دەگەڵ خێڵی تاوانبار و جنایەتکاراندا هەیبوو، لە دەروونی بەشەر ورد بۆوە و دوایە دەستکەوتەکانی لە ڕۆمانی "سەرگوریشتەکانی ماڵی مردووان"دا بڵاو کردەوە. بۆ وێنە لەوێدا باسی باب و کوڕێکی ئۆزبەکیی موسڵمان دەکا کە داستایەفسکی وانەی ڕووسی پێدەگوتن و سەوادی فێر دەکردن. ئەمانە کاریان چەتەگەری و ڕێگری بوو. داستایەفسکی کە باسی مەعسوومیەتی زاتی و ساکاریی ئەمانە دەکا کە دوو خاوەن بڕوای پتەویش بوون، بۆخۆی ئاکاری ڕابردووی ئەمانەی پێ سەیرە کە هیچ لێیان ناوەشێتەوە.

با بێینە سەر ئەم چیرۆکە، "دزی بەشەڕەف" کە کەسایەتی سەرەکی یەکیان ڕاویی دووهەمە، بە ناوی ئاستافی ئیوانۆویچ، پیرە پیاوێکی کۆنە سەرباز کە ئێستا هاتۆتە ماڵی ڕاویی یەکەم و کرێنشینە و شوغڵی خەیاتییە. ڕۆژێک دزێک دێ بە عالەمی ئاشکرا بە بەرچاوی هەموانەوە، دەست دەداتە باڵتەی ڕاویی یەکەم و دەیبا. ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی ئاستافی بگەڕێتەوە بۆ ڕابوردوو و باسی کابرایەکی دایمە مەستی بێکارە بکا کە خواردنەوەی لەپەیتا مێشکی تێک داوە، ناوی ئێمیلیان ئیلیچ بوو و کەسایەتی دووهەم و بگرە سەرەکیترین کەسایەتی چیرۆکەکەیە. ڕاوی پەنای دەدا و بەخێوی دەکا، وەک برا و عەولادی خۆی. لە تەوسیفیدا دەڵێ: "بەشەرم لەوە مەزلوومتر و ڕۆژەڕەشتر نەدیبوو. تاقە کەلیمەیەک چیە، هیچی نەدەگوت. داوای هیچیشی نەدەکرد. دادەنیشت و وەک سەگی چاو لەدەست، چاوی لە چاوت دەبڕی."

ڕاوی جارێکی لە دەست هەڵدێ و دەچێ مەنزڵێکی دی بە دزیەوە دەگرێ. بەڵام ئێمیلیان دەیبینێتەوە و وەک گۆشتی گەردەمل هەر بەری

نادا. ئەمیش هەر سەر دێنێ و دەبا جوابی کا، دڵی بڕوایی نادا. پێ دێ تا ئاخری عومر پەنای دا. خوێنەر کاتێک ئەم کەسایەتیە دەبینێ کە تازە ماڵی عومر و گەورەیی و کەرامەتی ئینسانیی تێک ڕووخاوە و هەموو چرایەکی لێ کوژاوەتەوە، تەنیا پتەپتی مۆمێکی چکۆلە دەبینێ: "باڵتە کۆن و شرۆڵەکەی لەبەر دەکرد و ڕاست و پاستی دەکرد کە وەک شتێکی **ئابڕوومەند بێتە بەرچاو**..."[١] تێکۆشانی ڕاوی بۆوەی ڕایتڵەکێنێ و لەو وەزعەی دەرێنێ و لە کارێ کاسبییەکی وەردا بێفایدەیە، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زۆرتر نوقم دەبێ. تا عاقیبەت ڕۆژێکیان ئێمیلیان شاروالێکی تایبەتی ئەسپ سواری کە تازە بوو و زەمانێ ئاستافی (راوی) بۆ مشتەرییەکی دووریبوو و ئەویش نەیویستبوو و بە سەر دەستیدا مابۆوە، دەدزێ. ڕاوی چەند ڕۆژێک نایدوێنێ. خاڵی وەرسووڕانی چیرۆک لێرەوە دەست پێدەکا و ئازاری ویژدان ئێمیلیان بە جێوبان دەخا و زۆر زوو بەرەو گۆڕی دەبا. لێرەدایە دیسان خوێنەر ئەو مۆمە دەبینێ کە هێشتا دانەمرکاوە. داستایەفسکی بۆخۆی دەڵێ، جنایەتکاران تەنانەت لەو کاتانەی دەستیان لە خەراپەدا هەیە ئەو هیوایە لە دڵیانا کە هێشتا بە ڕووی ئەو عەرزەوە بەشەری پاک و باش هەر هەن، ناکووژێتەوە و هەر گوڕ و تینی ئەم هیوایەشە ناهێڵێ زۆریان تا ناخی ئەو زۆنگە ڕۆچن.

***

چیرۆکی "قانوون" بۆ ڕۆژانی شەڕی سارد دەگەڕێتەوە و دەسەڵاتدارانی ئەمریکا تەنانەت لە سێبەری خۆیان زەنین بوون و هێندەیان فوو کردبوو بە ناو ئەو فوودانەی کە خۆیان لێیان نووسیبوو "مەترسیی کۆمۆنیزم" و "مەترسیی سۆڤیەت (شووڕەوی)" کە

[١] تەئکید و پێداگرتن لە وەرگێڕە.

بۆخۆشیان لێیان وەڕاست گەڕابوو و جەمسەریی هەر ئالۆزییەکیان دەبردەوە سەر کۆمۆنیستەکان و شووڕەوی.

نووسەر بە تەنزەوە باسی ڕۆژێک دەکا "دەبا ئیمانم زایە نەبێ چوارشەممە بوو. لە نێوان حەوت تا نۆی پاش نیوەڕۆ، پردی ترایبارە قەتی هێندە ماشێن بە سەردا نەڕۆیبوو". کاربەدەستان ئەوەندە ئەو ڕووداوە ساکارە زل دەکەنەوە کە سێبەری جنۆکەی کۆمۆنیستی تێدا دەبینن و کار دەگاتە کۆنگرە و مەجلیسی سەنا و دامەزرانی قانوونی تازە کە خەڵک بهێننەوە سەر پەت و هەوسارەکەی جاران.

***

"ئەو کابرایەی وا ژنێکی ناجسنی هێنا"، هەست دەکەم هەر ئەوەی لە پانویشتەکەدا (Foot note) هێناومە بەسیەتی و چی دی لێ زیاد ناکەم.

***

"یەکەم جار کە چووم..." نووسراوی تەنزنووسی بەتوانای ئیرلەندی فرانک ئۆکانرە و بە زمانی تەنز بۆچوونی خۆفناکی ئینسانی لە ئایین پیشان دەدا و خاتوو ڕیان مامۆستای ئایینی لە فێرگە لە پەستا باسی وەحشەتی جەحەندەم بۆ منداڵان دەکا و خوا وەک زاتێکی ترسهێنەر پیشان دەدا: "پیرێژنە شەمێکی هەڵدەکرد و پاشان سکەیەکی تازەی دەردێنا و دەیگوت دەیدەم بەو کەسەی کە پێنج دەقیقە بە سەعاتی مەدرەسە، قامکێکی، هەر تاقە قامکێکی!، لەبەر گڕی ئەو شەمە ڕاگرێ" بۆوەی بە شاگردەکانی بڵێ ئاگری دۆزەخ چۆنە کە هەتاهەتایە دەتسووتێنێ و هەموو گیانیشت دەسووتێنێ. ئەم مێشکانە لە مێژوودا کەم نەبوون و هەر بوون و ئێستاش هەر هەن و ڕەنگە تا دێرزەمانیش هەر ببن. ئەمانە خوا بە هەیئەتێکی ئینسانییەوە دەبینن، فەیلەسووفێکی

یۆنانی کۆن دەڵێ بێتوو مەڕ و گا و ئەسپیش قەڵەمیان بە دەست با، خودایان هەر وەک خۆیان دەکێشاوە. لە جیاتی خوای دلۆڤان و مێهرەبان و هەستیار و هەست ناسک، پەیکەرێکی تووڕە و تۆسنی نێوچاو گرژی خاوەنی مەعمووری دەست بە گورزی بێڕەحم پیشان ئەدەن، کە ژەهر و ژانی دەروونی سادیستی خۆی بە ئاگری دۆزەخ دادەمرکێنێ و مێشک وشکان ئەم چڵکاوە ناپاکە کە ژەهراوی دەروونی خۆیانە ـ و خوا دوورە لەو شتانە ـ دەرێژنە ناو دڵ و مێشکی پاکی مناڵی بێتاوانی وەک "جەکی" کە بەزۆر دەیانبەن ڕاستی لە گوناحیان بڵێن.

***

"پەت لە مل خراوی دڵ هەراو" تێمێکی ئایینی هەیە: گوناە و پێ لە گوناهی خۆنان و تۆبە. ئەمە بەسەرهاتی ژنێکە لادێیی، مێردی لە شەڕە و کابرایەکی مل پانی تەوەزەل بە نۆکەری دەگرێ و بە خۆی فێر دەکا و پاش هاتنەوەی مێردەکەی، دەیەوێ بە هاودەستی کەڵەگاکەی، مێردەکەی بخنکێنێ و کە سەر ناگرێ و کابرا خۆی و بەختی دەخەلەسێ، ژنە پێ لە گوناهی خۆ دەنێ و مێردە دەیبەخشێ و تەوس و پلاری پاشملە ـ و بگرە ڕووبەڕوو لە لانی باب نۆکەرێکی مەستەوە: "ئەرێ بابم، دوو کورتیاڵی بەستەزمان! بچیە ئاسمان و بێیەوە خوارێ، تازە بلیتە و بۆت وەدەر کەوتووە!" ـ کە پێیان دەگوت "قزەی خوێڕی" و "شاخدار" و "گەوواد و قوڕمساغ" تەحەممول بکات. ژنە دەمرێ و نووسەر بە هەستێکی ئایینییەوە کە ئاوێنەی مێشکی عەوامی خاوەن بڕوای ئاینییە، تەوسیفی لەش و دەموچاوی مردوو بە جۆرێک دەکا لە بە خوێنەر ئیلقا بکات کە لە گوناە پاک بۆتەوە.

***

"نامەی منالآن بۆ خوا" جێگای لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا نیە، بەڵام تەنیا لەبەر ئاشنایی خوێنەر لەگەڵ بیر و شێوەی منداڵان کە ڕەوتێکی بێگرێ و گۆڵ و سەمیمی هەیە، لە ئاخری کتێبەکەدا هێناومە.

ئانتوان چیخۆف نووسەری گەورەی ڕووس زەمانێ یەکێ لە کارەکانی ئەوە بوو دەیهێنا ئینشای منالآنی پۆلی سەرەتایی کۆ دەکردەوە، دەیخوێندنەوە. دەیگوت من زۆر شت لە نووسینی منداڵانەوە فێر بووم.

پیکاسۆ وێنەکێشی بەناوبانگ لە پیشانگایەکی وێنەی کێشراوەی دەستی منالآن بە حەسرەتەوە چاوی لە کارەکان کرد و پاشان گوتی: من زمانم نەگرتبوو وێنەم دەکێشاوە و لە تەمەنی ١٤ ساڵی لە هەموو وێنەکێشانی کلاسیک وەپێش کەوتم، بەڵام زۆر درەنگ فێر بووم وەک منالآن وێنە بکێشمەوە.

# مردووەکان:

جێمیز جۆیس

لیلی[١] کچی کابرای پێشخزمەت، هەر بە جارێ لە دەست و پێ کەوتبوو. دەتدی ئەوان تازە کابرای میوانی بردۆتە هۆدە چکۆلەی پشت نووسینگەکە لە تەبەقەی خوارێ و هێشتا فریا نەکەوتووە باڵتاوەکەی لێ وەرگرێ هەڵیواسێ، خرڕ زەنگە دەنگ نووساوەکەی هاڵەکە لێدەدەن و ئەم هەر بە پرتاو هەلنگ دەدا بچێ میوانێکی دی بهێنێتە ژوورێ. بەختەکەی باشی هێنابوو کە ئەو ئەرکەشیان لەسەر شانی دانەنابوو کە بە هانای ژنانیشەوە بچێ. بەڵام ئەو دوو کچە یانی خاتوو کێیت[٢] و خاتوو جوولیا[٣] فکریان بۆ ئەم شتەش کردبۆوە و حەمامەکەی تەبەقەی سەرێیان کردبووە دیوی خۆگۆڕینی ژنان. خاتوو کێیت و خاتوو جوولیا کار و پیشەیان ببووە لە سەر و پێستی ئەم و ئەو دان و قاقا کێشان و هاوار و داد، بە شوێن یەکتریدا دەڕۆیشتن، دەهاتنە سەر پلیکانەکان و بە نەردەکەدا نیگایان شۆڕ دەکردەوە بۆ خوارێ و هەرایان لە لیلی دەکرد و دەیانپرسی کێ هاتووە.

کۆڕی هەڵپەڕکێی ساڵانەی ئەم دوو کچە کە شۆرەتیان مۆرکن[٤] بوو، بە شان و شەوکەتەوە بەڕێ دەبرا. ئەوی ناسیاو با، ڕووی لەم کۆڕە دەکرد، لە خاوخێزانەوە بیگرە هەتا دۆستانی لەمێژینەی بنەماڵە و ئەندامانی کۆڕی مووسیقای جوولیا و تا دەگاتە شاگردەکانی کێیت وا

---

[١] Lily
[٢] Miss Kate
[٣] Miss Julia
[٤] Morkan

تازە دەگەیشتنێ و تەنانەت هێندێ لە شاگردەکانی مێری جێینیش بێنسیب نەدەمان. هیچ ساڵێ نەبوو ئەم هەڵپەڕکێیە بێ گەشە و نەشە بەڕێوە بچێ. ئەوەندەی خەڵک لەبیریانە، لەوەتی کێیت و جوولیا پاش بەڕەحمەت چوونی پەت[1]ی برایان ئیتر ماڵەکەی خیابانی ستۆونی بەتر[2]یان چۆڵ کردبوو و مێری جێین، یانی تاقە برازاکەیان، لەگەڵ خۆ هەڵگرتبوو و چووبوون نهۆمی سەرێی ماڵە تاریک و دڵتەنگەکەی جەزیرەی ئاشر[3]یان لە ئاغای فوولهام[4]ی عەللافی گەرمەشانی کە بۆ خۆی لە نهۆمی خوارەوەدا دەبوو، بە کرێ گرت، ساڵ لەگەڵ ساڵ ئەم کۆڕی هەڵپەڕکێیەیان بە شان و شەوکەتێکی پترەوە بەڕێوە دەبرد. ئەوە قسەی سی ساڵ لەوە پێش بوو، کەچی هەر دەتگوت ئەو شتانە دوێنێ ڕووی داوە. مێری جێین کە ئەو کاتی بستێک منداڵ بوو و بەرگی کورتیان بۆ دەکرد، ئێستا ببوە ئەستووندەکی ماڵێ، مەمنا لە هەدینگتن ڕۆود[5] ئۆرگی لێدەدا. لە ئاکادێمی مووسیقا کاری دەکرد و هەموو ساڵێ لە وەتاغی سەر هۆدەکانی کۆنسێرتی ئانتیەن[6]، کۆنسێرتی بۆ شاگردەکانی بەڕێوە دەبرد. زۆربەی شاگردەکانی لە منداڵە خوداپێداوەکانی گەڕەکی کینگس تاون[7] و دەڵکێی[8] بوون. پوورەکانی هەرچەند پیریش ببوون، دەوری خۆیان هەر دەگێڕا. جوولیا سەروپرچی سپی ببوو کەچی هێشتا گرینگترین دەنگی سۆرپرانۆ[9] لە کۆڕی مووسیقای ئادەم و هەوا بوو. کێیت ئیدی هێز و تاقەتەکەی

---

[1] Pat

[2] Stony Batter

[3] Usher

[4] Fulham

[5] Haddington Road

[6] Antien

[7] Kingstown

[8] Dalkey

[9] Sorprano بەرزترین دەنگی سروشتی ئینسان کە لە هێندێ ژنان و کوڕاندا هەیە. وەرگێڕ

جارانی نەمابوو و بە پیانۆ چوارگۆشە کۆنەکەی وەتاغەکەی پشتەوە، دەرسی مووسیقای بە شاگردە تازە کارەکان دەگوتەوە. لیلی، کچی کابرای پێشخزمەت، کڵفەتیان بوو. هەرچەند ژیانێکی مامناوەندییان بوو، خۆشخۆر بوون و باشترین تەعامیان دەخوارد: لە گۆشتی مازەی مانگاوە بیگرە تا چایی گران قیمەت و ئابجۆی ستاوت. بەڵام لیلی کەم وا بوو ئەو کارەی پێیدا دەدەن بە هەڵە و پەڵەوە بیکات، جا بۆیە هەڵسوکەوتی لەگەڵ هەر سێی ئەو خاتوونانە باش بوو. ئەم کچانە بە پرتەوبۆڵە بوون، هەر ئەوەندە و هیچی دی. بەڵام بتکوشتبان و لە جوابی داوخوازیاندا نەڵێی نا.

دیارە لە وەها شەوێکدا پرتە و بۆڵەشیان کردبا ناحەقیان نەبوو. کاتژمێر زۆر لە دەی لادابوو، کەچی گابریەل[١] و ژنەکەی هێشتا دیار نەبوون. جگە لەوەش لە ترسی وەی فرێدی مەلینز[٢] ڕەنگە زۆر مەست بێ، ڕوحیان پێ نەمابوو. بە هیچ کلۆجێک ڕازی نەبوون هیچکام لە شاگردەکانی مێری جێین لە وەها حاڵ و وەزعێکدا ببیینن و جاروباریش کە وای لێدەهات بە کەس زەوت نەدەبوو. فرێدی مەلینز هەمیشە درەنگ دەهات، بەڵام لە خۆیان دەپرسی ئەدی گابریەل بۆچی دیار نییە. جا بۆیە هەر بە نێوانی دوو خولەک دەهاتنە سەر نەردەی پلیکانەکان و لە لیلییان دەپرسی کە بزانن ئاخوا گابریەل یان فرێدی هاتون یان نا.

هەر کە لیلی دەرکەی هەڵگرت و چاوی بە گابریەل کەوت، گوتی: "ئا؛ ئاغای کانرۆی[٣] خاتوو کێیت و خاتوو جوولیا تازە دەستیان لێ داشتبووی دەیانگوت تازە نایەی. خانمی کانرۆی شەوت باش."

---

١ Gabriel

٢ Freddy Malins

٣ Conroy

گابریەل گوتی: "گومانم نییە لەوەیدا کە دەستیان لێ داشتبووم، بەڵام لە بیریان نییە کە ئەو خانمەی من سێ سەعاتی ڕەبەقی پێ دەچێ تا خۆی ساز دەکا."

هات لەسەر حەسیری بەر دەرکە ڕاوەستا و تا ئەو خەریک بوو بەفری سەر گالۆشەکانی داتەکێنێ، لیلی خێزانی بردە دەم پلیکانەکان و هەرای کرد: "خاتوو کێیت، فەرموو ئەوەش خانمی کانڕۆی."

کێیت و جوولیا لارەوە لارەوە و دەستبەجێش بەو ڕاپلە تاریک و تنۆکەدا هاتنە خوارێ. هەردووکیان ژنەکەی گابریەلیان ماچ کرد و گوتیان گۆڕ ئەوەیە زیندە بە چاڵ کرێی و پاشان پرسییان گابریەلت لەگەڵە یان نا.

گابریەل لە ناو تاریکییەوە هەرای کرد: "پوورە کێیت، ئەوەتام زەق و زیندوو، بچنە سەرێ، من ئەوە دێم."

ژنەکان سێ بە سێ لە پلیکان وەسەر کەوتن و لەو ماوەیەدا کە گابریەل یەک بە خۆی لاقی بە عەرزدا دەخشاند، بە پێکەنینەوە بەرەو هۆدەی خۆگۆڕینەکە چوون. گەردالێک بەفر وەک جلیسقە بە شان و شەپیلکی باڵتەکەیدا شۆڕ ببۆوە و وەک قامکەوانە لووتی گالۆشەکانی داپۆشیبوو. کاتێک دوگمەکانی باڵتەکەی لە کونی دوگمەکانەوە کە بەفر ڕەقی کردبوون دادەخووشاند و جیڕەیەکیان لێ دەهات، هەوای سارد و بۆن خۆشی دەرەوە لە کون و گنج و لۆچی باڵتەکەیەوە بە وڵاتدا بڵاو دەبۆوە.

لیلی پرسی: "ئاغای کانڕۆی، ئەوە دیسان بەفر دەبارێ؟"

گابریەلی بردبووە ژووری جلداکەندنەکە تا باڵتەکەی لێ وەرگرێ. گابریەل بەوەی لیلی شۆرەتەکەی ئەمی بە سێ بڕگە[1] گوت، بزەیەکی

[1] بۆ وێنە گوتبێتی: کان ڕۆ یی. وەرگێڕ.

هاتێ و تماشایەکی کرد. لیلی کچێکی بەلەباریکە بوو، تازە دەگەیشتێ. ڕەنگی هەڵبڕووسکابوو و ڕەنگی قژی وەک وێنجە دەچوو. هەڵم و بوغی هۆدەی جلداکەندنەکە وای کرد ئەوەندەی دیش هەڵبڕووسکاو بێتە بەرچاو. گابریەل لەو وەختەوەی دەناسی کە ئەم منداڵ بوو و لەسەر پلیکانی خوارێ دادەنیشت و بووکە پەڕۆیەکی بە سینگ و بەرۆکی خۆیەوە دەگرت.

گوتی: "ئەدی، لیلی، وا بزانم ئەمشەویش هەر بباریێ."

گابریەل چاوی بڕیە میچی دیوەکە کە لەبەر زرمە وخشەی پێ دەلەرییەوە و تۆزێک گوێی بۆ دەنگی پیانۆ ڕاداشت و پاشان چاوێکی بە تاڵووکەی لە کچەکە کرد کە بە جێورێ باڵتەکەی لە گۆشەی قەفەسەیەک قەد دەکرد.

بە شێوەیەکی خۆمانە لێی پرسی: "ئەرێ لیلی هەر دەچیە فێرگە؟"

لیلی وەڵامی داوە: "نەوەڵا ئاغا، من ئەمساڵ خوێندنم تەواو کرد و کاری لەوە پتریشم کردووە."

گابریەل بە کەیف خۆشییەوە گوتی: "ئاووا، کەوایە وا بزانم بەخێر ئیدی لەم ڕۆژانەدا لەگەڵ پیاوی دڵخوازی خۆت زەماوەند دەکەی؟"

کچەش سەرێکی بەسەرشانی خۆیان سووڕاند و سیلەکی چاوی لە گابریەل گرت و بە دڵێکی پڕ زووخاوەوە گوتی: "پیاوی ئەم ڕۆژگارە هەمووی هەر بە زمانی لووس بە دەور و لاتدا دێن و دەستت پێ گەرم دەکەنەوە."

گابریەل ڕەنگێکی هێنا و برد، دەتگوت هەست دەکا وەسەر تەڵە پەڕیوە و بێئەوەی چاو لە لیلی بکا گاڵۆشەکانی داکەند و گورجوگۆڵ بە شاڵگەردنەکەی کەوشەکانی کە لە چەرمی باش بوون، سڕی.

لاوێکی چوار شانەی بڕێک کەڵەگەت بوو. ڕەنگی توندی ڕوومەتە سوورەکانی بەرەو ژوور هەڵکشابوو و تەنانەت خۆی گەیاندبووە لای ناوچاوانی و لەوێندەرێ ببووە چەند پەڵەی سووری کەم ڕەنگ و لێنزی پەرداخ لێدراو و چوارچێوەی تەلاکاری چاویلکەکانی کە چاوی زەریف و بێئارامی داپۆشیبوون بێوچان لەسەر دەم و چاوی بێتووکی دەبریسکانەوە. قژی ڕەش و بریقەداری لە نێوەڕاستەوە کردبوو بە دوو قاشەوە و وای شانە کردبوو کە لە چەشنی دوو کەوان بە پشت گوێچکەکانیا هاتبۆوە و لە بن ئەو شوێنەی وا کڵاوەکەی سەری دانابوو، هەوایەک ئاڵقە ئاڵقە ببوو.

پاش ئەوەی کەوشەکانی بریقە لێ پەیدا کرد، ڕاست بۆوە و جلیسقەکەی بە لەشی خڕوخۆڵیا داکێشا خوارێ و ئەوەندەی دی بە بەری تەنگ و ترش بوو. دەستبەجێ سکەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا.

سکە پووڵەکەی لە مشتی لیلی ئاخنی و گوتی: "لیلی، جەژنی کریسمەسیشەو، دەنا نا؟ هەر ئەو... تۆزە..."

بەپڕتاو بەرەو لای درگاکە ڕۆیی. کچە وەدووی کەوت و هاواری کرد: "ئەیەڕۆ ئاغا! ئاغا گیان هەر نامەوێ." گابریەل گوتی: "ماڵتە کریسمەسە، کریسمەس!" لەتاوا وەک ئەسپ بەرەو پلیکانەکان یۆرغەی کرد و بە ناڕەزامەندییەوە باڵی لە لیلی ڕاوەشاند.

کچەکە دیتی تازە گەیشتۆتە سەر پلیکانەکان و ئیدی نایگاتێ، لە پشتە سەرییەوە هاواری کرد: "دەی باشە، سپاست دەکەم، قوربان."

لە پشت دەرکەی خۆگۆڕینی ژنان مەحتەل ما تا هەڵپەڕکێی والتس تەواو بێ. گوێی ڕاگرتبوو بۆ خشەی داوێنی ژنان کە لە درگاکە دەخشا و بۆ خشە و ترپەی پێی وان. هێشتا بەهۆی ئەو وڵامە کوتوپڕ و تاڵ و ترشەی لیلی شڵەژابوو. ئەو پێشهاتە تەمێکی خستبووە سەر دڵی کە

ئەم دەیەویست بە زەبری ڕێکوپێک کردنی دوگمەی سەر دەستی و پاپیۆنی سەر کراواتەکەی لای دا. پاشان کاغەزێکی چکۆلانەی لە گیرفانی جلیسقەکەی دەرهێنا و چاوێکی بەو بابەتانەدا خشاند کە بڕیار بوو وتارێکیان لەسەر پێشکەش بکات. دوودڵ بوو لەوەی کە ئاخوا ئەو چەند دێڕە لە شێعرەکانی ڕابرت براونینگ[1] لابا یان بیانهێڵێتەوە، چونکێ دەترسا بۆ ئەو کۆڕە قورس بن و گوێدێران چیان لێ تێنەگەن. لای وا بوو ئەگەر بڕێک لە وتەکانی شێکسپیر یان مێلۆدییەکان[2] ـ کە ئەمان بیناسنەوە ـ بگێڕێتەوە، باشترە. زرمە زرمی نازەریفی پاشنەی کەوشی پیاوەکان و خشە خشی پەنجەی کەوشیان ئەو شتەی وەبیر هێناوە کە ئاستی فەرهەنگی وان جیاوازە لەگەڵ هی خۆی. هەستی کرد ئەتک بە خۆی دەکا گەر بێتوو بێنێ شێعری وا بێنێتەوە کە ئەمان بە بیستنی هەر تەقەیان لەسەرەوە بێ. ڕەنگ بوو ئەوان هەست بکەن کە ئەم خۆی بەوەوە بنوێنێ کە پلەی خوێندەواریی لە هەموان پترە. ئەم خێرێکی لەمانە وەگیر ناکەوێ، هەروەکی هیچ خێرێکی لەو کچەی ناو هۆدەی جلوەرگرتنەکە وەچەنگ نەکەوت. ئەو لەحنێکی هەڵەی هەڵبژاردبوو. هەستی کرد سەرلەبەری وتارەکەی کارێکی هەڵەیە و بە جارێ ڕیسی بۆتەوە خوری.

لەو بیرانەدا بوو کە هەر دووک پوورەکەی و خێزانی لە وەتاغی خۆگۆڕینەکە هاتنە دەرێ. پوورەکانی دوو پیرێژنی کورتەباڵا بوون و بەرگی ساکاریان کردبووە بەر. پوورە جوولیای سێ چوار سانتیمیتر کەڵەگەتر بوو. قژی کورتی کە هەتا سەر گوێچکەکانی هاتبوو، ماش و برنجی بوو و هەروەها تووکی دەم و چاوی هەراوی چرچ هەڵگەڕاوی ماش و برنجی بوو و زۆرتر بە لای ڕەشدا دەشکاوە. هەر چەند

---

[1] Robert Browning

[2] مەبەست مێلۆدییەکانی ئیرلەندی (Irish Melodies) توماس موور (Thomas Moore) (١٧٧٩-١٨٢٥)ە. نووسەر.

تێکسمڕاو بوو و هێشتا هەر قیت ڕادەوەستا، بە بۆنەی نیگای بەشێنەیی و دەمی داچەقاوی ڕواڵەتی ژنێکی پەیدا کردبوو کە خۆشی نەیدەزانی وا لە کوێی و دەچێ بۆ کوێ. پوورە کێیت چوست و چالاکتر بوو. دەموچاوی لە هی خوشکی ساغتر مابوو، وەک سێوە سوورەیەکی هەڵچرچاو، سەرانسەر گنج و لۆچ بوو و ڕەنگی قژی کە هەر بە دابی زوو بە پەلکە هۆنیبوویەوە، هەروەکی جاران لەسەر ڕەنگی گوێزی گەییو مابوو.

کێیت و جوولیا بێئەملاولا، ئەم لا و لای گابریەلیان ماچ کرد. گابریەل خوشکەزای هەرە خۆشەویستیان بوو و کوڕی خوشکە گەورەکەیان، ئیلین[١]ی خوالێخۆشبوو کە مێردی بە تی. جێی. کانرۆی کردبوو کە خەڵکی پۆرت[٢] و داکس[٣] بوو.

پوورە کێیتی گوتی: "گابریەل، گرێتا دەڵێ گۆیا خەیاڵت نییە ئەمشەو درۆشکە بە کرێ بگری بچییەوە مانکستاون[٤]."

گابریەل ڕووی کردە خێزانی و گوتی: "وایە. پارەکە دەردمان بە دەست درۆشکەوە دی، دەنا وا نییە؟ پوورە کێیت لە بیرت نایە گرێتا بە هۆی درۆشکەوە چ سەرماخوردەگییەکی پێوە نووسا؟ پەنجێرەی درۆشکەکە هەر شەقە شەقی دەهات و کە لە مێریۆن[٥] تێپەڕین بای ڕۆژهەڵات دەهاتە ژووریێ. جا چەند سەیری خۆش بوو. گرێتا سەرماخوردەگیەکی قورسی پێوە نووسا."

---

[١] Ellen
[٢] Port
[٣] Docks
[٤] Monkstown
[٥] Merrion

پووره کێیت نێوچاوانی تێکنابوو و وێڕای هەر وشەیەک سەری دەلەقاند. گوتی: "ڕاست دەکەی، گابریەل، ڕاست دەکەی. بەڵام خۆ ناکرێ ئینسان زۆر زۆریش فوو لە دۆ بکا."

گابریەل گوتی: "جا ئەوە گرێتا، لێی گەڕێی بەو بەفرە بە پێیان دەچێتەوە ماڵێ."

خانمی کانڕۆی پێکەنی.

گوتی: "پووره کێیت، گوێی مەدەیە. هەر یەکجار مەردومئازارە. جارێ دێنێ شەوانە گڵۆپی شەوخەوی سەوز بۆ چاوی تام[١] دادەنێ و بە زۆر وەرزشی دەمبێلی پێدەکا و بە زۆر هەلیماوی جۆ دەرخواردی ئێڤا[٢] دەدا. بەستزمانە! ڕقی دنیای لە هەلیماوی جۆیە! جا بزانە بەزۆر چیم پێ لەبەر دەکا!"

لە قاقای پێکەنینی دا و سیلەیەکی چاوی دا مێردەکەی، کە نیگای پڕ لە ئافەرین و شادیی لە جلوبەرگەکەیا بەرەو دەموچاو و قژی هەڵدەکشا. دوو پوورەکانیشی لە ناخی دڵەوە پێکەنین، چونکێ دڵەڕاوکێکانی گابریەل ببووە هۆی گاڵتە و گەپی هەمیشەییان.

خانمی کانڕۆی گوتی: "وەرن با قسەی خۆشی گالۆشەکانتان بۆ بگێڕمەوە! ئەمەیان لە هەمووان تازەترە. هەرکە وڵات تەڕوبڕ بێ، حوکمم لێدەکا گالۆش لە پێ بکەم. تەنانەت ئەمشەویش خەریک بوو بەزۆر گالۆشم پێ لە پێ بکا، بەڵام جوابم نەداوە. بڕیار وایە شتێکی دیشم بۆ بکڕێ، ئەویش لیباسی شیرجە لێدانە بۆ ناو ئاو."

گابریەل پێکەنینێکی پڕ لە پەشۆکاویی گرتی و بۆ دڵ قایمی دەستی لە کراواتەکەی دەدا و پووره کێیت ئەوەندەی ئەو قسە خۆشە بە دڵ

---

١ Tom

٢ Eva

بوو، لەبەر پێکەنین لەوانە بوو سەری لە عەرزەکە بچەقێ. هێندەی پێنەچوو بزە لەسەر دەموچاوی پوورە جوولیا لاچوو و چاوی ناشادی بڕیە دەموچاوی گابریەلی خوشکەزای. پاش قەدەرێک بێدەنگی پرسی: "گابریەل، گالۆش چییە؟"

خوشکی گوتی: "ماڵتە گالۆش! ئەیەڕۆ جوولیا چۆن نازانی گالۆش چییە؟ گالۆش بەسەر... بەسەر پۆتیندا لە پێ دەکەن، دەنا وا نییە، گرێتا؟"

خانمی کانڕۆی گوتی: "بەڵێ وایە. لە لاستیک و شتی وا سازی دەکەن. من و گابریەل هەر یەکەی جووتێکمان هەیە. گابریەل دەڵێ هەموو کەسێ لە ئورووپا گالۆش لە پێ دەکا."

پووره جوولیا لەسەرەخۆ سەری لەقاند و لە بن لێوەوە گوتی: "ئاووا، لە ئورووپا."

گابریەل برۆی ویکهێنان و وەک ئەوەی بڕێک تووڕە بووبێ، گوتی: "هێندە شتێکی سەیر نییە، بەڵام گرێتا پێکەنینی پێی دی چونکی دەڵێ وشەی گالۆش وەبیر دەستەی گۆرانیبێژە گەڕۆکەکانی کریستی[1] دەخاتەوە."

پووره کێیت لەپڕ بە شێوەیەکی پڕ لە ئەدەبەوە گوتی: "ئەرێ گابریەل، وا دیارە حەولی دیوتان داوە؟ گرێتا دەڵێ..."

گابریەل گوتی: "دیوەکە زۆر باشە. دیوێکم لە گریشام[2] گرتووە."

پووره کێیت گوتی: "بێگومان ئەو کارەتان لە هەمووی باشترە. ئەدی منداڵەکان، گرێتا، خەمت نین؟"

---

[1] دەستەی گۆرانیبێژی ڕەشپێستی ئەمریکایی کە لە دەوروبەری ساڵی ١٨٦٠ ئێدوین پی. کریستی (Edwin P. Christy) دایمەزراند. نووسەر.

[2] Gresham

خانمی کانرۆی گوتی: "جا تاقە شەوێک چییە؟ جگە لەوەش، بێسی[1] ئاگای لێیان دەبێ."

پوورە کێیت گوتی: "بێگومان، ئینسان کچێکی ئاوای لە ماڵێدا بێ ئیدی خاتر جەمە، چونکێ دەتوانی متمانەی پێ بکەی! ئا ئەو لیلیییەی ئێمە، وەڵڵاهی نازانم بەینێکە بۆ وای لێهاتووە. ئەو کچەی جاران نییە."

گابریەل هات هێندێ پرسیار سەبارەت بە لیلی لە پووری بپرسێ، بەڵام پووری قسەکەی بڕی و لە جوولیای خوشکی زیت بۆوە کە بە سەر پلیکانەکاندا دەهات و دەچوو و ملی بەسەر نەردەکاندا شۆڕ کردبۆوە.

پوورە کێیت وەک شتێک تاقییان بکاتەوە گوتی: "ئێوە دەڵێن جوولیا بۆ کوێ دەچێ؟ هۆی جوولیا، جوولیا! ئەوە بۆ کوێ دەچی؟"

جوولیا هەتا نیوەی ڕیزێک لە پلیکانەکان چووبوو، گەڕاوە و لەسەرەخۆ گوتی: "فرێدی هاتووە."

هەر لەو دەمەیدا چەپڵەی گوێدێران و تەواو بوونی پیانۆ لێدانی پیانیستەکە پایانی هەڵپەڕکێی والتسیان ڕاگەیاند. درگای هۆدەکەی خۆگۆڕینەکە لە ژوورەوە کراوە و چەند ژن و مێردی لێ هاتنە دەرێ. پوورە کێیت بە پەلە گابریەلی کێشا گۆشەیەک و بە سرتە بە گوێی گوت: "گابریەل وەک مەردی مەردان بێهەست بچۆ خوارێ بزانە فرێدی لەسەر خۆیە یان نا. کوڕە ئەگەر دیتت مەستە، نەهێڵی بێتە سەرێ. دڵنیاشم کە مەستە. وەک ڕۆژ لێم ڕوونە."

گابریەل بۆ لای پلیکانەکان چوو و لەسەر نەردەکانەوە گوێی هەڵخست. گوێی تێوەبوو دوو کەس لە هۆدەی جلهەڵگرتنەکەی پیاوان

[1] Bessie

قسەیان دەکرد. پاشان دەنگی پێکەنینی فرێدی مەلینزی ناسییەوە. بە زرمە و تەپەوە بە پلیکانەکاندا داگەڕا.

پووره کێیت ڕووی کرده خانمی کانرۆی و گوتی: "جا بەز نییە گابریەل لێرەیە. هەرکە لێرە دەبێ، ئیدی من دڵم دەحەسێتەوە... جوولیا، ئەوا خاتوو داڵی[١] و خاتوو پاور[٢] گەروویەک تازە دەکەنەوە. سپاستان دەکەم بۆ ئەو والتسە جوانەتان، خاتوو داڵی. کاتێکی جوانمان بردە سەر."

پیاوێکی کەڵەگەتی دەموچاو چرچی ڕەشتاڵەی کە سمێڵی زبر و ماشوبرنجی بوو، وێڕای هاوڕەخسەکەی هاتنە دەرێ و گوتی: "خانمی مۆرکن، ئەدی ئێمەش بۆمان هەیە گەروویەک تازە بکەینەوە؟"

پووره کێیت دەستبەجێ گوتی: "جوولیا، ئەوەش ئاغای براون[٣] و خاتوو فرلانگ[٤]. جوولیان لەگەڵ خاتوو داڵی و خاتوو پاور بچۆ بیانبە ژوورێ."

ئاغای براون گوتی: "من پیاوی بە دڵی خانمانم." و لێوی هێندە بردن بە نێودا کە تیسکی سمێڵی قرژ بوونەوە. بزەیەک دەموچاوە پڕ چرچ و لۆچەکەی داگرت و پاشان گوتی: "دەزانی، خانمی مۆرکن، ژنان بۆچی هێندە حەز بە من دەکەن؟..."

قسەکەی تەواو نەکرد، بەڵام کە دیتی خاتوو کێیت دوور کەوتۆتەوە و ئیدی گوێی لە قسەکانی نییە، دەستبەجێ هەر سێک خانمە جحێڵەکەی بردە نێو هۆدەکەی پشتەوە. لە نێوەڕاستی هۆدەکەدا دوو مێزیان پێکەوە نابوون و پووره جوولیا و کابرای پێشخزمەت خەریک بوون

---

[١] Miss Daly
[٢] Miss Power
[٣] brown
[٤] Furlong

پارچەیەکی زەلامیان لەسەر ساف دەکرد و گنج و لۆچیان لێ دەبڕی. لەسەر گەنجەیەک دیس و دەوری و لیوان و چەند دەست کارد و چنگاڵ و کەوچکیان بە ڕەدیف دانابوون. پیانۆ چوار گۆشەکەش کۆ کرابۆوە کردبوویانە گەنجە و خواردەمەنی و شیرینییان لەسەر دانابوو. دوو لاویش لە پەنای گەنجەیەکی چکۆلە لە گۆشەیەکی هۆدەکەدا وێستابوون ئابجۆی ڕازەکیان دەخواردەوە.

ئاغای براون ئەو سێ خاتوونەی بەرپرسی وانی بە ئەستۆوە گرتبوو بەرەو ئەو گۆشەیە برد و بە گاڵتەوە خولکی کردن بۆ خواردنەوەی شەرابی پانچی[١] خانمانەی گەرم و توند و شیرین. هەرسێکیان گوتیان هەرگیز مەشرووبی توند ناخۆینەوە، جا بۆیە سێ بتری لیمۆنادی بۆ هەڵپچڕین. پاشان تکای لە یەکێک لە لاوەکان کرد واوە بچێ و بترییە زەلامەکەی هەڵگرت و کۆڵێکی ویسکی بۆ خۆی تێکرد. کاتێک ئەم بۆ ئیمتیحان قومێکی لێدا، لاوەکان بە ڕێزەوە تماشایان دەکرد.

بزەیەکی هاتێ و گوتی: "خوایە خۆت بە فریام بگەی. ئائەوە دوکتۆر بۆی نووسیوم."

بزەیەکی گەشتر دەموچاوە پڕ لە چرچ و لۆچەکەی گرتە بەر و ئەو سێ خاتوونە بە دەنگێکی موسیقایی و بە کەیفی دڵی کابرا قاقایان کێشا و ئەندامیان بەرەو پێش و بەرەو پشتدا دەکەوت و لەبەر پێکەنین شانیان دەلەرزییەوە. یەکیان لەوانی دی ڕووهەڵماڵراوتر بوو، گوتی:

"ئەیەڕۆ ئاغای براون، من دڵنیام پزیشک شتی وا هەرگیز نانووسێ."

ئاغای براون قومێکی دی لە ویسکییەکە دا و هەوایەک خۆی خوار کردەوە و دەموچاوی بۆ گاڵتە چەپ و چیر کرد و گوتی: "دەزانن چییە،

---

[١] Punch

من وەک خاتوو کەسیدی[1] ناوبەدەرەوە دەچم کە وەکی لێی دەگێڕنەوە گوتوویەتی "جا مێری گرایمز[2] ئەگەر هاتو نەشمخواردەوە تۆ بە زۆر پێم بخۆوە، چونکێ هەموو گیانم داوای دەکا.""

دەموچاوی گەرم داهاتووی بە شێوەیەکی کە بڕێک زیاتر لە ئەندازە بڕوای بە خۆی پێوە دیار بوو، لێیان هاتبووە پێش و هەوایەک بە بن زاراوەی دوبلینی دەدوا جا بۆیە هەر سێک خانمەکە بە حوکمی غەریزە، بێدەنگ گوێیان بۆ شل کردبوو. خاتوو فرلانگ کە یەکێ لە شاگردەکانی مێری جێین بوو، لە خاتوو دالّی پرسی نێوی ئەو والّتسە جوانەی لێتدا چ بوو. ئاغای براون کە دیتی ئیتر هەڵیانپەساردووە و کاریان پێی نەماوە، دەستبەجێ ڕووی کردە ئەو دوو کوڕە جحێڵە کە قەدری ویان پتر لە لا بوو.

ژنێکی جەوانی سوورکارە کە بەرگی گوڵوەنەوشەی لەبەردا بوو هاتە ژوورێ و شاگەشکە ببوو و چەپڵەی لێدەدا و یەک بە خۆی هاواری دەکرد: "ڕەخسی کوادریل[3]! ڕەخسی کوادریل!"

دەستەوجێ بە شوێن ویدا پوورە کێیت هاتە ژوورێ و هاواری کرد: "ئەوا دوو ئاغا و سێ خاتوون، مێری جێین!"

مێری جێین گوتی: "تماشا، ئاغای بێرجین[4] و ئاغای کێریگن[5] لێرەن. ئاغای کێریگن تۆ لەگەڵ خاتوو پاور دەڕەخسی؟ خاتوو فرلانگ ئیزنم دەدەی هاوڕەخسێکت بۆ هەڵبژێرم کە ئاغای بێرجین بێ؟ ئیدی چمان کەم نییە؟"

---

[1] Cassidy

[2] Mary Grimes

[3] quadrille هەڵپەڕینی چوار جووت ژن و پیاو کە بە شێوەی چوار گۆشە دوان دوان پێکەوە دەڕەخسن. وەرگێڕ.

[4] Bergin

[5] Kerrigan

پوورە کێیت گوتی: "سێ خانم پێویستە، مێری جێین."

ئەو دوو کوڕە جحێڵە لە خانمەکانیان پرسی کە داخوا شانازی لەگەڵ ڕەخسینیان پێدەدەن و مێری جێین ڕووی کردە خاتوو داڵی و گوتی: "خاتوو داڵی بەڕاستی حەیفیشی، چونکێ تۆ بۆ دوو هەڵپەڕکێ پیانۆت لێدا، بەڵام چارە نییە، ئەمشەو خانممان بۆ هەڵپەڕکێ هەر زۆر کەمە."

"خانمی مۆرگن، جا قەیدی چ دەکا، من لە خزمەتتام."

"هاوڕەخسێکی زۆر باشم بۆ دیتوویەوە و ئەویش ئاغای بارتل دارسی[1] تێنۆرە[2]. دوایە پێی دەڵێم بچێ گۆرانی بڵێ. تەواوی ئەو دووبلینە پێیەوە دەڕاوێنن."

پوورە کێیت گوتی: "جا چ دەنگێکی پێوەیە، ئای چ دەنگێکی پێوەیە!"

کاتێ بە پیانۆکە بۆ جاری دووهەم ئاهەنگی بەرایی[3] بۆ دەوری یەکەمی هەڵپەڕکێکە لێدرا، مێری جێین دەستبەجێ داروودەستەی هەڵپەڕینەکەی لەگەڵ خۆی لە دیوەکە بردە دەرێ. هێشتا بە تەواوی نەڕۆیشتبوونە دەرێ کە پوورە جوولیا لە سەرەخۆ خۆی کرد بە ژووریدا و لە پەستاش ئاوڕی بۆ دواوە دەداوە.

پوورە کێیت گوتی: "ئەوە چ بووە، جوولیا؟ کێ هاتووە؟"

جوولیا باوەشێک دەسرەی سەرسفرەی لەسەر یەک هەڵچنراوی پێ بوو و ڕووی کردە خوشکەکەی و وەک ئەوەی لەم پرسیارە قوشقی بووبێ، لەسەرەخۆ گوتی: "هیچ، فرێدیە و گابریەلی لەگەڵە."

هەر ڕاست لە پشتە سەریەوە، گابریەلت دەدی کە فرێدی مەلینزی بە پاگەردی پلیکانەکاندا دێنا. فرێدی پیاوێکی لاوی چل ساڵە بوو و بە

[1] Bartell D'Arcy

[2] tenor یانی خاوەنی بەرزترین دەنگی پیاوانە لە گۆرانی وتندا. وەرگێڕ.

[3] Prelude

قەد و قەڵافەت هەر وەک گابریەل دەهاتەوە و شانی زۆر خڕ بوون. دەموچاوی گۆشتن و ڕەنگ هەڵپزاو بوو، تەنیا لە حاندی نەرمەی گوێی و لای دوو هەنگڵی لووتی سوورایيت تێدا بەدی دەکرد. دەم و لووت و چاو و برۆی نازەریف بوون. کەپۆی کورت و برۆی خڕ بوو و تووکی وەریبوو و لێوی بای کردبوون و دەرپەڕیبوون. بە بۆنەی پێلووی قورسی چاوی و تووکی سەری تەنک و ئاڵۆزاوی، خەواڵوو دەهاتە بەرچاو. هەتا هێزی تێدا بوو ولە ناخی دڵەوە بەو حیکایەتە پێدەکەنی کە لە سەر پلیکانەکان بۆ گابریەلی دەگێڕاوە و لە هەمان کاتیشدا جومگەکانی مستی چەپی بە چاوی چەپەیا دێنا و دەبرد.

پوورە جوولیا گوتی: "شەوت باش، فرێدی."

فرێدی مەلینز بە شێوەیەکی کە دەستبەجێ دایهێنابوو، چونکێ وەک جاران دەنگی دەگیرا، چاک و چۆنی دەگەڵ کێیت و جوولیا کرد و کە دیتی ئاغای براون لە پەنای گەنجەکەوە ڕاوەستاوە و تماشای وی دەکا و بزەی دێتێ، بە هەنگاوی برێک شل و شەویقەوە ڕووی کردە وی و بە دەنگێکی نزم ئەو حیکایەتەی بۆ گێڕاوە کە بۆ گابریەلی گێڕابۆوە.

پوورە کێیت بە گابریەلی گوت: "لەوە ناچێ حاڵی زۆر شپرزە بێ، وا نییە؟"

برۆی گابریەل لە تاریکادا بوو، بەڵام دەستبەجێ هەڵیهێنان و لە وڵامدا گوتی: "نا نا، کەم وایە کەس پێی بزانێ."

پوورە کێیت گوتی: "تماشا چەند عیسانێکی ماڵوێرانە! ئەو دایکە کڵۆڵەشی لە جەژنی سەری ساڵدا بەڵێنی لێ وەرگرتووە. بەڵام قەیدێ ناکا گابریەل وەرنە هۆدەی خۆگۆڕینەکە."

پوورە کێیت بەر لەوەی لەگەڵ گابریەل لە هۆدەکە بچێتە دەرێ، بە ئیشارە نێوچاوی لە ئاغای براون تێکنا و قامکی ئیشارەی بە نیشانەی

هەڕەشە لێ ڕاوەشاند و ئاغای براون بە ئیشارەی سەر گوتی باشە، بەڵام هەرکە پووره کێیت وەدەرکەوت ڕووی کردە فریدی مەلینز و گوتی: "جا تێدی[1] گیان یەک شەربەی پڕت لیمۆناد بۆ تێدەکەم، زگی لێ هەڵێنجە."

فریدی مەلینز تازە دەگەیشتە جێ خۆشایی حیکایەتەکەی جا بۆیە بە وەڕەزییەوە بە دەست ئیشارەی کرد یانی ناخۆم، بەڵام ئاغای براون دە پێشدا فریدی مەلینزی بەوە خافڵاند کە گوتی ها ها فڵان جێگای لیباسەکەت شپرزەیە و لەو دەمەیدا دەرفەتی لێ هێنا و لیوانێکی بۆ پڕ کرد لە لیمۆناد. فریدی بە دەستی چەپەی لیوانەکەی لێ وەرگرت و بە دەستی ڕاستەی هەروا خەریکی ڕاستە و پاستە کردنی جلوبەرگەکەی بوو. ئاغای براون لە خۆشیان دەموچاوی ئەوەندەی دی گنج و لۆچی تێکەوتبوو و لیوانێکی ویسکی بۆ خۆی تێکرد، کەچی فریدی مەلینز پێش ئەوەی حیکایەتەکەی بگاتە جێ خۆشاییەکەی، لەپڕ لە پڕمەی پێکەنینی دا، یەک بە خۆی پێدەکەنی و پێکەنین و قۆخە قۆخ تێکەڵاو بوون و لیوانە پڕەکەی هێشتا دەم لێ نەدابوو داینا، لە پەستا جومگەکانی مستی چەپی بە چاوی چەپیا دێنا و دەبرد و ئەوەندەی پێکەنین مۆڵەتی دابا ماباقی چیرۆکەکەی دەگێڕاوە.

....

گابریەل لەو دەمەیدا مێری جێین ئاهەنگی ئاکادێمی لێدەدا کە پڕ بوو لە تەحریر و قەتعەی گران گران، نەیدەتوانی گوێی بۆ هۆدەی بێدەنگی خۆگۆڕینی ژنن ڕاگرێ. مووسیقای پێ خۆش بوو، بەڵام هەستی دەکرد ئەو قەتعەیەی مێری جێین لێی دەدا مێلۆدی تێدا نییە و گومانی لەوەشدا هەبوو کە مێلۆدی بۆ گوێدێرانیش هەبێ، هەرچەند بۆخۆیان لە مێری

---

[1] Teddy

جێین پاڕابوونەوە شتێکیان بۆ لێ بدا. ئەو دوو کوڕە جحێڵەش کە لە هۆدەی گەروو تازە کردنەوەکە هاتبوونە دەرێ و بە دەنگی پیانۆکە هاتبوون لەبەر دەرگای هۆدەی خۆگۆڕینەکە ڕاوەستابوون، پاش چەند خولۆکە هەریەکەی دەستی هاوڕەخسەکەی گرت و بێهەست و خوست بۆی ڕۆیشتن. تەنیا کەسێکی وا دیار بوو هۆش و گۆشی هەر لە مووسیقا بوو، مێری جێین بۆخۆی بوو و کەسی دیکە. دەستی چوست و چالاک بەسەر سەفحە کلیلەکانی پیانۆدا دەهاتن و دەچوون ویان لەو شوێنانەی ڕاوەستانی تێدابوو دەستی هەڵدەگرت و ئەو وێستانانە وەک دەست هەڵگرتنی ژنە قەشەیەک دەچوو کە خەریکی دۆعایەکی کورت بێ و پووره کێیت لە پەنای ڕاوەستابوو لاپەڕەی نۆتەکانی بۆ هەڵدەداوە.

چاوی گابریەل کە شەوقی عەرزەکە بە شەوارەی خستبوو چونکی مێویان تێهەڵسووبوو بۆیە لە ژێر چلچراکەوە دەبریقاوە، ڕێگای دیواری لای سەرووی پیانۆکەی گرتە بەر. تابلۆیەکی لە سەکۆی باڵکۆنەکە لە شانۆی ڕۆمیئۆ و ژوولیێتی هەملێت بەو دیوارەوە هەڵواسرابوو و لە پەنایا تابلۆی ئەو دوو شازادە کوژراوە لە بورجەکەدا کە پووره جوولیا بە کچی بە خوری سوور و مۆر و قاوەیی سازی کردبوو، دەبینرا. ڕەنگە لەو فێرگەیەی ئەوان بە کچی دەچوون دەرسیان لێ دەخوێند، بۆ ماوەی ساڵێکیان لەو چەشنە کارانەیان فێر کردبێتن. دایکی بۆ دیاری جەژنی لە دایک بوونی جلیسقەیەکی لە تابینێتی[1] بنەوش بۆ دووریبوو، نەخش و نیگارەکەی سەری ڕێوی بوون، ئاستەڕەکەی لە ئەتڵەسی قاوەیی بوو و دوگمەکانی خڕ و لە چەشنی تووت بوون. زۆر سەیر بوو دایکی لێهاتوویی لەباری مووسیقادا نەبو، هەرچەند پووره کێیت پێی دەگوت میراتگری مێشکی بنەماڵەی مۆرکنە. هەم ئەو و هەم پووره

---

[1] tabinet پارچەیەکی لە ئاورێشم و پەشم کە شۆردرابێ و وەک پۆپلین دەچێ. نووسەر.

جوولیا هەمیشە لەوە دەچوو بڕێک بەو خوشکەیان کە ئینسانێکی توند و تۆڵ و خاوەنی ئاکاری دایکانە بوو، دەنازن. وێنەکەی لە پێش ئاوێنە باڵاڕوانەکە دانرابوو. کتێبێکی ئاواڵەی لەسەر کۆشی بوو و بە قامک خەریک بوو شتێک پیشانی کۆنستانتین دەدا کە بە جل و بەرگی جەنگاوەرانەوە لەبەر لاقی وی دانیشتبوو. ئەم خاتوونە بوو ناوی کوڕەکانی نابوو، چونکێ باش لە مەزنایەتی بنەماڵە دەگەیی. لە سایەی سەری وییەوەیە کە ئیمڕۆ کۆنستانتین قەشەی باڵادەستە لە بالبریگان[1] و گابریەل بۆخۆشی، هەر لە سایەی سەری وییەوە، لە زانکۆی پادشایی مەدرەکی وەرگرتووە. سێبەرێک بە دەموچاوی کشا کاتێک هاتەوە بیری کە دایکی سەبارەت بە ژن هێنانەکەی ئەم ڕووی گرژ و ترش بوو. هێندێ ڕستەی سەبارەت بە خێزانی گوتبوو کە بە لای سووکایەتی پێکردنا دەشکاوە و هەنووکەش لە مێشکیا دەزرینگاوە. جارێکیان گوتبووی گریتا کچێکی ژیری لادێییە و ئەم تەوسیفە گرێتای هەر نەدەگرتەوە. لە ڕۆژانی پڕ ژانی زەلیلیی دایکیا، تەنیا و تەنیا گرێتا بوو کە لە ماڵەکەی خۆیان لە مانکستاون خزمەتی دەکرد.

ئەو دەیزانی کە مێری جێین لە ئاخری قەتعەی مووسیقاکە نزیک بۆتەوە، چونکێ دیسان ئەو مێلۆدییە بەراییەی لێدەدا کە تەحریری پاش هەر هێڵێکی نۆتی مۆسیقا بوو و لەو دەمەیدا چاوەڕوانی تەواو بوونی قەتعە مووسیقاکەی دەکرد، تەمی ڕق و تووڕەیی هێدی هێدی لە دڵی دەڕەوی. قەتعە مووسیقاکە بە لەرزەیەکی ئۆکتاوەکان بە دەنگی زیک و ئۆکتاوێکی قووڵی بە دەنگی بۆڕ تەواو بوو. حازران بەربوونە چەپڵەلێدانێکی پڕ شۆر و پڕ سۆز بۆ مێری جێین کە لە خەجاڵەتییان سوور هەڵگەڕابوو و بە پەلە و دەست تێکەڵهاتن مووسیقاکەی تەواو کرد. ئەو چوار کوڕە جحێڵەی دەم درگاکە کە لە سەرەتای قەتعە

[1] Balbriggan

مووسیقاکە چووبونە هۆدەی گەروو تازە کردەنەوە و بەلام پاش بێدەنگ بوونی پیانۆکە هاتبوونەوە، توندتر لە هەمووان چەپڵەیان لێدەدا.

جووت سەماکەران بۆ هەڵپەڕکێی کوادریل هەڵبژێردران. گابریەل دیتی بۆ ڕەخس لەگەڵ خاتوو ئیڤۆرس[1]یان خستەوە. ئیڤۆرس خانمێکی جەوانی ڕووهەڵماڵڕاوی سوێرقسە بوو، دەموچاوی خاڵ خاڵاوی بوو و چاوی درشت و قاوەیی بوون. مەمکبەندی کورتی لەبەرا نەبوو و دەرزیلەیەکی کە بە یەخەیەوە بوو، ئامراز و دروشمێکی ئیرلەندی پێوە بوو.

کاتێک جێی خۆیان لە هەڵپەڕکێدا گرتەوە، ئیڤۆرس لەپڕ گوتی: "قسەیەکم لە دڵدایە دەمەوێ پێت بڵێم."

گابریەل پرسی: "بە منی بڵێی؟"

کچە بە ویقارەوە سەری لەقاند.

گابریەل لە دیتنی حاڵەتی پڕ مەتانەتی بزەیەکی هاتێ و گوتی: "ئەتانەوێ چ بڵێن؟"

خاتوو ئیڤۆرس بزبز چاوی تێبڕی و لێی پرسی: "جی.سی کێیە؟"

گابریەل ڕەنگێکی هێنا و برد و لەوانە بوو نێوچاوانی تێکنێ، دەتگوت تەقە لە سەریەوە دێ، بەلام کچە بێسێودوو گوتی: "ئەی بەستزمانە! بیستوومە بۆ ڕۆژنامەی دێیلی ئێکسپرێس[2] شت دەنووسی. جا تۆ داناڕزێی؟"

گابریەل چاوی دەترووکاند و لە خۆی دەنووسا بزەی بێتێ، پرسی: "بۆ دەبێ دابڕزێم؟"

[1] Ivors

[2] The Daily Express

خاتوو ئیڤۆرس بێ نێوئاخن گوتی: "دە باشە من لە بری تۆ تەریق دەبمەوە کە پیاو بڵێ تۆ بۆ ڕۆژنامەیەکی ئەئاوا شت دەنووسی. من بڕوام نەدەکرد تۆ وێست بریتۆن[١] بی."

گابریەل دەتگوت بە دار لە تەپڵی سەریان داوە. ڕاستە کە چوارشەممانە ستوونێکی ئەدەبی لە دێیلی ئێکسپرێسدا دەنووسی کە پازدە شیلینگیان دەدایە. بەڵام بێگومان ئەم کارە نەیکردبووە پیاوی ئینگلیس. ئەو کتێبانەی ڕۆژنامەکە بۆی دەنارد کە ئەم لەسەریان بنووسێ، لای وی زۆر پڕ بایەختر بوون لەو چەکە وا ئەو تۆزە پووڵەیان بۆ لەسەر دەنووسی. ئەو بە حەز و تامەزرۆییەوە دەستی بە ڕووبەرگی ئەو پەڕتووکە تازە لە چاپ دراوانە دێنا و پەڕەکانیانی هەڵدەدانەوە. ڕۆژ نەبوو کە لە وانە گوتنەوەی زانکۆ تەواو دەبوو، بە وێستگەکانی پاپۆڕاندا نەخولێتەوە و ڕوو نەکاتە ئەو کتێبفرۆشانەی پەڕتووکی کۆنیان دەفرۆشت. دەچووە کتێبفرۆشی هیکی[٢] لە شەقامی بەچلر[٣]، دەچووە کتێبفرۆشی وێب[٤] یا مەسیێز[٥] لە وێستگەی پاپۆڕان بە ناوی ئاستۆن یان دەچووە کتێبفرۆشی ئۆکلۆهیسیێز[٦] لە خیابانە فەرعیەکەدا. گابریەل نەیدەزانی لە حاند ئەو تاوانبار کردنەی ئێستای چ بڵێ. دەیهەویست بڵێ ئەدەبیات زۆر لە سیاسەت بەرزترە. بەڵام ئەمانە لەمێژ ساڵیش بوو کە ڕفێق بوون و کاروباریان وەک یەک بوو، دە پێشدا لە زانکۆ و پاشان وەک دوو مامۆستای قوتابخانە. نەیدەوێرا قسەی زلی بۆ بکات. هەروا چاوی ترووکاند و زۆری لە خۆ دەکرد

---

[١] بەو ئیرلەندییانەیان دەگوت سەر بە ئینگلیس بوون. نووسەر. (وەک جاشی لای خۆمان. وەرگێڕ.)

[٢] Hickey

[٣] Bachelor

[٤] Webb

[٥] Massey's

[٦] O'clohissey's

بـزەی بێتـە سـەر لێـو و ئـەو قسـەیەی بـە کـاڵ و نـەکوڵیوی و بـە نەجووراوی بۆ چۆوە سەر یەک کە من پێم وایە شت نووسین لەسەر کتێبان چ عەلاوەیەکی بە سیاسەتەوە نییە.

کاتێ نۆرەیان گەیشتێ کە لەم سەر بە ڕەخسین بچنە ئەوسەری مەیدانی هەڵپەڕینەکـە، گابریـەل هێشـتا هـەر گێـژ و وڕ بـوو. خـاتوو ئیڤۆرس لەپڕ دەستی بە گەرمی گرت و بە شێوەیەکی نەرم و دۆستانە پێی گوت: "کوڕە دەزانم، شۆخیم کرد. وەرە با بە ڕەخسین بچینە ئەوبەر."

کە دیسان وێک کەوتنەوە، ئیڤۆرس باسی زانکۆی کرد و گابریەل ئاسوودەتر بوو. یەکێ لە دۆستانی ئیڤۆرس ئەو وتارەی گابریەلی دابوویە کە لەسەر شێعرەکانی براونینگی نووسیبوو. هەر لەم ڕێیەوەش بوو کە ئەو نهێنییەی بۆ ئاشکرا ببوو: بەڵام ئیڤۆرس نووسراوەکەی یەگجار زۆر بە کەیف بوو. پاشان لەپڕ گوتی: "ئەرێ ئاغای کانرۆی، هاوینێ دێی بۆ سەیاحەت بچین بۆ کۆمەڵە جزیریەی ئاران؟ مانگێک لەوێ دەمێنینەوە. لە ئۆقیانووسی ئەتڵەس یەگجار خۆشمان بۆ دەگوزەرێ. دەبێ بێی. ئاغای کلەنسی[١] و ئاغای کیلکێلی[٢] و کەتلین کیرنێی[٣]ش دێن. بۆ گرێتاش زۆر باش دەبێ بێ. دەنا خەڵکی کۆناچت[٤] نییە؟"

گابریەل بە کورتی وڵامی داوە: "خزم و کەسی خەڵکی وێن."

خاتوو ئیڤۆرس بە شەوق و زەوقەوە دەستی گەرمی لەسەر باسکی گابریەل دانا و گوتی: "خۆ دێی، ها؟"

---

[١] Clancy

[٢] Kilkelly

[٣] Kathleen Kirney

[٤] Konacht

گابریەل گوتی: "ئەوەی ڕاستی بێ، من تازە خۆم ساز کردووە بچم بۆ..."

خاتوو ئیڤۆرس پرسی: "بچی بۆ کوێ؟"

"وەڵا دەزانی چییە، من هەموو ساڵێ دەگەڵ هێندێ لە دۆستان بە دووچەرخە دەچینە سەفەر، جا بۆیە..."

ئیڤۆرس پرسی: "باشە، بۆ کوێ دەچن؟"

گابریەل بە شێوەیەکی ناشییانە گوتی: "زۆرتر دەچین بۆ فەرانسە و بلژیک و ڕەنگە بۆ ئاڵمانیش."

خاتوو ئیڤۆرس پرسی: "باشە فەرانسە و بلژیک بۆ دەچن، بۆچی سەر لە وڵاتەکەی خۆتان هەڵناهێنن؟"

گابریەل گوتی: "وەڵا بڕێکی لەبەر خاتری زمانەکانیانە پیاو دەڵێ لێیان نەپچڕێتەوە، هێندێکی لەبەر ئەوەیە ئینسان ئاو و هەوایەکش دەگۆڕێ."

خاتوو ئیڤۆرس پرسی: "ئەدی لەسەرت نییە لە زمانی زگماکیی خۆت کە زمانی ئیرلەندییە نەپچڕێتەوە؟"

گابریەل گوتی: "وەڵا ئەگەر بێینە سەر ئەو باسە، با پێت بڵێم ئیرلەندی زمانی زگماکیی من نییە."

دەوروبەر هەموو گوێیان دابووە ئەم محاکمەیە. گابریەل بە شەرم و شڵەژاوییەوە سیلەیەکی چاوی دا چەپ و ڕاستی خۆی و لەم بارودۆخە ناهەموارەدا کە لە خەجاڵەتییان نێوچاوانی سوور هەڵگەڕابوو، هەوڵی دەدا کەیف خۆشی خۆی بپارێزێ.

ئیڤۆرس هەر دەستهەڵگر نەبوو و هەمیسان پرسییەوە: "باشە تۆ وڵاتی خۆتت نییە بچی سەری لێ بدەی، وڵاتێکی کە هیچی لێ نازانی؟

یانی تۆ نەتەوەی خۆت و مەملەکەتی خۆتت نییە بچی سەریان لێ هەڵێنی؟"

گابریەل لەپڕێکدا گوتی: "چاو، ڕاستت دەوێ، من لە وڵاتی خۆم وەڕەزم، وەڕەز!"

ئیڤۆرس پرسی: "ئاخر بۆ؟"

گابریەل وڵامی نەداوە، چونکێ جوابەکەی ببووە هۆی ئەوەی تەواوی ئەندامی گەرم دابێ.

ئیڤۆرس دیسان لێی پرسییەوە: "ئاخر بۆ؟"

ئەمان دەبوو پێکەوە بچن سەر لە وڵاتەکە هەڵێنن و چونکێ گابریەل وڵامی نەدابۆوە، خانمی ئیڤۆرس بە شۆر و سۆزەوە گوتی: "دیارە، هیچ جوابێکت نییە."

گابریەل زۆری لە خۆ کرد کە بە زەبری لە جۆش ڕەخسین تەریق بوونەوەی خۆی لە چاوی حازریان بشارێتەوە. چاوی لە چاوی ئیڤۆرس دەدزییەوە چونکێ دیبووی کە نیگای وەک خەنجێری دەبان دەیبڕێ. بەڵام لە زنجیرەی ئاخری هەڵپەڕینەکەدا کە تووشی یەک هاتن، زۆری لا سەیر بوو کە دەستیان توند گوشی. ئیڤۆرس بۆ تاقی کردنەوە لە بنەوە هێندەی سیلەی چاو تێبڕی تا ئاخری گابریەل بزەی هاتێ. پاشان، لەو دەمەیدا کە زنجیرەی هەڵپەڕکێکە خەریک بوو وەگەڕ بکەوێتەوە، ئیڤۆرس هەستا سەر پەنجەی پێ و بە گوێیدا سرتاند: "هەی جاش[1]!"

کاتێک ڕەخس تەواو بوو، گابریەل ڕووی کردە گۆشەیەکی دوورەدەست لە وەتاغەکە کە دایکی فرێدی مەلینزی لێ دانیشتبوو. پیرێژنێکی قەڵەوەی بێهێز و پێز بوو و سەری سپی ببوو. وەک

[1] ئینگلیسییەکەی west Britonە یانی پیاوی ئینگلیس. من ئەو وشەیەم بۆ هەڵبژارد چونکێ هەستم کرد پڕ بە پێستیەتی. وەرگێڕ.

کوڕەکەی دەنگی دەگیرا و بڕێکیش زمانی دەگرت. پێیان گوتبوو فرێدی هاتووە و حاڵیشی خەراپ نییە. گابریەل لێی پرسی داخوا باش ڕەخسیت. لە گلاسکۆ لەگەڵ کچە بە مێرەکەی دەژیا و ساڵی جارێک بۆ سەردان دەهاتەوە دووبلین. لەسەرەخۆ لە وڵامدا گوتی جوان ڕەخسیوم و کاپیتان ئاگای لێم بووە. باسی ئەوەی کرد کە کچەکەی ماڵێکی جوانی لە گلاسکۆ هەیە و باسی دۆست و هاوالانی ئەوێی کرد. لەو دەمەیدا زمانی پیرێژنە باسی تەیر و توونی دەکرد، گابریەل هەوڵی دەدا ئەوی شوێنەواری ناخۆشی دیدارە پڕئازارەکەی لەگەڵ ئیڤۆرس لەسەر مێشکی دابنابوو، بیشواتەوە. دیارە ئەم کچە یا ئەم ژنە، ژنە یا کچە کەیفی خۆیەتی، ئینسانێکی زۆر لاگرە، بەڵام هەموو قسەیەک جێی خۆی هەیە. ڕەنگ بوو نەدەبوایە ئاوام وڵام بدایەتەوە. بەڵام خۆ هەقی نییە، تەنانەت بە شۆخیش بێ، لای ئەو عالەمە پێم بڵێ جاش. ئەو جۆرەی ئەو بە پرسیاران جاڕزی کردم و بە چاوانەی کە دەڵێی چاوی کەروێشکن لێم مۆڕ دەبۆوە، وای کرد لای ئەو عالەمە ببمە سکە پووڵێکی قەڵب.

دیتی ژنەکەی بە ناو خەڵکەکەدا کە جووت جووت ڕەخسی واڵتسیان دەکرد، بەرەو لای دێ. کاتێ گەیشتە لای، بە گوێیا سرپاند: "پوورە کێیت دەڵێ ئەرێ دێی وەک جاران قازەکە بەشبەش کەی؟ خاتوو داڵی گۆشت بەرازەکە بەشبەش دەکا. منیش پوودینگ[١] لێ دەنێم."

گابریەل گوتی: "باشە."

"هەرکە واڵتسەکە تەواو بوو، پوورە کێیت جحێڵەکان دەنێرێتە ژووری، با دوایە سەر سفرە هەر خۆمانی لێ بین."

---

[١] Pudding جۆرە خواردەمەنییەکە وەک فرنی دەچێ بە ئاردی برنج و شیر و هێلکە ساز دەبێ. وەرگێڕ.

گابریەل پرسی: "هەڵپەڕیت؟"

"ئەی چۆن. نەتدیتم؟ ئەرێ ئەو دمەقرەیەتان چی بوو لەگەڵ مۆلی ئیڤۆرس؟"

"دەمەقرە نەبوو، بۆ؟ بۆخۆی وای گوت؟"

"بەخوا شتێکی وای گوت. وا دەکەم ئاغای دارسی گۆرانی پێ بڵێم. پێم وایە زۆری خۆ پێ زلە."

گابریەل بە نارەحەتییەوە گوتی: "دەمەقرەمان نەبوو. شتەکە هەر ئەوەندە بوو ئەو دەیەویست لەگەڵی بچم بۆ ڕۆژاوای ئیرلەند و منیش گوتم نایەم."

ژنەکەی ئۆقرەی لێ هەڵگیرا و هەر دووک دەستی لێک هەڵپێکا و قەڵەمبازێکی دا و گوتی: "ماڵتە بچۆ، گابریەل. لە خودام دەوێ جارێکی دی گەلوێی[1] ببینمەوە."

گابریەل، بە سارد و سڕی جوابی داوە: "ئەگەر تۆ ئیشتیات لێیە بچۆ."

قەدەرێک چاوی لە مێردەکەی بڕی و پاشان ڕووی کردە خانمی مەلینز و گوتی: "لەخوا بەزیاد بێ مێردی چاکە، خانمی مەلینز."

خانمی مەلینز لەو جەنگەیەدا دڕی بە خەڵکەکە دەدا کە بچێتە جێی خۆی، بێ ئەوەی دەربەستی ئەوە بێ کە ڕەنگ بێ قسەکانی پێ ببڕن، هەر باسی ئەوەی دەکرد کە لە سکاتلەند شوێنی واوا خۆش هەیە و دیمەنی واوا جوان هەیە. دەیگوت زاواکەم هەموو ساڵێ دەمانبا بۆ لای گۆلەکان و دەچینە ماسی گرتن. زاواکەم ماسیگرێکی قابیلە. ڕۆژێکیان ماسییەکی زەلامی گرت و کابرای خاوەن هۆتێل بۆ شام بۆی لێنان.

---

[1] Galway

گابریەل قسەکانی هێندە گوێ لێ نەدەبوو. ئێستەکە دەیدی ئەوا کاتی شێو نزیک بۆتەوە کەوتەوە بیری وتار پێشکەش کردنەکەی و قسەگێڕانەوەی لەم یان لەو ئەدیب. گابریەل هەر کە دیتی فرێدی مەلینز بەرەو ئەمسەری وەتاغەکە دێ کە چاوی بە دایکی بکەوێ، هەستا و کورسییەکەی خۆی دایە و بۆخۆی چوو لە نێو تاقەی پەنجەرەکە پەنای گرت. وەتاغەکەیان خاوێن کردبۆوە و لە هۆدەکەی پشتەوەڕا خرڕە و شەققە و تەققەی کارد و دەوری دەهات. ئەوانەی هێشتا لە هۆدەی جلگۆڕینی ژنان مابوونەوە، وا دیار بوو لە هەڵپەڕکێ ماندوو ببوون و دەستە دەستە لە دەوری یەک کۆ ببوونەوە و بە دەنگی نزم پێکەوە قسەیان دەکرد. گابریەل بە قامکی گەرم و لەرزانی وەک زەرب، لە شووشە ساردەکەی دەدا. ئای دەبێ دەرێ چەند فێنک و خۆش بێ! ئای چەندە خۆشە پیاو بە تاقی تەنێ پیاسە بکا، دەپێشدا بە گوێی چۆمیدا و پاشان بە نێو پارکدا! جا ئێستا بەفر لقی داری هەموو داپۆشیون و کلاوەیەکی ڕۆشنی لەسەر تەپڵی سەری ساختومانی بیرەوەریی مێژوویی وێڵینگتن[1] ساز کردووە. ئای چەند خۆشە لەوێ بی، نەک لێرە لەسەر سفرە!

بە سەر عینوانی وتارەکانیدا چۆوە: میوانگریی ئیرلەندییەکان، بیرەوەرییە پڕ خەفەتەکان، سێ نەعمەت[2]، پاریس[3]، گێڕانەوەی چەند دێڕێک شێعر لە براونینگ. ڕستەیەکی بۆخۆی دووپاتە کردەوە کە لەو وتارەیدا لەسەر براونینگی نووسیبوو، هێنابووی: "ئینسان هەست دەکا گوێی بۆ مووسیقایەکی خاوەن بیرێکی پڕ ئازار شل دەکا. خاتوو ئیڤۆرس وتارەکەی زۆر بە دڵ بووە. باشە بڵێی ڕاست بکا؟ تۆ بڵێی

---

[1] Wellington

[2] Tree Grales لە ئۆستوورە ناسی ڕۆمیدا بریتی بوون لەو خواژنانەی کە جەستەیان پیشاندەری جوانیو دلڕفێنی بوو. نووسەر.

[3] لە ئەفسانەکانی یۆنانی کۆن، کوڕی پەریام، پادشای تروا و بە هوی ڕفاندنی هێلێنەوە بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی تروا. نووسەر.

بەڕاست بەدەر لەو چوارچێوە دروشماوییەی، ژیانێکی تایبەت بە خۆی هەبێ؟ تا ئەوێ شەوێ ناخۆشییان لە نێواندا نەببوو. بیری ئەوەی کە ئیڤۆرس لەسەر سفرەی شێو دانیشێ و ئەو چاوە پڕ لە ڕەخنە و گاڵتە پێکردنەی لە کاتی وتار پێشکەش کردنەکەیا تێ ببڕێ، بە جارێ دەست و دڵی سارد دەکردەوە. ڕەنگیش بوو دەربەست نەبێ کە ئەم وتارەکەی بە باشی بۆ پێشکەش نەکرێ. بیرێکی بە مێشکیدا هات و غیرەتی بەرخست. گوتی ناخۆ و حاست ئاماژە بە پوورە کێیت و پوورە جوولیا دەکەم و دەڵێم: "خاتوونەکان، ئاغاکان، ئەم نەسڵە کە ئێستا لەناو ئێمەدان و بە کەلەوەن، ڕەنگە هەڵەشیان بووبێ، بەڵام بە لای منەوە، هێندێ خووی باش وەک میوانگریی و قسەخۆشی و ئینسانەتییان هەن کە نەسلی تازە و زۆر توند پێچراوە و گەلێک خوێندەواری کەوا خەریکن لەناو مەدا سەر هەڵدەدەن وا دیارە لێی بێبەرین." زۆر باشە: ئائەوە دار بە ڕوحی خاتوو ئیڤۆرسدا دەدا. گابریەل چ دەربەست بوو کە پوورەکانی تەنیا دوو پیرێژنی نەخوێندەوارن و هیچی دی؟

هەمهەمەیەک لە ناو دیوەکەدا سەرنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ئاغای براون لە دەرکەوە هاتە ژوورێ و وەک پیاوێکی ژن خۆشەویست پوورە جوولیای ئێسکۆرت دەکرد. پوورە جوولیا خۆی دابوو بەسەر شان و باسکی ویدا. هەتا پوورە جوولیا گەیشتە پەنا پیانۆکە، دەنگی چەپڵەی حازران وەک شریخەی بەکۆ و تاک و تەرای تفەنگ لەگەڵی هات و پاش ئەوەی مێری جێین لەسەر سێ پایەکە دانیشت و پوورە جوولیا کە ئیتر بزەی لەسەر لێوی نەمابوو، نیو دەور وەرسووڕا تا دەنگی جوان نێو وەتاغەکە دابگرێ، چەپڵەلێدانەکە هێور هێور دامرکا. گابریەل پێش ئاهەنگەکەی ناسییەوە. ئەوە بەرایی گۆرانییەکی قەدیمی پوورە جوولیا بوو بە ناوی "**خۆیان ڕازاندۆتەوە بۆ شایی.**"

دەنگی زوڵاڵ و پڕهێزی بە شۆر و سۆزی زۆرەوە وەپێش تەحریرەکان دەکەوت کە پڕی بە دیوەکە بوون و هەرچەند بە پەلەی

دەگوت تەنانەت چکۆلەترین نۆتی زەریفی بەجێ نەدەهێشت. کە بە شوێن ئەو دەنگەدا هاتبای، بێوەی دەموچاوی گۆرانیبێژ ببینی، تۆش هەژان و دڵەتەپێی هەڵفڕینێکی تیژ و بێمەترسیت هەست دەکرد و تێیدا هاوبەش دەبووی. گابریەلیش وێڕای حازران لە ئاخری گۆرانییەکەدا هەتا هێزی تێدا بوو چەپڵەی لێدا و چەپڵەی توند لە لای مێزی شێوەکە کە نەدیو بوو دەبیسترا. ئەو چەپڵەیە هێند بە گیان و بە دڵ بوو کە پووره جوولیا ئەو کاتەی داهاتەوە کە کتێبی نۆتەکە کە بەرگێکی چەرمی هەبوو و پیتەکانی یەکەمی ناو و شۆرەتی وی بەسەر بەرگەکەیەوە بوو بنێتەوە سەر سێ پایەی نۆت خوێندنەکە، دەموچاوی تۆزێک سوور هەڵگەڕا. فرێدی مەلینز کە سەری خستبوو بە لایەکدا کە باشتر گوێی لە گۆرانییەکە بێ، لە کاتێکدا کە ئیتر چەپڵە لێدان تەواو ببوو و عالەمەکە بە هەست و سۆزەوە قسەیان دەگەڵ دایکی دەکرد و ئەمیش مەتین و لەسەرەخۆ سەری بە نیشانەی وەرگرتنی قسەکانیان دەلەقاند، هێشتا هەر چەپڵەی لێدەدا. لە ئاکاما کە ئیتر لە دەست و دوو کەوت و چەپڵەی بۆ لێنەدەدرا، لە پڕ هەستا و بە پڕتاو ڕووی کردە ئەوسەری دیوەکە بۆ لای پووره جوولیا و دەستی گرت و لەناو هەردووک دەستی نا و هەر کاتێ قسەی بۆ نەدەهات یان دەنگی پتر لە جاران دەگیرا، ڕایدەوەشاند.

گوتی: "ئەئێستا بە دایکمم دەگوت، قەتم نەبیستبوو ئاوا جوان گۆرانی بڵێی، هەر قەت قەت. هەرگیز دەنگتم بە قەرا ئەوشەو پێ خۆش نەبووە. جا نازانم بڕوام پێ دەکەی یان نا؟ ئەوەی دەیڵێم ڕاستەقینەیە. بە شەرەفم، بە ئینسانیەتم عەینی ڕاستەقینەیە دەیڵێم. قەتم دەنگت ئاوا پاراو و ئاوا... ئاوا زوڵاڵ و بێگەرد نەبیستبوو، هەر قەت قەت."

پووره جوولیا لەو کاتەیدا دەستی لە نێو دەستی دەردێنا لە وڵامی تەعریفەکانی فرێدیدا بزەیەکی گەش گرتی و لە بن لێوەوە شتێکی گوت. ئاغای براون دەست و پەنجەی ئاوالای بەرەو جولیا ڕاداشت و شۆومەن ئاسایی کە هونەرمەندێکی بلیمەت بە حازرانی نێو ساڵۆنەکە دەناسێنێ، ئاوای گوت بە وانەی وا لە دەور و پشتی بوون: "خاتوو جوولیا مۆرکن، جەواهیرێکە تازەم دیوەتەوە!"

فرێدی ڕووی لە ئاغای براون کرد و شتێکی پێ گوت کە ئەم لەبەر پێکەنین ژانی کرد. گوتی: "باشە، براون، ئەگەر بەڕاستت بوایە شتی وا باشت هەر بۆ نەدەدۆزراوە. من هەر ئەوەندەی دەڵێم خاتوو جوولیا هەرگیز بە قەد نیوەی ئێستا دەنگی خۆش نەبووە و من ئەو شتە بێ درۆ دەڵێم."

براون گوتی: "منیش ڕام لەسەر ڕای تۆیە. من پێم وایە دەنگی خاتوو جوولیا هەر زۆر زۆر باشتر بووە."

پووره جوولیا شانی هەڵێنا و بە شانازییەکی پڕ لە حەوسەلەوە گوتی: "بە خوای سی ساڵ لەمەوبەر دەنگم خراپ نەبوو."

پووره کێیت پێی لەسەر قسەیەک داگرت و ئەویش ئەوەی کە: "زۆر جاران بە جوولیام دەگوت لە خۆڕا لەگەڵ کۆڕی ئایینی کلیسا کەوتووی. بەڵام خۆ دەستی منی تێدا نەبوو."

رووی کردە حازران وەک ئەوەی لە حاندی منداڵێکی لاسار پێیان بڵێ جا ئێوە بۆ خۆتان کڵاوی خۆتان بکەنە قازی و هەر لەم کاتەدا بوو پووره جوولیا چاوی بڕیە پێش دەمی خۆی و بزەیەکی تەمومژاوی کە پیشاندەری بیرەوەریی ڕۆژانی ڕابردوو بوو دەموچاوی داگرت.

پـوورە کێیـت گـوتی: "کـەس بـە زۆر نـەیگوت وەرە، کـەس بـە زۆر نەیبردە نێو ئەو کۆڕەوە. جا شەو و ڕۆژ، لەیل و نەهار وەک بەردە لە کۆڕی ئایینیدا کاری دەکرد. ئاخر بۆچی؟"

مێری جێین لەسەر چوار پایەی پیانۆکە وەرسووڕا و بە بزەیەکەوە گوتی: "باشە، پوورە کێیت ئایا لەبەر ڕێزدانان بۆ خودا نەبوو؟"

پـوورە کێیـت بـە تووڕەییـەوە ڕووی کـردە برازاکـەی و گـوتی: "مـن هەموو شتێک سەبارەت بە ڕێزدانان بۆ خودا ئەزانم، مێری جێین، بەڵام من لام وایە ئەوە ڕێز تێک شکاندنە بۆ پاپ کە دێنێ ژنان کە تـەواوی ژیانیان وەک دیل هەڵسووڕاون لە کۆڕی سروودی ئایینی کلیسا وەدەر دەنێ و دەیداتە دەست هـەتیو مـەتیوی خوێڕیلـەی هیچەکە و پووچەکە. ئەمن پێم وایە پاپ لەبەر بەرژەوەندی کلیسا ئەو کارەی دەکا. بەڵام ئەم کارە، مێری جێین، نە عادڵانەیە و نە ڕەوایە."

کێیت لە کوڵ بوو و خەریک بوو بۆ داکۆکی لەسەر خوشکی چی لە دڵیایە هەڵیڕێژێ چونکێ زۆر داخ لە دڵ بوو، بەڵام مێری جێین کە دیتی سەماکەران هەموو گەڕاونەوە، بۆ وەی ئاو بە ئاوردا بکات و نێوبژی کردبێ گوتی: "ماڵتە پوورە کێیت، ئابڕووی ئاغای براون دەبەی چونکێ ئایینێکی دیکەی هەیە."

پوورە کێیت ڕووی کردە ئاغای براون کە بە هۆی ئەوەی ئاماژەیان بۆ ئایینەکـەی کـردووە، زەردەیـەکی هـاتێ و بـە پەلـە گـوتی: "مـن قسـە لـەوەی ناکـەم کـە داخـوا پـاپ حـەقی بـە دەسـتە یـان نـا. مـن پیرێژنێکی گـەوجم و ئەوەنـدە ڕووهەڵماڵـدراو نـیم شـتی وا بڵـێم. بـەڵام ئـەدەب و پێزانین هەر بووە و ئەگەر من بام لـەبری جوولیا دەچووم ئـەو شـتەم ڕێوڕاست بە باوکی ئایینی هیلێی[1] دەگوت..."

---

[1] Healey

مێری جێین گوتی: "دیسانەوەش پووره کێیت، ئێمە هەموومان ئەوە لە برسان دەمرین و ئینسان ئەگەر برسی بێ شەڕانی دەبێ."

ئاغای براون ئەمەشی لە قسەکەی مێری جێین زیاد کرد: "ئینسان بێتوو توونیش بێ هەر شەڕانی دەبێ."

مێری جێین گوتی: "کەوایە وا باشترە شێو بکەین و قسەکان لێ گەڕێین بۆ دوایە تەواوی کەین."

گابریەل ژنەکەی و مێری جێینی لەسەر پاگەردی دەرەوەی هۆدەی خۆگۆڕینەکە دی کە دەیانهەویست بە هەر شێوەیەک بێ خاتوو ئیڤۆرس ڕازی کەن بۆ شام بمێنێتەوە. بەڵام خاتوو ئیڤۆرس کڵاوی لەسەر نابوو و خەریک بوو دوگمەی باڵتەکەی دادەخست و حازر نەبوو بمێنێتەوە. هیچ برسی نەبوو و لە مێژ بوو لەوێ بوو.

خانمی کانڕۆی گوتی: "ماڵتە مۆلی تاقە دە دەقیقەی دیکە بمێنەوە. بەوەندەی وەدرەنگ هەر ناکەوی."

مێری جێین گوتی: "پاش ئەو هەمووە هەڵپەڕینە، ئاخر شتێک بخە بەر دڵت."

خاتوو ئیڤۆرس گوتی: "باوەڕم پێ بکەن ناتوانم."

مێری جێین بە دڵساردییەوە گوتی: "پێم ناخۆشە، چ خۆشت بۆ نەگوزەرا."

خاتوو ئیڤۆرس گوتی: " دڵنیا بن زۆرم خۆش بۆ گوزەرا، بەڵام دەبێ ئیزنم بدەن بڕۆم."

خانمی کانڕۆی گوتی: " ئاخر چۆن دەگەیەوە ماڵێ؟"

"ماڵتە لە وێستگەی پاپۆڕانەوە تەنیا دوو شەقاوە."

گابریەل تاوێک دوودڵ ما و گوتی: "ئەگەر هەر ناچاری بڕۆی، لێم گەڕێ با دەگەڵت بێم تا ماڵێ ڕەوانەت کەم."

بەڵام خاتوو ئیڤۆرس بەپڕتاو وەڕێکەوت. هاواری کرد: "قسەشی لێ مەکەن. بابە بۆ خاتری خودا بچن شامەکەتان بخۆن، خەمی منتان نەبێ. من بۆخۆم ئاگام لە خۆمە."

خانمی کانڕۆی بێسێودوو گوتی: "وەڵاهی ئینسان پێکەنینی پێت دێ."

خاتوو ئیڤۆرس یەک بە خۆی و بە پێکەنینەوە بە زمانی ئیرلەندی هاواری کرد خودا ئاگای لێتان بێ[1] و بە پلیکانەکاندا داگەڕا.

مێری جێین چاوی بزبز بە دوایەوە بوو و بە دەموچاویڕا دیار بوو سەری لێ ماسیوە، بەڵام خانمی کانڕۆی خۆی دابوو بە سەر نەردەی پلیکانەکاندا کە گوێی لە تەقەی دەرکەی ڕێڕەوەکە بێ. گابریەل لە خۆی پرسی بڵێی من بووبێتمە هۆی ئەوەی ئاوا کوتوپڕ بڕوا؟ بەڵام لەوە نەدەچوو دڵی هێشابێ. ئەوە نییە هەر بە پێکەنین بۆی ڕۆیی؟ چاوی بڕیە پلیکانەکان بێئەوەی نیگای هیچی تیابێ.

لەو دەمەیدا پوورە کێیت بە لارە لارەوە لە وەتاغی شێو کردنەکە هاتە دەرێ و لە حەیفان دەهات دەستی خۆی بادا.

هەرای کرد: "ئەوە کوا گابریەل؟ ئاخر چی لێهات گابریەل؟ هەموو مەحتەلن نان و خوان دانرێ، کەچی کەس نییە قازەکە بەشبەش کا."

گابریەل لەپڕ وەخۆ کەوت و هەرای کرد: "ئەوەتام، پوورە کێیت. دەڵێی قازێک سەهلە، پۆلێک قازت بۆ بەشبەش کەم."

لەسەر لایەکی مێزەکە قازێکی قەڵەوی وەک دندووکی کەو سوورەوە بوو دانرابوو، لەسەر لایەکەی دی ڕانە بەرازێکی زەلامیان لەسەر مقەبایەکی گنج و لۆچ دانابوو و لقی ناسکی جەعفەرییان بەسەر

---

[1] بە ئیرلەندی دەبێتە Beanacht libh یانی خودا ئاگای لێت بێ (و ئەمە شێوەیەکە لە خوداحافیزی) نووسەر.

هەموویا بڵاو کردبۆوە و چەرمەکەیان لەسەر داماڵیبوو و بیبار و ورکەنانیان پێوە کردبوو، کاغەزێکیان جوان لە دەوری گوێزینگی هاڵاندبوو و ڕانە گایەکیش ئەدوییەیان لێدابوو و لە پەنای دایاننابوو. لە نێوان ئەو شتانەی سەر دوو قەراغی مێزەکە کە کێبەرکێیان بوو، ڕەدیف ڕەدیف خواردەمنی جۆراوجۆر دانرابوو: دوو پیاڵە ژێلە دانرابوو، یەکیان سوور و ئەوی دی زەرد. کاسەیەکی پەل پڕ بوو لە ڕاحەتەڵقووم و مرەبا. لەسەر کاسەیەکی سەوزی لە چەشنی گەڵا کە دەسکەکەی وەک لاسقەکەی ساز کرابوو، کشمیشی بنەوش و بادامی پاکراویان دانابوو، کاسەیەکی هەر هاوتای ئەوە بەستەیەکی چوارگۆشە هەنجیری سمیرنای[1] لەسەر دانرابوو، پیاڵەیەک کاستێر گوێزی هێندی ڕەندەکراوی پێوە چاندرابوو، کاسەیەکی چکۆلە پڕ لە شۆکۆلات و نوقڵی کە لە کاغەزی زێڕین و نوقرەیی پێچرابوون، کوڵدانێکی شووشە کە چەند لق کەرەوزی درێژیان تێ خستبوو. لە ناوەڕاستی مێزەکە دوو بتری کورت و پانەسێڵەی قەدیمی لە بلووری تاشراو یەکیان شەرابی پۆرتی تێدا بوو و ئەوەکەی تریان شەرابی شتێڕیی ئیسپانیا و ئەم دوانە دەتگوت نیگابانن ئاگایان لەو سێ پایەیە کە پرتەقاڵ و سێوی ئەمریکاییان لەسەر هەڵچنیبوون و قووچ ببوونەوە. لەسەر پیانۆ چوار گۆشە داخراوەکە پوودینگیان لەسەر دیسێکی زەردی زەلام دەستەونەزەر دانابوو و لە پشت وییەوە چەند بتری ئابجۆی ستاوت و ئابجۆی ئینگلیسی و ئاوی کانزاکان لە سێ سەفدا وەک سەرباز بە ڕێژە ڕاوەستابوون و بە پێی ڕەنگی یۆنیفۆرمەکەیان ڕایانگرتبوون، سەفی یەکەم و دووهەم ڕەنگیان ڕەش بوو، ئەوانەی سەفی یەکەم کاغەزی قاوەیی و ئەوانەی سەفی دووهەم کاغەزی سووریان پێوە بوون. ڕەدیفی سێهەم کە وردیلە و سپی بوون و کاغەزی سەوزیان وەک پشتێن بە نێوقەددا هێنابۆوە.

---

[1] Smyrna

کابریەل بە ڕاشکاوی لای ئەوسەری مێزەکەی گرت و چاوی لە تیفەی کێردی گۆشت جنینەکە کرد و چنگاڵەکەی بە هێز و قووەتی خۆی لە قەبرغەی قازەکە ڕۆ کرد. گابریەل تەواو دڵ ئاسوودە بوو چونکێ لە قاز لەتکردنا وەستایەکی قابیل بوو و لە دارای دونیادا چی لەوە پێ خۆشتر نەبوو کە لای سەرووی مێزێک ڕاوەستێ کە ئەوەی دڵ تەمەنای دەکا لەسەری دانرابێ.

پرسی: "خاتوو فرلانگ چت بۆ بەڕێ کەم، باڵ یان لەتێک سینگ؟"

"تاقە پرشکێک سینگم بەسە."

"خاتوو هیگینز، ئەی تۆ؟"

"هەرچی بێ با بێ، ئاغای کانڕۆی."

لەو کاتەدا گابریەل و خاتوو دالّی دەوریی گۆشت و قاز و گۆشت بەراز و گۆشتی مانگایان دەست بە دەست دەکرد، لیلی قاپێک هێرەڵماسی[1] پیشاوی کە ئاردیان دەردابوو و لە پەڕۆیەکی سپی پێچرابوون، بە ناو هەموو میوانەکاندا دەگێڕا. ئەوە فکری مێری جێین بوو و پێشنیازی سۆسی سێویشی بۆ قازەکە دابوو بەڵام پووره کێیت گوتبووی هەر ئەو قازە تەندوورییە بە ڕووتی لە سەریشم زیادە و خوا دەکا ئەوەش دەبێ. مێری جێین لە خەمی شاگردەکانیدا بوو و هەڵی ئەوەی بوو باشترین بەشیان وەبەر بکەوێ و پووره کێیت و پووره جوولیا بتری ئابجۆی ستاوت و ئابجۆی ئینگلیسییان هەڵدەپچڕی و لەوبەری پیانۆکەوە دەیاندا دەست پیاوان و بتری ئاوی کانزاکانیان دەدا بە خانمەکان. هەڵڵا و هەنگامە و قاقا کێشان و زەنازەنا و شەققە و ڕەققەیەک بوو وەرە سەیری، هات و هاواری بێنەو بەرە، خڕڕە و شەققەی کێرد و چنگاڵ و پڵتەی چێوپەمە و زارکی بتری وڵاتی داگرتبوو. گابریەل هەرکە لە چینی یەکەم بۆوە، بەربووە کوت کوت

---

[1] پەتاتە یان سێوک. وەرگێڕ.

کردنی چینی دووهـەمی گۆشـتـەکـان، بێئـەوەی بۆخـۆی چێشـتـکەی هـیچ بکـات. هـەموو هـەر هـات و هاواریـان بـوو و ئـەم بـۆ وەی قـەرەبووی بکاتەوە،قورتمێکی باشی لە ئابجۆ ئینگلیسـییەکە دەدا چـونکێ دەیدی کـە لەتوکوت کردنی گۆشتەکە کـارێکی پڕ عەزیەتـە. مێری جێین بێدەنـگ دانیشت بەربووە خـواردن، بـەڵام پـووره کێیت و پـووره جوولیا هـەروا لارەوە لارەوە بە دەوری مێزەکەدا دەهاتن و دەچوون و شان بە شـانی یەک دەڕۆیشتن و لەسـەر ڕێی یەکتری لانـەدەچوون و دەسـتووریان بـە یـەکتری دەدا و هیچیشـیان خـەتی ئـەودی دی نەدەخوێنـدەوە. ئاغـای براون و گابریـەلیش وێڕای وی، تکایـان لێ کـردن دانیشـن شـێوەکەیان بکەن، بەڵام دەیانگوت جارێ وەخت زۆره تـا وای لێهات فرێدی مـەلینز هەسـتا و پـووره کێیتـی گـرت و زرم لەسـەر کورسـییەکەی دانیشـاند و ئەوە میوانەکانیش وێکڕا پێدەکەنین.

پاش ئەوەی هەمووان بە جوانی دابین بوون، گابریەل بـە بزەیەکـەوە گـوتی: "هـەر کەسـێ بـە دەردی بنیـادەمی کۆپـە دەڵـێ چڵـە و مڵـەی دی دەوێ، دەنگێ بکات."

کۆمـەڵێک لـە عالەمەکـە وێکـڕا هـەرایان کـرد دە دانیشـە بـۆ خـۆت شامەکەت بکە و لیلی چوو سێ هێڕەڵماسی بۆ برد کە بـە دانسـتە بـۆ وی هەڵگرتبوو.

گابریـەل بـە شـێوەیەکی خۆمانـە و لـەو کاتەیدا بـە نیـەتی خـۆ سـاز کـردن بۆخـواردن قـورتمێکی دی لـە ئابجۆکـە دەدا گـوتی: "باشـە، باشـە. ئاغایان و خانمەکان بۆ مـاوەی چەنـد خولۆکـە وا بـزانن ئیدی مـن لێـره نیم."

دانیشت خەریکی شێو کردنی خۆی بوو و ئیتر گوێی نـەدا ئـەو قسـە و باسـەی لەسـەر مێزەکـە و وێڕای قـاپ لابردنـی لیلـی دەکـرا. باسـەکە لەسـەر دەستەی ئۆپێرا لە شـانۆی پادشـایی بـوو. ئاغـای بارتێل دارسـی

تێنۆری[1] کوڕەکە لاوێکی ڕەشتاڵەی سمێڵ ژیکەڵە بوو،زۆر بە شان و باهۆی کۆنترالْتۆی[2] ئەو گرووپەیدا هەڵدەگوت، بەڵام خاتوو فرلانگ ڕای وابوو کە ئەو خانمە گۆرانیبێژە شێوازی کارەکەی ڕەمەکییە. فرێدی مەلینز گوتی لە بەشی دووهەمی پانتۆمیمی شادیی[3]، ڕەئیس قەبیلەیەکی ڕەشپێست گۆرانی دەڵێ کە یەکێ لە باشترین دەنگەکانی تێنۆرە کە تا ئێستا بیستوومە. ئاغای بارتێل دارسی لەوبەری مێزەکە دانیشتبوو پرسی: "گوێت لە دەنگی بووە؟"

ئاغای دارسی خوڕ و خافڵ گوتی: "نەخێر."

فرێدی مەلینز لەسەر شتەکە ڕۆیی: "چونکێ، جارێ پێم خۆشە ڕای خۆت بزانم. من لام وایە دەنگی قسەی لەسەر نییە."

ئاغای براون بە شێوەیەکی خۆمانە ڕووی کردە دانیشتوانی دەوری مێزەکە و گوتی: "تێدی[4] وا بە شوێن نەچیری باش باشەوە"

فرێدی مەلینز بە تووڕەییەوە گوتی: "باشە بۆچی ئەویش دەنگی نەبێ؟ هەر چونکێ ڕەش پێستە؟"

کەس وڵامی پرسیارەکەی نەداوە و مێری جێین باسەکەی نێو دانیشتوانی دەوری مێزەکەی دیسان بردەوە سەر ئۆپێرای قانوونی. یەکێ لە شاگردەکانی باسەکەی وی بۆ لای مینیون[5] ڕاکێشا. مێری گوتی ئەڵبەت من پێم باشە بەڵام وە بیر جورجیا برنزی[6] بێچارەشم دەخاتەوە. ئاغای براون دەگەڕاوە بۆ زەمانێکی دوورتر، بۆ زەمانێ ئەو گرووپە ئیتالیاییانەی دەهاتن بۆ دووبلین - وەک تیتجێنس[7]، ئیلیا دۆ

---

[1] Tenor تیژترین دەنگی پیاوانە.

[2] Contralto تیژترین دەنگی ژنانە.

[3] Gaiety

[4] Teddy. مەبەست فرێدی مەلینزە. وەرگێڕ.

[5] Mignon

[6] Georgia Burns

[7] Tietjens

مورزکا[1]، کامپانینی[2]، تریبیلی گەورە[3]، جیوگلینی[4]، ڕاڤێلی[5]، ئارامبۆرۆ[6]. دەیگوت ئەوە ڕۆژگارێک بوو کە دەتتوانی لە دووبلین شتی وات گوێی لێ ببێ بۆ ئەوەی ببێ پێی بڵێی گۆرانی. باسی ئەوەشی کرد کە گالری سەرتۆپی سەڵتەنەتی قەدیم، شەو لەگەڵ شەو پێک دەهات، و ئەوەی کە شەوێکیان تێنۆرێکی ئیتالییایی لەسەر داواکاری حازرانی سالۆنەکە پێنج جاران گۆرانی "لێم گەڕێن با وەک سەربازێک بە عەرزیدا بکەوم"یان گوتەوە و هەموو جارێ Cیەکی بەرزی دێنا نێو گۆرانییەکەی و ئەوەی کە ئەو کوڕانەی گالری جاری وا بوو وا گیرۆدە و شەیدا دەبوون ئەسپەکانیان لە درۆشکەکەی هونەرمەندێکی مەزن بە ناوی پریمادونا[7] دەکردەوە و هەتا هوتێل بۆخۆیان درۆشکەکەیان ڕادەکێشا. پرسی ئەدی بۆچی ئەورۆ ئەو ئۆپێرا بەرزە قەدیمیانە ناهێننە سەرسەکۆ، بۆ وێنە دینۆراه[8]، لوسێرزیا نۆرجیا[9]؟ چونکێ ئیدی گۆرانیبێژی قابیلیان وەگیر ناکەوێ، جا لەبەر ئەئەوەیە.

ئاغای بارتێل دارسی گوتی: "وەڵا من لام وایە ئێستاش گۆرانیبێژی وامان هەن وەک هی ئەو زەمان بێنەوە."

ئاغای براون نەدەچووە ژێر بار و گوتی: "ئەدی کوان؟"

---

[1] Illia de Murzka
[2] Companini
[3] The Great Trebilli
[4] Giuglini
[5] Ravelli
[6] Aramburo
[7] Prima donna
[8] Dinorah
[9] Lucerzia Borgia

ئاغای بارتێل دارسی بە دڵگەرمییەوە گوتی: "لە لەندەن و پاریس و میلانن. من پێم وایە بۆ وێنە هەر ئەو کارووسووە[1] ئەگەر لەوانەی ناوت بردن سەرتر نەبێ خوارتر نییە."

ئاغای براون گوتی: "دووریش نییە وا بێ. بەڵام ڕاستت دەوێ من زۆر زۆر گومانم هەیە وا بێ."

مێری جێین گوتی: "من حازرم چی دەڵێن بیدەم بەو شەرتەی کارووسوو لەگەڵ دەستەی من گۆرانی بڵێ."

پووره کێیت ئیسکانێکی بە دەستەوە بوو، گوتی: "ئەگەر لە من دەپرسن تەنیا و تەنیا یەک تێنۆر هەبوو کە دڵم لێی بحەسێتەوە. بەڵام پێم وایە ئێوە کەستان نێوبانگتان نەبیستووە."

ئاغای بارتێل دارسی بە ئەدەبەوە پرسی: "ئەو کەسە کێ بوو خاتوو مۆرکن؟"

پووره کێیت وڵامی داوە: "ناوی پارکینسۆن[2] بوو. من کاتێ دەنگیم گوێ لێ بوو کە لە لووتکەی کاری هونەریدا بوو و لام وایە پاکترین دەنگی تێنۆر بوو کە تا ئێستا لە گەرووی بەشەر هاتۆتە دەرێ."

ئاغای بارتێل دارسی گوتی: "بە خوا سەیرە. من تا ئێستا نێوم هەر نەبیستووە."

ئاغای براون گوتی: "با،با، خاتوو مۆرکن ڕاست دەکا. من لەبیرمە، گوێم لە دەنگی پارکینسۆنی پیر بووە، بەڵام ئەوە بۆ ئەیامێکی زۆر دوور لە تەمەنی من دەگەڕێتەوە."

پووره کێیت بە سۆزەوە گوتی: "ئای چ دەنگێکی تێنۆری جوان و زوڵاڵ و شیرین و نەرم و نیانی ئینگلیسی هەبوو."

---

[1] Caruso

[2] Parkinson

هەرکە گابریەل لە نان خواردن بۆوە، پوودینگە زەلامەکەیان هێنا سەر مێزەکە. شەقەی کەوچک و چنگاڵ دیسان دەستی پێکردەوە. ژنەکەی گابریەل بە کەوچک پوودینگی تێدەکرد و دەورییەکانی بەسەر مێزەکەدا بەڕێ دەکرد. مێری جێین لە نێوەڕاستی مێزەکە دەیگرتنەوە، ژێلەی پرتەقاڵ یان تووسرکان و یان ڕاحەتەلقوم و مرەبای تێدەکردنەوە. پوودینگەکە دەستکردی پووره جوولیا بوو و لە هەر چوار لاوە خەڵکەکە تاریفی دەستپوختەکەیان دەکرد. بۆخۆی دەیگوت تەواو بە دڵی من نەهاتۆتە سەر ڕەنگی قاوەیی.[1]

ئاغای براون گوتی: "وەڵا خاتوو مۆرکن، هیوادارم ئەمن بە دڵی تۆ هاتبمە سەر ڕەنگی قاوەیی. چونکێ بۆخۆت دەزانی من هەر لاپ براونم[2]."

پیاوەکان هەموویان لەبەر دڵی پووره جوولیا لە پوودینگەکەیان خوارد. گابریەل نەبێ. چونکێ گابریەل قەتی شیرینی نەدەخوارد، کەرەوزەیان بۆ وی دانابوو. فرێدی مەلینزیش لقێک کەرەوزی هەڵگرت و بە پوودینگەکەوە خواردی. پێیان گوتبوو هیچ شتێک بە قەرا کەرەوز بۆ خوێن باش نییە و لەو دەمەیدا لە ژێر چاوەدێری پزیشکدا بوو. خانمی مەلینز کە لە کاتی شێو کردنەکەدا یەکسەر بێدەنگ بوو گوتی حەوتوویەک یان هەژنۆدە ڕۆژی دی کوڕەکەی دەچێ بۆ کێوی مێلێرێی.[3] دانیشتوانی دەوری مێزەکە ئەمجار چوونە سەر باسی کێوی مێلێرێی و هەوای خۆش و سازگاری و میوانگری ڕاهیبەکان کە هەرگیز تاقە شاییەکیان لە میوانان وەرنەدەگرت.

---

[1] یانی جوان سوور نەبۆتەوە. من بە دانستە وشەی "قاوەیی"م بێدەست لێدان واتا وشە بە وشە هێناوە کە لەگەڵ قسەەی ئاغای براون لە خوارەوەدا یەک بگرنەوە. وەرگێڕ.

[2] براون Brown بە مانای قاوەییە. وەرگێڕ.

[3] Melleray

ئاغای براون باوەڕی نەدەکرد و پرسی: "یانی بە قسەی ئێوە بێ، پیاو هەر ئەوەندە بچێتە ئەوێ، ئیدی وەک ئەوەی چووبێتە هوتێل و ئەوی تەعام دڵ تەمەنای بکا بیخوا و پاشان لێدا بڕوا بێ‌وەی فلسێک پووڵ بدا؟"

مێری جێین گوتی: "هەڵبەتە زۆر کەس پاش ئەوەی پەرستنگاکەی بەجێ هێشت پووڵێک بۆ خێر پێشکەش دەکا."

ئاغای براون بێ‌پێچوپەنا گوتی: "ئەی خۆزگە کلیسای مەش ڕێکخراوەیەکی ئاوای هەبا."

زۆری پێ سەیر بوو کە دەیانگوت ڕاهیبەکان هەرگیز قسان ناکەن و کاتژمێر لە دووی نیوەشەو لە خەو ڕادەبن و لە تابووتەکەشیاندا دەنوون. پرسی ئاخر بۆ وا دەکەن؟

پوورە کێیت قورس و قایم گوتی: "ئەوە قانوونێکە بە پێی ئەو نەزم و تەرتیبە بۆیان دانراوە."

ئاغای براون پرسی: "باشە بۆ؟"

پوورە کێیت گوتی ئەوە قانوونە دانراوە و ئەها. ئاغای براون وا دیار بوو هەر تەقە لە سەرییەوە دەهات. فرێدی مەلینز بۆی چۆوە سەر یەک بۆی لێکداوە کە ئەم ڕاهیبانە هەوڵی ئەوەیانە گوناهی هەموو گوناهبارانی جیهانی دەرەوەی دەیر داکووژێنن. ئاغای براون پاش ئەو لێکدانەوەیەش هەر وای دەزانی گوێزی بۆ دەبژێرن چونکی بزەیەکی هاتێ و گوتی: "باشە من فکرەکەم زۆر بە کەیفە بەڵام تەختێکی ڕاحەتی فەنەر لە تابووت باشتر نییە بۆیان؟"

مێری جێین گوتی: "تابووت لەبەر ئەوەیە دایمە مردنیان لەبیر بێ."

دانیشتووانی دەوری مێزەکە کە دیتیان باسەکە تەمی ماتەمینی بەسەر کشا، بێدەنگەیان لێ هێنا و لەو بێدەنگییەدا گوێیان لێ بوو

خانمی مەلینز بە سرتە بە پەنا دەستەکەی دەگوت: "ئەو ڕاهیبانە زۆر پیاو چاکن، زۆر لە خواترسن."

کشمیش و بادام و هەنجیر و سێو و پرتەقاڵ و شۆکۆلات و نوقڵیان بە نێو دانیشتووانی دەوری مێزەکەدا گێڕا و پووره جوولیا هەمووانی خولک کرد کە یان شەرابی پۆرت بخۆنەوە یان شەرابی شێڕی ئیسپانیا. ئاغای بارتێل دارسی پێنەدەهات لە هیچیان بخواتەوە بەڵام یەکێ لە پەنادەستەکانی تێی کوتا و شتێکی بە گوێیدا سرپاند، بۆیە هێشتی گێلاسەکەی بۆ پڕ کەن. ورده ورده کە گێلاسەکانی دوایی پڕ کران، ئیتر باسەکە ڕاگیرا. بێدەنگییەکی بە دوودا هات و تەنیا جرینگەی شووشەی شەراب و جیڕەی کورسی نەحەواوە شەقڵی ئەو بێدەنگییەی دەشکاند. ئەو سێ خاتوونە یانی مۆرکنەکان چاویان بڕیبووە سفرەکە. یەکێک یەک دوو جاران قۆخی و چەند کەس لە پیاوەکان لەسەرەخۆ لە مێزەکەیان دا یانی بێدەنگ بن. بێدەنگی باڵی بەسەر هەمووان کێشا و گابریەل کورسییەکەی کێشا دواوە و قرچەپێ هەستا.

لەپڕ تەپەتەپی لە مێز سرەواندنەکە بەرز بۆوە یانی فەرموو دەست پێ بکە و پاشان ئیدی کۆتایی پێ هات.

گابریەل هەر دە قامکی کە دەلەرزین دادا سەر سفرەکە و چاوی لە حازران کرد و بە دڵەکوتێوە بزەیەکی هاتێ. هەرکە چاوی بە دەموچاوی بەرزەوە کراوی حازران کەوت، نیگای بەرەو چلچراکە باڵی گرت. پیانۆیەک ئاهەنگی واڵتسی لێدەدا و گوێی لە خشەی داوێنی ژنان بوو کە لە درگای هۆدەی خۆگۆڕینەکە دەسووان. دوور نەبوو بەو بەفرە خەڵک لە وێستگەی پاپۆڕان وێستابێتن و چاویان لە پەنجێرە ڕۆشنەکانی ئەم ماڵە بڕیبێ و گوێیان بۆ مووسیقای واڵتس ڕاگرتبێ. هەوای وێ پاک بوو. لەو دوورانە پارکی لێ بوو و دارەکانی لە ژێر باری گرانی بەفر داهێزرابوون. بینای مێژوویی وێلنیگتن کلاوێکی

درەوشـاوەی بـەفرینی کردبـووە سـەر کـە بـۆ لای ڕۆژاواوە و لـە لای مەزرای سپی "پازدە جەریب[١]"ەوە دەبریسکاوە.

ئاوای دەست پێکرد:

"ئاغایان و خانمەکان! ئەمشەویش، وەک ساڵانی پێشوو، بۆم دانراوە کە ئەرکێکی زۆر شیرین بەڕێوە بەرم، بەڵام بە داخەوەم ئەم توانە کەم گیانەم لە حاندی ئەو ئەرکە گرانەم کە وتاربێژی بێ، خۆ ناگرێ."

ئاغای براون گوتی: "وا نییە، وا نییە!"

"بەڵام ئەگەر واش بێ، تکای من تەنیا ئەوەیە لە کەموکووڕیم چاو بپۆشن و تاوێکم گوێ بۆ ڕاگرن چونکێ هەوڵی ئەوەمە هەستی خۆم سەبارەت بەم ڕێکەوتە دەرببڕم."

"ئاغـاین و خانمـەکان، ئەمـە یەکـەم جارمـان نییـە کـە لـەم خـانووە میوانگرە و لە دەوری ئەم مێزە میوانداره کۆ دەبینەوە. ئەوە یەکەم جار نییە بووینەتە میوان یان باشترە بڵێم بووینەتە قوربانی میوانداریی ئەم خاتوونە باشانە."

باسـکی هـەڵێنا و ئاڵقـەی کـرد و بێـدەنگ بـوو. هـەمووان بـە بـزە و پێکەنینەوە ڕوویان لە پوورە کێیت و پوورە جوولیا و مێری جێین کرد کە لە خۆشیا سوور هەڵگەڕابوون. گابریـەل بـە ڕاشـکاوییەکی پتـرەوە دەستی بە قسان کردەوە:

"ساڵ بە ساڵ پتر هەست بەوە دەکەم کە وڵاتەکەمان پتر لـە هـەموو نـەریتێک بـە میوانگرییـەوە شـانازی دەکا و دەشـبێ وەک بیلبیلـەی چـاو بپارێزرێ. ئەم سوننەتە تا ئەو جێیەی ئەزموونی من پێم دەڵێ (چونکێ وڵاتـانی دەرەوەشـم کـەم نـەدیون) لـە لای ئێمـە لـە هـەموو نەتـەوەکانی

---

[١] Acre جریبـی فـەرەنگی بـۆ ئەنـدازەگرتنی خـاک و زەوی دەبـێ، نزیـک ٤٠٤٧ میتـری چوارگۆشەیە/ وەرگێڕ

ئـەمڕۆیی پتـر بـەرچاوە. ڕەنگـە هێنـدێ کـەس بڵـێن ئەمـە لـە جوملـەی کەموکووڕییەکانـە و بۆوە نـابێ فـەخری لەسـەر لێدەی. بـەڵام گریمـان واش بێ، بەلای منەوە ئەوە کەموکووڕییـەکی شـاهانەیە و دڵنیاشـم ئـەم نەریتە تا دێر زەمان ڕیشەی لە نێو ئێمەدا ڕەگاژۆ هەر دەکا. هیچ نەبێ، لـە بابـەت یـەک شـتەوە ئەرخـەیانم. تـا ئـەم خـانووە جێی ئـەو خاتوونـە باشانە بێ کە باسم کردن ـ و هیوام پڕ بە دڵ ئەوەیـە تـا سـاڵیانی سـاڵ هەر بمێنن ـ نەریتی میوانداری ڕاستەقینە و پڕخۆشـەویستی و شاهانەی ئیرلەندی کە لە ئەژدادانمانەوە بۆمان ماوەتەوە و ئێمەش لەسەرمانە بـە ئەولادەکانمانی بگەیەنین، هەر لە ناومانا زیندوو دەمێنێ."

هەمهەمەیەکی گەرم و گوڕی ئافەرین دەوروبەری مێزەکەی گرتەوە. ئـەم بیـرە تیـژ بـە مێشـکیا هـات کـە ئیڤـۆرس ئیـدی لێـرە نییـە و بـە شێوەیەکی دوور لـە نزاکـەت لێیدا ڕۆی و بە هەسـتێکی پڕ لـە بڕوا بـە خۆیی گوتی:

"ئاغایان و خانمەکان، نەسلێکی تـازە ئـەوا لـە ناوماندا سـەر هەڵدەدا، نەسلێکی بڕوای تازە و داب و دەستووری تازە هاندەرییەتی. ئەم نەسلە لەسـەر ئەو بیر و باوەڕانە سوورە و پڕسۆز و پڕشـۆرە و ئـەو شـۆر و سـۆزە، تەنانـەت ئەگـەر بە لاڕێشـدا دەڕوا، بە بڕوای مـن، بەشـی هـەرە زۆری ڕاستگۆیانەیە. بەڵام ئێمە لە ڕۆژگاری بەدگومانی و ئەگەر بتوانم بڵێم لە ڕۆژگارێکدا دەژین کە بیر و بڕوا ئازاری داوە و جـاری وا هەیـە دەترسـم کـە ئـەم نەسـلە تازەیـە کـە خوێنـدەوارە یـان لـە ڕادە بـەدەر خوێنـدەوارە، بێبـەری بـێ لـەو تایبەتمەندییـە ئینسـانی و میـوانگری و قسەخۆشـییەی کـە لـە قەباڵـەی ڕۆژگـاری زووتـردا بـوون. ئەمشـەو کـە گوێم لە ناوی ئەو گۆرانیبێژە بەرزانەی ساڵانی زوو بوو، با بـە پانـەوە لای ئێوە بیدرکێنم، وام هەست کرد کـە ئێمـە لـە ڕۆژگـارێکی بەرتەسـکدا

دەژین. ئەتوانی ڕۆژگاری پێشوو، بێفشە کردن، وەک ڕۆژگارێکی بەرین و بەرهەراو ناو بەری و ئەگەر ئەو ڕۆژگارە وامان لێ دوور کەوتۆتەوە ئیدی دەستمان پێی ڕاناگا، دەبا هیوادار بین هەر نەبێ لە کۆڕ و کۆبوونەوەی ئاوەهادا بە شانازی و خۆشەویستییەوە لێی بدوێین و یادی هەڵکەوتووانی کۆچ کردوو کە دونیا هەر بە دانستە ناهێڵێ ناوبانگیان بفەوتێ، لە ناو دڵمانا زیندوو و خۆشەویست ڕاگرین."

ئاغای براون بە دەنگی بەرز گوتی: "جوانی گوێ بدەنێ، جوانی گوێ بدەنێ ها!"

گابریەل بە نەرمییەکی پترەوە لەسەر قسەکانی ڕۆیی: "بەڵام لە کۆڕ و کۆبوونەوەی وەهادا، بیری خەمناک لە پەستا بە مێشکی ئینساندا دێ: بیری ڕابردوو، بیری ڕۆژانی لاوی و ئاڵوگۆڕ و نەبوونی ئەو کەسایەتیانە لە ناوماندا کە دڵمان بۆیان تەنگە. ئەم بیرەوەرییە خەفەتاوییانە بەسەر ڕێگای ژیانمانا لێرە و لەوێ بڵاو بوونەتەوە: بێتوو زۆریشی گوێی بدەینێ، وامان بڕست لێ دەبڕن کە ئیدی لە ژیانا غیرەتی ئەوەمان نەمێنێ دەست بۆ هیچ کارێ بەرین. ئێمە هەموومان ئەرکی ژیانمان لەسەر شانە و گیرۆدەی ژیانین کە لێمان دەخوازێ، و بە هەقیش لێمان دەخوازێ، کە بە هەموو هێز و تواناوە بۆی تێبکۆشین."

"جا بۆیە ئیتر نامەوێ لەوە پتر هەر بە باسی ڕابردووەوە خۆ خەریک کەم. من چیدی ناهێڵم مەوعیزەی خەفەتاوی سەبارەت بە ئەخلاقیات ئەمشاومان لێ ناخۆش بکات. ئێمە ئەمشەو بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ خۆمان لە هەڵات هەڵاتی ژیانی ڕۆژانە دزیوەتەوە و لێرە لە دەوری یەک کۆ بووینەتەوە، ئێمە لێرە وەک دۆست، وەک دۆستی گیانی گیانی، وەک هاوکار و تا ڕادەیەکیش وەک هاوخەباتێکی ڕاستی

وەک میوانی ـ ئەرێ بڵێم کێ؟ ـ وەک میوانی ئەو سێ نەعمەتانەی جیهانی مووسیقای دووبلین هاتووینە سەردانی یەکتری."

دانیشتوانی دەوری مێزەکە هەرکە ئەم ئاماژەیەیان[1] بیست بەربوونە پێکەنین و چەپڵە لێدان. پوورە جوولیا وە دەستوپێ کەوت و بە نۆرە لە پەنادەستەکانی دەپرسی ئەوە گابریەل چی گوت؟

مێری جێین گوتی: "گابریەل دەڵێ ئێمە هەرسێکمان نەعمەتی خواین، پوورە جوولیا."

پوورە جوولیا چی دەستگیر نەبوو، بەڵام سەری هەڵێنا و چاوی لە گابریەل کرد و بزەیەک گرتی. گابریەل هەر بەو تەکان و هەناسەیە لەسەر قسەکانی دەڕۆیشت:

"ئاغاین و خانمەکان،

من ئەمشەو لە هەوڵی ئەوەدا نیم کە ڕاست ئەو دەورە بگێڕم کە پاریس لە ڕێکەوتێکی دیدا گێڕای. من نامەوێ یەکیان هەڵبژێرم و ئەوانی دی هەڵاوێرم[2]. پیاو ناتوانێ هیچیان لەوانی دی هەڵاوێرێ و لە وزەی مندا نییە بڵێم کێهەیان لەوی دی باشترە. کاتێک دانە دانە بە نۆرە دەیاندەمە بەر نەزەر، جا چ خانەخوێی سەرەکی ئەم میواندارییە کە دڵی پاکی، دڵی هەر زۆر زۆر پاکی لە ناو خاس و عامدا نێوبانگی دەرکردووە، و یان خوشکەکەی کە وێدەچێ خوا جوانیی هەتاهەتایی پێ بەخشیبێ و ڕەنگە هەموومان لە گۆرانییەکەی ئەمشەوی مات و متەحەیر مابێتین و مایەی ئیلهامی ئێمە بووبێ و چ ئاخر کەسی ئەمانە کە چ خوارتر نییە لە دووانەکەی دی، یانی خانەخوێی کەمتەمەنتر، کە ئینسانێکی لێهاتوو، دڵزیندوو، نەسرەوتوو و بۆ باشی هیچ برازایەک

---

[1] بۆ سەر کێیت و جوولیا و مێری جێین/ وەرگێڕ.

[2] داوەریی پاریس نەک نەعمەتەکانی خوا بەڵکوو ئەوسێ خواژنە یانی هێرا و ئافرۆدیت و ئاتێنی دەگرتەوە. داوایان لە پاریس کرد لەم سیانە، جوانترینیان هەڵبژێرێ. نووسەر.

نایگاتێ، بە پانەوە لای ئێوە دەیدرکێنم کە من تێدا دەمێنم خوایە خەڵات بە کێهەیان بدەم."

گابریەل چاوێکی بە خێرایی بە پوورەکانیدا گێڕا و دیتی کە بزەیەکی گەش هەموو ڕوخساری پوورە جوولیای داپۆشیوە و پوورە کێیت چاوی پڕ بوون لە فرمێسک، وەخۆ کەوت کە وتارەکەی زوو تەواو کات، وەک کرداری نەجیمزادەیەکی ڕێز بۆ ژن دادەنێ، گێلاسی پڕ لە شەرابی پوورتی هەڵێنا و لەو دەمەیدا حازران هەموو چاوەڕوان بوون و دانە دانە بە بێسەبرییەوە قامکیان لە گێلاسەکانیان دەدا، بە دەنگی بەرز گوتی: "

"وەرن با بە سڵامەتی ئەو سییانە بخۆینەوە. با بنۆشین بە هیوای لەشی ساغ و ڕزقی زۆر و تەمەنی درێژ و دڵی شاد و ژیانی پڕ گەشەیان و لە خوا تەمەنا دەکەم پلە و پایەی پڕ شانازی و بە دەست و پەنجەی خۆ وەدەست هاتوویان لە کار و پیشەیاندا و ڕادەی سەربەرزیی و خۆشەویستییان لە دڵی ئێمەدا هەتا دێرزەمان هەر ڕاگرێ."

میوانان وێکڕا گێلاس بە دەست هەستان و ڕوویان کردە ئەو سێ خاتوونە کە دانیشتبوون و یەک دەنگ دەستیان کرد بە گۆرانی گوتن و ئاغای براون سەربەندی بۆ دادەنان:

"چونکی ئەوانە هاواڵی زۆر زۆر دڵشادن،
چونکی ئەوانە هاواڵی زۆر زۆر دڵشادن،
چونکی ئەوانە هاواڵی زۆر زۆر دڵشادن،
و کەس ناتوانێ بڵێ وا نییە."

پوورە کێیت بێ سێودوو دەسرەی دەرهێنا فرمێسکی پێ پاکاتەوە و تەنانەت پوورە جوولیاش کوڵ گرتی. فرێدی مەلینز بە هەوای

گۆرانییەکە بە کەوچکی پوودینگ خواردنەکەی لە مێزەکەی دەدا و گۆرانیبێژان ڕوویان لێک دەکرد و دەتگوت بە ئاهەنگ لەگەڵ یەک دەدوێن و لە هەمان کاتیشدا پێیان لەسەر ئەو دێڕە دادەگرت:

"مەگەر ئەو کەسە درۆ بکا،

"مەگەر ئەو کەسە درۆ بکا"

پاشان جارێکی دی ڕوویان لە هەر سێک خانەخوێ کردەوە و یەک دەنگ بە گۆرانی وتیانەوە:

"چونکی ئەوانە هاوالی زۆر زۆر دڵشادن،

چونکی ئەوانە هاواڵی زۆر زۆر دڵشادن،

چونکی ئەوانە هاواڵی زۆر زۆر دڵشادن،

و کەس ناتوانێ بڵێ وا نییە."

شەپۆلی چەپڵە زۆر لە میوانانی پشت دەرکەی دیوی شێو کردنەکەی گرتەوە و هەر بەینابەینێ عالەمەکە دەستیان پێ دەکردەوە و فرێدی مەلینز چنگاڵ بە دەست ببووە پێشەنگی حازران لە چەپڵە لێدانا.

لەو دەمەیدا هەستابوونە سەر پێ، هەوای ساردی بەرەو بەیان هاتە هاڵەکە، هەر بۆیە پوورە کێیت گوتی: "ئادەی یەکێک درگاکە پێوەدا، خانمی مەلینز لە سەرما ڕەق دەبێ."

مێری جێین گوتی: "براون لە دەرێیە، پوورە کێیت."

پوورە کێیت دەنگی هێنا خوارێ و گوتی: "ئەو براونەش هەدا نادا."

مێری جێین پێکەنینی بە شێوازی قسەکەی پووری هات.

مێری بە فێڵەزانی گوتی: "بەڕاستی بنیادەمێکی بەمشوورە."

پوورە کێیت هەر بە هەوای قسە کردنەکەی وی گوتی: "لە سەرانسەری کریسمەسدا وەک جیوە هاتووە و چووە."

پوورە کێیت ئیتر ئەمجارە بە دڵپاکییەوە لە قاقای پێکەنینی دا و پاشان بە پەلە گوتی: "بەڵام مێری جێین پێی بڵێ بێتە ژووری و درگاکەش پێوەدا. خودا بکا گوێی لە قسەکانم نەبووبێ."

هەر لەو دەمەیدا درگای هاڵەکە کراوە و ئاغای براون لە پێپلیکانی درگاکەوە هاتە ژووری و وا پێدەکەنی دەست و پێت ببڕیبا وەسەرخۆ نەدەکەوتەوە. باڵتەیەکی سەوزی درێژی لەبەرا بوو، یەخە و دوگمەی سەر دەستەکانی بە شێوەی باڵتەی کەوڵی بوخارا لێنرابوون و کڵاوێکی کەوڵی لە چەشنی هێلکە لەسەر نابوو. قامکی بەرەو وێستگەی بەفرگرتووی پاپۆڕان کە فیقە و زیکەی تیژی کەشتی لەوێوە دەهات ڕاداشت.

گوتی: "تێدی چی درۆشکە لە دووبلین‌دایە دەیهێنێ."

گابریەل لە هۆدە چکۆلەی جلوەرگرتنی پشت نووسینگەکە دەهاتە دەرەوە و خەریک بوو باڵتەکەی دەکردە بەری، چاوی بە هاڵەکەدا گێڕا و گوتی:

"ئەوە گرێتا هێشتا نەهاتۆتە خواری؟"

پوورە کێیت گوتی: "خەریکە شت و مەکەکانی کۆ دەکاتەوە، گابریەل."

گابریەل پرسی: "ئەوە کێ پیانۆ لێ دەدا؟"

"کەس، هەموو ڕۆیشتوون."

مێری جێین گوتی: "نا پوورە کێیت، بارتێل دارسی و خاتوو ئوکالاگان هێشتا نەڕۆیون."

گابریەل گوتی: "جا هەرچی هەیە، یەکێک چۆتە زگ پیانۆکە چنگی تێوەردەدا."

مێری جێین چاوێکی لە گابریەل و ئاغای براون کرد و مچورکێکی هاتێ و گوتی: "ماڵتە ئینسان دەتانبینێ هەردووکتان خۆتان ئاوا داپێچاوە، لەسەرما لەرزی دێتێ. چ پێم خۆش نییە لەو کات و سەعاتەیدا بچنەوە ماڵێ."

ئاغای براون بە بێباکییەوە گوتی: "هیچ کات و ساتێکم لەو دەمەی پێ خۆشتر نییە کە پیاو باوی لاقی خۆش بێ و هەر بە پێیان دێ و دێ بڕوا یان لەگەڵ درۆشکەچییەکی لێزان لە نێوان هەردووک ماڵبەندەکەدا دانیشێ و وەک تێسکەی تفەنگ بۆی دەرچێ."

پوورە جوولیا بە خەفەتەوە گوتی: "دوور لە ئێستامان ئەسپ و درۆشکەیەکی باشمان بوو."

مێری جێین بە پێکەنینەوە گوتی: "ئەویش جانی[١] کە پیاو قەتی لە بیر ناچێتەوە."

پوورە کێیت و گابریەلیش پێکەنین. ئاغای براون پرسی: "باشە جانی چی بوو وا هێندە عەجایەب بێ؟"

گابریەل گوتی: "باپیری خوالێخۆشبوومان پاتریک مۆرکن کە لە دواهەمین ساڵانی تەمەنیا بە ناوی نەجیمزادەی پیر ناوبانگی دەرکرد، پیشەی چەسب کولاندن بوو."

پوورە کێیت بە پێکەنینەوە گوتی: "کوڕە ماڵتە کارخانەی نیشاستە گرتنی هەبوو."

گابریەل گوتی: "جا پیشەی ساز کردنی جەسپ بووبێ یان نیشاستە کەیفی خۆیەتی، نەجیمزادەی پیر ئەسپێکی بوو بە ناوی جانی. جانی لە کارخانەکەی نەجیمزادەی پیر کاری دەکرد و بەردە ئاشیان پێ دەخولاندەوە. حیکایەتەکە تا ئێرەی باشە. بەڵام لێرە بەدواوە

---

[١] Johny ناوی ئەسپەکەیە. وەرگێڕ.

بەسەرهاتی جانی شتی دڵتەزێنی بە دوودا دێ. ڕۆژێکیان نەجیمزادەی پیر لە کەللەی دەدا کە بە شان و شەوکەتەوە بچێتە ڕێژەیەکی سەربازی لە پارک."

پوورە کێیت بە گەرم و گوڕییەوە گوتی: "ئەی خودا غەرقی ڕەحمەتی کا."

گابریەل گوتی: "ئامین. ئادی، نەجیمزادەی پیر ئەسپە هەوسار دەکا و کڵاوێکی بەرزی کە لە هەموو کڵاوەکانی دی باشتر دەبێ لەسەر دەنێ و باشترین کراوات لێدەدا و بە شان و شەوکەتێکەوە لە خانووبەرەکەی باب و باپیرانی کە وا بزانم لە شوێنێکی نزیک بەکلێین[1] وەدەردەکەوێ."

هەمووان تەنانەت خانمی مەلینز بە شێوەی بەسەرهات گێڕانەوەکەی گابریەل پێکەنین و پوورە کێیت گوتی: "کوڕە نا، گابریەل، ماڵەکەی لە بەکلێین نەبوو خۆ، کارخانەکەی لەوێ بوو."

گابریەل لە پاشگری حیکایەت گێڕانەوەکەیدا گوتی: "ئەرێ، لە خانووە ئەژدادییەکەی وەدەر دەکەوێ و جانی لێدەخوڕێ و دەڕوا. هەموو شتێک بە خۆشی و جوانی دەچووە پێش تا ئەوەی جانی چاوی بە کۆتەڵەکەی بیلی شا[2] دەکەوێ. جا ئیدی ئەسپە عیشقی ئەسپەکەی وا بیلی شا سواری بووە لە کەللەی دەدا یان وا دەزانێ دیسان بردوویانەتەوە کارخانە، دەست دەکا بە خولانەوە بە دەوری مجەسەمەکەدا."

گابریەل گاڵۆش لە پێ لاسایی ئەسپەی دەکردەوە و بە دەوری هاڵەکەدا هەڵدەخولا و عالەمەکەش وێکڕا لە قاقای پێکەنینان دەدا.

---

[1] Back lane
[2] King Billy

گابریـــەل گـــوتی: "هـــەر لـــە پەســـتا دەوری لێـــدا و دەوری لێـــدا. نەجیمزادەی پیریش کە نەجیمزادەیەکی زۆر بە شان و شکۆ بوو، لە داخا خوێنی وەجۆش هاتبوو. ئای ئای، کوڕە! ئەوە بۆ وا دەکەی کوڕە ئای ئای! جانی! جانی! وەڵا جوانە! ئەرێ ئەم ئەسپە بۆ وا دەکا!"

قاقای پێکەنینی حازران کە بە شوێن لاسایی کردنەوەکەی گابریەل وڵاتی داگرتبوو، بە هۆی ئەوەوەی زرم زرم لە درگای هاڵەگەیان دەدا، بێدەنگ بوو. مێری جێین هەلینگی دا چوو درگاکەی لە فرێدی مەلینز هەڵگرت. فرێدی مەلینز کڵاوەکەی تەواو بە پشتدا خستبوو و شان و شەپیلکی لە سەرما کۆم کردبۆوە و پاش خۆ ماندوو کردنەکەی دەرێی هووی لە دەستی دەکرد و هەڵمی لێهەڵدەستا.

گوتی: "هەر تاقە درۆشکەیەکم وەگیر کەوت."

گابریەل گوتی: "قەیدێ ناکا، لە گوێی وێستگەی پاپۆڕان وەگیرمان دەکەوێ."

پووره کێیت گوتی: "دەی باشە، با خانمی مەلینز چی دی سەرما لێی نەدا."

خانمی مەلینز بە یارمەتی کوڕەکەی و ئاغای براون لە پلیکانەکانی پێش درگای هاڵەکە هاتە خوارێ و پاش تەشریفاتێکی زۆر سواری درۆشکەیان کرد. فرێدی مەلینز بە دەردی سەر دوای وی سوار بوو و ماوەیەکی باشی پێ چوو تا خێزانی لەسەر کورسییەکە دامەزراند. عاقیبەت ڕاحەت و خۆش لەسەر کورسییەکەی جێگیر بوو و بانگی ئاغای براونی کرد بچێ سوار بێ لەگەڵیان. لەنێو حازراندا بوو بە چرڕە و گورڕەیەک باب بەسەر فرزەندیەوە نەبوو و پاشان ئاغای براون سوار بوو. درۆشکەچییەکە قالیچەکەی بەسەر ئەژنۆیدا دا و خۆی کۆم کردەوە و مەحتەل بوو شوێنەکەی پێ بڵێن. سەرلێشواییەکە برووزی سەند و فرێدی مەلینز و ئاغای براون سەریان لە پەنجەرەی

درۆشکەکەوە هێنابووە دەرێ و هەر یەکەی ئادەرسی بە کەیفی دڵی خۆی بە کابرا دەدا. بارگرانی شتەکە لەوەدا بوو کابرا نەیدەزانی ئاغای براون لە کوێی خیابانەکە دابەزێنێ و پوورە کێیت و پوورە جوولیا و مێری جێین لە سەر پلیکانەکانی بەر دەرگا، وێڕای دونیایەک گاڵتە و پێکەنین هەر یەکەی لە حاندی خۆیەوە دەیگوت واوە بڕۆ، نەخێر هۆ ئاواوە بڕۆ. جارێ فرێدی مەلینز لەبەر پێکەنین قسەی بۆ نەدەهات. لە پەستا سەری لە پەنجێرە وەدەر دەنا و دەیبردەوە ژوورێ و هەموو جارێ لەوانە بوو کڵاوەکەی لێ بەر بێتەوە و لە پەستا بۆ دایکی دەگێڕاوە کە جەماعەتەکە چ دەڵێن، تا ئاخری لە نێوان فشقە فشق و قاقا و پێکەنینی حازراندا، ئاغای براون یەک بە خۆی هەرای لە درۆشکەچییەکە کرد کە گیری خواردبوو بە دەست ئەو عالەمەوە و گوتی: "تۆ کالێجی ترینیتی[1] پێ دەزانی؟"

درۆشکەچی گوتی: "بەڵێ قوربان."

"دەیجا ڕاست بچۆ بەر دەرگای کالێجی ترینیتی ڕایگرە. لەوێوە پێت دەڵێن بۆ کوێی بچی. حاڵی بووی؟"

کابرای درۆشکەچی گوتی: "بەڵێ، قوربان."

"جا وەک باڵدار بەرەو کالێجی ترینیتی بفڕە."

درۆشکەچی گوتی: "ئەی بە چاوان، قوربان."

کابرا ئەسپەکەی وەبەر قەمچی دا و درۆشکە شەقە شەق بە گوێی وێستگەی پاپۆڕاندا و بە ناو قیژە و هەرای پێکەنین و ماڵاواییدا وەڕێ کەوت.

گابریەل بۆ بەڕێ کردنیان وێڕای جەماعەتەکە نەهاتبووە بەر دەرکە. لە گۆشەیەکی تاریکی هاڵەکەدا، چاوی بڕیبووە پلیکانەکان. ژنێک لەسەر پلیکانی یەکەم وێستابوو و ئەویش کەوتبووە بەر سێبەر. گابریەل

---

[1] Trinity College

دەموچاوی بۆ نەدەبینرا، بەڵام دامەنە چوار خانەکەی دەدی کە هەر خانەیەکی لە ڕەنگی جەڕە و ئەوەی دی لە ڕەنگی ماسی قزلئالا بوو کە لەبەر سێبەرەکە ڕەش و سپییان دەنواند. ژنەکەی خۆی بوو. دەستی گرتبوو بە نەردەی پلیکانەکەنەوە و گوێی بۆ شتێک ڕاگرتبوو. گابریەل لەو هەست ڕاگرتنەی ژنەکەی سەری سووڕ مابوو و بۆخۆشی هەستی ڕاگرت. بەڵام لە پێکەنین و هەڵا و هەنگامەی جەماعەتەکەی سەر پلیکانەکانی دەرێ و ئەوەی کە قامکیان بە پیانۆکەدا دەنا و لە ویرەویری گۆرانی کابرایەک بەو لاوە، هیچ دەنگێکی دی نەدەهاتە بەر گوێ.

گابریەل بێ هەست و خوست لە هاڵە نیوە تاریکەکە وێستابوو و هەوڵی ئەوەی بوو لە هەوای گۆرانییەکە بگا و چاویشی زەق بڕیبووە خێزانی. زەرافەت و نهێنی لە ڕەفتاریدا بەدی دەکرا، دەتگوت هێمای شتێکە. گابریەل لە خۆی دەپرسی ژنێکی کە لە سەر پلیکان و لە سێبەردا وێستابێت و گوێی بۆ مووسیقایەکی دوورە دەست ڕاداشتبێ، ئەبێ هێمای چ بێ؟ ئەگەر وێنەکێش با وێنەی ئەوی هەر لەو حاڵەدا دەکێشاوە. کڵاوە شینە لبادەکەی ڕەنگی برۆنزیی قژی لە بەرانبەری تاریکاییەکەدا وەدەر دەخست و خانە ڕەشەکانی دامەنەکەی دەبوونە هۆی ئەوەی خانە سپییەکان بە جارێ خۆ بنوێنن. ئەگەر وێنەکێش با، ناوی تابلۆکەی دەنا "**مووسیقای دوورە دەست**."

درگای هاڵ پێوە درا و پوورە کێیت و پوورە جوولیا و مێری جێین هاتنە ژوورێ و هێشتا پێدەکەنین.

مێری جێین گوتی: "باشە فرێدی خراپ نییە؟ وەڵا زۆر خراپە."

گابریەل هیچی نەگوت، بەڵام قامکی ڕاداشت بۆ سەر پلیکانەکان، بۆ ئەو شوێنەی وا خێزانی وێستابوو. ئێستەکە درگای هاڵەکە پێوە درابوو، دەنگی گۆرانی و ویۆلۆن جوان جوان دەبیسترا. گابریەل بە دەست

ئیشارەی لێ کردن یانی دەنگ مەکەن. گۆرانییەکە وێدەچوو هەوایەکی کۆنی ئیرلەندی بێ و گۆرانی بێژەش وەک شتێک دەتگوت باوەڕی بە کەلام و بە دەنگی خۆی نییە. ئەو دەنگە کە بە هۆی دووری و گڕیی گەرووی گۆرانیبێژ شێوازێکی ماتەمینی پەیا کردبوو، بە وشەی خەفەتاوی گیانێکی نیوە گیانی بە ئاهەنگەکە دەبەخشی:

"هاوار، باران دەیدا لە بسکی گرانم

و شەونم دەمخووسێنێ،

کۆرپەکەم سەرمایەتی..."

مێری جێین گوتی: "ئا، ئا؟ کوڕە خۆ بارتێل دارسییە، ئەمشەو گۆرانی هەر نەدەگوت. جا پێش ئەوەی بڕوا گۆرانییەکی پێ دەڵێین."

پووره کێیت گوتی: "وەڵا مێری جێین حەتمەن گۆرانی پێ بڵێ."

مێری جێین لە جەماعەتەکە تێپەڕی و هەلینگی دا بۆ لای پلیکانەکان، بەڵام پێش ئەوەی بگاتێ گۆرانییەکە بەربەست بوو و دەنگی پیانۆ لەپڕ کپ بوو.

مێری هاواری کرد: "ئەی حەیفێ! گرێتا، بارتێل دێتە خوارێ؟"

گابریەل گوێی تێوەبوو خێزانی گوتی بەڵێ و هاتە خوارێ بۆ لای وان. ئاغای بارتێل دارسی و خانمی ئۆکالاگان بە شوێن ویدا دەهاتن و تەنیا چەند هەنگاویان مەودا بوو.

مێری جێین هاواری لێ پەیدا بوو: "ماڵتە ئاغای دارسی، وەڵڵاهی زۆر نامەردییە لەو دەمەیدا ئێمە هەموو مەست و مەدهۆش ئەئاوا گوێمان بۆ گرتبووی، لەپڕ بێدەنگ بووی."

خاتوو ئۆکالاگاتن گوتی: "ئەوشەو لەگەڵ خانمی کانڕۆی تێیدا شل و کوت بووین، هەر گوتی سەرمام بووە و گۆرانیم بۆ نایە."

پووره کێیت گوتی: "وەڵا ئاغای دارسی، ئەوە درۆیەکە ڕێی تێناچێ."

ئاغـای دارسـی بـە قەڵسـییەوە گـوتی: "ماڵتـە ئـەوە نییـە دەنگـم وەک دەنگی مانگا بۆڕ بووە؟"

ئاغای دارسی گوز و گومەت بۆ لای هۆدەی جلوەرگرتنەکە چوو و باڵتەکەی لەبەر کرد. هەمووان لەو گفت و لفتە ناماقووڵانەی نوتقیان چووە بەست. پوورە کێیت برۆی وێک هێنان و ئیشارەی لێ کردن کە لێی گەڕێن. ئاغای دارسی ڕاوەستا ملی پێچا و نێوچاوانی تێک نا.

پوورە جوولیا پاش قەدەرێک بێدەنگی گوتی: "خەتای ئەو هەوایەیە."

پوورە کێیت دەستبەجێ قسەکەی قۆستەوە و گوتی: "ئەرێ وەڵا، عالەم سەرمای بووە، ئەوی هەڵدەستێ سەرمای بووە."

مێری جێین گوتی: "دەڵێن سی ساڵ دەبێ بەفری وا قورس نەباریوە. ئەم بەیانییە لە ڕۆژنامەدا خوێندمەوە کە بەفر تەواوی ئیرلەندی داگرتووە."

پوورە جوولیا بە دەنگێکی خەمناکەوە گوتی: "من کوشتە و مردەی بەفرم."

خاتوو ئۆکالاگان گوتی: "بە خوا منیش هەر وام. من دەڵێم ئەگەر لە کریسمەسدا بەفر عەرزی نەگرێ، ئیدی ئەوە کریسمەس نییە."

پوورە کێیت بە بزەیەکەوە گوتی: "بەڵام ئاغای دارسی بەستزمان ئارای لە گەڵ بەفر نییە."

ئاغای دارسی لە هۆدەی جلوەرگرتنەکە هاتەدەرێ، تەواو خۆی داپێچابوو و دوگمەی باڵتەکەی داخستبوو و بە دەنگێکی پڕ لە پەشیمانییەوە باسی مێژینەی سەرماخوردەگییەکەی کرد. هەر کەسەی لە حاندی خۆیەوە پێی گوت چ بکا و چ نەکا و گوتیان بۆی بە داخن و داوایان لێ کرد لە شەودا زۆری ئەمانەتی گەرووی بێ. گابریەل چاوی لە خێزانی کرد کە ئەویش وەک وان شتێکی نەدەگوت. گرێتا لە ژێر ئەو

پەنجەرەیەی بە شێوەی باوەشێنی دەستی ژنان هاتبۆوە، ڕاوەستابوو و گڕی گازەکە ڕەنگی تێری برۆنزیی قژی سەری خستبووە بەر ڕۆشنایی و گابریەل لە چەند ڕۆژ لەمەوبەر دیبووی کە ئەم قژی لەبەر تینی ئاگرەکە وشک دەکاتەوە. هەر لەو حاڵەسەوداسەرییەی خۆیدا بوو کە لەوە دەچوو گوێی تێوەنەبێ کە لە پشتەوە باسی وی دەکەن. ئاخری ئاوڕی داوە و گابریەل دیتی کە ڕوومەتی سوور هەڵگەڕاون و چاوی ورشەورشیانە. لەپڕ دەریایەک شادی لە دڵی گابریەلدا شەپۆلی دا.

خێزانی گوتی: "ئاغای دارسی، نێوی ئەو گۆرانییەی دەتگوت چییە؟"

ئاغای دارسی گوتی: "نێوی "کیژۆڵەی ئۆگریم"[١]"ە. بەڵام من باشم لە بیر نەماوە. بۆ دەپرسی؟ بۆخۆت دەیزانی؟"

خێزانی گابریەل دووپاتەی کردەوە: "کیژۆڵەی ئۆگریم." پاشان گوتی: "لەوە ناچێ بیستبێتم."

مێری جێین گوتی: "ئەمشەو هەواکەی زۆر خۆشە. حەیفێ دەنگت گیراوە."

پووره کێیت گوتی: "باشە، مێری جێین، ئاغای دارسی نارەحەت مەکە. من نامەوێ نارەحەت بێ."

پووره کێیت کە دیتی کە هەموو خۆیان ساز کردووە برۆن، وە پێشیان کەوت بۆ لای دەرکە و لەوێوە ماڵاوایی دەستی پێ کرد:

"دەی باشە، پووره کێیت. شەوت خۆش و سەبارەت بەو شەوە خۆشە سپاست دەکەین."

"شەوت خۆش، گابریەل. شەوت خۆش گرێتا."

"شەوت خۆش، پووره کێیت و زۆرت سپاس دەکەین. شەوت خۆش پووره جوولیا."

---

١ Aughrim

"شەوت خۆش، گرێتا. نەشمدیتی."

"شەوت خۆش، ئاغای دارسی. شەوت خۆش خاتوو ئۆکالاگان."

"شەوت خۆش، خاتوو مۆرکن."

"شەویشت خۆش."

"هەموو شەوتان خۆش. بە سلامەت بگەنەوە مالێ."

"شەوت خۆش. شەوت خۆش."

هێشتا هەوا تاریک بوو. زەردابییەکی بێگەشە و نەشە سەر مالان و سەر چۆمی داگرتبوو و ئاسمان دەتگوت خەریکە لە پەستا دادەکشێ. بەفر لە توانەوە بوو. تەنیا سەر سەربانان و سەر نەردەی وێستگەی پاپۆڕان و سەر نەردەکانی دەوری زەوی و زار شوێن شوێن و پەلە پەلە بەفری پێوە مابوون. چراکان لە هەوای بوومەلێلی بەری بەیانی هێشتا سووریان دەکردەوە و لەو بەری چۆم، کاخی چوار حەوشە[1] بە قەلافەتێکی پڕ هەڕەشەوە لە حاندی ئاسمانی قورسباری ئەو بەرە بەیانەی ڕەق ڕاوەستابوو.

خانمی کانرۆی لە پێش مێردەکەی و بارتیل دارسییەوە دەڕۆیشت و کەوشەکانی دابووە بن بالێکی و بە دەستەکەی دی تەشک و داوێنی هەلێنابوو کە بەفراوەکە تەڕی نەکا. ڕەفتاری ئیتر ئەو زەرافەتەی تێدا نەبوو، بەلام چاوی گابریەل هێشتا لە خۆشییا گەش بوون. خوێن بە دەمارەکانیدا تیژ دەهات و دەڕۆیی. بیری سەرکێش بە سەربەرزی و بە سەرمەستی و بە زەرافەت و بێباکییەوە بە مێشکیا دەهاتن.

گرێتا هێند نەرم و سووک و قیت و قۆز بە ڕێیەدا دەڕۆیی کە گابریەل پڕی بە دڵ ئیشتیای کرد بێ خشپە لە دوایەوە هەلێ و هەردووک شانی بگرێ و شتێکی شێتانە و پڕ لە خۆشەویستی بە

---

[1] Four courts

گوێیدا بسرپێنێ. گرێتای هێند ناسک هاتە بەرچاو کە پڕی بە دڵ ئیشتیای کرد لە شتێکی بپارێزێ و پاشان بە تەنێ خۆی و خۆی بن. لە ئاسمانی بیرەوەریی ویدا ئەو ساتانە لە ژیاندا کە پێکەوەیان بە نهێنی ڕابواردبوو، وەک ئەستێرە دەدرەوشانەوە. پاکەت نامەیەک لە جنسی گوڵی شێرە و شەپاڵ لە پەنا فنجانەکە دانرابوو و ئەم بە حەز و خۆشەویستییەوە دەستی پێدا دێنا. پەلەوەران لە چەسپی دیواریەکەدا ئەیانخوێند و تۆڕی تاوگرتووی پەردەکە بە قەراغ دیوەکەدا دەلەرییەوە: لە خۆشیا دەستی بۆ نان نەدەچوو. لەسەر سەکۆ پڕ عالەمەکە وێستابوون و خەریک بوو بلیتێکی لەبەری دەستی گەرم و گوڕی گرێتا کە لە دەستکێشا بوو، دەنا. لەبەر ئەو سەرمایە لەگەڵی وێستابوو و لە پەنجەرەیەکی میلە میلەوە تماشای ژوورێیان دەکرد و چاویان لە کابرا بوو کە لە کوورەکەیدا کە گرمەگرمی بوو بتری ساز دەکرد. هەواکەی تا بڵێی سارد بوو. دەموچاوی گرێتا کە لە سەرمادا بۆنێکی خۆشی لێدەهات لە پەنای دەموچاوی وی بوو و لەپڕ هەرای لە کابرای بەر کوورەکە کرد و لێی پرسی: "بەر ئەو ئاورە خۆشە، خاڵە؟"

کابرا لەبەر گرمە گرمی کوورەکە گوێی تێوە نەبوو. ئەوە گریمان گوێشی لێ بایە، ڕەنگ بوو جوابێکی ناخۆشی بە تەنگەدا بدایە.

شادییەکی لەوەش ناسکتر لە دڵییەوە شەپۆلی دا بەرەو دەرێ و خوێنی گەرمی ڕژاندە نێو دەمارەکانییەوە. ساتەکانی ژیانی هاوبەشیان کە کەس ڕێی پێ نەبردبوو و قەتیش کەس ڕێی پێ نەدەبرد، وەک ئاگری پڕتینی ئەستێران لە ئاسمانی بیرەوەری ویدا تریفە تریفیان بوو. ئیشتیای ئەوەی کردبوو بە خێزانی بڵێ ئەو ساتانە بێنێتەوە بیر و کارێک بکا ئەوساڵیانی ژیانی بێ گەشە و نەشەی پێکەوەیان لە بیر بەرێتەوە و تەنیا ئەو کات و ساتە پڕ لە سەرمەستی و شەیداییانەی لە

بیر بێ. چونکێ هەستی دەکرد تێپەڕینی ساڵیان ئاگری ناخی ئەم یا خێزانی دانەمرکاندووە. مناڵ و شت نووسینی ئەم و کاری ناو ماڵی ئەو بڵێسەی ئاگری دەروونیانی سارد نەکردبۆوە. لە نامەیەکدا کە ئەو زەمانی بۆ خێزانی ناردبوو بۆی نووسیبوو: "نازانم بۆ ئائەم وشانە وەڕەزم دەکەن و سارد و سۆڵییان دەمتەزێنێ؟ تۆ بڵێی هی ئەوە بێ کە هیچ وشەیەک هێندە ناسک نییە شیاوی ناوی تۆ بێ؟"

ئەو وشانە ساڵیانی ساڵ لەمەوبەر نووسیبوونی وەک مووسیقایەکی دوورەدەست لە ڕابردووەوە دەهاتنەوە و ئەمیان بەسەر دەکردەوە. ئای چەند تامەزرۆی ئەوە بوو هەر ئەئێستا خەڵوەتی لەگەڵ بکا. کاتێک کۆمەڵی ئەغیار ڕۆیشتن، خۆی و خۆی لە هۆدەی هوتێلەکەدا بە تەنێ مانەوە، جا ئەو کاتی پێکەوەن بە تەنێ دەمانەوە نەرم و نیان هەرای لێ دەکرد:

"گرێتا!"

ڕەنگ بوو یەکەم جار گوێی تێوەنەبا: خەریک بوو خۆی ڕووت دەکردەوە. پاشان شتێک لە دەنگی ئەمدا گرێتای وخۆ دێناوە. ئاوڕی لەم دەداوە و چاوی تێدەبڕی...

لە گوشەی خیابانی وینێتەڤرن[١] تووشی درۆشکەیەک هاتن. کەیفی بە شەقە و تەقەی دەهاتەوە چونکێ لە وتوویێژی ڕزگار دەکرد. گرێتا لە پەنجەرەی درۆشکەکەوە دەیڕوانییە دەرێ و شەکەت دیار بوو. قسە کردنی ئەوانی دی پێکەوە لە چەند وشەی تێنەدەپەڕاند و بە قامک چەند ساختومان و خیابانیان نیشانی یەک دەدا. ئەسپەکە بە شەکەتییەوە لە ژێر ئاسمانی بوومەلێڵی بەرەبەیاندا بە خیابانەکەدا غاری دەدا و ئەم قوتووە کۆنەی خڕ و هۆڕ بە دووی خۆیدا دەکێشا و گابریەل دیسان

[١] Winetavern

لەگەڵ گرێتا بە تەنێ لە درۆشکەکەدا مابوونەوە و ئەسپە غاری دەدا بیانگەیەنێتە لۆتکەکە، غاری دەدا بیانبا بەرەو مانگی هەنگوین.

کاتێ درۆشکەکە لە پردی ئۆکانێل[1] دەپەڕییەوە، خاتوو ئۆکالاگان گوتی: "دەڵێن کەس نییە لە پردی ئۆکانێل بپەڕێتەوە و ئەسپی سپی نەبینێ."

گابریەل گوتی: "من ئەوا بەشەرێکی سپی دەبینم."

ئاغای بارتێل دارسی پرسی: "لە کوێ؟"

گابریەل قامکی بۆ لای کۆتەڵەکە ڕاداشت کە چەند پەڵە هەور گرتبووی. پاشان وەک ئاشنا سەرێکی بۆ لەقاند و دەستی بۆ ڕاوەشاند.

بە کەیف خۆشییەوە گوتی: "شەوت خۆش، دەن[2]."

هەر کە درۆشکە گەیشتە بەر درگای هوتێلەکە گابریەل دەرپەڕی و هەرچەند ئاغای بارتێل دارسی هاواری کرد، کرێی درۆشکەکەی حیساب کرد. شیلینگێکی زیادی دا بە کابرای درۆشکەچی. کابرا جێژنە پیرۆزەی لێ کرد:

"قوربان ساڵی نوێت لێ پیرۆز بێ."

گابریەل بە گەرمییەوە وڵامی داوە: "لە خۆشت پیرۆز بێ."

گرێتا کاتێ لە درۆشکەکە دادەبەزی و لە لای جەدوەلی خیابانەکە وێستابوو و خوداحافیزی لە جەماعەتەکەی دیکە دەکرد، ساتێک خۆی دا سەر باسکی گابریەل. نەرم و نیان خۆی دابووە سەر باسکی، هەر بەو نەرم و نیانییەی کە چەند سەعات لەمەوبەر لەگەڵی ڕەخسیبوو. لەو دەمەیدا گابریەل شانازیی پێوە کردبوو و شادی لە دڵی گەڕابوو، شادی بە هۆی ئەوەی کە گرێتا هی ئەمە، شانازییەکەش هی ڕەفتاری نەرم و

---

[1] O'cannel

[2] Dan

نیـان و هاوسـەرانەی گریتـا بـوو. بـەڵام ئێسـتە، پـاش گەشـانەوەی دووبارەی ئەو هەمووە بیرەوەرییانە، دەستبەجێ بە تەماسی لەشی، ئەو لەشی مووسیقایی و ڕەمزاویی و عەتراویی، هەوەسێکی توندی بە ئازار وە ئەندامی گەڕا. لە ژێر چەتری بێدەنگی گریتادا باسکی گرت و توند توند بـە خۆیـەوە گوشـی و لـەو دەمەیـدا لەبـەر دەرکـەی هوتێلەکـە وێسـتابوون، هەسـتی کـرد بـە جـووت قـۆڵی لـە ژیـان و ئەرکـەکانی هەڵاتوون، لە ماڵ و هاواڵ هەڵاتوون و هەردووک بە دڵێکی شێتانەی پڕ خۆشەویستی بەرەو بەسەرهاتی تازە ڕایان کردووە.

پیـرە پیاوێـک لەسـەر کورسـییەکی زەلامـی سـەرگیراو لـە داڵانـی هوتێلەکە خەوەنووچکە دەیبردەوە. لە نووسینگەکە مۆمێکی داگیرساند و پێشیان کەوت بۆ سەر پلیکانەکان. ئەمان بێدەنگ وەدووی کەوتبوون و تەپەی پێیان لەسەر پلیکانەکان کە فەرشێکی خرسەکیان بە ڕوودا دابوون، دەهات. گریتا بە شوێن کابرای درگاوانەوە بە پلیکانەکاندا سەر دەکەوت، لەو سەراولێژییە سەری بەردابۆوە، شان و پشتی ناسکی دەتگوت لە ژێر بارێکی گراندا کۆم بۆتەوە و دامەنەکەی تەنگ تەنگ بە ئەندامییەوە نووسابوو. گابریەل دەیتوانی هەردووک باسکی تا سەر سمتی بەرێ و ڕەق بە خۆیەوە بکوشێ و چرکەی لێ ببڕێ، چونکێ هێندە تامەزرۆی گرتنی بوو باسکی هەردووک دەلەرزین و تەنیا بە زەبری نینۆکەکانی بوو کە لەبەری دەستی هەڵچەقاندن کە تاونی پێش بەو هەوەسە شتێانەیەی زاڵ ببوو بە سەر لەشیا، بگرێ. کابرای درگاوان لەسەر پلیکانەکان وچانێکی دا تا مۆمەکە کە شۆڵاوگەی بەستبوو، بسرەوێتەوە. ئەوانیش لە پلیکانەکانی خوارترەوە ڕاوەستان. گابریەل لەو بێدەنگییەدا شڵپەی ڕژانی مۆمە تواوەکەی لەسەر کەشەفەکەی بنی و تەپەی دڵی کە لە پەراسووەکانی دەکوتا دەبیست.

کابرای درگاوان بە داڵانەکەدا بردنی و دەرکەی دیوێکی بۆ کردنەوە. پاشان مۆمە نەسرەوتووەکەی لەسەر مێزی خۆجوان کردنەکە دانا و لێی پرسین بەیانی سەعاتی چەند خەبەرتان کەمەوە.

گابریەل گوتی: "سەعاتی هەشت."

درگاوانەکە دەستی بۆ لای سەرپێچی گڵۆپەکە ڕاداشت و بە ڕووزەردییەوە بەر بووە شێر و ڕێوی هێنانەوە، بەڵام گابریەل نەیهێشت لەسەری بڕوا.

"ئێمە گڵۆپمان ناوێ. ڕۆشنایی خیابانمان بەسە."

پاشان دەستی بۆ لای مۆمەکە ڕاداشت و گوتی: "بە من دەکەی، مەرد و مەردانە ئەو شتە چاکە لابە."

کابرای درگاوان مۆمەکەی هەڵگرتەوە، بەڵام بە شێنەیی، چونکێ سەری سووڕمابوو لەو فکرە سەیرە. لە بن لچەوە شەوخۆشێکی گوت و وەدەر کەوت. گابریەل درگای دیوەکەی قفڵ کرد.

شەوقێکی ناخۆش لە خیابانەوە بە پەنجەرەیەکدا و لە شێوەی نەوارێکی پان هاتبووە ژوورێ، خۆی درێژ کردبۆوە بۆ لای درگاکە چووبوو. گابریەل باڵتە و کڵاوەکەی فڕێدا سەر تەختێک و بەرەو پەنجەرەکە چوو. چاوێکی بڕیە خیابان کە بەشکوو هەوەسی بڕێک بنیشێتەوە. پاشان وەرسووڕا و پاڵی بە دراوێرەکەوە دا و پشت بە ڕۆشناییەکە وێستا. گرێتا کڵاو و باڵتەکەی داکەندبوو و لە بەرانبەر ئاوێنەیەکی زەلام کە جۆلانەی دەکرد، ڕاوەستا و کەمەربەندەکەی کردەوە. گابریەل چەند ساتێ بێدەنگ بوو تماشای دەکرد و پاشان گوتی: "گرێتا!"

گرێتا لەسەرخۆ لەبەر ئاوێنەکە وەرسووڕا و بە پەنای ڕۆشناییەکە بەرەو لای ئەم هات. دەموچاوی گرێتا هێندە بێبزە و شەکەت بوو کە گابریەل قسەی بۆ نەهات. نەخێر، جارێ وەختی نییە.

گابریەل گوتی: "لە ماندوو دەچی."

وڵامی داوە: "بڕێک ماندووم."

"خۆ نەخۆش و بێهێز نی؟"

"نا، هەر ماندووم و هیچی دی."

گرێتا بۆ لای پەنجەرەکە چوو و لەوێ وێستا و ڕوانییە دەرێ. گابریەل دیسان چاوەڕوان ما و لەوەی دەترسا کە ترس بە سەریا زاڵ بێ، لەپڕ گوتی:

"هینە، گرێتا!"

"دەڵێی چی؟"

زوو گوتی: "تۆ ئەو مەلینزە بێچارەیە دەناسی؟"

"ئەرێ، بۆ چ بووە؟"

گابریەل بە دەنگێکی کە ناڕاستیی پێوە بوو، گوتی: "وەڵا ئەو بەستزمانە هەرچی بێ ئینسانی چاکە. ئەو پووڵەی بە قەرز دابوومێ دایمەوە و هەر باوەڕم نەدەکرد بیداتەوە. حەیفێ دەست لەو براونە بەرنادا، چونکێ واقیعەن عینسانی چاکە."

ئەمجار لە داخا دەلەرزی. ئەرێ ئەوە هۆشی لە کوێیە؟ نەیدەزانی چۆناوچۆن دەست پێ بکا. تۆ بڵێی ئەویش لە شتێک ناڕەحەت بێ؟ خۆزگە بە خواهەنی خۆی ئاوڕی دابایەوە و یان بهاتایە بۆ لام! پیاو بێنێ ئەلەو حاڵ و وەزعەیدا کە ئەم تێیدایەتی، دەستی لەگەڵ تێکەڵ کات، دەبێتە وەحشیگەری. خۆ دەبێ دە پێشدا پیاو گەرم و گوڕی لە

چاویدا بەدی بکا. لە خودای دەویست دەسەڵاتی بێ ئەو حاڵ و وەزعەی ئەو پەیدای کردووە بیگۆڕێ.

پاش قەدەرێک بێدەنگی، گرێتا لێی پرسی: "کەنگێت پووڵ بە قەرز داوەتێ؟"

بە زۆری پێشی خۆی گرت کە نەبادا ئەوی نەشایەدە و نەبایەدە سەبارەت بەو مەلینزە ئارەقخۆرە و ئەو پووڵەی دابوویە، بەسەر زمانیدا نەیێ. زۆری حەز لێ بوو لە قووڵایی دەروونییەوە هاواری لێ بکا و بڵێ وەرە تێک هاڵێین، زۆر تامەزرۆ بوو پێی دانەوێنێ. بەڵام گوتی:

"لە جێژنی کریسمەسدا، ئەوە نەبوو ئەو دووکانە چکۆلەیەی لە خیابانی هێنری دانا، کارتی کریسمەسی دەفرۆشت؟"

هێندەی ڕق هەستابوو و هێندەشی هەوەس هەستابوو، ئاگای لێ نەبوو گرێتا لەبەر پەنجەرەکە لاچووە و هاتووە بۆ لای. هات ساتێک لەبەر دەمی ڕاوەستا، بە جۆرێک چاوی لەم دەکرد. پاشان لەسەر پەنجەی لاق هەستا و نەرم و نیان دەستی لەسەر شانی ئەم دانا و ماچی کرد.

گوتی: "گابریەل، تۆ زۆر ئینسانێکی دڵاوای."

گابریەل لەم ماچە خوڕ و خافڵە و لەو قسە سەیرەی گرێتا هەموو گیانی لە خۆشیا دەلەرزی، دەستی لەسەر قژی دانا و بۆی هەڵداوە، ئەویش بە حاڵ، پەنجەی بیگرێ و نەیگرێ. قژی بە شتن جوان ببوو و بریقەی دەهات. جامی دڵ هێندە پڕ بوو لە سەرمەستی کە لێی دەڕژا. هەر ڕاست لەو دەمەیدا کە ئەم بە ئاواتی خواستبوو، ئەو بە خواهەنی خۆی هاتبوو بۆ لای. ڕەنگە هەردووکیان یەک بیر بە مێشکیانا هاتبێ، ڕەنگیشە ئەو هەستی کردبێ گە گابریەل چەندی ئیشتیا لێیە و بۆیە

هاتبوو خۆی بە دەستەوە بدا. ئەمجار کە دیتی گرێتا ئاوا سووک و هاسان هاتۆتە بەردەستی، لە خۆی دەپرسی ئەدی لە پێشدا بۆ هێندە دەترسای؟

راوەستا، سەری گرێتای بە هەردووک دەست گرت. پاشان باسکێکی چوست و چالاک بە بەژنیدا هێنا خوارێ و بۆ لای خۆی کێشا و بە نەرمی گوتی:

"گرێتای خۆشەویستم، ئەوە بۆ وا لە فکردای؟"

گرێتا نە وڵامی داوە و نە خۆی بۆ شل کرد. دیسانەوە بە نەرمی پێی گوت:

"پێم بڵێ چ بووە، گرێتا؟ من پێم وایە دەشزانم چ بووە، دەنا نا؟"

دەستەوجێ وڵامی نەداوە. عاقیبەت کوڵی گریان گرتی:

"بیر لەو گۆرانییەی "کیژۆڵەی ئۆگریم" دەکەمەوە."

خۆی لە دەست ڕاپسکاند و هەلینگی دا سەر تەختەکەی و هەردووک باڵی دا بە سەر نەردەی تەختەکەدا و دەموچاوی لە ژێر قۆڵەکانیدا شاردەوە. گابریەل قەدەرێک دەتگوت بە داری لە تەپڵی سەرت داوە و ڕەق ڕاوەستا. پاشان وە دووی کەوت. کاتێک بە بەر ئاوێنەکە باڵاڕوانەکەدا هات، سەرتاپای بەژنی خۆی دی. لە پێشەوە چاوی بە سینگی پانوپۆڕی خۆی کەوت کە کراسەکەی پڕی کردبۆوە و شێوازی ڕوانینی چاوەکانی دیت کە هەر کاتێ لە ئاوێنەدا دەیدی، سەری لێ دەماسی. چەند هەنگاوێک دوور لێی ڕاوەستا و گوتی:

"باشە ئەو گۆرانییە چ بوو؟ بۆچی وەگریانی خستی؟"

سەری لە بن هەردووک باسکییەوە هەڵێنا و وەک منداڵ بە پشتی دەستی چاوی سڕین. گابریەل بە خۆشی قسەی لەگەڵ کرد، پتر لەوەی کە بۆخۆی بیەوێ.

پرسی: "ئاخر بۆ، گریێتا؟"

"کەوتوومەوە بیری کەسێ کە زوو لەوە پێش ئەو گۆرانییەی دەگوت."

گابریەل بزەیەکی هاتێ و پرسی: "کێ بوو ئەوەی وا زوو لەوە پێش ئەو گۆرانییەی دەگوت؟"

گوتی: "یەکێک بوو کە لە گەلویێ[1]، ئەو زەمانی کە لەگەڵ نەنکم دەژیام، دەمناسی."

گابریەل بزەی لەسەر لێو لاچوو. توورەییەکی بێگەشە و نەشە دیسان وردە وردە لە مێشکیا کۆ بۆوە و ئاگری بێبڵێسەی هەوەس بە توورەییەوە لە دەمارەکانیدا دایسا.

بە تەوسەوە لێی پرسی: "حەزت لێ دەکرد؟"

وڵامی داوە: "کوڕێکی جحێڵ بوو، دەمناسی نێوی مایکل فیوریێ[2] بوو. ئەو گۆرانییەی "کیژۆڵەی ئۆگریم"ی دەگوت. زۆر کوڕێکی زەریف بوو."

گابریەل بێدەنگ بوو. چ کەیفی بەوە نەدەهاتەوە ژنەکەی دڵی لای ئەو کوڕە زەریفە بێ.

پاش قەدەرێک بێدەنگی گوتی: "ئێستاش جوان لەبەر چاومە. جا چاوی: ڕەش و گەورە گەورە! جا ماڵتە ئەو چاو لێکردنەی، ئەو چاو لێکردنەی!"

گابریەل گوتی: "ئاووا، کەوایە جەنابت حەزت لێدەکرد؟"

گوتی: "ئەو زەمانی لە گەلویێ بووم، لەگەڵی وەدەر دەکەوتم."

---

[1] Galway

[2] Michael Furey

بیرێک تیژ بە مێشکی گابریەلدا هات. بە سارد و سڕییەوە گوتی: "ڕەنگە هەر بۆیەش دەتویست لەگەڵ ئەو چەتیوە، یانی ئیڤۆرس، بچی بۆ گەلویێ."

بە سەرسووڕمانەوە چاوی لە گابریەل کرد و گوتی: "بۆ؟"

گرێتا وای چاو لێکرد کە گابریەل بۆخۆشی هەستی وەسەر زەللە پەڕیوە. گابریەل شانێکی هەڵتەکاند و گوتی:

"چووزانم. گوتم ڕەنگە لەبەر ئەو کوڕە بووبێ."

بێدەنگ چاوی لەسەر گابریەل هەڵگرت و چاوی بە هێڵی ڕۆشناییەکەدا خشکاند تا گەییە پەنجێرەکە.

پاش قەدەرێک گوتی: "مردووە. تەنیا حەڤدە ساڵی تەمەن بوو کە مرد. جا دڵتەزێن نییە کە ئینسانێک ئاوا بە جوانەمەرگی سەر بنێتەوە؟"

گابریەل دیسانەوەش بە تەوسەوە پرسی:

"چ کارە بوو؟"

گوتی: "لە کارخانەی گاز کاری دەکرد."

گابریەل لەوەی کە پلار تێگرتنەکەی بێهۆ بووە و لەوەی کە بۆتە هۆی ئەوەی باسی مردوویەک، کوڕێکی کاریگەری گاز، زیندوو ببێتەوە، تەریق بۆوە. ئەگەرچی مێشکی گابریەل پڕ بوو لە بیرەوەریی ژیانی نهێنیان پێکەوە و پڕ بوو لە نەرم و نیانی و شادی و تەمەننای دڵ، گرێتا لە پەستا ئەمی لەگەڵ یەکی دی هەڵسەنگاندووە. ئازاری ویژدان هێرشی بۆ هێنا. خۆی وەک بنیادەمێکی گاڵتەجار هاتە بەرچاو، کە وەک هەتیوێکی بەر حەیوانان[١] بۆ پوورەکانی دەپاڕێتەوە، بنیادەمێکی ئیحساساتی پەشۆکاو بەڵام دەروون پاک کە وتار پێشکەشی پۆلێ

[١] Penny boy ئەو کوڕانەی بە بازاڕی حەیواندا دەخولانەوە بەو هیوایەی بیانگرن ئاگایان پێ لە مەڕ و ماڵات بێ و سەری پێنیەک پووڵی ئینگلیسیان بدەنێ. نووسەر.

بنیادەمی ڕەشۆکی و ڕەمەکی دەکا و هێندێ هەوەسی دەلقەکانەی خۆی دەباتە ئاسمانی حەوتەم و ئەوەی لە ئاوێنەکەدا دیبووی هەتیوێکی گەوجۆکەی ماڵوێران بوو. هەر بە غەریزە پشتی لە ڕۆشناییەکە کرد کە نەبادا گریتا تێبگا کە ئەوا نێوچاوانی لە شەرمەزارییا دەڵێی ئاگری گرتووە.

زۆری لە خۆ کرد هەر بەو شێوە سارد و سڕە خێزانی دیسان وەبەر ڕێژەوی پرسیار بدا، بەڵام شێوەی دوانی خۆماڵی و بێدەربەست بوو.

گوتی: "وا بزانم دڵت بەو مایکل فیوریییەوە بووە."

گوتی: "ئەو زەمانی نێوانمان یەکجار خۆش بوو."

دەنگی، سرپۆشانە و خەفەتاوی بوو. گابریەل زانی تازە ئیدی بێفایدەیە بیهێنێتە سەر ئەو بارەی کە ئەوەی لەگەڵ بکا وا ئیشتیای لێیەتی، لە پەستا دەستی بە هەردووک دەستیدا دێنا و ئەویش بە دەنگێکی خەفەتاوییەوە پرسی:

"گریتا بۆ ئاوا بە ناکامی مرد، سیللی بوو؟"

"پێم وایە لە تاوی من دڵی تۆقی."

بەو وڵامە ترسێکی نەناسیاو جەستەی گابریەلی داگرت، دەتگوت ڕاست لەو سەعاتەیدا ئەم هیوای سەرکەوتنی بە خۆی بوو، بوونەوەرێکی نادیاری خیلەسەر هاتووە لە حاندی قووت بۆتەوە و لە جیهانی نەناسیاوی خۆیدا چی هێزە بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەم کۆ دەکاتەوە. بەڵام ئەم بە هێزی ئاقڵمەندیی، خۆی لە دەست ڕاپسکاند و دیسان بەربۆوە دەست پێداهێنان بە هەر دووک دەستی گریتادا. ئیتر چیدی پرسیاری لێ نەکرد، چونکێ هەستی کرد دەنا گریتا زۆرتری سەبارەت بە خۆی پێیە. دەستی گریتا گەرم و تەڕ بوو: گریتا چ بە بای

خەیاڵیشیدا نەدەهات داخوا ئەم دەست بە دەستیدا بێنێ یان نەهێنێ، بەڵام گابریەل هەروا دەستی بە دەستیدا دێنا، هەر بەو جۆرەی کە یەکەم نامەی گرێتای لە بەیانییەکی بەهاریدا دەست پێدا هێنابوو.

گرێتا گوتی: "زستان بوو، سەرەتای زستان بوو، دەمەویست ماڵی نەنکم بەجێ هێڵم و لێرە بچمە ڕاهیبەخانە. لەودەمەیدا ئەو لە مەنزڵەکەی لە گەلویێی کەوتبو و نەیاندەهێشت وەدەرکەوێ و نامەیان لە کەس و کارەکەی لە ئوگتێرارد[1] نوویسبوو. دەیانگوت ڕوو لە مردنە و نازانم چی و چی. من نەمدەزانی ئێجگار ئاوایە."

قەدەرێک بێدەنگ بوو و هەناسەیەکی هەڵکێشا.

گوتی: "بەستزمانە. جا چەندەی دڵ بە منەوە بوو و جا چ کوڕێکی نەجیبیش بوو. گابریەل، پێکەوە وەدەر دەکەوتین و پێکەوە دەگەڕاین، هەر وەکی کە لە دێهات باوە. خەریک بوو گۆرانی فێر دەبوو تەنیا لەبەر سلامەتی خۆی. مایکل فیورێی بەستزمان، جا چ دەنگێکی پێوە بوو."

گابریەل پرسی: "دەی دوایە؟"

"پاشان وەختی ئەوە کە گەیی لە گەلویێی بڕۆم و بچم بۆ ڕاهیبەخانە، حاڵی ئەوەندەی دیکە شپرزە بوو و نەشیاندەهێشت چاوم پێی بکەوێ، هەر بۆیە نامەیەکم بۆ نووسی کە ئەوە دەچم بۆ دووبلین و هاوینێ دەگەڕێمەوە و خودا بیەوێ تا ئەو کاتی چاک دەبیەوە."

گرێتا قەدەرێک بێدەنگ بوو تا بەسەر خۆیدا زاڵ بێتەوە و دەنگی نەلەرزێ. پاشان گوتی:

---

[1] Ougterard

"ئـەو شـەوەی بـۆ سـبەینێدا دەڕۆیشـتم، لـە مـاڵی نـەنکم بـووم لـە جزیـرەی نـان[1] و شـتومەکم کـۆ دەکـردەوە و ئاگـام لـێ بـوو زیبکـە بەردێکیان دا بە پەنجێرەکەدا. پەنجێرەکە لەبەر باران هیچ کوێی لێوە دیار نەبوو، بۆیە گورز و گومەت هەلینگم دا خوارێ و بە پشتەوەدا دەرپەڕیم بۆ ناو باغچەکە و دیتم ئەو بەستزمانە ئەوا لە ئاخری باغچەکە وێستاوە، هەڵدەلەرزێ."

گابریەل پرسی: "ئەدی نەتگوت بڕۆوە شوێنەکەی خۆت؟"

"لێی پاڕامەوە و گوتم دەستبەجێ بچۆوە ماڵێ، دەنا لەو بارانەیدا دەمری. بەڵام گوتی بێ تۆ ئیدی نامەوێ بژیم. ئەلحانیش چاویم لەبەر چاوە! لە ئاخری دیواری باغچەکە لەو شوێنەی تاقە دارێکی لێ بوو، ڕاوەستابوو."

گابریەل گوتی: "ئەدی چۆوە ماڵێ؟"

"ئەرێ، چۆوە. تاقە حەوتوویەک دەبوو چووبوومەوە دەیر کە مرد و لە ئووگاتێرا لە زێدی باب و باپیرانی ناشتیان. ئای، ئای ئەو ڕۆژەی بیستم مردووە!"

بێدەنگ بوو. لەبەر گریان ئەوکی گیرابوو، وەک مەنجەڵ دەکوڵا، زرم دەم و ڕووی خۆی دا بەسەر تەختەکەدا و دەموچاوی لە لێفەکە گیراند و لە کوڵی گریانی دا. گابریەل ساتێکی دی، دەستی وی لە نێو هەردووک دەستی گرت و نەیدەزانی چ بکا و پێشی شوورەیی بوو مزاحیمی خەفەتبارییەکەی بێ، جا بۆیە دەستی لەسەرخۆ داناوە و بێهەست بەرەو پەنجەرەکە وەڕێ کەوت.

گریتا دەستبەجێ خەوی لێکەوت. گابریەل خۆی دابووە سەر ئانیشکی، چەند ساتێک بێ ڕق و کینە سەرنجی دا قژی پەستاوی و

---

[1] Nun

زاری نیوە ئاواڵەی و گوێی ڕاگرت بۆ هەناسەی قایم و قووڵی. پەس ئاووا، ئەم ئەو بەسەرهاتە ئاشقانەیەی لە ژیانیدا هەبوو: پیاوێ لە تاوی وی مردووە. ئیتر ئەم بیرە هێندەی ئێش بە جەرگ نەدەگەیاند کە ئەم، یانی مێردەکەی، دەورێکی وای لە ژیانی ویدا نەبووە. لەو دەمەیدا کە گرێتا لە خەودا بوو، ئەم وای تماشا دەکرد، دەتگوت هەر لە تەرکەندە ئەم دووە ژن و مێرد نەبوون. نیگای پڕ پرسیاری لەسەر سەروقژ و دەموچاوی گیرسابۆوە: هەر کە بیری لەوە کردەوە کە ئەم بە کچێنی دەبێ چی بوبێ و چ جوانێک بووبێ، هەستێکی بەزەیی سەیرو خۆمانە سەبارەت بەوی ڕژا نێو دەروونییەوە. دڵی نەدەهات تەنانەت لە دڵی خۆشیدا بێ بڵێ ئەو دەموچاوە ئیدی جوانی نەماوە، بەڵام ئەوەشی دەزانی کە ئەمە ئیتر نییە ئەو دەموچاوەی مایکل فیورێی لەبەر خاتری بێ پرینگانەوە بەرەو مەرگ چوو.

ڕەنگە گرێتا سەری هەموو ئەو سەرگوریشتەی بۆ وەدەر نەخستبێ. چاوی بەرەو ئەو کورسییە خشاند کە گرێتا هێندێ جلوبەرگی خۆی لەسەر فڕێدابوو. هەودای هەڵوەدای جلیسقەیەک شۆڕ ببۆوە بەرەو عەرزی. تایەک پۆتین قیت دانرابوو، سەر و ملی شلی دانوشتابوو: هاواڵەکەی لە پەنای ڕاکشابوو. سەری سووڕ مابوو کە سەعاتێک لەمەوبەر کە تۆفانی ئەو هەمووە عاتیفە چی بەسەر هێنابوو: بۆ وا بوو و هەمووی لە کوێڕا بوو؟ لەو شامەی پووریڕا، لەو وتارە گەوجانەیەی خۆیڕا، لە شەراب و ڕەخسینیڕا، لەو گاڵتە و گەپەی کاتی ماڵاوایی لە هاڵەکەڕا، لەو حەز و لەزەتەی پیاسە بەو بەفرە بە گوێی چۆمیڕا بوو. ئای پوورە جوولیای بەستزمان! ئەویش هێندەی نەماوە ببێتە تارماییەک و دەگەڵ تارمایی پاتریک مۆرکن و ئەسپەکەی بکەوێ. لەو دەمەیدا گۆرانی **"خۆیان ڕازاندۆتەوە بۆ شایی"** دەگوت، ئەم چاوی بە دەم و چاوی هەڵزلەپاوی کەوتبوو. ڕەنگ بوو هێندەی پێ

نەچێ کە ئەم هەر لەو هۆدەیەی تایبەت بە جلوەرگرتنی لە میوانانە، بەرگی ڕەشی تازیەباری لەبەر و کڵاوە ئاوریشمەکەی لەسەر کۆشی، دانیشێ. کرکرەکان دادەدرێنەوە و پوورە کێیت لە پەنای دانیشێ و بگری و کەپۆی خاوێن کاتەوە و بۆی بگێڕێتەوە کە جوولیا چۆن مرد. ئەمیش لە مێشکیا بۆ وشە دەگەڕێ پووری پێ دڵخۆشی داتەوە، بەڵام جگە لە چەند وشەی دەستوپا شکاو چی وەبەر دەست نەیە. ئەدی، ئەدی: ئەم کارەساتە هەر بەم زووانە دەقەومێ.

هەوای دیوەکە شانی سڕ کرد. بە زەریفی خۆی لە بن مەلافاندا درێژ کرد و لە پەنای خێزانی ڕاکشا. ئەو بنیادەمانە یەک یەک، خەریک بوون دەبوونەوە تارمایی. ئینسان وا باشترە بە بێباکی ئاوای ئەو دونیا بێ، تاجە گوڵی شانازی هەستیارییەک بە سەریەوە بێ، نەک ئەوەی بیری پیری بە دڵتەنگی ڕەنگی هەڵبڕووسکێنێ و لەشی هەڵقرچێنێ. بیری لەوە دەکردەوە کە ئەم خاتوونە کە لە پەنای ئەم ڕاکشاوە، ساڵیانی ساڵە وێنەی هەر دوو دیدەی دڵدارەکەی لەو دەمەیدا پێی گوتبوو بێ تۆ ئیدی نامەوێ بژیم، لە سندووقچەی دڵی حاشار داوە.

ئەسرین وەک کانی لە چاوی گابریەل هەڵدەقوڵێ. خۆی تا ئەو دەمەی هەرگیز بۆ هیچ ژنێ ئاوا نەببوو، بەڵام دەیزانی ئەو هەستە دەبێ هەمان ئەوین بێ. فرمێسک پتر لە پێشوو هەر دوو دیدەی کەیل کردبوون و لەو دیوە نیوە تاریکەدا پەیکەری کوڕە لاوێکی هێنا بەرچاوی کە لە ژێر ئەو تاقەدارەی ئاوی بارانی لێدەتکا، وێستاوە. پەیکەرەکانی دی نزیک بوون. ڕوحی بەرەو ئەو ناوچەیە پەلی کێشابوو کە میواندارانی دەست و دڵ هەراوی مردوان لێی دەژین. ئەو لە بوونی خیرەسەر و تیژ تێپەڕی وان ئاگا بوو، بەڵام نەیدەزانی بۆ وا بوو. خۆی وجوودی ناسیاوی بە ئەسپایی دەڕژا نێو جیهانی خۆڵەمێشی تارمایی:

جیهانی ڕەقایی کە ئەم مردووانە زەمانێ لە ناویا پەروەردە کران و تێیدا ژیان، خەریک بوو دەتواوە و دەکوژاوە.

چەند تەپەی نەرم و نیان لە شووشەی پەنجەرەکە درا بۆیە ئەم ڕووی بۆ لای وەرگێڕا. دیسان بەفر دایدابۆوە. بە چاوی خەواڵووەوە دەیڕوانییە کلووە بەفری زێوین و یان بەر تاریکی کە لاجە و لاج بەرەو تیری چرابەرقی خیابان دەهاتنە خوار. کاتی ئەوە هاتبوو ئەم سەفەری بەرەو ڕۆژاوا دەست پێ بکا. ئەدی، ڕۆژنامەکان ڕاستیان دەکرد، بەفر تەواوی ئیرلەندی داگرتبوو. تەواوی کەلێن و قوژبنی دەشتی تاریکی ناوەندی دادەگرت، هێور و هێمن بەسەر گۆلاوی ئالیندا[1] و لەو دوورانەشەوە یانی بەرەو ڕۆژاوا بەسەر شەپۆلە سەرکێشەکانی شانۆندا[2] دادەباری. بەسەر هەموو کەلێن و قوژبنی حەساری تەنیای دڵتەنگی کلیسا لە سەر گردەکەی وا مایکل فیوریێ لێ نێژراوە، دادەباری. توێژێکی ئەستووری بەسەر خاچە خوار و خێچەکان و بەسەر بەردی سەر درگاکانەوە، بەسەر مێلەی نووک تیژی نێزە ئاسای دەروازە چکۆلەکە و بەسەر دڕوداڵی بێبەر و سەمەردا دەکێشا. ڕوحی ئەم لەو دەمەیدا کە گوێی تێوەبوو کە بەفر ئەهوەند لە تەواوی جیهان دادەبارێ و لەسەرەخۆ لە چەشنی هاتنەخوارێی مەرگی خۆیان بەسەر مردوو و زیندوودا دادەبارێن، لە بوورەوە دەچوو.

---

[1] Allen

[2] Shannon

# بێدەنگی:

ئێدگار ئالێنپۆ

شەیتان دەستی نا سەر شانم و گوتی:

"گۆیم بۆ ڕاگرە، ئەو ولاتەی بۆت باس دەکەم، ناوچەیەکە پیاو دڵی لێی دەگیرێ و وا لە قارەیەکی دوور هاوکەوشەنە لەگەڵ چۆمی زەئیر. ساتێک چیە، ئەو ولاتە کپ و بێ دەنگ نابێ بۆ خۆی ."ئاوی چومەکە دەڵێی گێنۆی زەردە[1] و وەک ڕەنگی ڕوخساری نەخۆشی بە ئاه و دەرد. ئاوی ئەو چۆمە وەنەبێ بەرە و دەریا ڕێ بگرێتە بەر، بەڵکوو تا ئەو ڕۆژەی ڕۆژ دە گرێتەوە، لەبەر چاوی سوور هەڵگراوی ڕۆژ هەر هاژەی دەێ و خۆبێرە و بەوێدا دەکوتێ. فرسەخ فرسەخ، لەم بەر و ئەوبەری ئەو چۆمە کە بە حاڵ دەبزوێ، ئەو دەشتی کاکی بە کاکی دەبینی، ڕەنگ هەڵبروسکاوی، پرلە لاو لاوی سپی کە هەر یەکەی بە قەرا شەپیوورێک دەبن. گوڵی لاولاو لەو بێدەنگییەدا، هەناسەیەک بەگوێی یەکتریدا هەڵدە کێشن و ملی درێژ و نالەباریان بەرە و ئاسمان دەکێشن و سەری نەمریان بەرەو پێش دەلەقێنن. هاشەو هووشەیەکیان لێوەدێ، بە خوای کەسی لێ حاڵی نابێ، هەروەک خوڕڕەی ئاوی بن عەرز دەچێ. هەناسەیەکیش بە گوێی یەکتریدا هەڵدە کێشن.

بەلام ناوچەی ئەم گولانە، سنووری خۆی هدیە. پێت وایە ئەو سنوورە دەبێ چ بێ؟ جەنگەڵێکی تاریک و سام گرانە سەری لە حەوێقی ئاسمانە. دارو گژ و گیای کەم بالای دارستان بێ و چان دەشنێتەوە،

---

[1] لە دەقی ئینگلیسی یەکەیدا دەڵێ: دەڵێی زەعفەرانە. ناعیلاج بووم بیکەمە گێنۆکە باری هەستیاری و عاتیفییەکەی بە باشی بگوێزمەوە سەر زمانی کوردی. (وەرگێڕ).

دەڵێی ئاوی چۆمی هیبریدە شەپۆلان دەدا. بێ ئەوەی بایەک هەڵیکردبێتێ لە ئاسمان، پیرەداری سەروە هەوران کە خوا ئیزانێ چەندەیان دیوە سوورِی دوران، ڕادەژێن بێ وچان، تا ئاخر زەمان، بەم شاندا بوە شاندا، قرچەیان دێ و خشەیان دێ. لە لوتکەی هەر دارێ، دڵۆپ دڵۆپ ئاونگ دێتە خوارێ، ئەو ئاونگەش هەتا هەتایە دوایی نایە. لە بن هەر دارێ، گوڵی سەیر سەیری ژەهراویی ڕواوە کە هەر یەکەی وەک گیشک خۆی ویکهێناوە و وەنەوزێکی بێ حسانەوە چاوی پێ لەسەر یەک داناوە. هەوری کوڵکنی چڵکن بە گرمەگەرم و ڕمبەڕمب، هەتاهە تایە هەر بەپرتاو بەرەو ڕۆژاوا دەکشێن هەتا بەسەریە کدا دەپەستوێن، ئەبنە تانە لەسەر چاوی دەم و چاوی پر تین و تاوی قەراغی ئاسمان. کەچی لەو ئاسمانە بەرینە تەنیا شنە بایەک، نایە لە هیچ لایەگ. گوێی چۆمی زەئیر، هیچ کات و سات نە بیدەنگە نە مات.

"شەو بوو و دایدا باران. چ دەباری، ئاو؟ نا، خوێناو. ڕاوەستابووم لەناو گۆلاوێ، لەناو پۆلی لاولاوێ، کەوتبوومە بەر بارانی خوێناو، نە گیانم مابوو نە سەروچاو. گوڵی لاولاو، نەیاندە کرد گفتوگۆ، هەناسەیەک بوو هەڵیاندەکێشا پڕ لە بۆسۆ، لەبەر دڵتە نگی پر لە شان و شکۆ.

لە پڕ، لە پشت تۆڕی ناحەزی تەپ و مژەوە، دەم و چاوی سوور هەڵگەڕاوی مانگ دەرکەوت. لە قەراغ چۆم، بە چاوی خۆم دیم گاشە بەردێ،لەشی ڕەنگ خۆڵەمێشی، تیشکی مانگ ڕووناکی کردبووە پاش و پێشی، گاشە بەردەیەکی ئێسک گرانی قەپەی قوون پانی سەر لە حەویقی ئاسمان بوو. چاوم کەوت بە نێو چاوی، دیتم نووسراوەی لە بەرد هەڵکەندراوی. بەرەو قەراغی ئاوم نا هەنگاوێ، هاتمە دەرێ لە گۆلاوێ، گوتم دەشقەم لەو نووسراوەی سەر دەربێنم. دیتم لە خۆڕا

سەری خۆ دێشێنم، بە خوای ناتوانم چی لێ هەڵکرێنم. ڕووم کردەوە نێو گۆلاو، لە پڕ مانگم دی ئەوەندەی دی سوور هەڵگەڕاو. ئاوڕم داوە دیسان، گاشە بەردەم داوە بەر سیلەی چاوان، نووسراوەکەم بۆ چۆوە سەر یەک بە تەواوی، ئەدی نووسرا بوو: دڵتەنگی و داماوی.

ڕوانیمە لای تەپڵە سەری گاشە بەردە. کابرایەکم دیت ڕاوەستا بوو لەو جێگا بەرزە. لە نێو لاولاوندا خۆم حاشار دا، گوتم تۆ خوا کەی بزانم ئەو کابرایە چ دەکا. کابرا، باڵا بەرزێکی وێچووی ڕەنگ پیاو، سەرتا پا بەرگی ڕۆمیەکانی زەمانی زووی کردبووە بەر. دەم و چاویم زۆر باش لێ دیار نەبوو، بەڵام چاو و برۆ، دەم و کەپۆ وەک چ دەچوو، وەک ئی خواکانی زەمانی زوو. شەو دایماڵی لەبەر بەرگی ڕەشی، مانگ ئاوا بوو . نەدیو بوو ڕووی گەشی، تەپ و مژ ڕەوی لە سەر زەوی، ئاونگ ئاسەواری نەما، ئەمجار بە جوانی دەرکەوت دەم و چاوی کابرا. برۆی پڕ شان و شکۆی نیشانەی بیرێکی بە تەم بوو، چاوی دەریای پڕ شەپۆلی خەم بوو. خوێندمەوە خەت و شوێنی گۆنای، چیرۆکی مرۆیەکی خەمباری لە بەر شەر بێزاری دڵ پڕ ئازار بوو و ببووە سەوداسەری شەیدایی تەنیایی.

کابرا دانیشتبوو لە سەر گاشە بەردی، نابوویە سەر دەستی سەری سەوداسەری، ئەمدی نیگای ئاوێتەی دڵتەنگی لە ڕادەبەدەری. نیگای نیشتنەوە لە سەر دار و گژ و گیای کەم باڵای بێ وچانی دارستان، پاشان هەڵکشا بە باڵای پیرە داری وا دیبوویان چەندە سووری دەوران، پاشان باڵی گرت بەرەو ئاسمانی گوێ پڕ لە لە خشە و چپەی بێوەستانی و ئاخری چوو نیشتەوە لە سەر مانگی وا سوور هەڵگەڕا بوو ڕوومەت و نێو چاوانی. من خۆم حاشار دابوو لە نێوی گوڵی لاولاوان، کابرا و کرداریم دابووە بەر سیلەی چاوان. هەڵدەلەرزی کابرا

لە بەر تەنیایی خۆی، هاودەمی وی تەنیا شەو بوو ئەویش لێیدا ڕۆی، کەچی ئەوا کابرا هەروا بۆخۆی دانیشتبوو لە سەر گاشە بەردە.

نیگای کابرا لە ئاسمانڕا بەرەو سەرێ داکشا و بە سەر چۆمی زەئیردا کشا. ئەویش چ چۆمێ، ماڵی بە قوڕ نەگیرێ پیاو دڵی لێ دەگیرێ. نیگای کابرا بە سەر ئەو چۆمە زەردەدا دەخشێ، چۆم چ چۆمێ، پیاو بێزی لێ هەڵدەستێ. نیگای کابرا بە لاولاوی ڕەنگ بڕووسکاوی ناو ئاودا دێ. کابرا گوێی شل کرد بۆ هەناسەی لاولاو و بۆ هاشە و هووشەیان. من خۆم حاشار دابوو لە ناو گوڵی لاولاوان، کابرا و کرداریم دابووە بەر سیلەی چاوان. هەڵدەلەرزی کابرا لە بەر تەنیایی خۆی. هاودەمی وی تەنیا شەو بوو ئەویش لێیدا ڕۆی، کەچی ئەوە کابرا هەروا بۆ خۆی دانیشتبوو لە سەر گاشە بەردە.

پاشان بەرەو گوێی گۆلاو سەرم پێوەنا، دوور ڕۆیشتم، دوور دوور، دام لە ئاو، ئەملام لاولاو، ئەولام لاولاو، هەرام کرد لە ئەسپی ئاوێ، خۆیان وەردابوو لە قوڕاوێ، لە گوێی گۆلاوێ. ئەسپی ئاوی بە عام، گوێیان بوو لە هەرام. هاتە بن ئەو گاشە بردە، ئەو جانەوەرە زەلامەی وا هی زەمانی زووە و لە تەوڕاتیشدا نێوی هاتووە. لەبەر تیشکی مانگ،گوڕاندی پربە دەشت و چیا، کێ نەترسە لە دەنگی دەتەرسا. من خۆم حاشار دابوو لە ناو گوڵی لاولاوان، کابرا و کرداریم دابووە بەر سیلەی چاوان. کابرا هەڵدەلەرزی لەبەر تنیایی خۆی، هاوادەمی ویی تەنیا شەو بوو، ئەویش لێی دا ڕۆی، کەچی ئەوە کابرا هەروا بۆ خۆی دانیشتبوو لە سەر گاشە بەردە.

پاشان بەر بوومە تووک و نزا، لە خاک و ئاو و ئاگر و با، ئەویش چ تووکێ لەهەر کەسی بکەم پرووزەی با دەیبا. لە ئاسمانی پاک، هەڵمکردە بایەکی خۆفناک. کردمە قیامەتێ، کردمە تۆفانێ، کە وێنەی

نەبووە و نەکەس دەیزانێ. ڕقی سروشتم بە جارێ هەستاند، ئاسمانی شینم ڕەش داگیرساند. بارانە وەک قامچی دەست شێتان، بەربووە سەروچاوی کابرای بەستزمان. ئاوی چۆم هات لەو لاوە. کەفی دەچەند دەتگوت لۆکە ڕقی هەستاوە. لاولاوی بەستزمان، دەیان زریکاند لە تاوان. دارستان بە دەست باران و باوە، دەتگوت قووتووە تێک قوپاوە. هەور دای لە چەخماخە و گرماندی، پڕیدا گاشە بەردە لە بنەخەوە بزواندی. من خۆم حاشار دابوو لە نێو گوڵی لاولاوان، کابرا و کرداریم دابووە بەر سیلەی چاوان. کابرا هەڵدەلەرزی لەبەر تەنیایی خۆی، هاودەمی وی تەنیا شەو بوو ئەویش لێیدا ڕۆی، کەچی ئەوا کابرا هەروا بۆ خۆی بۆی دانشتبوو لەسەر گاشە بەردە.

پاشان لە دین بووم دەهری، تووک و نزایە کم کرد تاڵتر لە ژەهری. گوتم دەبێ چۆم و ئاو وێرای گوڵی لاولاو، تۆفان و دارستان، ئاسمان و گرمەی هەوران و هەناسەی لاولاوان، بێدەنگ بن، لاڵ و بێ زمان . تووک و نزای من وای گرتن، دەتگوت بە جارێ مردن. وای بە سەر هات مانگی بەستزمان کە بە لارەوە لارەوەش نەتوانێ بگرێتە بەر ڕێی ئاسمان. هەوری دڕ و بێحەیا، هەر بە جارێ ڕەمبە و گرمەی نەما. هەوری دڕ و بێحەیا، ئیدی نەیوێرا چەخماخە لێدا. هەور کەوت لە هەڵس و کەوت، دەتگوت ئاشە ئاوی کەوت. ئاوی چۆم چۆوە دۆخەکەی خۆی، ئیدی نە بەملادا ڕۆی، نە بەولادا ڕۆی. داری دارستان، ڕاوەستان لە ڕاژان. گۆڵی لاولاو چیدی هەڵینە کێشا هەناسە، من گوتم هەناسە بەسە. من گوتم ئیتر وست بەسە هاشە و هووشە. لەو بیابانەی بێ سنووری هەزار بە هەزارێ، سرپە و سریوە بڕا بە جارێ. ڕوانیمە نووسراوەی سەر گاشە بەردە. بەجارێ گۆڕا بوو. دەزانی چی نووسرابوو؟ ئائەوە: بێدەنگی.

پاشـان چـاوم کـەوت بـە نێـو چـاوی کـابرا. کـابرا وا ترسـا بـوو، بـە جـارێ ڕەنگـی بڕووسـکابوو. بـە پڕتـاو سـەری لـە سـەر دەسـتی لابـرد. هەسـتا لـە سـەر گاشـە بـەردە، هاتـە پێشـێ. گـوێی ڕاگـرت. بـەڵام لـەو بیابانەی بێسنووری هەزار بە هەزارێ، سرپە و سریوە برِا بە جارێ. لە سەر گاشە بەردە نووسرابوو: بێدەنگی. ئیتر هەر ئەو نووسراوەیە مـاو نـەگوڕا. کـابرا هەڵدەلـەرزی، لـە تـاوا ڕووی کـردە ئـەولاوە. پاشـان وەک تێسکەی تفەنگ بۆی دەرچوو، نەمزانی چی لێهات، بۆ کوێ چوو.

ئەو کتێبانـەی موغـەکان، چیرۆکـی خـۆش خـۆشـی تێدان، کەلیمەیـەک کەس ناتوانێ لێیان بکا زیاد و کەم، جاری واشە ئەبنە مایـەی پەژارە و غـەم. لـەو کتێبانـەدا، بەسـەرهاتی پڕ شـان و شـکۆی ئـەرز و ئاسـمان و دەریـای بـە توانـای تێدا نووسـراوە. باسـی ئـەو جندۆکانەشـیان تێدا کـە دەریـا و ئـەرز و ئاسـمانیان لەبـەر حـوکم دایـە. قسـەی نەسـتەقی ئـەو ئەستێرەناسانەی وا بە حوکمی تەلعایە، دەزانن بەشەر چی بە سـەر دێ و چی بە سەر نایە، زۆر بابەتی خۆش خۆشی تێدایە. ئەو گەڵایانەی کـە چـاوی پیـاو کـاری نـەدەکرد لـە خـەت و هێڵیـان و بـە دەوری سـەری دۆدۆنادا دەشەکانەوە. بەسەرهاتی زۆر زۆر پیرۆزی زەمانی زووی بۆ بـاس دەکـردی ئەگـەر دڵـی بـداتێ. بـەڵام خـوڵا دەزانـێ، ئـەو چیرۆکـەی شـەیتان لەو کاتەیدا لـە بـن سێبەری بـەردە قەبرەکەیدا بۆی گێڕامـەوە، چم پێدەڵێی پێم بڵێن، بـەڵام مـن بۆخـۆم لـە هـەرچی حیکایـەتی دونیایـەم پێ خۆشترە! شـەیتان چیرۆکەکەی تەواو کـردو چـۆوە نێو قەبرەکـەی و لە قاقای پێکەنینی دا. بەڵام ماڵتە مـن دەنگـی پێکـەنینم نـەهات و شـەیتان تووک و نزایەی لێ کردم چونکێ وێڕای وی پێنەکەنیبووم. دڕندەیـەکی کێوی کە هەتا هەتایە، مـەنزڵی لـەو قەبرەدایـە، هاتـە دەرێ و لەبـەر پێـی شـەیتان بۆی وەرکەوت و بە ئیشتیا چاوی بڕیە نێو چاوانی.

# میوان:

ئاڵبرِ کامۆ

مامۆستای فێرگەکە چاوی لێبوو دوو پیاو بەرەولای ئەم هەڵدەگەڕێن. یەکیان سواری ئەسپ بوو، ئەوی دی پیادە بوو. هێشتا لەو هەورازە ڕژدەی کە ئەچووە سەر مەدرەسەی بان گردەکە، تێنەپەڕیبوون. بە چەرمەسەرێ دەهاتنە بەرەوە. لەبەر بەفر و بەردی سەر تەلانەکە لاقیان هەڵنەدەهاتەوە. ئەسپەکە، جارجار سەرسمی دەدا! مامۆستاکە بێ ئەوەی هێشتا دەنگی ئەمانەی هاتبێتە گوێ، هوڵمی کونە لووتی ئەسپەکەی دەدی. هەر نەبێ، یەکێ لە پیاوەکان لە شوێنەکە شارەزا بوو. بە شوێنی ڕێگاکەدا دەهاتن با ئەوەی بەفرێکی چڵکن چەند ڕۆژێ بوو کوێری کردبۆوە. مامۆستا لێکی داوە کە ئەمانە دووای نیو ساعات دەگەنە سەر گردەکە. هەواکەی سار بوو، خۆی کردەوە بە ناو مەدرەسەکەدا بلووزێ بکاتە بەر.

بە کلاسە چۆڵ و سارد و سڕەکەدا تێپەڕی. سێ ڕۆژ بوو چوار چەمی فەرانسە، هەریەکی بە گەچی لە ڕەنگی، لەسەر تابلۆی کلاسەکە کێشرابوونەوە و بەرەو دەریا ئەچوون. لە ناوەراستی ئوکتوبردا، پاش هەشت مانگ وشکی و بێ بارانی لە ناکاو بەفرێک بێ ئەوەی لە پێشدا باران بارییێ، بە سەر زەوی وشکدا بارییبوو. ئەوەش وایکردبوو کە هەر بیست قوتابییەکەی گوندە پڕش و بڵاوەکانی سەر ئەم فەلاتە، نەیەنەوە مەدرەسە. ئەگەر هەواکەی خۆش بکردایە، ئەمانیش دەهاتنەوە.

داروو[1]، مامۆستای فێرگەکە هەر تاقە ئەو دیوەی وا تیا دەژیا گەرمی دادێنا.وەتاغەکە بە پەنای کلاسەکەوە بوو و بەرەو ڕۆژهەڵات دەیڕوانی‌یە سەر فلاتەکە. پەنجەرەی دیوەکە، وێڕای پەنجەرەکانی کلاس، ڕوویەکیشیان لە باشوور بوو. کاتێ ساو بوایە، پیاو زنجیرەی ئەرخەوانی چیاکانی کە شیو و دۆڵیان دەچۆوە سەر بیابانەکە دەدی.

داروو، بڕێ گەرمی هاتەوە و چۆوە لای هەمان پەنجەرەکە وا لە پشتی‌ڕا یەکەمجار چاوی بە دوو پیاوەکە کەوتبوو. دیار نەبوون، دیار بوو کە لە هەورازەکە تێ‌پەڕیون. ئاسمان هێندە ڕوو گرژ نەبوو، چونکێ هەر شەوێ بەفرەکە لێی کردبۆوە. بەیانی ڕۆشناییەکی بۆر و چڵکن وڵاتی داگر گرتبوو، بەڵام بە بەرزیو

و نەوەی میچی هەورەکان هێندێک ڕووناکتر ببۆوە. لە ساعات دووی دوانیوەڕۆ دەتگوت ئەوە تازە خەریکە ڕۆژ دەبێتەوە، دیسان لە چاو ئەو سێ ڕۆژەی کە بێ ئەوەی ڕووناکی بکەوێتە وڵات، بەفرێکی قورس دەباری و لەپەستا هەڵی دەکردە بایەکی توند کە دەرکە دووتاییەکەی کلاسی شەق پێکدا دەدا، هەر باش بوو. داروو لەو ماوەیەدا چەند ساعات لە سەر یەک لە دیوەکەی دەماوە و هەر ئەوەندە دەهاتە دەرکە بچێتە هەمارەکە دان بۆ مریشکەکانی ڕۆکا، یان ڕێژی بێنێ. بەختەوەرانە دوو ڕۆژ بەر لەوەی هەڵی‌کاتە ئە کرێوەیە کامیۆنی ئازووقە لە تەجید[2]ڕا یانی لە نزیکترین ئاوایی لە لای باکوورەوە هاتبوو و شتومەکی بۆ هێنابوو. چل و هەشت سەعاتی دی کامیۆنەکە دەگەڕاوە. جگە لە مانە ئەوەندەی بە دەستەوە هەبوو کە خۆ لەبەر قات و قڕی بگرێ، چونکێ دیوە چکۆلانەکەی پڕ بوو لەو تەلیسە گەنمانەی

---

[1] Daru
[2] Tadgid

کە ئیدارە لەوێی جێی هێشتبوون تا ئەم بە ناو ئەو شاگردانەدا کە بنەماڵەیان لە بەر وشکە ساڵی تووشی قاتی و قڕی هاتبوون، بڵاوی بکاتەوە. ئەوەی ڕاستی بێ هەموویان کەوتبوونە داوی قات و قڕی، چونکی هەموو هەر بێئەنوا بوون. داروو هەموو ڕۆژێ جیرەی بە منالە قوتابی‌یەکان دەدا. لێی ڕوون بوو کە لە ماوەی ئەم سێ ڕۆژ نەهاتەدا، پەکیان لە سەر جیرە کە کەوتووە. ویدەچێ ئەو دوانیمەڕۆیە باب یان برا گەورەی هەرکام لە منالەکان پەیدا بن و ئەمیش گەنمیان بداتێ. هەر ئەوەندەی ئەمان بکەوتایە تنە کاتی خەلە و خەرمان، ئیتر تەواو بوو. کەشتی پڕ لە گەنم یەک بە شوێن یەکدا لە فەڕانسە ڕا کەوتبوونە ڕێ و بەشی زۆری سەختی و نەهاتی یەکە بەسەر چووبوو. بەڵام پیاو نەداری و نەهاتی ئاوا و ئەو هەمووە شرۆڵەی کە دەتگوت مردوون لە قەبرت هێناوەنەتە دەرێ و لەبەر تاو دە خولانەوە، لە بیر نەدەچۆوە، فلاتە کە مانگ لە گەڵ مانگ وەک خەلووزی سووتاوی لێ دەهات، عەرز تۆزە تۆزە هەڵدە قرچا و جوان جوان دەسووتا و پێت بنایەتە سەر هەر بەردێ، هەڵدە پروا. پەز، بە هەزار هەزار قڕیان تێ کەوتبوو و تەنانەت لێرە و لەوێ، چەند ئادە میزادێ بێ ئەوەی کەسیان پێی بزانێ مردبوون.

ئەم کە وەک تەرکە دونیایێ لە مەدرەسە دوور کەوتووەکەی خۆیا دەژیا و بەو تۆزە پێویستی‌یەی بە دەستی‌یەوە بوو و بەو ژیانە سەختەی خۆی قانع بوو، لە چاو وەها نەدارییەک هەر ئەوەندەی کە دیوارەکان سپی بوون و تەختی خەوێکی باریک و قەفەسەیەکی ڕەنگ نەکراو و چالاوێک و جیرەی حەوتانەی ئاو و پێخۆری بوو، خۆی بە پادشای سەر تەخت دەزانی. بەڵام ئەم بەفرەش لە پڕ دەرکەی بە عالەم گرتبوو، بێ ئەوەی بارانێ بباریێ و خەڵک وریا کاتەوە، ئەم ناوچەیە

هەر وابوو، گوزەران تیٚیا دژوار بوو، جا با پیاو بە تەنیٚش نەبا، بەڵام کیٚ چی لە دەست دەهات؟ ئەمما هەرچی بیٚ دارووش لیٚرە لە دایک ببوو. لە هەر شویٚنیٚکیتر بوایە، خۆی بە دوورخراوە دەزانی.

هاتە دەریٚ و لە سەر هەیوانی بەر مەدرەسەکە ویٚستا، دوو پیاوەکە هەتا نیوەی هەورازەکە هاتبوون. داروو، پیرە پیاوە ئەسپ سوارەکەی ناسیەوە، باڵدۆکسی[١] ژاندارم بوو و ئەو هەر لە زووەوە دەیناسی. باڵدۆکسی سەری گوریسیٚکی پیٚ بوو. عەرەبە، سەری بەردابۆوە. ژاندارمەکە بە ئیشارەی دەست سڵاوی لە داروکردو ئەمیش جوابی نەداوە چونکیٚ هۆشی بە جاریٚ چووبووە سەر کابرا عەرەبەکە، جبەی شینی کاڵەوەبووی لەبەر و گۆرەوی بەرگنی لە پیٚدا بوو و جووتیٚ کەوشی سەندەڵی کردبووە پیٚی و پیٚچیٚکی کورت و باریکی بە سەرەوە بوو. هەردووکیان دەهاتنە پیٚش. باڵدۆکسی جڵەوی بۆ ئەسپەکەی شل نەدەکرد هەتا عەرەبە عەزیەتی پیٚی نەگا و تاقمەکە بە ئەسپایی ئەهاتنە بەرەوە. باڵدۆکسی بە دەنگیٚکی کە هەر ئەوەندە گویٚ بیبیستیٚ، هەرای کرد: "جا وەرە بۆ تاقە سیٚ کیلۆمتر ڕیٚگا، پیاو لە (العامرە)وە سەعاتیٚکی پیٚبچیٚ!" داروو متەقی نەکرد. کورتە باڵا و چوار شانە بوو و بلووزە گەرمەکەی لەبەرابوو. چاوی تیٚوە بوو دوو پیاوەکە هاتنە سەریٚ. عەرەبەکە هەر تاقە جاریٚکیش سەری هەڵنەهیٚنا. کاتیٚ بەرەو هەیوانەکە دەهاتن، داروو گوتی: "سڵاو. وەرنە ژووریٚ، خۆتان گەرم کەنەوە." باڵدۆکسی بیٚئەوەی سەری گوریسەکە بەردا زۆر ناخۆش لە ئەسپەکە دابەزی. بە زەردەخەنەیەکی ژیٚر سمیٚڵە زبرەکەیەوە ڕوانییە مامۆستاکە. لە چاوە چکۆڵە ڕەشەکانیڕا کە لە خوار تەویٚڵە تاو بردووکەیا بە قووڵدا چووبوون و لە دمو لیٚوە چرچ و لۆچ تیٚکەوتووەکەیڕا دیار بوو پیٚاویٚکی وشیار و گورج و گۆڵە. داروو زینی ئەسپەکەی داگرت،

---

[١] Balducci

ئەسپەی بەرەو هەمارەکە برد و پاشان گەڕایەوە بۆلای دوو پیاوەکە کە لە مەدرەسەکەدا چاوەڕوانی بوون. بەرەو هۆدەکەی ڕێنوێنی کردن و گوتی: "هەر ئێستە کلاسەکە گەرم دادێنم. لەوێ باشترمان بۆ دەگوزەرێ." کاتێ گەڕاوە هۆدەکەی، دیتی  باڵدۆکسی لەسەر تەختەخەوەکەی دانیشتووە. گوریسەکەی  لە دەست خۆی کردبۆوە و عەرەبەش لای کوورەکە هەڵترووشکابوو. دەستی هێشتا بەسرا بوو، پێچەکەی سەری بە پشتا کەوتبوو. تەماشای پەنجەرەکەی دەکرد. داروو هەوەڵێ هەر سەرنجی دابووە لێوە ئەستوورەکانی کە زەلام و لووس بوون. زۆر وەک لێوی قولە ڕەشان دهچوو. بەڵام لووتی ڕاست هەڵکەوتبوو و چاوی ڕەش و پڕ لە ڕق و تووڕەیی بوو. تومەز پێچەکەی بە پشتا کەوتبوو ناوچاوانی پڕ لە لاساری‌یەکەی دەرکەوتبوو و کاتێ ڕووی کردە داروو و چاوی لە ناوچاوی بڕی سەرتاپای دەم و چاوە تاو بردووەکەی کە لەم کاتەدا لەبەر سەرما ڕەنگی پێوە نەمابوو کە نیگایەکی ئەوەندە نەسرەوتوو و سەرکێشی تیابوو درووی ڕاچڵەکاند. مامۆستاکە گوتی: "با بچینە ئەودیو. چایەکی نەعناتان بۆ ساز دەکەم." باڵدۆکسی گوتی: "سوپاست دەکەم. جا تۆخوا سەیری ئەم کاروپیشەی من کە! کوڕە ئەوە دڵم دەتۆقێ بۆ تەقاعود." پاشان ڕووی کردە زیندانی‌یەکە و بە عەرەبی پێ‌گوت: "هەستە بزانم" عەربە هەستا و لە حاڵێکا هەردووک مەچەکی لە پێش خۆیەوە گرتبوو، بە کاوەخۆ چووە نێو کلاسەکە. **داروو** چای و کورسی‌یەکیشی هێنا. بەڵام **باڵدۆکسی** هەرکە گەیشتە پەنا هەوەڵ مێزی قوتابی‌یەکان، لە سەری دانیشت. عەرەبە هەڵترووشکابوو. پشتی بە سەکۆی کلاسەکەوە و ڕووی لە کوورەکە بوو. کوورەکە لە نێوان مێزەکە و پەنجەرەکە دابوو. **داروو** کاتێ، ئیستیکانەکەی بۆ لای بەندییەکە ڕاداشت، چاوی بە دەستە بەستراوەکانی کەوت و تیاما کە چ بکا. گوتی:

- لاموایە دەبێ دەستی بکەینەوە.

- ئەرێ، بەستنەکەی هەر لەبەر ڕێگا بوو.

**باڵدۆکسی** خۆی لە سەر مێزەکە خزاندە خوارێ کە بە پێوە ڕاوەستێ. بەڵام **داروو**، ئیستیکانە چایەکەی لەسەر عەرزەکە دانا و لە پەنا عەرەبەکەوە دانیشت. عەرەبەکە بێ ئەوەی متەقی لێبێ بە ڕەقەوە تێی هەڵڕوانی. هەر ئەوەندەی دەستیان کردەوە، مەچەکە ماسیوەکانی پێکداهێنا و ئیستیکانە چایەکەی هەڵگرت و بێوچان بەربووە قوم لێدانی ئەو تراوە کوڵاتووە.

داروو گوتی: "دەی، بۆ کوێ دەچن؟"

باڵدۆکسی سمێڵی لە چایەکەی دەرکێشا و گوتی: "هەر ڕاست بۆ ئێرە هاتووین، کوڕم."

- تۆ سەیری ئەم قوتابییە سەیرانە. شەوێش دەمێننەوە؟

- نا، من دەگەڕێمەوە بۆ "العامر". تۆش ئەم کابرایە بۆ تەنجید بنێرە. لە دایرەی پۆلیس چاوەڕوانین.

باڵدۆکسی بە بزەیەکی دۆستانەی بە عاستەمەوە چاوی بڕیبووە داروو.

مامۆستا پرسی: "چ باسە؟ ناکا گەپم پێ بدەی؟"

- نا کوڕم، ئەمە دەستوورە.

داروو بە سەرلێشێواوییەوە بێئەوەی بیەوێ ئەم پیرە پیاوە ***کۆرسی***یە بڕەنجێنێ گوتی: "دەستوور؟ خۆ من هین نیم... مەبەستم ئەوەیە کە خۆ کاری من ئەوە نییە."

- چی! ئەم قسانە چییە؟ لە کاتی شەڕا پیاو ئەبێ هەموو کارێ بکا.

- باشە، منیش ڕادەوەستم تا شەڕ ئیعلام دەکرێ!

باڵدۆکسی بەسەر گوتی: "باشە"

- باشە، بەڵام دەستوور دراوە و تۆش ئەگرێتەوە. وا دیارە شتێک دەقەومێ. دەڵێن بەو زووانە عەرەبی ئەلجزیرە بەرهەڵستی فەڕانسە دەکەن. دەوڵەت وەک شتێک دەنگی داوین.

داروو هێشتا ئەو نیگا لاسارەی لەسەر ڕوخساری بوو.

باڵدۆکسی کوتی: "کوڕم، گوێ ڕاگرە. من خۆشم دەوێی و دەبێ تۆش تێبگەی. لە العامرە تا ئێوارێ دە دوازدە کەسین کە دەبێ سەرانسەری ئەم مەڵبەندە بپارێزین. دەبێ بەلەپە بگەڕێمەوە. پێیان گوتووم ئەم کابرایە بدەمە دەست تۆ و ڕانەوەستم، بگەڕێمەوە. ئەوان ناتوانن لەوێی ڕاگرن. دێیەکەی خەریکن هەڵدەستن. ئەیانویست بیگەڕێننەوە شوێنەکەی هەوەڵی. ئەبێ سبەینێ بەر لە ڕۆژاوا بیبەی بۆ تەنجید. ناشێ بنیادەمێکی بەهێز و توانای وەک تۆ لە دوازدە کیلۆمتر ڕێ بیترسێنێ. ئەم کارەت کە کرد، ئیتر تەواوە. دەگەڕێیتەوە لای شاگردەکانت و ژیانێکی پڕ لە ئاسایشت دەبێ."

پرمە و دەنگی سمکۆڵی ئەسپەکە لە پشت دیوارەوە دەهات. داروو لە پەنجەرەڕا دەیڕوانییە دەرێ. بێگومان هەواکەی خەریک بوو ڕوونی کا. ڕۆشنایی لەسەر فلاتە بەفر گرتووەکەدا پتر دەبوو. ئەو کاتە کە بەفر بچوایەتەوە، ڕۆژ دیسان دەسەڵاتی پەیا ئەکرد و مەزرا پڕ لە کڵۆ و بەردەکانی هەڵدەقرچاند. چەند ڕۆژێ، تێدەپەڕی و ئاسمانی بێئاڵوگۆڕ، تیشکی خۆی بەسەر ئەم بیابانە پانەدا کە هیچ شتێکی پەیوەندی بە بنیادەمەوە نەبوو، بڵاو دەکردەوە.

مامۆستا ڕووی کردە باڵدۆکسی و گوتی: "باشە، لەم قسانە گەڕێین، ئەمە چی کردووە؟" و پێش ئەوەی ژاندارمەکە قسە بکا پرسی: "زمانی فەرانسە دەزانێ؟"

ــ تاقە کەلیمەیەکیشی لێ نازانێ. مانگێ بوو بۆی دەگەڕاین، حەشاریان دابوو. کوڕە مامی خۆی کوشتووە.

ـ نەیارمانە؟

ـ پێم وا نییە. بەڵام پیاو هەر ناتوانێ متمانە بکا.

ـ ئاخر لەسەر چی کوشتی؟

ـ لام وایە بە هۆی کێشەی ناو خزم و کەسەوە ئەمەی کردووە. وەک شتێ یەکیان گەنم بەوی دیکە قەرزدار بووە. پیاو چووزانێ. شتەکە بە کورتی ئەمەیە کە ئامۆزاکەی بە تەورداس کوشتووە، هەر وەکی چۆن مەڕ سەر دەبڕن، ئاوا (باڵدۆکسی دەستی ڕەپ کرد و وەک کێرد بە ملی خۆیا هێنا و ئەم کارە سەرنجی عەرەبەی ڕاکێشا و بە نیگەرانییەوە تێی هەڵڕوانی)

داروو لە پڕ ڕقی هەستا لەم پیاوە و لە هەموو ئینسانەکان بە ئیشتیای چەپەڵی‌یانەوە بۆ خراپە و دوژمنایەتی بێبڕانەوە یا خوێنخۆرییەکانیانەوە.

بەڵام کترییەکە لەسەر کوورەکە گیزەی دەهات. دیسان چای بۆ باڵدۆکسی تێ کرد و بە دوودڵییەوە چای بۆ عەرەبەش تێ کردەوە و ئەمیش وەک جارەکەی پێشوو بە ئیشتیاوە هەڵیقوڕاند. باڵی هێنابوو و جبەکەی ئاواڵە ببۆوە و مامۆستاکە سینگە کز و ماسوولکە تێکپێچراوەکانی بەدی کرد.

باڵدۆکسی گوتی: "سوپاست دەکەم ڕۆڵە. من ئەوە دەڕۆم."

هەستا بۆ لای عەرەبە چوو و پەتێکی لە گیرفانی دەرهێنا.

داروو بە ناقایلییەوە پرسی: "ئەوە چ دەکەی؟" باڵدۆکسی بە پەشۆکاوییەوە پەتەکەی پێشان دا.

ـ لێیگەڕێ.

ژاندارمەکە بە دوودڵییەوە گوتی: "ئارەزووی خۆتە. ئەسڵەحەت پێیە؟"

ـ تفەنگێکی ڕاوم هەیە.

ـ لە کوێیە؟

ـ لە چەمەدانەکەمایە.

ـ دە بیهێنە لە بن سەری خۆتی دانێ.

ـ ئاخر بۆ؟ لە چی بترسم؟

ـکوڕم ئەوە شێت بووی؟ بێتو عەرەبان هەستن، هەرکەس ڕزگاری نایە. تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتێن. ئەم ئازارە لە هەمووومانە.

ـ دەستم پێ دەکرێتەوە. ئەوەندە فریا دەکەوم، بەر لەوەی بگەنێ، بیانبینم.

باڵدۆکسی دای لە قاقای پێکەنین و لە پڕ سمێڵی، ددانە سپییەکانی شاردەوە.

ـ فریا دەکەوی؟ هەر ئەوەیە پێم گوتووی: تۆ برێک گەوجی. بۆیەشم خۆش دەوێی. کوڕەکەشم هەر وا بوو.

لەم قسانەدا بوو کە دەمانچەکەی دەرهێنا و لەسەر مێزەکەی دانا.

ـ ها، با ئەمەت پێ بێ. من لێرەوە تا "العامر" دوو ئەسڵەحەم بۆ چییە؟

دەمانچەکە لەسەر مێزە ڕەشەکە دەدرەوشاوە. کاتێ ژاندارمەکە ڕووی کردە داروو، ئەم بۆنی چەرم و بارگینی لێ کرد.

داروو لە پڕ گوتی: "گوێ بگرە باڵدۆکسی، من ڕقم لەم کارەیە و پتر لە هەموو شتێ لەم پیاوەیە. بەڵام تەحویلی نادەم. بێتو هیچ عیلاجم نەمێنێ، دەستیش دەکەمەوە. بەڵام ئەو کارە ناکەم.

ژاندارمە پیرە لەبەر دەمی چەقی و بە تووڕەییەوە چاوی تێبڕی. لەسەرخۆ گوتی: "خەریکی خۆت شێت دەکەی. کوڕە منیش ڕقم لەم کارەیە. کوا پیاو دەتوانێ بەم کارە ڕابێ کە بنیادەمێ بە گوریس ببەستیەوە، جا با ساڵ دوازدە مانگەش ئەوە کارت بێ، پیاو لەوانەیە شەرمیش دەکا، ئەرێ وەڵلاهی پیاو شەرم لەو کارە دەکا. بەڵام خۆ پیاو ناشتوانێ لێیانگەڕێ چی کەیفیان هێنا بیکەن.

داروو دیسان گوتی: "من تەحویلی هەر نادەم."

ـ کوڕە دیسان پێت دەڵێم، دەستوورە و دراوە.

ـ زۆر باشە ئەوەی پێم گوتی بۆیان بگێڕەوە. من تەحویلی هەر نادەم.

باڵدۆکسی دیار بوو بیرێکی لە شتەکە کردەوە. تەماشایەکی عەرەبە و دارووی کرد. بڕیاری خۆی دا.

ـ نا، هیچیان پێ ناڵێم. ئەگەر هەر دەشتەوێ بە قسەمان نەکەی، ئارەزووی خۆتە. من لۆمەت ناکەم. من دەستوورم پێدراوە ئەم بەندییە بدەمە دەست تۆ و دەستوورەکەشم بەجێ هێناوە. ئا دەی ئەم کاغەزەم بۆ ئیمزا کە.

ـ نایەوێ، من حاشا لەوە ناکەم کە ئەم کابرام لە تۆ وەرگرتووە.

ـ ناپیاو مەبە لەگەڵم. خۆ دەزانم تۆ ڕاستییەکەی دەڵێی، تۆ خەڵکی ئەم مەڵبەندەی و پیاویشی. بەڵام دەبێ ئیمزای کەی، قانوون وایە.

داروو کەشەوی مێزەکەی دەرکێشا و شووشەیەکی چکۆلەی چوار گۆشە کە جەوهەری بنەوشی تیابوو، جێ قەڵەمێکی سووری لە دار تاشراو کە قەڵەمی سێر ژان مازۆی تیا بوو کە بۆ خەتی جوان نووسینی لە کار دەکرد، دەرهێنا و کاغەزەکەی ئیمزا کرد. ژاندارمە کاغەزەی گەلێ بەڕێوجێ نووشتاندەوە و لە کیفە باخەڵییەکەی نا. پاشان بەرەو دەرکە کەوتە ڕێ.

داروو گوتی: "با بێم بەڕێت کەم."

باڵدۆکسی گوتی: "نا پێویست نییە دەستی حورمەتم لێ نێی. تۆ بێحورمەتیت پێ کردووم."

باڵدۆکسی تەماشای عەرەبەکەی کرد کە لە جێی خۆی چرکەی نەدەکرد. بە دڵهێشاوییەوە هەناسەیەکی بە کەپۆیدا هەڵکێشا و بەرەو دەرکە گەڕاوە. گوتی: "کوڕم، خواحافیز." ڕۆی و دەرکەی لەسەر داخرایەوە. ئەوەندەی یەک و دوو، باڵدۆکسی لە پشت پەنجەرەکەڕا وەدیار کەوت و لە چاو ون بوو. بەفر، دەنگی شەقاوەکانی کپ کردبوو. ئەسپەکە لە پشت دیوارەکەوە تەکانێکی لە خۆ دا و پۆلە مریشکەکە لە ترسان کەوتنە باڵەپڕژێ. هێندەی پێ نەچوو، باڵدۆکسی لە پشت پەنجەرەڕا دیار بوو هەوساری ئەسپەکەی گرتووە و دەیبا. بەرەو

سەرەو لێژە چکۆلەکە کەوتە ڕێ و ئاوڕی نەدایەوە و خۆی و ئەسپەکەی دوای لە چاو ون بوون. دەنگی گاشە بەردێ هاتە گوێ کە سەرەو خوار خل بۆوە. داروو بەرەو دوا شەقاوی نا و چووە لای بەندییەکە. عەرەبە لە جێی خۆی چرکەی نەدەکرد و چاویشی لە داروو هەڵنەدەگرت. داروو بە عەرەبی بە کابرای گوت: "ڕاوەستە" بەرەو دیوی نوستنەکەی کەوتە ڕێ. کاتێ لە دەرکە دەچووە دەر، بیرێکی بە مێشکدا هات چوو دەمانچەی سەر مێزەکەی هەڵگرت و خستییە گیرفانی. پاشان بێئەوەی ئاوڕ بداتەوە، گەڕاوە بۆ ژوورەکەی خۆی.

قەدەرێک لەسەر تەختەکەی ڕاکشا و ڕوانییە ئاسمان کە وردە وردە ڕووناکتر دەبوو و گوێی بۆ بێدەنگی سەر وڵات ڕاگرت. هەر ئەم بێدەنگییە بوو کە لە هەوەڵ ڕۆژەکانی پاش شەڕێ، وەک شتێک دڵتەنگی دەکرد. داوای کردبوو پۆستێکی لە شارێکی خوار ئەو گردانە وا فلاتەکەی سەرەوەی لە بیابانەکەی جیا دەکردەوە، بدەنێ یانی لەو شارە شوورە بەردە خۆکردەکان کە ڕوو بە باکوور سەوز و ڕەش و ڕوو بە باشوور چێرەیی بوون و گوڵە لاوێنتە داپۆشیبوون و ببوونە سنوورێکی هەتا هەتایی بۆ هاوینان. پۆستێکیان لە شوێنێ لە باکووری دوور، یا هەر لەسەر فلاتەکە دابوویە. هەوەڵێ تەنیایی و بێدەنگیی ناو ئەم بیابانە کە لە بری بنیادەم هەر بەردی لێ بوو، لە دڵی گران دەهات. جاری وا بوو دەتدی عەرز هەڵکەندراوە و وەک نیشانەی کشتوکاڵ دەچوو. کەچی لە ڕاستیدا بۆیە هەڵکەندرابوو کە زەوییەکە بگاتە جۆرە بەردێ کە بۆ خانوو ساز کردن دەبوو. کەوا بوو زەویان لێرە شێو دەکرد کە لە باتی خەلەوخەرمان، بەردی لێ پەیا کەن. دەتدی لە شوێنێکی تر توێژێکی ناسکی لە خۆڵی نێو بۆشایی نێوان بەردەکانیان هەڵدەکەند و بۆ باخچەی بێکەڵک و خێری لادێ لە کاریان دەکرد. هەر وڵاتەکەی وا بوو: سێ بەشی بەردە ڕووتە بوو. دەتدی شار دروست دەبن، هەڵدەدەن، بەڵام دوای بەینێ لە ناو دەچن. بنیادەمیان دەهاتە

سەر، یەکتریان خۆش دەویست یان زۆر پیس سەر و کڵاویان تێکەڵ دەبوو و ئاخرەکەی هەموو دەمردن. لەسەر ئەم بیابانە، نە بنیادەم و نە میوانەکەی نموودێکیان نەبوو، بەڵام هەروەکی دارووش دەیزانی هیچیان لەم بیابانە بەدەر لە هیچ شوێنێکی تر ژیواریان نەدەبوو.

کاتێ لەسەر تەختەکە هەستا، هیچ دەنگێ لە کلاسێڕا نەدەهات. لەوەی کە لەوانەیە عەرەبە ڕایکردبێ و ئەم تەنیا مابێتەوە و خۆشی نەزانێ چ بکا، لە خۆشیا شاگەشکە بوو، بەڵام بەندییەکە هەڵنەهاتبوو. لە بەینی کوورەکە و مێزەکەدا، بۆخۆی بۆی درێژ ببوو. چاوی بڕیبووە میچەکە. لەو حاڵەدا، لێوە ئەستوورەکانی جوان دیار بوو و بەو بۆنەیەوە ناقایل دیار بوو. داروو گوتی: "وەرە" عەرەبە هەستا و وەدووی کەوت. مامۆستاکە لە ناو دیوەکەیدا کورسییەکی لە خوار پەنجێرەکە پیشان دا. عەرەبە دانیشت. بێئەوەی چاوی لێ بترووکێنێ.

- برسیتە؟

- ئا.

داروو سفرەی بۆ دوو نەفەر ڕاخست. بە ئارد و ڕۆن هەویری گرتەوە و کردیە تیری ولە تاوەیەکەدا پانی کردەوە و لەسەر وجاخگازی دانا. لەو ماوەیەدا کولێرە دەبرژا، چووە هەمارەکە پەنیر و هێلکە و خورما و شیری خەستەوە کراوی هێنا. کولێرەکە برژا و داروو لەسەر دیواری پەنجەرەکەی دانا سارد بێتەوە. هێلکەکانی شکاندن و کردیە ئۆملێت. لە کاتی هەڵسووڕاندا دەستی وە دەمانچەی نێو گیرفانی کەوت. کاسەکەی دانا، چووە کلاس و دەمانچەکەی نا نێو کەشەوی مێزەکە. کاتێ گەڕاوە بۆ وەتاغ، شەو خەریک بوو بەسەردا دەهات.

چرای هەڵکرد و نان و پێخۆری بۆ عەرەبە دانا و گوتی: "بخۆ" عەرەبە، لەتێ کولێرەی لێ کردەوە، بە ئیشتیایەکی زۆرەوە لە دمی ئاخنی و لەپڕ دەستی ڕاگرت و پرسی:

- ئەی تۆ؟

ـ جارێ تۆ بخۆ، منیش دوایە دەخۆم.

عەرەبە لێوە ئەستوورەکانی بڕێک لێک هەڵپچڕین. نەیزانی چ بکا، پاشان ملی نا لە خواردنی کولێرەکە.

عەرەبە، لە خواردن بۆوە و تەماشای مامۆستای مەدرەسەکەی کرد و پرسی: "تۆ دادوەری؟"

ـ نا، من هەر ئەوەندەم بە دەستە کە تاکوو سبەینێ ڕاتگرم.

ـ بۆ لەگەڵ من نان دەخۆی؟

ـ چونکی برسیمە.

عەرەبە بێدەنگ بوو، داروو هەستا چووە دەرێ. لە هەمارەکە تەختە خەوێکی هێنا کە دەنووشتاوە و بە جۆرێکی لە نێوان مێزەکە و کوورەکە دانا کە لەگەڵ تەختەکەی خۆی گۆشەیەکی قایمەی پێک دێنا. داروو لە ناو یەخدانێکی گەورە کە لە گۆشەیەکی وەتاغەکە قوت کرابۆوە و کرابووە قەفەسە بۆ ڕۆژنامە، دوو پەتووی دەرهێنا و لەسەر ئەو تەختەی وا دەنووشتاوە، ڕایخستن. پاشان دەستی ڕاگرت، خۆشی نەیدەزانی چ بکا. لەسەر تەختەکەی دانیشت، ئیتر هیچ کاری نەمابوو. ناچار بوو تەماشای ئەم پیاوە بکا. جا بۆیە لێی ڕوانی و ئەیەویست دەموچاوی پڕ لە ڕق و تووڕەیی بێنێتە بەر چاو بەڵام نەیدەتوانی. هیچی لە دەم و چاویا بەدی نەدەکرد جگە لە چاوە ڕەشەکانی کە دەدرەوشانەوە و لە زاری کە لە دمی دەعبا و شتی وا دەچوو.

داروو پرسی: "لەسەر چیت کوشت؟" دەنگی ئەوەندە پڕ لە ڕق و بێزاری بوو کە عەرەبە واقی وڕ ما.

عەرەبە تەماشای دارووی کرد. چاوەکانی پڕ بوو لە پرسیارێکی پڕ لە پەژارە: "وا بزانی چم لێ دەکەن؟"

ـ پەشیمانی؟

عەرەبە لە حاست خۆی وشک بوو. چاوی لە دوور کرد.

ـ پەشیمانی؟

عەرەبە بە دەم داچەقاوی تەماشای کرد. دیار بوو سەری لەم قسانە دەرناچێ. داروو لە پەستا وەڕەزتر دەبوو. لە کاتێکدا بە ئەندامی زەلامیەوە ترنجابووە نێو دوو تەختەکەوە، شەرم و خەجاڵەتی دایگرت.

داروو بە بێتاقەتییەوە گوتی: "لەوێ ڕاکشێ. ئەوە تەختی تۆیە."

عەرەبە چرکەی نەکرد. بە درووی گوت: "شتێکم پێ بڵێ!"

مامۆستاکە تێی هەڵڕوانی.

عەرەبە پرسی: "ژاندارمەکە سبەینێ دێتەوە؟"

ـ نازانم.

ـ تۆ لە گەڵمان دێی؟

ـ نازانم. بۆ دەپرسی؟

بەندییەکە هەستا و لەسەر پەتووەکە درێژ بوو و لاقی ڕووەو پەنجەرەکە ڕاکێشا. شەوقی چراکە ڕاست لە چاوی دەدا. جا بۆیە دەستبەجێ چاوی قووچاند.

داروو لە گوێی تەختەکەی ڕاوەستابوو، پرسیارەکەی دووپاتە کردەوە: "بۆ دەپرسی؟"

عەرەبە لەبەر ڕۆشنایی لامپەکە کە بە شەوارەی خستبوو، چاوی هەڵێنا و ڕوانییە داروو و زۆری لە خۆ کرد چاو نەترووکێنێ. گوتی: "لە گەڵمان وەرە."

شەو زرینگابۆوە بەڵام داروو هێشتا خەوی لێ نەکەوتبوو. خۆی ڕووت و قووت کردبۆوە و لە جێگاکەی خزیبوو. دایمە بە ڕووتی دەخەوت. بەڵام هەر ئەوەندەی کە لە پڕ هەستی کرد کە چی لەبەرا نییە، پەشۆکا. هەستی کرد بێتو لەم حاڵەدا هەڵکوتنە سەری، دەستی پێ ناکرێتەوە. هات بەسەریا کە جلوبەرگەکانی دیسان بکاتەوە بەری. بەڵام شانێکی هەڵتەکاند و لە دڵی خۆیا گوتی: "حەح!" ئاخر خۆ مناڵەیەک نەبوو و بێتو بە پێویستی زانیبا، دوژمنی لەتوکوت دەکرد. لەسەر تەختەکەی خۆیەوە چاوی لێ بوو کە عەرەبە لەسەر گازی پشت

بۆی نوستووە و چرکە ناکا و چاوی لە بەر شەوقی زۆری چراکەدا قووچاندووە. کاتێ داروو چراکەی کوژاندەوە، تاریکی ئەتگوت شتێکی تراوە کە لە پڕ گیرسا. شەو، وردە وردە لە پەنجێرەکەدا کە ئاسمانە بێئەستێرەکە بە هێمنی تیا دەجوولاوە، بووژاوە. مامۆستا کە هێندەی پێ نەچوو چاوی بە تاریکی ڕاهات و پیاوەکەی دی کە لەبەر پێیا ڕاکشاوە. عەرەبە چرکەی نەدەکرد، بەلام وا وێدەچوو چاوی نەقووچاندبێ. شنەبایەک بە دزییەوە بە دەور و پشتی فێرگەکەدا دەهات و دەچوو. ڕەنگ بوو هەورەکانیش بڕوێنێ و ڕۆژ جارێکی دی دەرکەوێ.

شەو، بایەکە توندی کرد. مریشکەکان باڵەپڕژەیەکیان گرت و بێدەنگ بوونەوە. عەرەبە کەوتە سەر تەنیشت. پشتی لە داروو بوو. داروو پێی وا بوو کابرا دەگری. پاشان گوێی بۆ هەناسەی ئەم میوانە ڕاگرت. هەناسە هەڵکێشانی کابرای عەرەب قایمتر و ڕێکوپێکتر دەبوو. گوێی دابووە ئەو هەناسە نزیکە و کەوتبووە دەریای بیر و خەیاڵ، بێئەوەی خەوی لە چاوی کەوێ. ساڵێک بوو بە تەنیا لەم وەتاغەدا دەژیا و وەڕەز بوو لەوەی کە ئێستە کەسێکی دیکە لەگەڵیا لە دیوەکە خەوتووە. لە شتێکی دیکەش وەڕەز بوو و ئەویش جۆرە هەستێکی برایەتی داسەپاو بوو کە ئەم باشی لێ حاڵی بوو بەلام پێ نەدەهات کە لە وەها دۆخێکدا ددانی پیابنێ. ئەو بنیادەمانەی کە لە وەتاغێکدا دەژین، چ سەرباز چ بەندی، جۆرێک هەستی نامۆیی سەیر لە ناویاندا سەر هەڵدەدا. سوێند دەخۆی کە لە باتی جلوبەرگ، زرێیەکەیان تەواو بە بەژنیان دارِشتووە. ئەم بنیادەمانە سەرەڕای هەموو جیاوازییەکیان، شەوانە لە کۆمەڵی کەونارای خەودیتن و ماندووییدا، ئەیانکەنە برا. بەلام داروو خۆیەکی ڕاوەشاند، ئەم بیرانەی بە کەیف نەبوو و خەوی لە هەموو شتێ بە پێویستتر ئەزانی.

بەڵام قەدەرێکی پێچوو، عەرەبە جووڵەیەکی کرد و داروو هێشتا نەنووستبوو. زیندانییەکە جووڵاوە و بەڵام داروو چرکەی نەکرد و هەستی ڕاگرت. عەرەبە لەسەر دەست هەستا ئەویش بە شێوەیەک کە ئەتوانین بڵێین تایبەتی ئەوانەیە وا بە دەم خەوەوە دەڕۆن. هەستا و دانیشت و بێئەوەی ئاوڕ لە داروو داتەوە، مەحتەل بوو، بێئەوەی چرکە بکا دەتکوت گوێی هەڵخستووە. داروو جووڵەی نەکرد، هەر ئەوەندەی بە بیردا هات کە دەمانچەکە هێشتا لە ناو کەشەوی مێزەکەدایە. باشتر بوو دەستبەجێ، دەست بە کار بێ. بەڵام هەر وا چاوی بڕیبووە زیندانییەکە کە هەروەک جاری تر لەسەرخۆ لاقی نا سەر عەرز و بڕێک مەحتەل ما، پاشان هەستا سەر پێ. داروو خەریک بوو هەرای لێکا، کەچی هەر لەو کاتەدا عەرەبە بە شێوەیەکی ئاسایی بەڵام یەگجار بە بێدەنگی هەنگاوی دەنا. بەرەو دەرکەی کە دەچۆوە سەر هەمارەکە وەڕێ کەوت. زۆر بە ئەسپایی ئاڵقەڕێزی دەرکەکەی هەڵگرت و چووە دەرێ. دەستێکی بە درگاکەوە نا بەڵام داینەخستەوە. داروو چرکەی نەکرد. هەر ئەوەندەی بە مێشکدا هات: "خەریکە ڕادەکا، کوڕە باشتر. حەح!" بەڵام گوێشی هەڵخست. مریشکەکان باڵەپڕژەیەکیان نەبوو، کەوایە میوانە چووبووە سەر فلاتەکە. گوێی تێوەبوو کە لە دوورەوە شۆڕەی ئاو دێ. بەڵام نەیزانی چ باسە، هەتا عەرەبە گەڕایەوە و بە قەڵافەتی خۆی ناو دەرکەکەی پڕ کرد.

دەرکەی بە هێمنی پێوەداوە و بێدەنگ هاتەوە سەر جێگاکەی خۆی. داروو پشتی تێ کرد و خەوی لێکەوت. لە خەوەکەشا هەر گوێی لێ بوو کە لە دەور و پشتی مەدرەسەکە، خسپەی پێ دەهات. لە پەستا دەیگوت: "خەو دەبینم! خەو دەبینم!" لێی خەوتەوە.

کاتێ داروو خەبەری بۆوە، ئاسمان ساو بوو. هەوایەکی سارد و خاوێن لە پەنجەرە ناقایمەکەوە دەهاتە ژوورێ. عەرەبەکە خەوی پیا کەوتبوو. خۆی لە بن پەتووەکەدا گرمۆتکە کردبوو، دەمی داچەقیبوو و

بە ئیشتیا خەوی لێ کەوتبوو. بەڵام کاتێ داروو ڕایوەشاند، خوودار بوو. وەک شێت، چاوی زەق لە داروو بڕی، دەتگوت لەوە پێش هەر نەیدیوە. داروو وەها ترسێکی لە دەم و چاویا بەدی کرد کە پاشەوپاش کشاوە. گوتی: "مەترسە، خۆمم. هەستە نان بخۆ." عەرەبە سەرێکی داتەکاند و گوتی: "باشە." دەموچاوی هێمن بۆوە، بەڵام وەڕەزی و بێکەیفی تیا بەدی دەکرا.

قاوە ساز بوو. هەردووکیان لەسەر ئەو تەختە خەوەی وا دەنووشتاوە، دانیشتن و پارووە کولێرەیەکیان دەنا دەمیان و دەیانجاوی و قاوەیان بەسەردا دەکرد. پاشان داروو کابرا عەرەبەی بردە هەمارەکە و شێری ئاوەکەی پێشان دا کە دەموچاوی لێ بشوا. گەڕاوە هۆدەکەی خۆی و جێگاوبانی میوانەکەی کۆ کردەوە. جێوبانی سەر تەختە خەوەکەی خۆی ڕێکوپێک کرد و دیوەکەی هەڵوەژارد. پاشان بە کلاسدا چووە هەیوانەکە. دیتی کە بەردەکان خەریکن دەردەکەوتنەوە. لە قەراغ فلاتەکە خۆی کۆ کردەوە، تەماشای بیابانە پان و بەرینەکەی کرد. بیری لە باڵدۆکسی کردەوە. داروو، دڵی هێشاندبوو. چونکێ بە جۆرێک بەڕێی کردبوو کە دەتگوت ئیتر نایەوێ چاوی بە چاوی بکەوێتەوە. هێشتا دەنگی ماڵاوایی ژاندارمەکە لە گوێیا دەزرینگاوە بێ ئەوەی خۆی هۆیەکەی بزانێ، خۆی بە هیچ و پووچ و بێدەسەڵات زانی. لەم کاتەدا، دەنگی قۆخینی بەندییەکە لەوبەری مەدرەسەکەوە هات. داروو وەک شتێک بە نابەدڵ گوێی ڕاگرت و پاشان بە ڕق هەستاوی، خڕکە بەردێکی فڕێدا، کە بەر لەوەی بکەوێتە خوارێ و لە بەفرەکە ڕاچێ، ویزەی هات. خوێنڕێژی گەوجانەی ئەم کابرایە سەیر ڕقی هەستاندبوو. بەڵام ئەمەشی بە کارێکی بێشەڕەفانە دەزانی کە بیداتە دەست حکوومەت. هەر بە بیر لێکردنەوەکەشی بێزی هەڵدەستا. جوێنی دا بە خەڵکەکەی خۆی کە ئەم عەرەبەیان بۆ ناردووە. وە بەو کابرا عەرەبە کە وێراویە پیاو بکوژێ، بەڵام نەیتوانیوە بۆی

دەربـاز بیّ. داروو هەسـتا ملـی نـا لـە پیاسـە کـردن لەسـەر هەیوانەکـە. بیّچرکە ویّستا و پاشان گەڕاوە بۆ نێو مەدرەسەکە.

عەرەبە لاقی لەسەر عەرزە سیمانییەکەی هەمار بوو و بە دوو قامک ددانـی دەشوشـت. داروو تەماشـایەکی کـرد و گـوتی: "وەرە." ئـەو لـە پێشـەوە و زیندانییـەش بـە دوایـەوە، هاتنـەوە بـۆ نێـو دیوەکـە. داروو چاکەتی ڕاوی بەسـەر بڵووزەکەیا لەبەر کرد و کەوشـی پیاسـە کردنـی کـردە پـیّ. ڕاوەسـتا تـا کـابرا عەرەبـە پێچـی لەسـەر کـرد و کەوشـە سەندەڵەکانی کردە پێی. چوونە کلاس و مامۆستا بـە دوو قامک ڕێگـای دەرێی پێشان دا و گوتی: "بڕۆ" وەدەرکـەوت. داروو گـەڕاوە هۆدەکـەی خۆی و نان و خورمـا و شـەکری لـە بوخچەیـەک نـا. بـەر لـەوەی بچێتـە دەر، بە قەرا یەک دوو چاو تروووکان بە پەشـۆکاوی لـە پشـت مێزەکـەی کلاس وێستا. پاشـان لـە چوارچێوەی دەرکەکـە چـووە دەریّ و درگـای داخسـت. گـوتی: "دەبـێ وا بـیّ" بـەرەو ڕۆژهـەڵات کەوتـە ڕیّ، زیندانییەکەش بە شـوێنیەوە. بـەڵام وەک شـتیّ لـە نزیـک مەدرەسـەکەڕا دەنگێکی هاتە گویّ. بە شوێنکەی خۆیا گەڕاوە و دەوروبەری ماڵەکـەی پشـکنی. عەرەبـە چـاوی لـیّ دەکـرد، لـەوە نـەدەچوو لـە هـیچ حـاڵی بیّ. داروو گوتی: "با بڕۆین."

سەعاتێک ڕۆیشتن و پاشان لە پەنای لوتکەی ڕژدی بەردە ئاهـەکێک پشـوویان دا. بەفرەکـە لـە پەسـتا دەتـواوە و تینـی تاوەکـە دەتگـوت گۆلاوەکان هەڵدەلووشیّ و گورج فلاتەکەی خاوێن کـردەوە. فلاتەکـەش وردە وردە وشـک دەبـۆوە و وەک هەواکـە پڕ لـە جمووووڵ بـوو. کـاتیّ وەڕیّ کەوتنەوە، ژێر پێیان قرمەقرمی لیّ دهات. جاروبار لە پێشـیانەوە، مـەلێک لـە ئاسـمان بـە کـەیف خۆشـی دەیخوێند. داروو هـەوای خـاوێنی بەرەبـەیانی پڕ بـە سـیپەلک هەڵدەمژی. ئـەم بیابانـە بەرینـە کـە لـە ژێـر گومبـەزی شـینی ئاسـمانا زەردی ئـەکردەوە، دارووی مەسـت و کەیفخۆش دەکرد. سەعاتێکی دیکە ڕۆیشـتن، بـەرەو باشـوور داگـەڕان.

گەیشتنە بەرزاییەکی تەخت کە گاشە بەردەکانی هەموو هەڵدەوەرین. لەوێڕا، فلاتەکە بەرەو ڕۆژهەڵات سەرەو خوار دەبۆوە بۆ نێو دەشتێکی نزم کە تاک و تەرا داری لێ ڕوابوون کە گەڵاکانیان وەک دەرزی دەچوون. فلاتەکە بەرەو باشوور دەچۆوە نێو ئەو گاشە بەردانەی کە سەریان لە خۆڵ هێنابووە دەرێ و دیمەنێکی ئاڵۆز و پاڵۆزی پێک هێنابوو.

داروو تەماشایەکی هەردووک لای کرد. لە ئاسۆ، لە ئاسمان بەدەر هیچ شتێیەک دیار نەبوو. بنیادەمێکت نەدەدی. داروو ئاوڕی داوە سەر عەرەبە و بێ حەوسەلە چاوی لێ کرد. داروو بوخچەیەکی بۆ ڕاگرت و گوتی: "هانێ، ئەمە خورما و نان و شەکری تێدایە. بەشی دوو ڕۆژت دکا. هانێ ئەوە هەزار فرانکیش." عەرەبە بوخچە و پووڵەکەی وەرگرت، بەڵام دەستی لە حاستی سینگی ڕاگرت، دەتگوت نازانێ چ بکا لەو شتانەی پێی ئەدرێ. مامۆستا قامکی بۆ لای ڕۆژهەڵات ڕاداشت و گوتی: "چاو، ئەو شوێنە دەچێتەوە تەنجید. ڕێی دوو سەعاتت لەبەرە. لە تەنجید ئیدارە و پۆلیسی لێیە، چاوەڕوانتن." عەرەبە چاوی بڕیە ڕۆژهەڵات. بوخچەکە و پووڵەکەی هەروا بە سینگەوە بو. داروو ئانیشکی کابرای گرت و هێندی لە حوججەت ڕووەو باشووری سووڕاند. لە خوار بەرزاییەکی لێی ڕاوەستابوون، کوێرەڕێیەک دیار بوو. گوتی: "ئەم کوێرە ڕێیە بە ناو فلاتەکەدا دەڕوا. بە ڕۆژە ڕێیەک دەگەیە لەوەڕگەیەک و نێو کۆچەرەکان. ئەوان ڕاتدەگرن و بە پێی نەریتی خۆیان پەنات دەدەن." عەرەبە ڕووی کردە داروو و ترس لە دەم و چاوی نیشت. گوتی: "دەڵێم..." داروو سەری ڕاوەشاند و گوتی: "نا، لەسەری مەڕۆ. من ئەوە ڕۆیشتم." داروو پشتی تێکرد و دوو شەقاوی گەورەی بەرەو مەدرەسەکە نا. بە پەشۆکاوی ڕوانییە عەرەبەکە کە لە جێی خۆی وشک ببوو. کەوتە ڕێ. داروو، هەتا چەند دەقیقە هیچی نەبیست، جگە لە دەنگی شەقاوەکانی خۆی لەسەر زەوییە

ساردەکە و ئاوڕیشی نەدەداوە. بەڵام دوای بەینێ ئاوڕی داوە. عەرەبە هێشتا لەسەر تەپکەکە ڕەق ڕاوەستابوو، باڵی شۆڕ ببۆوە و تەماشای مامۆستای دەکرد. داروو هەستی کرد ئەوا شتێک خەریکە لە گەرووی دێتە سەرێ. بەڵام بە هەڵەداوان جوێنێکی دا و دەستێکی بە نیشانەی ماڵاوایی ڕاوەشاند و وەڕێ کەوتەوە. سەر گردەکە کەسی لێ نەمابوو.

داروو پەشۆکابوو. ڕۆژ لە ئاسمانا بەرز ببۆوە و خەریک بوو لەسەری دەدا. بە شوێنەکەی خۆیا گەڕاوە، هەوەڵێ بە دوودڵی پاشان بە خاترجەمی. کاتێ گەیشتەوە سەر تەپکەکە، تەواوی گیانی لە ئارەقدا خووسابوو. بە هەناسەبڕکێ لە گردەکە وەسەر کەوت و لەسەر لووتکەکەی ڕاوەستا. بەردەکانی لای باشوور لە ژێر ئاسمانی شینا قوت ببوونەوە. داروو لە پشت تەپومژێکی کەم ڕەنگەوە، بە داخ و خەفەتەوە کابرا عەرەبەی بەدی کرد کە بە ئەسپایی ڕێگای بەندیخانەی گرتبووە بەر.

مامۆستا دوا ماوەیەک لە پشت پەنجەرەی کلاسەکە ڕاوەستا و تەماشای ڕۆشنایی ڕۆژی دەکرد کە ڕووی فلاتەکەی داگرتبوو، بەڵام نەیدەدی. لە پشت وی، لەسەر تابلۆی کلاسەکە و لە ناو وێنەی ڕووبار و فەرانسەوییەکانا، بە خەتێکی شەڕەپشیلە نووسرابوو: "تۆ براکەمانت بە دەستەوە دا. شەرت بێ بیخۆی بە دەستمانەوە." داروو قەدەرێ لەمەوبەر چاوی بەم نووسراوەیە کەوتبوو چاوی بڕیە ئاسمان و فلاتەکە و ئەو زەوی و زارە ناپەیدایەی پشتیان کە دەچوونەوە قەراغ دەریا. لە نێو ئەو دیمەنە پان و بەرینەدا، ئەم دڵێکی پڕ لە ئەوینی بوو بەڵام تەنیا بوو.

# چەند گردی وەک فیلی سپی[1]:

ئێرنێست هێمینگوێی

گردەکانی لەم بەر بۆ ئەوبەری شیوی ئێبرۆ[2] درێژ ببوونەوە و سپییان دەکردەوە. لەم بەر نە سێبەرێکی لێ بوو و نە داری لێ ڕوابوو. ئیستگاکە لە نێوان دوو ڕەیلی شەمەنەفەردا بوو و کەوتبووە بەر تاو. هەربە پاڵ ئیستیگاکەوە ساختومانەکە سێبەرێکی گەرمی کردبوو و پەردەیەکیشی پێدا هەڵواسرابوو. پەردەکە بریتی بوو لە چەند لیزکە مووروووی بامبوو[3] و بە بەر دەرکەی مەیخانەکەدا هەڵواسرابوو کە نەهێڵێ مێش بێتە ژووری. پیاوە ئەمریکایی‌یەکە و کچە هاوڕێکەی لە پشت میزێکی بن کەپرێ لە دەرەوەی ساختومانەکە دانیشتبوون. هەواکەی یەکجار گەرم بوو. قەتاری تیژتێپەڕ چل دەقیقەی دیکە لە بارسێلۆنا[4]ڕا دەگەیشتێ. دوو دەقیقە لێرە ڕایدەگرت و پاشان بەرەو مادرید[5] وەڕێ دەکەوت.

کچە پرسی: "چ بخۆینەوە؟" کڵاوەکەی داگرتبوو و نابوویە سەر مێزەکە.

---

[1] ئەم چیرۆکە باسی دوو ئەویندارە. کچەکە زگی پڕە و پیاوەکە دەیەوێ ئەم زگەکەی هەڵکەنێ. بەڵام کچەکە هەستی دایکانە ئیزنی نادا منداڵی نێو زگی بکووژێ. تەماشای گردە بەفر گرتووەکان دەکا و بە پیاوەکە دەڵێ ئەم گردانە وەک فیلی سپی دەچن. (سەرنج بدەنە شەباهەتی نێوان گردێکی سپی و زگی ژنێکی زگپڕ). ئەگەرچی ئەم چیرۆکە لە باری تێکنیکەوە زۆرتر وەک ئەنیکدۆوت دەچێ، توانیویەتی لە پەنجەرەیەکی چکۆڵە لە کۆمەڵی ڕۆژاوایی پیشان دات/ وەرگێڕ

[2] Ebro

[3] Bamboo

[4] Barcelonaشارێکی ئیسپانیا

[5] Madridشارێکی ئیسپانیا

پیاوەکە گوتی: "هەواکەی یەکجار گەرمە."

ـ وەرە با بیرە بخۆینەوە.

کابرای ڕووی کردە پەردەکە و هەرای کرد: "ئادەی دوو بیرەی دۆزچێرویزا[١] بێنن."

ژنێک لەبەر دەرکەڕا لە وەڵامدا پرسی: "هی گەورە؟"

ـ ئەرێ. دوانی گەورە بێنە.

ژنەکە دوو لیوان بیرە و دوو ژێرلیوانی نمەدیی هێنا. ژێرلیوانە نمەدییەکان و لیوانەکانی لەسەر مێزەکە دانا و ڕوانییە کچەکە و پیاوەکە. کچەکە چاوی بڕیبووە زنجیرەی گردەکان کە لەبەر تیشکی تاوەکەدا سپییان دەکردەوە و زەوی و زارەکەشی وشک و قاوەیی ڕەنگ بوو.

کچە گوتی: "ئەو گردانە وەک فیلی سپی دەچن."

پیاوەکە کە بیرەی دەخواردەوە گوتی: "من قەتم فیلی سپی نەدیوە."

ـ وایە، نەتدیوە.

پیاوەکە گوتی: لەوانەشە دیبێتم، جا خۆ ئەوە نەبوو بە قسە چونکێ تۆ دەڵەی نەمدیووە، ئیتر نەمدیبێ."

کچە چاوی بڕییە پەردە مووروودارەکە. گوتی: "شتێکیان لەسەر ئەم پەردە نووسیوە، دەبێ چ بێ؟"

ـ نووسراوە "ئانیس دێل تۆرۆ[٢]" ئەمە ناوی مەشرووبێکە.

ـ نایەی لێی بخۆینەوە بزانین چۆنە؟

پیاوەکە ڕووی کردە پەردەکە و هەرای کرد: "ئادەی" ژنەکە لە بارەکە هاتە دەر.

ـ دەکاتە چوار ڕێئال[٣].

[١] Doz cerveza

[٢] Anis del toro

[٣] سکەیەکی زێو کە ساڵان لە ئیسپانیا دەچوو.

ـ دوو ئانیس دێل تۆرۆمان بۆ بێنە.
ـ ئاویشی لەگەڵ بێ؟
ـ تۆ بە ئاوەوە پێت خۆشە؟
کچە گوتی: "چووزانم. بە ئاوەوە خۆشە؟"
ـ ئەرێ بە ئاوەوە خۆشە.
ژنە دیسان پرسییەوە: "بە ئاوەوە پێتان خۆشە؟"
ـ ئا، بە ئاوەوە.
کچە گوتی: "تامی لیکۆڕ[١] دەدا." و لیوانەکەی داناوە.
ـ هەموو شتێ هەر ئەو تامە دەدا.
کچە گوتی: "ئای، هەموو شتێ تامی لیکۆڕ دەدا، بەتایبەت تەواوی ئەو شتانەی کە زۆریان چاوەڕێ بووی، بۆ وێنە ئەفسەنتین[٢]."
ـ توخوا بەسی کە.
کچە گوتی: "تۆ دەستت پێ کرد. من خۆم سەرگەرم کردبوو. کاتێکی خۆشم هەبوو."
ـ باشە وەرە با کاتێکی خۆشمان هەبێ.
ـ زۆر باشە، من دەمویست کاتێکی خۆشمان هەبێ. من گوتم ئەو کێواتنە وەک فیلی سپی دەچن. مەگەر ئەمە قسەیەکی خۆش نەبوو؟
ـ با، قسەیەکی خۆش بوو.
ـ من ویستم تامی ئەم مەشرووبە تازەیە بزانم. کارێ ئێمەش هەر ئەوەیە تەماشای شت بکەین و تامی مەشرووبی تازە بچێژین.
ـ منیش هەر لام وایە.
کچە چاوێکی لەم سەر بۆ ئەو سەر بە گردەکاندا خشاند.
گوتی: "ئەم گردانە جوانن. وەک فیلی سپی ناچن. من هەر ویستم باسی ئەو توێژە سپییە بکەم کە وا لەناو دارەکاندا."

---

[١] جۆرە مەشرووبێکە.
[٢] جۆرە مەشرووبێکە.

ـ دیسان بخۆینەوە؟

ـ ئەرێ.

بایەکی گەرم پەردەکەی لە مێزەکە خشاند. پیاوەکە گوتی: "بیرەکە سارد و خۆشە."

کچەکە گوتی: "زۆر خۆشە."

پیاوەکە گوتی: "جیگ، تەنیا عەمەلێکی زۆر هاسانی دەوێ. ئەسڵەن هەر جەڕاحیشی ناوێ."

کچە چاوی بڕیە عەرزی وا چوار لاقی مێزەکەی لەسەر بوو.

ـ جیگ، دەزانم تۆ لەبەرت گران نییە. هەر هیچ نییە. هەر ئەوەندەیە پیاو بهێڵێ هەوای تێوەچێ."

کچە متەقی نەکرد.

ـ بۆخۆم لەگەڵت دێم و هەتا عەمەلەکە تەواو دەبێ لەگەڵت دەبم. کارەکە هەر ئەوەندەیە کە جۆرێ دەکەن هەوای تێوە بچێ. ئیدی تەواو دەبێ.

ـ پاشان چی بکەین؟

ـ ئەمجار پێکەوە سەرودڵ خۆش دەبین، هەر وەک جاری جاران.

ـ بۆ تۆ وا بیر دەکەیەوە؟

ـ ئاخەر تەنیا ناڕەحەتی ئێمە لەبەر ئەوەیە. تەنیا بە بۆنەی ئەم شتەوەیە کە خەفەتبارین.

کچە چاوی بڕیە پەردە مووروودارەکە و دەستی کێشا، دوو لیزگەی گرت.

ـ کەوایە لات وایە کە پاش ئەم کارە سەرودڵ خۆش و بەختەوەر دەبین؟

ـ ئەرێ. لێم ڕوون و ئاشکرایە. هەر هیچ مەترسە. زۆر کەس دەناسم ئەو کارەیان کردووە.

کچە گوتی: "منیش زۆر کەسی وا دەناسم. پاش ئەو کارە هەموویان بەختەوەر بوون."

پیاوەکە گوتی: "زۆرباشە، ئەگەر بۆخۆت پێت خۆش نەبێ مەجبوورت ناکەم. بمزانیایە پێت خۆش نییە نەمدەگوت بیکە. بەڵام، لێم ڕوونە کە کارێکی گەلێ هاسانە."

- تۆ بۆخۆت پێت خۆشە؟

- من لام وایە باشترین کار هەر ئەوەیە. ئەگەر ڕەزات لەسەر نەبێ، مەجبوورت ناکەم.

- ئایا ئەگەر من ئەو کارە بکەم تۆ کەیف خۆش دەبی و هەموو شتێک وەک جاری جارانی لێ دێتەوە و ئەوجار منت خۆش دەوێ؟

- هەر ئێستەش خۆشم دەوێی. تۆ بۆخۆت دەزانی من خۆشم دەوێی.

- دەزانم. بەڵام ئەگەر ئەو کارە بکەم ئایا وەک جاری جاران سەرودڵ خۆش دەبین و ئەگەر بڵێم هەموو شتێک وەک فیلی سپی دەچێ، پێت خۆش دەبێ؟"

زۆرم پێ خۆش دەبێ. من ئەو قسەیەم ئێستەش پێ خۆشە. بەڵام هەر ناتوانم بیریشی لێ بکەمەوە. بۆ خۆت دەزانی کاتێ پەرۆش بم، چم لێ دێ.

- ئەگەر ئەم کارە بکەم، پەرۆش نابی؟

- پەرۆش نابم، چونکێ کارێکی گەلێک هاسانە.

- کەوایە من ئەو کارە دەکەم، چونکێ هێندەم خەمی خۆم نییە.

- مەبەستت چییە؟

- هێندەم خەمی خۆم نییە.

- بەڵام من زۆر لە خەمی تۆدام.

- وەڵڵا تۆ ڕاست دەکەی. من بۆخۆم خەمی خۆم نییە. باشە، من ئەو کارە دەکەم و ئیدی سەرودڵ خۆش دەبین.

- بێتوو بزانم ئەو هەستەت هەیە، نامەوێ وەها کارێک بکەی.

کچە هەستا و بەرەو ئەوسەری ئیستیگاکە وەڕێکەوت. لەوبەری ئیستیگاکە، لە هەر دووک قەراغی شیوی ئێمبرۆ دار و مەزراکان دیار بوون. لەوبەری چۆمەکەوە، کێوەکان لە دوورڕا دەبینران. سبێەری پەڵە هەورێک بەسەر مەزرا و چۆمەکەدا هات و ڕابرد. چۆمەکەیدی کە بە ناو دارەکاندا دەڕۆیشت.

کچە گوتی: "دەمانتوانی هەمووی ئەم شتانەمان هەبێ، ئەوسا هەموو شتێکمان دەبوو. کەچی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژێ ئەم شتەمان لای خۆ کردۆتە کێوێک."

ـ چت گوت؟

ـ گوتم دەمانتوانی هەموو شتێکمان هەبێ.

ـ دەتوانین خاوەنی هەموو شتێک بین.

ـ ناوەڵڵا ناتوانین.

ـ دەتوانین تەواوی دونیامان هەبێ.

ـ ناوەڵڵا ناتوانین.

ـ دەتوانین بۆ هەموو جێیەک بچین.

ـ ناوەڵڵا ناتوانین. دونیا چیدی بۆ ئێمە نییە.

ـ با؛ بۆ ئێمەیە.

ـ نەوەڵڵا بۆ ئێمە نییە. وەختێ لایانبرد ئیدی نابێتەوە.

ـ بەڵام خۆ لایان نەبردووە.

ـ ڕاوەستە، دەیبینی.

پیاوەکە گوتی: "بگەڕێوە بۆ بن کەپرەکە. تۆ نابێ وەها هەستێکت هەبێ.

کچەکە گوتی: "هیچ هەستێکم نییە. تەنیا هەر ئەوەندەیە کە من هەموو شتێک بە ئاشکرایی دەبینم."

ـ من نامەوێ تۆ کارێک بکەی کە پێت خۆش نییە.

کچە گوتی: "ئاخەر ئەو کارە بۆ من باشیش نییە، من ئەوە دەزانم. بیرەیەکی دی بخۆینەوە؟"

ـ زۆر باشە، بەڵام بزانە کە...

کچە گوتی: "دەزانم. ئەرێ ناکرێ چیدی لەسەری نەڕۆین؟"

لە پشت مێزەکە دانیشتن. کچە چاوی بڕییە گردەکانی لای وشکایی شیوەکەوە و پیاوەکە چاوی لە کچەکە و مێزەکە بڕی.

پیاوەکە گوتی: "دەبێ بزانی کە من نامەوێ ئەو کارە بکەی ئەگەر بۆخۆت پێت خۆش نەبێ. بە گیان و دڵ حازرم واز لەم شتە بێنم ئەگەر پێت خۆش نییە."

ـ تۆ ئەو شتەت لەبەر گران نییە؟ کوڕە ئێمە دەتوانین پێکەوە سەرودڵ خۆش بین.

ـ زۆریشم لەبەر گرانە. بەڵام من کەسم ناوێ جگە لە تۆ. هیچ کەسی دیم ناوێ. من لێم ڕوونە کە ئەو کارە زۆر هاسانە.

ـ ئای، لێت ڕوونە کە زۆر هاسانە.

ـ باشە، تۆ وا بڵێ. بەڵام من لێم ڕوونە کە زۆر هاسانە.

ـ ئەرێ شتێکم بە قسە دەکەی؟

ـ بە گیان و دڵ ئامادەم هەموو کارێکت بۆ بکەم.

ـ دەکرێ چیدی لێی نەڕێسی؟

پیاوەکە متەقی لێ بڕا، بەڵام چاوی بڕییە جانتاکانی کە بە دیواری ئیستیگاکەوە هەڵواسرابوون. هەر یەکەی کاغەزی هۆتێلێکی پێوە بوو کە ساحەبەکەی شەوانی پێشوو لێی مابۆوە.

پیاوەکە گوتی: "بەڵام من نامەوێ تۆ کاری وا بکەی. نەشکرێ لام گرینگ نییە."

کچە گوتی: "دەقیژێنم، ها."

ژنەکە بە دوو لیوان بیرەوە لە پشت پەردەکەوە هاتەدەر. لیوانەکانی لەسەر ژێر لیوانە نمەدییە تەڕەکان دانا. پیاوەکە گوتی: "قەتارەکە پێنج دەقیقەی دیکە دەگاتێ."

کچەکە پرسی: "ئەو ژنە چی گوت؟"

ـ گوتی قەتارەکە پێنج دەقیقەی دیکە دەگاتێ.

کچەکە بە نیشانەی سپاس کردن، بە بزەیەکی خۆش چاوی لە ژنەکە کرد.

پیاوەکە گوتی: "باشتر وایە جانتاکان هەڵگرم بیبەمە ئەوبەری ئیستیگاکە." کچەکە بە بزەیەکەوە لێی ڕوانی.

ـ زۆر باشە. پاشان دەگەڕێینەوە و بیرەکە تەواو دەکەین.

پیاوەکە دوو جانتای قورسی هەڵگرت و بە دەوری ئیستیگاکەدا ڕۆی تا بردنیە لای ڕەیلەکانی تر. تەماشای ڕەیلەکانی کرد، بەڵام قەتارەکەی چاو پێ نەکەوت. گەڕایەوە و بە بارەکەدا هات و لەوێ چاوەنواری قەتارەکە دەیانخواردەوە. ئانیسێکی[1] لە بارەکەدا خواردەوە و ڕوانییە خەڵکەکە. خەڵکەکەش ئاقڵانە چاوەڕوانی قەتار بوون. پیاوەکە پەردە مووروودارەکەی لادا و چووە دەرێ. کچەکە لە پشت مێزەکە دانیشتبوو و بە بزەیەکەوە ڕوانییە ئەم.

پیاوەکە پرسی: "باشتری؟"

کچە گوتی: "باشم. هیچ نییە. باشم."

---

[1] Anis

# دڵ پیسی:

ئێد والاس

مەلافەکەی لەسەر خۆی لادا و هەستا لە سەر جێیەکەی دانیشت و پێی بە شوێن سەرپێییدا بە عەرزە سارد و سڕەکەدا گێڕا. ئەوە تەلەفوونەکەش بێپسانەوە هەر زڕەی دێ.

گڵۆپەکەی داگیرساند و گووشی تەلەفوونەکەی هەڵگرت. گوتی: "دوکتور بێنسۆنم[1]."

بای نۆڤێمبر دەنگی زستانی بە گوێی ئەم خانووە سپییە چکۆلانەیە هەڵدێنا. دوکتور جلوبەرگەکەی لەبەر کرد. چووە لای مێزەکەی و بڕێک ڕوانییە سەعاتەکەی دەستی و لە دڵی خۆیا زاڵەی بوو لە دەست ئەو کارەی بۆی هاتبووە پێش.

سەعات دووی نیوەشەو. لە دڵی خۆیا ناڵاندی لە دەست ئەو وەخت و سەعاتە بێوەختە و گوتی ئاخر بۆ دەبێ منداڵ هەمیشە لە وەخت و سەعاتێکی ئاوا نالەباردا لە دایک بێ. دوو کیفی هەڵگرت: یەکیان کیفێکی چکۆلە بوو کە خەڵکی شارەکەش پێیان دەگوت کیفی حەب و دەرمان، ئەوی دی چەمەدانێکی درێژ بوو کە شتومەکی تایبەتی لە دایک بوونی منالی تیا بوو و خەڵکەکە پێیان دەگوت کیفی منال.

دوکتۆر بێنسۆن بڕێک ڕاوەستا، سیگارێکی داگیرساند و بەستە سیگارەکەی لە گیرفانی باڵتەکەی نا. هەر کە دەرکەی کردەوە ئەو با

---

[1] Benson

ساردە وەک نەشتەر ڕوومەتی هەڵدەدڕی. خۆی کۆم کردەوە و بە دالآنە ماشێنڕەوەکەدا بەرەو گاراژەکە هەڵات.

ماشێنەکەی بە چەرمەسەریێ هەڵبوو و کاتێ بە ماشێنڕەوەکەیا هێنا پێنج شەش جار ترەترِی لێ هات. بەڵام کاتێ بە خیابانی گرەسدا[1] لێی خوڕی، مۆتۆڕەکەی جوان کەوتە کار.

ژنەکەی وا بە منالەوە بوو و دوکتۆری دەچووە سەر، خانم ئۆت سۆڕلی[2] ناو بوو. دە دوازدە منالی بوو بەڵام دوکتۆر بێنسۆن پێی وا بوو ئەم ژنە قەت لە هەوا خۆشی یان بە ڕۆژدا منالی نەبووە. کاتێ لە دێ دوکتور بوو، زۆر گەنج و لاو بوو و هەر نەیدەزانی بابی، یانی "دوکتۆر بێنسۆنی پیر" ئاخر لەبەرچی پێی خۆش بوو بە هاواریانەوە بچێ، ئاخر بابی مندالەکان دوا ئەوەی ژنەکەی لە مندال دەبۆوە و دەهات دەستخۆشانە بە دوکتۆر بدا، دایمەی خودا دوو سێ مندالی بە شوێنەوە بوو.

مووچەی سۆرلی دوور بوو، جا بۆیە دوکتور هەر کە لەبەر شەوقی چرای ماشێنەکەی دیتی ئەوا کابرایەک بە قەراغ جادەکەدا دەڕوا، دڵی ڕوون بۆوە. ماشێنەکەی خاو کردەوە و دوکتۆر بێنسۆن خێرا چاوی بڕیە کابرا کە لەبەر بایەکە بە چەرمەسەرێ هەنگاوی دەنا و بەستەیەکی چکۆلانەشی لە بن باخەڵدا بوو.

دوکتۆر بێنسۆن دایە قەراغ و بە کابرای گوت وەرە سەرێ و کابراش سوار بوو.

دوکتۆر لێی پرسی: "ڕێگاکەت دوورە؟"

---

[1] Grass

[2] Ott sorely

کابرا گوتی: "بەرەو دیترۆیت[١] دەچم." کابرایەکی ڕەقەڵە بوو و چاوە ڕەشـە چکۆلـەکانی لەبـەر بایەکـە ئـاوی کردبـوو. گـوتی: "بێزەحمـەت سیگارێکم بدەری."

دوکتـۆر بێنسـۆن دوگمـەی کۆتەکـەی هـەڵگرت بـەڵام هاتـەبیری کـە سیگارەکەی لـە گیرفانی باڵتەکەی دایە. بەستە سیگارەکەی دەرهێنا و دای بە کابرا. کابراش لەو وەختەدا گیرفانی خۆی بۆ شـەمچە دەپشکنی. سـیگارەکەی داگیرسـاند و بەسـتە سـیگارەکەی بڕێـک ڕاگـرت و پاشـان گوتی: "قوربان ئیزنم دەدەی سیگارێکی کەش بۆ دوایی هـەڵگرم؟" و بێ ئەوەی مەحتەلی وەڵامی دوکتـۆر بێ، بەسـتە سیگارەکەی ڕاوەشـاند تـا سیگارێکی دیکەی لێ دەرهێنێ. دوکتـۆر هەسـتی کـرد ئـەوا ئـەم کابرایـە دەست بۆ گیرفانی ئەم دێنێ.

کابرای نابووتەڵە کوتی: "بەستە سیگارەکە دەخەمە گیرفانت قوربان."

دوکتــۆر بێنســۆن خێــرا دەســتی هێنــا خــواری ســیگارەکانی لــێ وەرگرێتــەوە، بــەڵام بڕێـک لــەوەی کـە کـابرای بـۆ خـۆی بەسـتەکەی خستبووە گیرفانی ئەم، قینی هەستا.

دوکتۆر پاش چەند دەقیقە گوتی: "کەوایە دەچی بۆ دیترۆیت."

ـ ئەی چی، دەچم بەشکم لە کارخانەیەکی ئۆتۆمبێل دروست کردن، کارم دەست کەوێ.

ـ مکانیکی؟

ـ هـەروا بڕێک. لـە دوای شـەڕەکەوە لەسـەر کامیۆنی بووم. مـانگێ لەمەوبەر دایاننام.

ـ لە شـەڕەکەدا لە ئەرتەشدا بووی؟

---

[١] Detroit

ـ ئەریَ. لە بەشی ئامبولانس بووم. ڕاست لە جەبهەی شەڕ بووم. چوار ساڵ لەسەر ئامبولانس بووم.

دوکتۆر بێنسۆن گوتی: "بەڕاستتە؟ من بۆخۆم دوکتۆرم. ناوم دوکتۆر بێنسۆنە."

پیاوەکە بە پێکەنینەوە گوتی: "گوتم خودایە ئەم ماشێنە بۆنی حەبی لیَ دیَ" و پاشان بە ماقوولییەوە گوتی: "نێوم ئێڤانسە[1]."

چەند دەقیقە بە بێدەنگی تێپەڕ بوو و کابرا لەسەر کورسییەکەی بڕێک جوولاوە و بەستەکەی دانا. کاتیَ پاڵی داوە، دوکتۆر بێنسۆن جوان سەرنجی دەموچاوی کابرای دا کە دەتگوت دەموچاوی پشیلەیە.

دوکتۆر شوێنی برینێکی قووڵی لە دەموچاوی کابرادا بەدی کرد کە هێشتا سوور بوو هەر دەتگوت جیَ برینی تازەیە. دوکتۆر دیسان کەوتەوە بیر خاتوو سۆرلی و لە سەعاتەکەی دەستی گەڕا. جوان دەستی کرد بە گیرفانیدا کەچی دیتی سەعاتە دیار نییە.

دوکتۆر دەستی زۆر بە ئەسپایی و خورد و وردی لە ژێر کورسییەکەی خۆی گێڕا تا دەستی بە بەرگە چەرمەکەی وا دایمە دەمانچەکەی تێدەخست گەیی.

دەمانچەکەی بە ئەسپایی دەرهێنا و بە تاریکی لە پەنای خۆی دانا. ماشێنەی دەستبەجیَ ڕاگرت و نووکی لوولەی دەمانچەکەی لە سەر قەبرغەی کابرا ڕاگرت.

بە تووڕەییەوە گوتی: "یاڵڵا سەعاتەکە بخەوە گیرفانم."

ئێڤانس لە ترسا یەک بەخۆی هەڵبەزییەوە و دەستبەجیَ هەردووک دەستی هەڵێنا و گوتی: "ئەی داد و بێداد، قوربان من پێم وا بوو..."

---

[1] Evans

دوکتۆر لوولەی دەمانچەکەی لەسەر کەلەکەی کابرا داگرت و بە وەڕەزییەوە گوتی: "سەعاتەکە بخەوە گیرفانم با ئەو دەمانچەیە ئاگر نەدەم."

ئیڤانس دەستی کرد بە گیرفانی کۆتەکەی خۆیا و پاشان لە حاڵێکا دەستی دەلەرزی، سەعاتەکەی لە گیرفانی دوکتۆر خست. دوکتۆر بە دەستەکەی دیکەی سەعاتەکەی لە گیرفانی خنی. دەرکەی ماشێنی کردەوە و پاڵی لە کابراوە نا بۆ دەرێ.

بە تووڕەییەوە گوتی: "بەم شەوە وەدەر کەوتووم کە بەشکوو گیانی ژنێ نەجات دەم کەچی خۆم بە تۆوە مەحتەل کرد."

دوکتۆر دەستبەجێ وەڕێ کەوتەوە و با بە هەرا و وریاوە دەرکەی ماشێنی داخست. دەمانچەکەی خستەوە نێو بەرگە چەرمەکەی ژێر کورسییەکەی و ماشێنەکەی تاو دا.

دوکتۆر دیتی ئەوەی کە بە ماشێن بە کێوەکەدا هەڵگەڕێ تا دەگاتە مووچەی سۆرلی، هێندەش وەک ئەم لێی ترسابوو، کارێکی دژوار نییە و ئۆت سۆرلی کوڕێکی گەورەی بە لەنتەرێکەوە ناردبووە سەر جادەکە تا یارمەتی ئەم بدا کە لە پردە کۆنە تەختەبەندەکەی کە دەچووە سەر ماڵە لادێییەکەیان، بپەڕێتەوە.

وا دیار بوو خاتوو سۆرلی ئەوەندەی منداڵ ببوو کە بۆ وەختی وا لە کڵ دەرهاتبوو. ئەم مناڵەی بێدەردی سەر بوو و ئیتر دوکتور پێویستی بەمە نەبوو کەرەسەی نێو کیفە درێژەکە دەرێنێ.

بەڵام دوکتور پاش ئەوەی لە کارەکە بۆوە سیگارێکی دەرهێنا و دانیشت ملی نا لە کێشانی.

بە ئۆتی گوت: "ئەمشەو کە دەهاتم بۆ ئێرە، کابرایەکم سواری ماشێنەکەم کرد کەچی خەریک بوو دزیم لێ بکا." و کاتێ ئەم قسانەی

دەکرد، بڕێکیش لەخۆبایی ببوو، پاشان گوتی: "سەعاتەکەمی هەڵگرتبوو. بەڵام کاتێ لوولەی دەمانچەکەم لەسەر کەلەکی ڕاگرت، دامیەوە."

ئۆت کە ئەم نەقڵە خۆشەی لە دوکتۆر بێنسۆنی لاو بیست، زۆر بە ئیشتیاوە بزە گرتی.

ئۆت گوتی: "وەڵا پێم خۆش بوو پێی دایەوە. بێتوو سەعاتەکەی نەدابایەوە، خۆ ئێمە نەماندەزانی منداڵەکە لە سەعاتی چەند لە دایک بووە. دوکتور گیان ئەرێ کەنگێ لە دایک بوو؟"

دوکتۆر بێنسۆن سەعاتەکەی لە گیرفانی دەرهێنا. گوتی: "مناڵەکە نیو سەعات دەبێ لە دایک بووە. بەڵام کورە تۆ تماشا..." و بەرەو لامپای سەر مێزەکە چوو.

بە سەرسووڕمانەوە ڕوانییە سەعاتەکەی دەستی. شووشەکەی درزی دابوو. سەری سەعاتەکە شکابوو. سەعاتەی بە دیوەکەی دیکەدا هەڵگێڕاوە و لە لامپاکەی بردە پێش. بە خەتێکی کۆنی سواو لێی نوسرابوو:

"پێشکەش بە سەربازی ساکار ئێڤانس لە بەشی ئامبولانس کە غیرەت و ئازایەتییەکەی لە شەوی سێهەمی نوامبری ١٩٤٣، لە جەبهەی لای ئیتالیا گیانمانی لە مەترسی نەجات دا. لە لایەن پەرستارەکانەوە: نێسبیت[١]، جۆنز[٢]، وین گیت[٣]."

---

[١] Nesbitt

[٢] Jones

[٣] Wingate

# دووشوو:

گی دۆ مۆپاسان

پلیکانە گەورەکەی کلووبەکە دەتکوت نێو گوڵخانەیەکی گەرمە، جا بۆیە بارۆن مۆردیان کاتێک دەهاتە خوارێ باڵتەکەی کە بەرەکەی خەز بوو، کردەوە. بەڵام هەر ئەوەندە لە دەرکەکە چووە دەرێ، سەرمایەکی توند هەتا سەر ئێسکان کاری لێکرد و ئەمە ناهومێدی لە ناخیا پتر کرد. لە پەستا لەو دیوانەی قوماریان لێ دەکرد پووڵی دۆڕاندبوو. جگە لەمە، بەینێکیش بوو ئەوەی دەیخوارد لە سەر دڵی خڕ دەبۆوە. ئەوەی ئیشتیای بیبردایە بۆی نەدەخورا.

خەریک بوو بەرەو ماڵ بێتەوە کە بیری دیوە زەلام و ڕووت و قووتەکەی و نۆکەرەکەی کە لە پێشخانە خەوتبوو، گیزەگیزی ئاوی سەر وجاغ گازی وەتاغی بەردەستان و تەختە خەوە زەلامەکەی کە بە قەد جێگاوبانی مەرگ کۆن و پەژارەهێن بوو، لە نەکاو تەزوویەکی ساردیان بە گیانیدا هێنا کە لە سەرمای مێشکتەزێنی دەرەوە ساردتر بوو.

چەند ساڵێک بوو هەستی تەنیایی تەپی دەدا سەر دڵی. ئەم هەستە جاروبار ڕوو دەکاتە پیرە کوڕە ڕەبەنەکان. جاران بەگوڕ و هەڵسووڕاو و دڵخۆش بوو. بە ڕۆژ وەرزشی دەکرد و بە شەو ڕایدەبوارد. ئێستە هەر دەهات و وەڕەزتر دەبوو، ئیتر دڵی بە هیچ شتێ نەدەکرایەوە. وەرزش ماندووی دەکرد. شێو و تەنانەت نەهاریش ناڕەحەتی دەرکرد. ئەوەندەی کە جاران کەیفی لە ژنان بوو ئێستە لێیان وەڕەز بوو.

هەموو شەوێکی وەک یەک وا بوو. ئاخر چی دەدی؟ هەر ئەو هاوالانەی هەمیشەیی کە لە شوێنێکا، واتە لە کلووبەکەدا کۆ دەبوونەوە،

هەر ئەو بنیادەمانە کە پۆل پۆل پێکەوە قوماریان دەکرد و دەیانبردەوە یا دەیاندۆڕاند. هەر ئەو بنیادەمانەی کە چەند قسەی خۆشیان کردبووە بنێشتە خۆشە. هەر ئەو گاڵتە و گەپە هەمیشەییە دەربارەی چەند شتی دیاری کراو، هەر ئەو بەیت و باوانە کە باسی ئابڕوو چوونی چەند ژن بوون. ئەم شتانە بە تێکڕایی هێندەیان وەڕەز دەکرد کە جاری وا بوو بە سەریدا دەهات خۆی بکووژێ. ئیتر وازی لە سەر ئەم ژیانە بێئاڵوگۆڕ و بێمەبەست و ئاساییە نەمابوو، ئەویش ژیانێکی ئاوا بێبایەخ و سەرسەری و خەفەتبار. بێئەوەی خۆی هۆیەکەی بزانێ، لەوانە بوو دڵی دەرێ بۆ ژیانێکی پڕ لە هێمنی و حەسانەوە.

ئەوەی ڕاستی بێ بیری ژن هێنانی بە مێشکدا نەدەهات. لە خۆی ڕانەدەدی خۆی تووشی ژیانێکی پڕ لە خەفەت و پەژارە بکا. واتە ژیانی کۆیلەتی ژن و مێردایەتی، وەها ژیانێکی بە جووت قۆڵی کە ئەوەندە خوێن تاڵە کە هەر کامێکیان کەلیمەیەک قسە بکا ئەوی دی لەو سەری دێتەوە و هەر بیر و بڕوا و داخوازییەک بە مێشکی یەکیاندا بێ ئەوی دی دەستبەجێ لێی حاڵییە. بارۆن مۆریان پێی وا بوو ژن تەنیا زەمانێک بۆ سەرنجدان و خۆ پێوە ماندوو کردن دەبێ کە نەتناسیوە و هێشتا لەبەر چاوت ئادەمیزادێکی نەناسراوی پڕ ڕەمز و ڕازە و پیاو لە ئاکاریدا گێژە و حەیرانە. جا بۆیە ئەوەی ئەم لێی دەگەڕا ژیانێکی ژن و مێردایەتی بوو کە جەور و جەفای تێدا نەبێ و تەنیا بەشێک لە وەختی خۆی تێدا ڕابوێرێ. دیسان بیری کوڕەکەی مێشکی بە خۆوە خەریک کرد.

ساڵەکەی پێشوو دایمە بیری لە کوڕەکەی کردبۆوە و ڕۆژ بە ڕۆژ لەوانە بوو گیانی بۆ دیتن و ئاشنا بوون لەگەڵ کوڕەکەی دەرچێ. ڕووداوەکە لە سەردەمی لاوەتی ئەمدا لە دۆخێکی ئەفسووناوی و ئەوین و دڵداریدا ڕووی دابوو. منداڵەکەی ناردبۆوە باشووری فەرانسە و لە نزیک "مارسی"ی بەخێو کرابوو بێ ئەوەی ناوی باوکی بزانێ.

بـابی لـە کـاتی منـداڵی و دەرس خوێنـدن و کارەکـانی پـاش خوێنـدن، خەرجی کێشابوو تا ئەو کاتەی کە کوڕە وەسڵەتێکی باشی کردبوو و خـۆی گرتبـوو. قازییـەکی بـڕوا پێکـراو ببـووە واسـیتەیان بـێ ئـەوەی نهێنییەکە بدرکێنێ.

جا بۆیە مۆردیان هـەر ئەوەندەی دەزانـی کە لـە مارسێی منداڵێکی هەیــە کــە وریایــە و باشــی خوێنــدووە و لەگــەڵ کچــی مێعمــار و نەخشەکێشـێک زەماوەنـدی کـردووە و پیشـەی خـەزووری ڕەچـاو کردووە. دەشیانکوت پووڵێکی باش پەیدا دەکا.

کەوتە سەری، ئەرێ بۆ نەچێ و کوڕە نەدیتەکەی ببینێ و بێئـەوەی خۆی ئاشکرا کا جوان لێی ورد بێتەوە و بزانی هەیاران بۆ ئەوەی دەبێ ڕۆژی تەنگانە پەنای بۆ بەرێ؟

مۆردیان هەر بە لێشاو پووڵی بۆ خەرج کردبوو و هەموو شتێکی بە دەست بڵاوی دابوویە و ئەمانە بە مـەمنوونی لـە مۆردیـان وەردەگیران. جا بۆیە ئەم دڵنیا بوو کە کوڕەکەی بە خۆ بـەزل زانینێکی گەوجانـەوە لەگەڵی ناجووڵێتـەوە. بیری سـەفەر بـۆ باشـوور وای لـە کەللـەدابوو کە ئارام و قەراری لێ هەڵگرتبوو هەر کە دەکەوتە بیر ئەو ماڵە دڵخۆش و ئاسوودەیەی قەراغ دەریا کە بووکە جحێڵ و دڵڕفێنەکەی و نـەوەکانی تێـدا بــەدی دەکـرد کـە وێـڕای کوڕەکـەی بــە پێشـوازییەوە دەهــاتن، هەستێکی زگ بـەخۆ سـووتان سـەیر لـە ناخیـا دەبـزووت و هـانی دەدا. تـەواوی ئەوانـە دڵدارییـە کـورت و بەختەوەرانەکـەی کـاتی لاوی وەبیـر دێناوە. داخی دەهـات لـەو دڵاوایـیـەی جارانی، ئاخـەر مۆردیـان یارمـەتی ئەو لاوەی دابوو کـە تـەرەقی بکـا بـەڵام نەیهێشـتبوو خـاوخێزانی کـوڕە، ئەم (یانی مۆردیان بەگ) بە وەلیـنێعمەتی خۆ بزانن.

بە دەم ڕێگاوە، ئـەم فکرانـە بـە مێشـکیدا دەهـات. سـەری کردبـوو بـە نێو یەخەی باڵتۆ خەزەکەیدا. بڕیاری خۆی دابوو. دەستبەجێ دەست بـە کـار بـوو. ماشـێنێکی گـرت پێـی چـووە مـاڵێ. بـە نۆکـەرە لـە خـەو

ڕاپەڕیوەکەی کە بۆ درگا کردنەوە هەستابوو، گوت: "لوئی سبەی شەو بەرەو مارسی وەڕێ دەکەوین. لەوانەیە دوو حەوتوو لەوێ بین. بارگە و بنەی سەفەر بە تەواوی تێک نێ."

قەتارەکە بە قەراغە خیزەڵانییەکانی چۆمی "ڕۆن" و بە سەر دەشتە زەرد هەڵگەڕاوەکان و بە ناو دێیە خۆرگرەکاندا تیژ تێدەپەڕی. لەم وڵاتە کێوە خەفەتهێنەرەکان لە دووررا دیارن کە بە ئاڵقە هاتوونەوە.

بارۆن مۆریان شەو لە جێوبانی قەتارەکەدا نوستبوو و ئێستەش خەبەری ببۆوە و بە وەڕەزییەوە لە ئاوێنە چکۆڵەکەی نێو چەمەدانەکەیدا تەماشای خۆی دەکرد. لەبەر شەوقی خۆشی بەیانی باشووردا چەند گنج و لۆچی لە دەموچاوییا بەدی کرد کە جاران نەیدەدین و ئەمەش نیشانەی پیری بوو کە لە نێو ئاپارتمانە تاریکەکانی پاریسدا پێی نەزانیبوو. تەماشای گۆشەی چاوەکانی و پێلووە چرچ و لۆچاوییەکانی و لاجانگ و نێوچاوانە بێتووکەکەی خۆی کرد و بە خۆی کوت: "هەی هاوار لە من، خۆ هەر ئەوە نییە ڕەنگم بە ڕووەوە نەمابێ، کوڕە بە جارێ پەکم کەوتووە!"

دەستبەجێ تاسەی ژیانێکی هێمنانەی کرد و بۆ یەکەمین جار تامەزرۆیی دەکرد کە نەوەکانی لەسەر کۆشی دانێ.

درۆشکەیەکی لە مارسیی بەکرێ گرت و لە سەعات نزیک بە یەکی دوانیوەڕۆ، لەبەر ماڵێکا ویستا کە لەبەر سپێتی، چاوی بە شەوارە دەخست و ئەمە هەر لەو ماڵە ئاساییانە بوو کە لە باشووری فەڕانسە دروست دەکرا. ماڵەکە لەو سەری خیابانێک بوو کە ئەمبەر و ئەوبەری چناریان لێ چەقاندبوو. کاتێ بە قەراغی خیابانەکەدا دەڕۆیی، لە خۆشیا گەش ببۆوە و بە خۆی گوت: "بە خوای خۆشە!"

لەپڕ مناڵێکی پێنج شەش ساڵانە لە پشت بنچکێکڕا وەدەرکەوت و لەبەر دەمی درۆشکەکەدا چەقی و چاوی زەق بڕیبووە میوانەکە. مۆردیان لێی چووە پێشەوە و کوتی: "دوانیمەڕۆت باش، کوڕم!"

منداڵە، متەقی نەکرد.

پاشان مۆردیان وێستا و هەڵیهێنا کە ماچی کا، بەڵام لەبەربۆگەنی سیر داینـاوە. لەبن لچڕا کوتی: "حەح! بێ توو نەبێ کوڕی باخەوانەکەیە!" و بەرەو ماڵەکە کەوتە ڕێ.

لەبەر دەرگە تەنافێ ڕایەڵ کرابوو و کراس و دەسرە و هەولە و ڕووپۆش و مەلافەیان پێدا هەڵواسیبوو و چی وای نەمابوو وشکەوە بن. گۆرەوی شۆراو، ڕەدیف لەسەر ڕەدیف بە بەنەوە هەڵواسرابوون، بە جارێ بەر پەنجەرەکەیان گرتبوو دەتگوت جەللە سۆسیسن لەبەر دەرکەی قەسابی گۆشت بەراز هەڵواسراون.

بارۆن مۆریان بانگی کرد پێشخزمەتێ هاتە دەر. لە سەر و وەزعی پیس و شپرێوی‌ڕا و بەوەدا کە قژە سەری قولقول بە دەموچاویا هاتبۆوە، دیار بوو ڕاست خەڵکی باشووری فەرانسەیە. دامەنەکەی پڵینگ پڵینگاوی ببوو، بەڵام هێشتا دیار بوو کە دەستکردێکە کە بە کەیفی لادێییان نەخشاوە و بنیادەمی وە بیر حەفتەبازاڕی لادێ و یان جلوبەرگی دەست چەرچی دەخستەوە.

مۆردیان بەگ لێی پرسی: "ئاغای دووشوو لە ماڵە؟"

پێشخزمەتەکە دووپاتەی کردەوە: "کارت بە ئاغای دووشووە؟"

ـ بەڵێ

ـ ها لە وەتاغ، نەخشە دەکێشێتەوە.

ـ پێی بڵێ ئاغای مێرلەن دەیەوێ چاوی پێت بکەوێ.

پێشخزمەتەکە بەسەر سووڕمانەوە وەڵامی داوە: "ببوورە! فەرموو وەرە ژوورێ ئەگەر کارت پێیەتی." و پاشان هەرای کرد:

ـ ئاغای دووشوو، میوانت بۆ هاتووە!"

مۆردیان چووە دیوێکی زەلامەوە، تاریک بوو، چونکی کڕکڕەکان تا نیوە دادرابوونەوە. بە جۆرێک هەستی بەوە کرد کە دیوەکە پیس و شپرێوە.

پیاوێکی قوڵەی توکی سەر هەڵوەریو لە پشت مێزێکی شپڕێو وێستابوو، لەسەر کاغەزێکی زەلام خەتی دەکێشاوە. دەستی هەڵگرت و هاتە بەرەوە.

لە جلیسقە ئاواڵەکەی و شارواڵە فشەکەی و قۆڵە هەڵماڵراوەکانیڕا دیار بوو هەواکەی گەرمە. لە کەوشە قوڕاوییەکانیشیڕا وەدەردەکەوت کە چەند ڕۆژ لەمەوبەر باران باریوە.

بە زاراوەی باشووری فەرانسە پرسی:

ـ قوروان فەرموو من ئێستە شانازی ئاشنابوون لەتەک کام مەزنما پەیا کردگە...؟

ـ من ئاغای مێرلەنم. هاتووم بۆ پەیا کردنی پەڵە زەوییەک بۆ ماڵ دروست کردن پرست پێ بکەم!

ـ قوربان لە خزمەتت دام!

پاشان ڕووی کردە ژنەکەی کە لە دیوە تاریکەکەدا شتێکی بە دەستەوە بوو دەیچنی و گوتی:

ـ ژۆزێفین، دا یەکێ لە سەنەڵییەکان خاوێن کەرەو.

مۆردیان ژنێکی لاوی دی کە نیشانەی بە ساڵاچوویی لێ وەدەرکەوتبوو. ژنانی بیست و پێنج ساڵەی شارە چکۆڵەکان وایان لێ بەسەر دێ، چونکی بەخۆ ڕاناگەن و پاک و خاوێنی ڕاناگرن. لە ڕاستیدا ژن بە زەبری تەواوی ئەو مشوور خواردنانەی کە خۆ جوان کردن بەشێکیەتی، هەتا تەمەنی پەنجا بە ڕواڵەت جحێڵ و دڵڕفێن ئەمێنێ. دەسماڵێک بەم‌لاولای شانیدا شۆڕ ببۆوە و قژی سەری زۆر پڕ و ڕەش بوو، بەڵام بە شێوەیەکی پنکەڵانە هەڵیدابۆوە، لەوە دەچوو قژی هێندەی شانە بە خۆوە نەدیبێ. بە دەستە زبرەکانی بەرگێکی منداڵانە و چەقۆیەک و هەودایە بەن و گوڵدانێکی خاڵی و دەورییەکی چەوری لەسەر سەندەڵییەک لابرد و بردی بۆ میوانەکە لە سەری دانیشێ.

مۆردیـان دانیشـت و دیتـی کـە ئـەو مێـزەی وا دووشـوو لـە پشـتی وێستاوە، جگـە لـە کتێب و کاغـەزەکانی دوو کـاهووی تـازە لێکـراوە و کاسـەیەک و برۆسـێکی سـەر و دەسـرەیەک و دەمانچەیـەک و چەنـد فنجانی پیسی لەسەرە.

جـەنابی مێعمـار زانـی میوانەکـە چـاوی بـەم شـتانە کـەوتووە، بـە بزەیەکـەوە کـوتی: "بمبـوورە کـە دیوەکـە کـەمێ شـپڕێوە. خـەتای منداڵەکانە." و سەندەڵییەکی هێنا پێشێ تا لەگەڵ میوانەکەی بدوێ:

ـ جەنابت پەڵە زەوییەکت لە نزیک مارسێی گەرەکە؟

مۆردیان با ئەوەی برێک لە دووشوو دوور بوو، بۆنی سیری بە لووت گەیشت. ئەم بۆنە لە خەڵکی باشووری فەرانسە هەر دێ، هەر ئەو جۆرەی کە گوڵ بۆنی خۆشی لێ دێ.

مۆردیان پرسی: "ئەرێ ئەوە کوڕی تۆ بوو وا لە بن چنارەکە دیم؟"

ـ بەڵێ، کوڕی دووهەممە.

ـ کەوایە دوو کوڕت هەیە.

دووشوو بە شانازییەکی ئاشکراوە وەڵامی داوە: "نە قوروان، سیان. ساڵێ کوڕێکمان بووگە."

مۆردیان ئەمەی بە مێشکدا هات کە بێتو ئەم منداڵانە هەر سێک ئەو بۆنەیان لێ بێ، ئەوە لە یەک گوڵخانەی شووشەییدا بەخێویان کردوون. لە پاشگری قسەکەیدا کوتی:

ـ بەڵێ، پەڵە زەوییەکی باشم دەوێ لە نزیک دەریا لە شوێنێکا کە بە تەنیا هەڵکەوتبێ...

دووشوو لە سەری ڕۆیی. دە، بیست، پەنجا، سەد پەڵە زەوی ئاوای هەبوو (بگرە پتریش). هەر یەکەی قیمەتێکی هەبوو و لەگەڵ سەلیقەی بنیادەمێک یەکی دەگرتەوە. بزەیەکی لەسەر لێوان بوو و هەژدەر هەژدەر قسەی دەکرد و سەرە خڕ و بێتووکەکەی لە خۆشیان ڕادەوەشاند.

مۆردیـان لـەم کاتـەدا ژنێکـی بچکۆلانـەی ناسـکی خوێنشـیرین و هێندێک خـەمگیني هاتـەوە بیر کە بـە تاسـەوە ئـەیگوت: "ئەوینەکـەم." و مچـڕووک بـە تـەواوی گیانیـدا دەهـات. ئـەم ژنـە سـێ مانگـان شـێت و شەیدای ئـەم ببوو، پاشـان زگی پڕ ببوو. مێردەکەی پێشـووی حاکمی موستەعمەرەیەک دەبێ. ژنەکە ترس و ناهومێدی سەری لێ شێواندبوو. خۆ دەشـارێتەوە هـەتا منداڵەکـەی دەبێ، مۆردیـان شـەوێکی لـە هاویندا هەڵیـدەگرێ و دەیبـا و دەڕوا. ئیتـر لـەو وەختـەوە نـە ژنـە ئـەم کـوڕە دەبینێتەوە و نە مۆردیان.

ژنە، سێ ساڵ دوایی لەو جێگایەی مۆردیانی لێ بوو بە نەخۆشی سیل دەمرێ. ئێستە ئەمە کوڕەکەیان بوو کە لە لای مۆردیانی باوکی دانیشتبوو و بە دەنگێکی کە وەک ئاسنەواڵە زرینگەی دەهات دەیگوت: "قوروان ئەم پەڵەیە، شتی واتان لێ هەڵناکەفێتەو..."

دیسان دەنگەکەی دی وێنەی سرپەی شنەبایەک لە گوێی مۆردیاندا دەزرینگـاوە: "ئەوینەکـەم. ئێمـە هـەرگیز لـە یـەک جیـا نابینـەوە" کـاتێ دەیڕوانییـە چـاوی شـین و خـڕی، بـەڵام بێحاڵـەتی ئـەم پیـاوە خڕیلانـە بێتامـە کـە چووبۆوە سـەر دایکی، بیری چاوە هـێمن و ئەویندارەکـەی یاری لە مێشکدا زیندوو دەبۆوە، بەڵام...

بـەڵام هـەرچی بێ ئـەم پیـاوە خڕیلانەیـە، دەقیقـە بـە دەقیقـە شـێوەی لەگـەڵ دایکیـا زۆرتـر دەبـوو. دەنگـی، ڕەفتـاری، ئیشـارەی دەسـت و دەموچاوی هـەروەک دایکی وەک شێوەی مـەیموون و بنیادەم وا بوو. بەڵام ئەو پیاوە لە خوێنی ئەو ژنە بوو. زۆر عادەتی وەک وی دەچوو، ئەگەرچی ئەو عادەتانە لەم پیاوەدا ئاڵوگۆڕیان بەسەر هاتبوو و پیاو لە حەیفیان دەماسی و ڕقی لێیان هەڵدەستا. مۆردیان لە عەزابدا بوو و لە پڕێکدا ئەو وێکچوونـە سـەیرەی دایک و کوڕ کە لـە پەسـتا پتر دەبوو، مێشکی بە خۆوە خەریک کرد و وێنەی مۆتە یان وەک پەشیمانییەکی لە دڵ گران، قەڵس و تووڕەی کرد و ئازاری دا.

بە لاڵەپەترەیی کوتی: "ک..ک... کەنگێ... پ...پ... پێکەوە ئەو پ... پەڵە زەوییە چاو لێ کەین؟"

ـ ئەگەر پێت خۆش بێ، سبەینێ.

ـ باشە، سبەینێ سەعات چەند؟

ـ سەعات یەک.

ـ زۆر باشە.

ئەو منداڵەی مۆردیان لە خیابان دیبووی، هات لەبەر دەرگاکەوە هەرای کرد: "بابە!"

کەس وڵامی نەداوە.

مۆردیان هەستا، ئەوەندەی ئیشتیا لە ڕاکردن بوو کە چەقوچۆ کەوتبووە لەشی، وشەی "بابە" کە لە زاری ئەو منداڵە هاتەدەر، وەک گوللەیەک پێکای. ئەو "بابە"یە کە بۆنی سیری لێ دەهات، ئەو "بابە" باشووریانەیە بەو کوترابوو، لەگەڵ ئەویان بوو. ئاخۆ خۆشەویستەکەی و ئەو ڕۆژانەی تێپەڕیبوون بۆن و بەرامێکی چەندە خۆشیان هەبوو!

مۆردیان کاتێ دووشوو بەڕێی دەکرد، پرسی:

ـ ئەمەماڵی خۆتە؟

ـ بەڵێ قوروان، تازەم کڕیوە شانازی پێوە ئەکەم. قوروان قسەی ڕاست من ڕۆڵەی یەغباڵم. لە کەسیشی ناشارمەو. بە سەربەرزی دەزانم کەس ئەرکی لەسەر شانم نییە. ڕۆڵەی شان و باهۆی خۆمم. ئەوەی هەمە بە ڕەنجی شانم وە دەستم هێناوە. قەرزداری خوا نەبێ قەرزداری عەبد نیم.

منداڵەکە هێشتا لەبەر دەرکە وێستابوو، دیسان هەرای کرد: "بابە!" ئەمجارە، دەنگی لە دووررا دەهات.

مۆردیان لە ترسا دەلەرزی و خۆفی لێ نیشتبوو. دەتکوت لە مەترسییەکی گەورە ڕا دەکات. لە دڵی خۆیا کوتی: "دەمناسێتەوە، ئەو

کاتە باوەشم پێدا دەکا و دەڵێ: بابە! و ماچێکم دەکا کە بۆنی سیری لێ بێ."

- قوروان سبەینێ وە خزمەت ئەگەم.

- بەڵێ، سبەینێ سەعاتی یەک.

درۆشکەکە بە خرینگە خرینگ و شەقەشەق بە جادە پیسەکەدا کەوتە ڕێ.

مۆردیان کاتێ دوو دەنگ وەک شتێ لە گوێیدا دەزرینگاوە، نەڕاندی: "کاکی درۆشکەچی، بمگەیەنە ئیستیگا" ئەو دوو دەنگە کە لە گوێیدا دەزرینگاوە یەکیان دەنگی خۆش و لەسەرەخۆ و خەمگین و دوورەوە کەوتووی ئەویندارە مردووەکەی بوو کە ئەیکوت:

- خۆشەویستەکەی خۆم.

ئەوی دی قیژەیەکی وەک دەنگی ئاسنەواڵە وا بوو کە دەیکوت: "بابە!" و پیاو ڕقی لێی هەڵدەستا. ئەو دەنگە زۆرتر وەک ئەوە دەچوو یەکێ کاتی ڕاکردنی دزێک هاوار کا: "بیگرن!"

کاتێک مۆردیان بۆ شەوی دوایی چووە کلووب، کۆنت ئیتری پێی گوت:

- سێ ڕۆژە دیار نیت. نەخۆش بووی؟

- بەڵێ، حاڵم زۆر خۆش نەبوو و جاروبار ژانەسەر دەکەم...

## ڕاوەماسی:
گی دۆ مۆپاسان

شاری پاریس دوژمن دەوری دابوو. پیاو دڵی لێی دەگیرا. خەڵک خەریک بوون لە برسان بمرن. چۆلەکەی چۆلەکەئاساییی تاق و لۆقەیەک دیار بوون. خەڵک ئەوی لە بەرد نەرمتر با، سێ و دوویان لێ نەدەکرد و دەیانخوارد.

مانگی بەفرانبار، بەیانییەکیان ساو بوو. ئاغای "مۆریسۆ" کە جارانی دوور لە ئێستای، سەعاتساز بوو بەڵام لەبەر باری نالەباری وڵات پێی لە پەیین دەدا، دڵتەنگ و برسی هەردووک دەستی لە گیرفانی شاڕواڵی نابوو و بە بلّواردا دەهات کە لەپڕ تووشی کابرایەک هات. دیتی ئای کوڕە خۆ ئەوە برادەرێکی لەمێژینەی خۆیەتی.

پێش شەڕێ، یەکشەمبانە کەڕڕەی بەیانی، مۆریسۆت دەدی کە سیم و قولاپی ماسی گرتن بە دەستەوە و چەلەنگێک بە کۆڵەوە، هێورهێور ملی ڕێگای دەگرت. بە سواری قەتار دەچووە "کۆلۆمب" و لەوێڕا بە پێیان دەچووە جەزیرەی مارانت و هەتا تاریکی بەسەردا دەهات قولاپی داویشت.

هەر لەم جەزیرەیە بوو کە تووشی ئاغای "سۆڤاژ" دێت. ئەم کابرایە دووکانێکی چکۆلەی وردەواڵەفرۆشی هەبوو لە خیابانی "نۆتردام دۆ لۆرێت". عیسانێکی مەشرەفخۆش بوو و ئەمیش مۆریسۆ ئاسایی

کوشتە و مردەی ماسی گرتن بوو. ئەم دوانە بوونە برادەری گیانی گیانی و هەر لە تولحی بەیانیڕا هەتا ئێواریٚ تاریکان، پێکەوە ڕاوەماسییان دەکرد و زۆرجار بە دەگمەن ئەگەر کەلیمەیەک قسەیان پێکەوە کردبا. دەتدی ئەوە بەهارە و وڵات بووژاوەتەوە و گەشاوەتەوە و ڕۆژی ڕووگەشی ئاسمان مردووی قەبران وە سەما دێنیٚ، ئاغای مۆریسۆ دەیگوت:

"بە خوای عەجەب هەوایەکە!" ئاغای سۆڤاژ لە وەڵامدا دەیگوت: "کەیفی دنیا لەم هەوایە دایە."

یان ئەوە دەتدی ئێوارە پایزە و ڕۆژ بەو هەمووە شان و شکۆیەوە خەریک بوو ئاوا دەبوو و بەرگی زێڕینی بە سەر گەڵای زەرد و سوور هەڵگەڕاوی داردا دەکێشا و سێبەری جۆراوجۆری لەم شان‌وشانی ئەو دوو هاواڵەوە بە سەر زەویدا دەکشاند، سۆڤاژ دەیگوت: "جا چاو ماڵتە ئەو تابلۆیەی!" مۆریسۆ وەڵامی دەداوە و دەیگوت: "کوڕە هەزار بڵواری بە قوربان بیٚ!" ئیدی زۆری لە سەر نەدەڕۆیشتن، چونکیٚ هەردووکیان جوان لێک حاڵی بوون.

دوو هاواڵی لەمێژینە چاک و چۆنییەکی گەرمیان کرد و وەک جاری جاران پێکەوە بەربوونە قەدەم لێدان و هەردووکیان کەوتبوونە دەریای خەیاڵ و بیریان لە خۆشی جاران و چەرمەسەری ئەلحان دەکردەوە. چوونە قاوەخانەیەک. هەریەکەی سەرولیوانێک ئارەقی ئەفسەنتینیان لە پێش دانان، سۆڤاژ گوتی: "کاک، قەت دەزانی ئەم وڵاتە چەندی پەند و پەتپەتی بەسەر هاتووە!" مۆریسۆ بە دڵتەنگییەوە گوتی: "ئادی، بەڵام

تۆ چاو لەو هەوایەی! ئەوە لە ماوەی ئەمساڵدا ئەوە تاقە ئەمڕۆ، هەواکەی بەکار دێ. لەبیرتە ساڵان دەچووینە ڕاوەماسی؟"

– ئەی چۆنم لەبیر نیە! کوڕە هەر دەردم مەدوێنە! ئەرێ بۆ نایەی تێهەڵچینەوە!

دووهەم ئیستکانیان فڕ هەڵدا و لە قاوەخانە وە دەرکەوتن. چونکێ بە زگی خورێن خواردبوویانەوە، سەریان لە گێژەوە دەهات. هەوای خۆش ئەوەندەی دی سۆڤاژی سەرخۆش کردبوو و ڕووی کردە مۆریسۆ و گوتی: "وەڵڵاهی دەڵێم چش لەوەی خێر ناکا، کوڕە وەرە با بچین!"

– بۆ کوێ؟

– بۆ ماسی گرتن.

– ماسی گرتنی چی! لە کوێ؟

هەر لەو شوێنەی ساڵی ساڵان، لە کۆلۆمب. سەربازی فەرانسەوی لێ نزیکن و دەزانم سەرهەنگ "دووموولەن" بەرگەمان دەداتێ.

– دەی بیسمیللا، ئەوە دەگەڵت هاتم!

سەعاتێک دوایی، هەردووکیان کەرەسەی ماسی گرتن بە باوەش و کۆڵەوە، گەیشتنە بەر ویلاکەی سەرهەنگ. ئەمیش هەرکە زانی داوخوازییەکەیان چیە، بزەیەکی هاتێ و پسوولەیەکی بۆ کردن.

سەعاتی یازدە ببوو و نەببوو، گەیشتنە لای گاردی خەتی پێشەوەی شەڕێ و پاش ئەوەی بەرگەکەیان پێشان دا و چوونە کۆلۆمب چی وایان نەمابوو بۆ شوێنی ماسی گرتنەکەی ساڵی ساڵانیان. لەو بەری ڕێگاکە "ئەرژەنتۆی" دیار بوو و دەشتە کاکی بە کاکییەکانی دەهاتنەوە

سـەر "نـانتێر"، پـاکی چۆڵوهـۆل بـوون، گـردی "ئۆرژۆمـۆن" و "سـەنوا"، فەقیرانە بە تاقی تـەنێ لـە نێو ئـەو دەشـتانەدا قـوت ببوونـەوە و شـان و شکۆیەکی لەبەرچاویان لەبۆ خۆیان پەیدا کردبوو.

سـۆڤاژ دەسـتی ڕاداشـت بـۆ لای ئـەو گردانـە و گـوتی: "تماشـا، سەربازەکانی دەوڵەتی پڕۆس لە وێندەرێن."

بابەنەڕۆ، پڕۆسییان! ئەم دوو هاواڵە لە عەمراتی خۆیـان چاویـان بـە تاقە پڕۆسییەک نەکەوتبوو. بەڵام دەیـانزانی لـە پـاریس شـەق هەڵێنیـەوە وە پڕۆسییان دەکەوێ، کەچی بە چاویش هـەر دیـار نـەبوون بـەڵام ئـەو شـارەیان نـابووە ژێـر چۆکیانـەوە. کـار و پیشـەیان هـەر ڕاووڕووت و وڵات بە قورِ گرتن و کوشت و کوشـتار بـوو. ئـەم دوو بـرادەرە، جارێ لە شەڕا لە ترسان ڕووحیان پێ نـەمابوو هـیچ، وایـان ڕق لـەم نـەدیو و نەناسیاوانەی ببوونە کەڵەگا هەستا، پێیان خۆش بوو خوێنیان بخۆنەوە.

مۆریسۆ گوتی: "باشـە ئـەوە هـات و تووشـی ئـا ئەمانـە بێین، قـوڕی کوێ بە سـەری خۆدا کەین؟"

سۆڤاژ بەو ئەخلاقە پاریسییەی خۆی بە فشـە و گاڵتـە دایـە بـەری و گوتی: "ماڵتە پێیان دەڵێین کاکی خۆم فەرموو لەگەڵمان کەون بۆ ماسـی گرتن."

کەچی لاقیان یاریکار نەبوو. خوایە بڕۆنە پێشێ، ئەدی بگەڕێنەوە بە ڕێی خۆیاندا. عاقیبەت سۆڤاژ غیرەتی وەبەر خۆی نا و گوتی:

"کوڕە وەرە ناگەڕێینەوە، لەسەر هەست دەڕۆین."

لە سەرەخۆ ملی ڕێگایـان گرتەبـەر، لـە پشـت پـەل و بنچکـان خۆیـان حاشار دەدا، بە دڵ نگەرانییەوە هەموو لایـەکیان وە بـەر سـیلەی چـاوان

دەدا و گوێیــان بــۆ هــەموو خشــە و چرپەپــەک هەڵدەخســت. تــەنیا زەوییەکی باریکی بەقەرا زۆڵەچەرمێک مابوو بگەنە چۆمەکە. بە هـەڵاتن ملیان پێوەنا. ئاخری گەیشتنە گوێی چۆمەکە و خۆیان لـە نێو بنچکان‌دا مڵاس‌دا و هەست و خوستیان لە خۆ بڕی. بەڵام دڵیان نەحەساوە.

مۆریسۆ خشـپەی لاقی هاتـەگوێ. بێهەسـت گوێی ڕاداشـت، بـەڵام چ هەسـت و خوسـتێک نـەبوو. ئـای بـە مـرادی خۆیـان گـەیبوون و کـەس نەبوو لێیان تێک دا! لەو جەزیرە چکۆلەدا ون ببوون لەبـەر چـاوان. ئـەو خانووچکەیەی ساڵان مەیخانە بوو، وادیار بوو پەپوو لێی دەخوێند. بـە دڵێکی ئەرخایەنـەوە، خۆیـان دانـا کـە ئـەوێ ڕۆژێ تێر بـە دڵـی خۆیـان ڕاوەماسی بکەن.

یەکـەم ماسـی سۆڤاژ گرتـی، مۆریسـۆش بـە دوای وی‌دا یـەکی دی گرت.

بێوچـان ماسـیان دەگـرت و لـە تۆڕەکـەی بـەردەمیان دەهاویشـت. دەتگوت دەستی غەیبیان دەگەڵـە! لـە خۆشـیان شاگەشـکە ببـوون. مـەمنا چەند مانگان هیچ شتێکی وا نەبوو وەڕەزیی خۆی پێ بەسـەر بـەرن، لـە خۆشیان هەموو شتێکیان لە بیر چوو بۆوە، کوڕە شـەڕی چـی و شـتی چی!

لەپڕ گرمەیەک پەیدا بوو و عەرز لە ژێر پێیان لەرزییەوە. تۆپخانـەی کێوی ڤەلێیغیەن کەوتبووە کار. مۆریسۆ چاوی هـەڵبڕی دیتـی دووکـەڵ وەحەوا کەوتووە. دیسان تـۆپێکی دییـان دەرکرد. ئیدی بـە شـوێن ویـدا هەر تۆپ بوو دەیانهاویشت، نە یەک، نە دوو.

سۆڤاژ شانێکی هەڵتەکاند و گوتی:

"دیسان دەستیان پێ کردەوە." مۆریسۆ کە لە زاتی خۆیدا عیسانێک بوو گێرەت لە سەر سەری کردبا قەڵس نەدەبوو، بە جارێ لە دین دەهری بوو.

"کەری کەرانباب! ئاخر بنیادەم کوشتن چ خۆشییەکی تێدا!"

– ئای قەزای دڕندەی کێوییان لێ کەوێ!

– بە خوای تا ئەو ڕۆژەی سێبەری حکوومەتانمان لە سەر سەری بێ، ڕۆژمان لەوە خۆشتر نابێ.

– دەڵێی چی، تازە ژیان وای لێهاتووە.

– ژیانی چی، فەرموو مردن!

ئەم دوو هاواڵە لە هەموو کەند و کۆسپی سیاسەت دوان و ئەوە هەر تۆپخانەش لە کێوی "ڤەلێریەن"ەوە کاری دەکرد و گیانی فەرانسەویانی دەکێشا و ژیانی لێدەکردنە ژار و ژان.

لەپڕ ئەم دوو هاواڵە لە جێی خۆیان هەر بەجارێ ئیشک بوون. جوان جوان، خشە و تەپەی لاقی بنیادەمیان هاتە گوێ. ئاوڕیان داوە، چاویان کەوت بە چوار پیاوی زەلامی یوونیفۆڕمی ڕەنگتاریک لەبەر و ڕووی تفەنگیان ڕاست کردبووە ئەمان. لە ترسان سیم و قولاپیان لە دەست بەربۆوە و ئاوی چۆم دەگەڵ خۆی ڕایدان.

قەت سیغارکێشێکی پێ نەچوو کە سەربازی پڕۆسی دەست و لاقیان شەتەک دان و بە پاڵەپەستێ لە نێو گەمییەکیان خستن و لۆتکەیان بەرەو ئەو جەزیرەی وا ئەم دوو برادەرە وایان دەزانی کەسی لێ نیە، سەوڵ دا. کاتێک گەیشتنە خانووچکەکە و دیتیان ئەوا بیست سی سەربازی پڕۆسی لە پشتیڕا دیارە، زانیان لەوە پێش خەراپی لێ

حاڵی ببوون. ئەفسەرێکی لۆزەندەری زەلامی قەپپە، جۆریک لەسەر کورسییەک دانیشتبوو کە لاقی لەم بەروبەری‌دا دانا بوو، پیپێکی بەقەرا سەلکە زوڕنایەکی پێ بوو دەیکێشا، بە زمانێکی بێگرێوگۆڵی فەرانسەوەی ئە ئاوا لەگەڵیان دوا:

"دەی، ئاغایان، هیچ ماسیتان گرت؟"

هەرکە وای گوت، سەربازێک تۆڕێکی پڕ لە ماسی لەبەر دەمی ئەفسەرە دانا. سەربازە ئەم ماسییانەی لەگەڵ خۆی گێڕا بوو کە نەکا شتێکیان لێ بێ. ئەفسەرە بزەیەکی هاتێ و گوتی:

"دەی ئاغایان، ماشەڵڵا ڕاوی چاک‌تان کردووە. بەڵام با لەو قسانەی گەڕێین بێینە سەر ئەسڵی مەتڵەب. وەک ڕۆژ ڕوونە ئێوەیان بۆ جاسووسی ناردۆتە گیانی من. بە قەستی بە نێوی ماسی گرتن هاتوون لەبەر وەی ئەمن شک نەکەم، بەڵام من هێندەش خاو نەپێچراومەوە. ئەوە مووچم گرتوون، دەستوور دەدەم بتانکەن بە قوربانی گوللەیەک. بەزەییشم پێتان‌دا دێ، بەڵام خۆ لە شەڕێدا هەڵوا نابەخشنەوە. ئێوە بە نێو گاردی خەتی پێشەوەی فەرانسەوییان‌دا هاتوون، جا بۆیە کەلیمەی ڕەمزی هێرشی سەربازی وانتان پێیە. ئەو ڕەمزەم وێدەن، ئەمن بەخێر، ئێوە بە سلامەت.

ئەو دوو برادەرە لە پەنای یەکتری ڕاوەستابوون، ڕەنگیان بە ڕوووە نەمابوو و برێکیش دەلەرزین، بەڵام متەقیان لێوە نەهات.

– بەڵێنتان دەدەمێ کەسیش بەو نهێنییە نەزانێ. ئێوە بێ قسە و باس دەچنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆتان و شتەکە وەک بەردی بن گۆم کەس

پێی نازانێ. بێتوو لاساریش بکەن، لە چاوترووکانێکدا ساردو دەکەمەوە! جا ئیدی بۆخۆتان سەرپشک بن!

ئەو دوو هاواڵە بە جارێ ببوونە مقەبا. متەقیشیان لێوە نەدەهات. ئەفسەرە پرۆسییە لەسەرەخۆ دەستی ڕاداشت بەرەو چۆمەکە و گوتی: "پێنج دەقیقەی دی، کەلاکتان لە بن ئەو گۆمەی‌دا دەبێ! دەیجا ئەوە خاو و خێزان و دۆست و برادەریش چاوەڕوانتانن".

ئەوە ئەمان هەر بێدەنگن. تۆپخانەش بێ پسانەوە کاری دەکرد. ئەفسەرە بە زمانی خۆیان دەستووری بە سەربازەکان دا و ڕووی کورسییەکەی وەرگێڕا و پشتی لە ئەسیرەکان کرد. دەستەیەک سەربازی تفەنگ بەدەست لێیان هاتنە پێشێ و تەنیا چوار پێنج هەنگاویان لێ دوور بوون و ئامادەی فەرمان بوون.

- تەنیا دەقیقەیەکتان مۆڵەت دەدەم، تاقە چرکەیەک پتر نا!

ئەفسەرە، لەپڕ لەو دوو فەرانسەوییە نزیک بۆوە و مۆریسۆی کێشا ئەولاوە و بەسرتە بە گوێی گوت: "زوو بە، کەلیمە ڕەمزەکە بڵێ. دڵنیا بە هاواڵەکەت نازانێ. ئەو دوایە وا دەزانێ من هەر لە کوشتنتان پەشیمان بوومەوە و ئەهانێ."

سۆڤاژیشی کێشا ئەولاوە و هەر ئەو شتەی پێ گوت، بەڵام ئەویش متەقی لێوە نەهات. ئەفسەرە فەرمانی دا و سەربازان تفەنگیان ڕوو بە وان گرت. لەو دەمەی‌دا مۆریسۆ چاوی بە تۆڕە پڕ لە ماسییەکە کەوت کە دووسێ هەنگاو لەولاوە تر لەسەر سەوزەڵانییەکە دانرابوو. بەو دیمەنە لەوانە بوو لەسەر خۆ بچێ. ئەوەندەی کردی ددان بە جەرگی

خۆیدا دابگرێ، نەیتوانی و چاوی پڕ بوون لە فرمێسک. ڕووی کردە هاوالّەکەی و گوتی:

- خوات لەگەڵ، بەڕێز سۆڤاژ!

- خوات لەگەڵ، بەڕێز مۆریسۆ!

ماوەی دەقیقەیەک، دەستیان لە نێو دەستی یەک نابوو، بە خۆیان نەبوو وەک مێوژمژۆکە دەلەرزین. ئەفسەر فەرمانی دا: "ئاتەش!"

دەستەی سەربازەکان وێکڕا دەستڕێژیان کرد. سۆڤاژ دەمەوڕوو درا بە عەرزدا. مۆریسۆ کەڵەگەتتر بوو، خولێکی دا و کەش و تووش بە سەر هاوالّەکەیدا درا و پشتەوقەفار کەوت و خوێن لە سینگییەوە فیچقەی دەکرد. ئەفسەرە برێکی دی دەستوور دا و پیاوەکانی ون بوون. دەستبەجێ بە گوریسێک و چەند بەردی زەلامەوە پەیدا بوونەوە. بەردیان لە لاقی تەرمەکان بەست و بە چواران بردیاننە گوێی چۆمەکە. دەست و لاقی هەرکامێکیان گرتن و ڕایانژەندن و بە هێز و قووەتی خۆیان فڕێیاندانە نێو چۆمەکەوە. کەلاکەکان تۆمەز بەردیان بە لاقەوە بوو، قورس بوون و دەستبەجێ ڕۆچوون. هەر ئەوەندە بوو، شڵپەیەک هات و ئاوەکە تۆزێک شەپۆلی ورد وردی دا و ئیدی وەک جاری جارانی ئەهوەن بۆوە. بەینەڵڵا تۆزێک خوێن بە سەر ئاوەکەوە بوو و هیچی دی. ئەفسەرە لەسەرخۆ، بەرەو خانووچکەکە هەنگاوی ناوە و لەبن لیچەوە وا دەکا:

"ئا ئەم ماسیانە، تەنانەت لە وەختێکی ئەئاواشدا، کەیفیان لەلایە."

تۆڕە پڕ ماسییەکەی وەرگرت، هەڵیهێنا و بزەیەکی هاتێ و هەرای کرد:

"ئاهای ویلهێم."

سەربازێکی یوونیفۆرمی سپی لەبەر هاتە بەرەوە. ئەفسەرە، ماسییەکانی پێدا و گوتی: "ئا دەی ئەم ماسیانە تا هێشتا دەجوولێنەوە، ببرژێنن. ژەمێکی خۆشی لێدەکەین."

دیسان چۆوە سەر کورسییەکەی و هەر وەک جاری پێشوو دانیشت و مژێکی لە پیپەکەیدا و دووکەڵەکەی کرد بە حەوادا.

# پادشا گەردانی:

گی دۆ مۆپاسان

دانیشتووانی پاریس تازە باس و خواسی نەگبەتیی "سێدان"[١]یان بیستبوو. کۆمار دامەزرابوو. تەواوی خەڵکی فەرانسە هەروەک شێت کەوتبوونە هەناسەبڕکێ و ئەو بارودۆخە تا کاتی دامەزرانی دەوڵەتی خەڵکی درێژەی هەبوو. لەم سەر بۆ ئەو سەری ئەو وڵاتە، هەرچی هەڵدەستا خۆی دەکردە سەرباز.

دەتدی ئەوە کابرای کڵاودروو، بۆتە سەرهەنگ، هیچ، ئەرکی ژێنراڵیشی وەئەستۆ گرتووە. بنیادەمت دەدیتن قەپیەی تەنگەزل، ئاغای بە ماڵم ئەوە تفەنگ بە شانەوە و خنجێری بە کالانەوە بە بەر پێشتنی سوورەوە. بەشەری ئاسایی هەر لە خۆڕایی ببوونە شەڕکەر و سەرکردەی پۆلێ بنیادەمی کە بە خواستی خۆ ببوونە سەرباز و هەرا و بگرە و بەردەیەکیان دانابوو وەرە سەیری. کابرای سەرکردەی خۆکردە هەژدەر هەژدەر جنێوی دەدا تا کاورای بندەست بزانێ کە ئەمی باڵادەست سەری لە هەوران ڕەد بووە.

ئەوانەی هەتا دوێنێ و پێرێ، سەروکاریان لەگەڵ سەنگ و تەرازوو بوو، بە بۆنەی تفەنگی شان و فیشەکدانی بەرقەدیان وایان خۆ لێ گۆڕابوو، کە پیاو زەندەقی لێیان دەچوو. ئەم بەشەرانە، هەر لە خۆڕایی بنیادەمی ئاسایی بێتاوانیان دەکوشت هەرتەنیا لەبەر ئەوەی پیشانی بدەن کە پیاو کوشتن و چۆلەکە کوشتنیان لا وەک یەک وایە. یان ئەوە دەتدی بەرەڵڵا و هەرەڵڵا بە کێڵگەی نەکێڵراوی پرۆسییەکاندا

---

١ Sedan

دەخولانەوە و ملیان دەنا لە کوشتنی سەگە بەڕەڵڵا و یان مانگای فەقیر کە بێهەست و خوست خەریکی کاوێژ کردنی خۆی بوو و یان ئەسپی نەخۆشی کە بەردرابوونە ناو لەوەڕگەوە. هەموو هەر پێی وابوو کە ئەرکی سەرشانیەتی، چەک لە شان کات. قاوەخانەی کوێرەدێیان پڕ دەبوو لە بازرگان، ئەوانیش هەر بە جلوبەرگی سەربازییەوە، دەتگوت پادگانە یان نەخۆشخانەی سەحراییە.

خەڵکی شاری کانویی[1] چەلێ هەواڵی هۆی خەڵک هرووژان سەبارەت بە هێزی سەربازی و پێتەختی فەرانسەیان بە گوێ نەگەیشتبوو. بەڵام مانگێک بوو مشتومڕی نێوان دوو حیزبی سیاسی ڕەقیب لە شارەکەدا، بە جارێ پشووی عالەمەکەی سوار کردبوو. شارەدار ویسکۆنت دۆ وارنێتۆی[2] ناو بوو. یەکی نابووتەڵەی ڕەقەڵی پیر بوو و پشتی ئیمپراتۆری بەرنەدابوو، بەتایبەت کە دەیدی هێزێکی پڕهێزی بۆ بەرەنگاریی و بەربەرەکانێ دەگەڵ وی پێکهاتووە. سەری ماریێ دووکتۆر ماساریل[3] بوو، سەرۆکی حیزبی جمهووریخوازی ناوچەکە، سەرۆکی خاوەن ڕێزی لۆژی فراماسۆنری، سەرۆکی ئەنجومەنی کشتوکاڵ و دایرەی ئاگر کووژاندنەوە و پێکهێنەری هێزی چریکی لادێ لە بۆ ڕزگاری وڵات.

لە ماوەی دوو حەوتووان شێست و سێ کەسی هان دا ببنە خوازیاری پاراستنی وڵات. ئەمانە هەموو پیاوی سێحەب ژن و منداڵ و جووتبەندە و بازرگانی کارزانی شارەکە بوون. ماساریل هەموو ڕۆژێ ڕاست لەبەر پەنجەرەی شارەداری مەشقی بەم پیاوانە دەکرد.

---

[1] Canneville
[2] Viscount de Varnetot
[3] Massarel

هەر ئەوەندەی سەر و گوێلاکی شارەدار وەدیار کەوتبا، سەرکردە ماسارێل کە هەر لە پێ تا تەوقی سەر لەبەر چەک و چۆڵ و فیشەکدان دیار نەبوو، بە فیزێکەوە بە بەردەمی سەربازەکانیدا دەهات و دەچوو و دەستووری پێدەدان یەک بە خۆیان بقیژێنن: "بژی نیشتمان!" ئەمانە لێیان حاڵی ببوو کە ویسکۆنتی بستەبالاّ هەر کە ئەم دروشمەی دەبیست دەتگوت بە شووڵ لە کەپۆی دەدەی و بێگومان هەڕەشە و بەرەبەرکانێی تێدا بەدی دەکرد و ڕەنگیش بوو وەبیر ڕۆژانی پڕژانی شۆڕشی فەرانسەی بخاتەوە.

ڕۆژی پێنجەمی مانگی سێپتامبر، دووکتۆر سەر لە بەیانی، جلی سەربازی لەبەرا و دەمانچەی لەسەر مێزی بەردەمی دانابوو، تەگبیری بۆ ژن و پیاوێکی بەساڵداچووی جووتیاری دەکرد. مێردە حەوت ساڵ بوو واریسی بوو، بەڵام ڕاوەستابوو تا ژنەکەشی تووش بێ، جا ئەو کاتی پێکەوە بچن بە یارمەتی کابرای پۆستچی هەر کە ئەمجار ڕۆژنامەی بۆ هێنان، بچن حەکیمێکی لەبۆ خۆ پەیدا کەن.

دووکتۆر ماسارێل درگای کردەوە، ڕەنگی هەڵبرووسکابوو. بە جارێ شێت و شەیدا بوو، هەر دووک دەستی بەرەو ئاسمان هەڵێنا و ڕووی کردە ژن و پیاوە لادێییەکە کە دمیان ببووە تەڵەی تەقیو، چەندی هێزی هەبوو لە خۆی نووسا و نەڕاندی: "بژی کۆمار! بژی کۆمار! بژی کۆمار!"

پاشان هات لەسەر کورسییە نەرمەکەی زرم دانیشت، لەبەر ئیحساسات لە لاق و پەل کەوتبوو.

کابرای لادێیی بۆی دەگێڕاوە دەیگوت قوربان نەخۆشییەکەم ئاوای دەست پێکرد: هەر دەتگوت بە عەمری ئەو خولایە ئەوە مێلوورە ڕێچکەیان بەستووە، بە نێو لاقمدا دێن و دەچن. دووکتۆر گوتی: "ئەرێ

دە بەسیە ماڵت شێویَ. وەڕەز بووم لەوەی هێندە سەر دەکەڵ خەڵکی گەوجۆکەی ئێوەسایی بسوومەوە. ماڵتە کۆمار دامەزراە، کۆمار! ئیمپراتۆر لە زیندان کراوە. فەرانسە ئازاد کرا! بژی کۆمار!" هەڕای کردە دەرکەکە و گوڕاندی: "سێلێست[1]! هۆی سێلێست! دا دەی وەرە، دەی!"

ژنەی کارەکەر بە پەشۆکاوی و بە هەڵەداوان خۆی لە ژووریَ کوتا. دووکتۆر هێند بە پەلە قسەی دەکرد دەتگوت بەرد بە دوای دزدا دەخا: "پۆتینەکەم، شمشێرەکەم، فیشەکدانەکەم، وانێکە... خەنجێرە ئیسپانیاییەکەم، لەسەر مێزی جلوبەرگانە. دەی نامانیَ، دەی!"

کابرای لادێیی هەر دەستبەردار نەبوو. ئەو تۆزە بێدەنگییەی دوکتۆری بە دەرفەت زانی و دەستی پێکردەوە: "هەوەڵیَ کە بە ڕێگادا دەڕۆیشتم دەمگوت داخوا دمەڵ و شتە..."

دوکتۆر جاڕز بوو، نەڕاندی بەسەریا: "ئەریَ دە ماڵت شێویَ بیبڕەوە. بۆ خاتری خودا دڵم تۆقی! تۆ ئەگەر لاق و لەترت شتبا، ئەو دەردەت پێوە نەدەنووسا." پاشان ملی کابرای گرت و مشاندی: "یانی ئەوە تۆ هەر لێت حاڵی نەبوو کە تۆ هەر ئەئێستا کەوتوویەتە ڕۆژگاری کۆمارەوە، گەمژە؟"

بەڵام دوکتۆر لەپڕێکدا حاڵی هاتەوە سەرخۆ و ژن و پیاوە پیرە سەرسوڕماوەکەی مەرەخەس کرد و پەیتا پەیتا دەیگوت: "سبەینیَ وەرنەوە، سبەینیَ بە قوربان، ئەوڕۆ تازە پێم ناکریَ."

سەر تا پای لە چەک و چۆڵ گرت و ئەوا بیَپشوو دەستووریش بە ژنە خزمەتکارەکە هەر دەدا: "هەڵیَ بچۆ بۆ لای ئاجوودان پیکار و ئاجوودانی بندەست، پۆمێل[2] و پێیان بڵیَ هەر ئەئێستا بێنە لام. بڵیَ

---

[1] Celeste

[2] Pommel

تۆرش بۆف[1]یش با بە خۆی و دەهۆڵەکەی بێ. دەی زوو کە، دەی نامانێ، دەی!" هەرکە سێلسێت ڕۆیی، ئەم بیرەکانی خۆی گردوکۆ کرد و خۆی ساز دەکرد کە کەند و کۆسپان لەسەر ڕێ لابا.

ئەو سێ کەسە وێکڕا گەیشتنێ. جلوبەرگی کاریان لەبەردابوو. سەرکردە کە چاوەڕوان بوو ئەمان بە یۆنیفۆڕمەوە ببینێ، هەرکە ئاوای دیتن بە جارێ قوشقی بوو.

گوتی: "ئێوە لە گوێی گادا نووستوون؟ ئیمپڕاتۆریان لە زیندان کردووە. کۆماریان ڕاگەیاندووە. بارودۆخی ئەمن ناسکە، ناڵێم پڕ لە مەترسییە."

لەبەر چاوی بەردەستانی سەرسوڕماوی خۆی، چەند دەقیقەیەک ڕاما و پاشان ئاوا دوا: "دەبێ دەست بە کار بین، ئەم دەست و ئەو دەست بە کار نایە. هەر دەقیقەی ئێستا بە قەرا چەند سەعاتی جاران ئەرزشی هەیە. هەموو کارێ بەستراوە بە بڕیارێکی گەورەوە. پیکار، تۆ بڕۆ قەشە بانگ کە زەنگی کلیسا لێدا با خەڵکی کۆوە بن، منیش پێشیان دەکەوم. تۆرشبۆف، تۆش دەهۆڵەکە لێدە دەبا چەکداران لە هەر چوار لاوە تەنانەت لە کوێرە دێیەکانی جیریزای[2] و سالمارەوە[3] بێن لە مەیدانی شار کۆوە بن. پۆمێل تۆش بڕۆ هەر ئەئێستا یۆنیفۆرمەکەت بکە بەر، جا ئەو کاتی وەرە، کۆت لەبەر و کڵاو لەسەر. ئێمە وێکڕا دەچین شارەداری دەگرین و ئێوەش لە ئاغای وارنتۆ داوا بکەن کە دەسەڵات بە من بسپێرێ. تێگەیشتن؟"

"بەڵێ قوربان"

---

[1] Torcheboef

[2] Girisaie

[3] Salmare

"کەوایە دەست بە کار بن و زووش وەخۆ کەون. پۆمێل من لەگەڵت دێمەوە بۆ ماڵی ئێوە، چونکی کارەکانمان پێکەوەیە."

پێنج دەقیقە دوایە جەنابی سەرکردە و ژێردەستانی، لە پێ تا تەوقی سەر غەرق لە تفەنگ و فیشەک و خەنجەر، سەر و کەللەیان لە مەیدانێ پەیدا بوو. جارێ هەر لەو کاتەشدا بوو ویسکۆنت دۆ ڤارنێتۆی نابووتەڵە، چەکمەی ڕاو لە پێدا و تفەنگ لەسەر نەڕڕەی شان، لە خیابانێکی دی سەری هەڵدا. بە تاڵووکە هەنگاوی دەنا و سێ پارێزەری کۆت سەوزیش بە دوویدا، هەرسێک کێرد بە بەرقەدەوە و تفەنگ بە شانەوە.

دوکتۆر، بڕێکیش بە سەرسوڕمانەوە مەحتەل ما. ئەو چوار کەسە چوونە ژوورەکەی شارەدار و درگایان لەسەر خۆ گاڵەدا.

دوکتۆر لەبەر خۆیەوە وا دەکا: "پێشمان پێ دەگرن. دەبێ ڕاوەستین هێزی یارمەتی بێ. تا چارەگە سەعاتێک چمان پێ ناکرێ."

ئاجوودان پیکار سەری هەڵدا و گوتی: "قەشە جوابمان ناداتەوە هیچ، لەگەڵ قەشەیەکی خوارتر لە خۆ و لەگەڵ مجێورەکە لە ژوورەکەی کلیسا درگایان لەسەر خۆیان داخستووە."

لەوبەری مەیدان، ڕووبەڕووی ساختومانی سپی شارەداری لە بەرەوە کە داخرابوو، کلیسای ڕەش و کشومات، درگای زەلامی لە دار بەڕوو سازکراوی بە گۆ و بزماری ئاسن نەخشاوی خستبووە بەرچاو.

پاشان، کاتێ دانیشتووانی شار بە سەرسوڕمانەوە لووتیان بە شووشەی پەنجەرەی ماڵێوە نابوو یان هاتبوونە سەر پلیکانی بەردەرکەیان، زرمەی دەهۆڵ هاتە گوێ و تۆرشبۆف لەپڕ سەری وەدەر نابوو و سێ جاران گورج و گومەت و بە قار و قینەوە لە دەهۆڵی کوتا و عەلامەتی دا کە چەک و چۆڵ بێنن. پاشان بە شەقاوی

بەڕێوجێ لە مەیدانێ پەڕیەوە و لە جادەیەکی ڕوو لە دێهات، خۆی نەدیو کرد.

سەرکردە هەڵیکێشا شمشیر و بە تاقی تەنێ چوو لە نێوەڕاستی شارەداری و کلیسا وێستا. دوژمن لەو دوو شوێنە سەنگەر و لەنگەری گرتبوو. سەرکردە تفەنگی تا سەر سەری هەڵێنا و هەڵیبەزاند و هەتا هێزی بوو نەڕاندی: "بژی کۆمار! نەمان بۆ خاینان!" پاشان گەڕاوە بۆ ئەو شوێنی ئەفسەرەکانی لێ ڕاوەستابوون. قەساب و نانەوا و دەرمانفرۆش، نەیاندەزانی ئاخۆ چ دەقەومێ، جا بۆیە لە ترسان دەرابەیان داداوە و دووکانیان داخست. تەنیا کابرای بەقاڵ دووکانی هەر بوو.

ئەوە لەم کاتەشدا چەکداران بەرە بەرە دەهاتن. هەر یەکەی بە جۆرێ بەرگی لەبەرا بوو، بەڵام هەموو کڵاویان لەسەر نابوو و یۆنیفۆڕمەکەیان تا ئێوارێ هەر ئەو کڵاوەی سەریان بوو و هیچی دی. تفەنگی کۆن و ژەنگاوییان لە خۆ دابوو، ئا ئەم تفەنگانە سی ساڵ بوون بێکەڵک لە ئاشەپەزخانە بە قەراغ لوولەی دووکەڵکێشەوە هەڵیانواسیبوون. ئەو چەکدارانە زۆر وەک لقێک لە سەربازی لادێ دەچوون.

هەر کە چەکداران گەیشتنە دەوری سی کەس، سەرکردە بە چەند کەلیمە لە بارودۆخەکەی گەیاندن. پاشان هەڵات بۆ لای ماژۆرەکەی و پێی گوت: "جا ئێستا دەبێ دەست بە کار بین."

لەو کاتەیدا دانیشتوانی شار کۆ ببوونەوە باسی مەسەلەکەیان دەکرد، دوکتۆر بەپەلە نەخشەی شەڕی داڕشت:

"ئاجوودان پیکار، بچۆ بەر پەنجەرەی ماڵی شارەدار و دەستوور بدە بـە ئاغـای ڤـارێنتۆ کـە بـە نـاوی کۆمـار دەسـەڵاتی شـارەداری بـە مـن بسپێرێ."

بەڵام ئاجوودان فرماسۆنێرێکی گەورە بوو و ملی پێدا نەدەکرد: "تۆ فێڵـەبازی، فێڵـەباز. دەتـەوێ مـار بـە دەسـتی مـن بگری! هـەرچی تۆی دەزانی کوشتنی ئەو بەدەبەختانەی خۆیان لە ژووریَ کوتاوە وەک ئـاو خواردنـەوە وایـە. نـاوەڵڵا پیـاوەتی وامـان دەگـەڵ مەکـە! فـەرموو ئەوانەی کەوتوونە ژێر دەسەڵاتت بۆخۆت بیانکووژە!"

سەرکردە لە داخا سوور هەڵگەڕا: "من بە ناوی یاساوە دەستوورت پێدەدەم بچی."

ئاجوودان گوتی: "بە خوای تا نەزانم بۆ و لەبەرچی، ناچم کاخۆرم تێک شکێنن."

دەستەیەک پیاوی دەسترۆییوی شارەکە لـە قاقـای پێکـەنینیان دا. یەکیان هەرای کرد: "بەینەڵڵا ڕاست دەکەی پیکار، جاریَ هێشتا وەختی خۆی نەهاتووە."

دوکتـور لـەبن لچـەوە وا دەکـا: "ئـەی غیرەتتـان سـەگ بیخـوا!" شمشیرەکە و دەمانچەکەی لە دەستی سەربازێک نا، لەسەرخۆ بەرەو پێش شەقاوی نا، چاویشی لە سەر پەنجەرەکان هەڵنەدەگرت، دەتگوت مەحتەلە ها ئەئێستا نا تاوێکی دیکە وەبەر تۆپ و تفەنگی بدەن. تەنیا چەند هەنگاوی مابوو بگاتە ساختوومانەکە، درگاکانی دوو تەڕەفی دەرەوە کە دەچوونەوە سەر دوو فێرگە خرانە سەر پشت و منداڵە ورکە بە لێشاو هاتن. کوڕان بە لایەکدا و کچان بە لایەکەی دیکەدا دەردەپەڕین و ملیان نا لە کایە و هەڵبەز و دابەز و وەک پۆلە باڵندە بە

هـەر چـوار پشـتی دۆکتـۆردا بـڵاو بوونـەوە. سـەری لـێ ماسـیبوو، نەیدەزانی چ بکا.

هەر کە ئاخر منداڵ لە فێرگەکانەوە وەدەر کەوتن، درگا گاڵە دران. ئاخریەکەی پۆلی ئەم بەچکە سەگانە[1] ڕەوین و سەرکردە بەدەنگی بەرز هەرای کرد:

"ئاغای ڤارێنتۆ؟" پەنجەرەیەک لە نهۆمی یەکەم ئاوالا بوو و ئاغای ڤارێنتۆ سەری هێنا دەرێ:

سـەرکردە دەسـتی بـە قسـان کـرد: "بـەڕێز، تـۆ خـۆت ئاگـاداری ئـەو ڕووداوە گەورانە هەی کە سیستمی دەوڵەتی گۆڕیوە. ئەو حیزبەی تۆ نوێنـەریی، ئیـدی لـەئارادا نـەماوە، بـەڵام ئـەو لایەنـەی مـن نوێنـەرییم، دەسـەڵاتی گرتۆتـە دەسـت. لـەم بارودۆخـە خـەماوی بـەڵام توندوتیژەدا هاتووم بە ناوی کۆمارەوە داوات لێ بکەم، ئەو دەسەڵاتەی هێزی لە دەسەڵات کەوتوو لە دەستی نابووی بە خۆمی بسپێری."

ئاغـای ڤـارێنتۆ وڵامـی داوە: "دوکتـۆر ماسـارێل، مـن شـارەداری کەنوێیم و باڵادەستانی خاوەن دەسەڵات لەسەر ئەو پۆستەیان داناوم و تا زەمانێک بە دەستووری باڵادەستەکانم ئەو ناوەم لەسەر نەسڕنەوە و یەکی دیم لە جێ دانەنێن، شارەداری کەنوێی هەر بۆخۆمم. وەک شارەداری ئەم شارە مەنزڵم لە شارەداری هەر دەمێنێ و لە جێی خۆم چرکە ناکەم. دەیجا، ئەگەریش پیاون وەدەرم نێن." پاشان پەنجەرەی شەق پێوەدا.

سـەرکردە گـەڕاوە بـۆ لای چەکدارەکانی. بـەڵام پـێش وەی هـیچ بڵـێ هەر لە پێ تا تەوقی سەر چاوی لە ئاجوودان پیکار کرد و گوتی: "تۆ

---

[1] لە دەقی ئینگلیسییەکەیدا دەڵێ: مەیموون. لێرەدا هەستی ناخۆشی دوکتۆر ئەخرێتە بەر چاوی خوێنەر. لە کوردیدا زۆرتر دەڵێین بەچکە سەگ، نەک بەچکە مەیموون./ وەرگێڕ

کەرێکی بە چوار لاق دەڕۆی، حاڵی بوو، پانیرێکی لەو دەشتە. تۆ ئابڕووی هەرچی سەربازە بردووتە. من ئەو دەرەجەیەت لێ دەستێنمەوە."

ئاجوودان وڵامی داوە: "بۆخۆم جێبەجێی دەکەم." پاشان ڕووی کردە دەستەیەک غەیرە سەرباز کە لە بن لیچەوە شتێکیان دەگوت.

دوکتۆر دوودڵ ماوە: چی بکەم باشە؟ هێرش بەرم؟ باشە ئاخر ژێردەستەکانم جوابم دەدەنەوە؟ باشە، بڵێی کارەکەم هەڵە نەبێ؟ بیرێک تیژ بە مێشکیدا هات: بە هەڵانت ڕووی کردە دایرەی تێلێگراف لەوبەری مەیدان و بەپەلە سێ هەواڵی نارد بە ئادرەسی سێ جێگا:

"بۆ ئەندامانی دەوڵەتی کۆمار لە پاریس."

"بۆ مقاماتی باڵای کۆماری تازە دامەزراو لە سێی خواروو."

"بۆ مقاماتی خوارتری کۆماری تازە دامەزراو لە دییێپ."

سەرکردە بێ کەموکووڕی بارودۆخەکەی خستە بەرچاوی مقاماتی سەرێ. لە تێلێگرافەکەیا باسی ئەو مەترسییەی کرد کە ڕەنگە دارودەستەی شارەداری سەر بە ڕژێمی پادشایەتی بیهێننە پێش. ئامادەیی خۆی بۆ خزمەتگوزاری ڕاگەیاند و داوای لێ کردن دەستوور بفەرموون و ئیمزای لە تێلێگرافەکە دا و بە شوێنیا هەموو لەقەب و عینوانەکانی خۆی ڕیز کرد. پاشان گەڕاوە بۆلای چەکدارەکانی، دە فرانکی لە گیرفانی دەرهێنا و گوتی:

"ها دۆستان بچن شتێک بخۆن. تەنیا دە کەس لێرە بهێڵنەوە با نەهێڵن کەس لە شارەداری وەدەر کەوێ."

پیکار، ئاجوودانی لێکەوتوو، کە لەگەڵ کابرای سەعاتساز قسەی دەکرد، ئەم قسەیەی بیست. بە تیز پێکردنەوە ڕووی کردە سەرکردە و گوتی: "قوربان ببوورە، بێتوو ئەمانە بڕۆن، هەل بۆ جەنابت هەڵدەکەوێ

خۆ بکەی بە شارەداریدا. دەنا خۆ من ببڕای ببڕ ناهێڵم خۆی پێدا بکەی!"

دوکتۆر جوابی نەداوە، چوو نیوەڕۆژە بکا. دوانیوەڕۆ سەری لە هەموو ئیدارەی شار دا و هەستی دەکرد شتێکی سەمەرە دەقەومێ. زۆر بە بەر دەرگای شارەداری و کلیسادا هات و چوو و چی وای نەهاتە بەرچاوی لێی دڕدۆنگ ببێ. پێی وا بوو ئەو دوو شوێنە خاڵین.

قەساب و نانەوا و دەرمانفرۆش دووکانیان هەڵگرت و لەبەر دەرکەی دووکان بەربوونە بڵاو کردنەوەی دەمگۆ و دەنگ و باسان. دەیانگوت ئەگەر ئیمپڕاتۆر لە زیندانێ کراوە، بێت و نەبێ یەکێک خەیانەتی پێ کردووە. چ لەوەی دڵنیا نەبوون کە ئاخوا کۆماری تازە داهاتی دەبێ یان نا.

شەر بەسەردا هات. لای سەعاتی نۆ، دوکتۆر بێهەست و خوست بە تاقی تەنێ گەڕاوە بۆ لای شارەداری. دڵ قایم بوو لەوەی کە ڕەنگە ڕەقیب خانەنشین کرابێ. بە قولێنگ وەرگەڕا دەرکە بەو هیوایەی کونی کا، لێوەی وەژوور کەوێ کە لە پڕ دەنگی نیگابانێکی بیست کە هاواری کرد کوڕە کێی؟ مۆسیۆ ماسارێل هەر بەو دەنگە کشا دواوە.

بەیان ئەنگووت و چ باس نەبوو. چەکبەدەستان مەیدانی شاریان داگرتەوە. خەڵکی شار مەحتەل مابوون بزانن داخوا کار بە کوێ دگا. خەڵکی گوندەکانی دەور پشتیش هاتبوون بزانن چ باسە. ئاخرییەکەی دوکتۆر زانی ئابڕووی لە گرێودایە، لێبڕا بە هەر چەشنێک بووە ئەم کارە چارەسەر کات. تازە خەریک بوو بێتە سەر ئەو بڕیارەی کە دەبێ بە زەبر و زەنگ بیکا. کە درگای ئیدارەی تێلێگراف کەوتە سەرپشت و ئەو کچە وردیلانەیەی بەردەستی ڕەییس دوو کاغەزی بە دەستەوە بوو و هات.

هات ڕاست چوو بۆ لای سەرکردە و کاغەزێکیانی دایە. پاشان ڕووی کردە ئەو بەری مەیدانێ، دەست و پێی لێ ون ببوو. سەری بەردابۆوە و بە جۆرێ شەقاوی دەنا خۆنواندنی پێوە دیار بوو. چوو تەق تەق لە دەرکەی سەربازخانەی دا، هەر دەتگوت ئەوە بێخەبەرە بەشێک لە سەربازان لێرە خۆیان حاشار داوە. دڕێک بە دەرکە درا و دەستێک هاتە دەرێ تێلێگرافەکەی لە کچە وەرگرت. کچە لە خەجاڵەتی وەی ئەو حەشامەتە هەموو بز بز چاویان تێبڕیوە، لەوانە بوو لە کوڵی گریان بدا.

سەرکردە بە دەنگێکی کە دەلەرزی گوتی: "تکایە، بڕێک بێدەنگ بن." خەڵکەکە کڕ بوون و ئەم بە شانازییەوە دەستی پێکرد:

"ئەوەتا تێلێگرافێکم لە دەوڵەتەوە پێگەییوە" پاشان هەڵی هێنا و بەربووە خوێندنەوەی:

"شارەداری پێشوو ئەوا لێکەوت. پێمان بڵێن چتان لازمە. دوایە پێتان دەڵێین چ بکەن.

بۆ کاربەدەستانی خوارەوە

ساپینی ڕاوێژکار

دوکتۆر ئاخری سەرکەوتبوو. دڵی لە خۆشیا دەیکوتا. دەستی لەرزی، چونکێ پیکار، بەردەستی لە هەموان گەورەتری لەو دەوروبەرانەوە نەڕاندی بەسەریا: "باشە ئەگەر ئەوانەی خۆیان لە ژوورێ کوتاوە نەیەنە دەرێ، هەزار کاغەزی وا بایی تووڕێکە." دوکتۆر ڕەنگی هەڵبڕووسکا. هەر لە ڕاستیشدا وا بوو، بێتوو ئەو جەماعەتەی ناوەوە نەهاتنایە دەرێ، ئەم ناعیلاج دەبێ دەست بە کار بێ. چونکی ئەم کارەی نە تەنیا بە مافی خۆ بەڵکوو بە ئەرکی سەر شانی خۆی دەزانی. بە دڵ نیگەرانییەوە ڕوانییە ساختومانی شارەداری، دەیگوت

بەشکوو ئۆ خودایە درگا وەکرێ و ڕەقیب ڕواڵەتی دەرخا. بەڵام درگا هەر وا داخرابوو. خودایە چ بکا چ نەکا؟ ئەوە عالەمەکەش لە پەستا هەر دەهاتن و لە دەوری چەکداران پۆلیان دەبەست. هی وا بوو پێدەکەنی.

فکرێک هەر لەوانە بوو جەرگی هەلاهەلا کات: ئەگەر هێرش دەبا، دەیجا خۆ دەبێ لە پێش سەربازەکانییەوە بڕوا کە لەم حاڵەتەشدا ئەگەر بکوژرێ، شەڕ و کێشەکە دوایی پێ دێ. جا بۆیە ئاغای ڤارێنتۆ و سێ پارێزەرەکەی تەنیا و تەنیا بۆ سەری ئەمی دادێننەوە. بەینەڵڵا جوانیشی بۆچوون کە مێشکی کێ بە نیشانەدا کەن! پیکار لەم مەترسییەی پرینگاندەوە.

بەڵام فکرێکی بە مێشکی گەیی. ڕووی کردە پۆمێل گوتی بچۆ لای کابرای دەرمانفرۆش پەڕۆیەک و دارێک بێنە.

ئاجوودان بە تالووکە وەڕێکەوت. دوکتۆر خەیاڵی بوو پەرچەمێکی سیاسی هەڵدات. ئەم پەرچەمە سپییەش ڕەنگ بوو دڵی ئەو شارەدارە پیرە، ئەو لایەنگرەی قانوون خۆش کات.

پۆمێل هاتەوە و پەڕۆیەک و دارێکی لەوانە وا لە قونی گەسکی هەڵدەچەقێنن پێ بوو. پەڕۆکەیان بە پەت لە دارەکە بەست و کردیانە ئالا و ماساریل بە هەردووک دەست هەڵیهێنا. پەرچەمەی لە پێش خۆیەوە گرت و دیسان ڕووی کردە بەر درگای شارەداری. هەرکە گەییە بەر درگای شارەداری، هەرای کرد: "مۆسیۆ دۆ ڤارێنتۆ!"

درگا لەپڕ کراوە و ڕواڵەتی مۆسیۆ دۆ ڤارێنتۆ و سێ پارێزەرەکەی لە چوارچێوەی درگاکە وەدەرکەوت. دوکتۆر بە دەست خۆی نەبوو، خۆی ویکهێنا. پاشان بەڕێزەوە سلاوی لە نەیارەکەی کرد و دڵی وا پڕ ببوو قسەی بۆ نەدەهات. گوتی: "بەڕێز ئەمن هاتووم ئەو دەستوورەی پێم گەیوە، پێتانی ڕاگەیەنم."

شارەدار، جوابی سڵاوی نەداوە، بەڵام گوتی: "بەڕێز، من دەست بەردەدەمەوە، بەڵام ئەوەش بزانە نە لە ترسایە و نە بۆ مل داخستن بۆ ئەو دەوڵەتە بۆگەنەیە وا دەسەڵاتی وەچەنگ کەوتووە." وشە بە وشەی قسەکانی بە ڕقەوە دەگوت: "نامهەوێ تاقە بۆ ڕۆژێکیش بێ بە ڕواڵەت وا پیشان بدەم کە خزمەتگوزاری کۆمارم. ئیدی قسەم نەما."

ماسارێل زاری بوو بە تەڵەی تەقیو. مۆسیۆ ڤارێنتۆ بە تاڵووکە وەدەرکەوت و لە گۆشەیەکەوە خۆی بێڕواڵەت کرد و پارێزەرەکانیشی شان بە شانی دەگەڵی بوون. دوکتۆر برێک پەشۆکابوو. گەڕاوە بۆ لای حەشامەتەکە. هەر کە ئەوەندەیان لێ نزیک بۆوە کە دەنگی ببیستن، نەڕاندی: "هوڕڕا! هوڕڕا! کۆمار لە هەموو هێڵەکانی خەباتا سەرکەوت!"

بەڵام عالەمەکە مێشێکیان میوان نەبوو. دوکتۆر دیسان گوڕاندی: "خەڵک ئیدی ئازاد بوون! ئێوە ئیدی لەوەی بەو لاوە ئازاد و سەربەستن! تێگەیشتن؟ دەبێ شانازی بەو ڕۆژەی بکەن!"

لادێیی دڵ نیگەران چاویان لێ کرد، وەش نەبێ چاویان لە خۆشی وەها شانازییەک برقەی بێ. دوکتۆریش بە نۆرەی خۆی چاوی لە حەشامەتەکە کرد و لە داخی وەی ئەو عالەمە هەر وایان دەزانی بایە و بە بن گوێیاندا دەڕوا، لەوانە بوو شەق بەرێ، بۆ قسەیەک دەگەڕا عالەمەکە وە نەشە بێنێ و ئەم وڵاتە بێ نەشەیە پڕ گەشە بکا و ڕاسپاردەکەی شیرین کا لەبەر چاوان. عاقیبەت وا دیار بوو شتێکی پێ ئیلهام کرا. ڕووی کردە پۆمێل گوتی: "ئاجوودان دا بچۆ ئەو کۆتەڵەی ئیمپڕاتۆری لێ کەوتوو لە ساڵۆنی شۆڕا بێنە، کورسییەکیشم بۆ بێنە."

ئەوەندەی یەک و دوو پۆمێل گەڕاوە، کۆتەڵی گەچیی ناپلێئۆنی سێهەمی لەسەر شانی ڕاستەی دانابوو و کورسییەکی بە دەستی چەپەیەوە گرتبووە کە بنی لە پووش و کڵۆش بوو. ماسارێل بەرەو

پیرییەوە چوو. کورسییەکەی لێ وەرگرت. کۆتەڵە سپییەکەی ناپلێۆنی لەسەر دانا. چەند هەنگاوی بەرەو دواوە نا و یەک بە خۆی نەڕاندی:

"هەی خوێنڕێژ! هەی خوێنڕێژ! ئەوە شوکور لێ کەوتی! دە بگەوزێ لە خۆڵ و خاکا و ڕۆچۆ لە باتلاقا. ولاتێکی ڕوو لە فەوتان لە ژێر چەکمەی تۆدا دەیانناڵاند. دەستی چارەنووس، تووشی گونڕەشی خۆتی کرد. تێکشکان و ئابڕوونەمانت شوکور بە نسیب بوو. هەرەست هێنا و بە دیلی کەوتییە دەست پرۆسییانەوە. کۆماری لاو و بەرزەناو، لەسەر ئیمپڕاتۆری لاڕووخاوی تێکتەپاو سەر هەڵدەدا و لەتە شمشێری بێخێرت هەڵدەگرێتەوە."

مەحتەل بوو عالەمەکە چەپڵەی بۆ لێ بدەن. بەڵام متەق لە دار و بەردەوە هات لەو خەڵکەوە نەهات. لادێیان تێدامابوون، نقەیان لێوە نەدەهات. کۆتەڵی ناپلێۆن بەو ڕیشە نووک تیژە کە هەردووک ڕوومەتی داپۆشیبوو، جووڵەی نەدەکرد و واشیان تۆزتەکێن کردبوو دەتگوت بۆیەیان ساز کردووە بیکەنە تابلۆی دووکانی سەرتاشین، دەتگوت چاو لە مۆسیۆ ماسارێل دەکا و بزەیەکی گەچی هاتۆتێ، بزەیەکی کە لاشناچێ و تیز بە ماسارێل دەکا.

ماوەیەک ئەم جووتە ڕووبەڕوو مانەوە: ناپلێۆن لەسەر کورسی و ماسارێل کە تەنیا سێ هەنگاوی لێ دوور بوو. سەرکردە لەپڕ لە دین دەهری بوو. خودایە چی بکا؟ چۆن بکا؟ ئەو عالەمە سارد و سڕە بخرۆشێنێ، کە بزانن بێ ئەملاو ئەولا سەرکەوتنیان وەدەست هێناوە. دەستی لەسەر گۆڵمەی قوونگی و لەسەر قۆنداغی دەمانچەکەی دانابوو کە کەتبووە ژێر کەمەربەندە سوورەکەیەوە. ئیدی نەوە بوو ئیلهامێکی پێ بکرێ و یان تازە کەلیمەیە قسەی بۆ بێ. هەڵیکێشایە دەمانچە. دوو هەنگاو چووە پێش. سیلەی لێ گرت و کۆتەڵی شای لێکەوتووی

ئەنگاوت. ڕاست لە تەختی نێوچاوانی دا. کۆتەڵ بە حاڵ کونێکی ڕەشی چکۆلەی بە قەرا خاڵێک تێبوو و هیچی دی. بێفایدە بوو. گوللەیەکی دی پێوەنا، ئەویش هەر وەک گوللەکەی دی بە حاڵ کونی کرد. گوللەیەکی دیشی پێوەنا، یەکی دی، یەکی دیش. دەمانچەکەی بەتاڵ بوو. برۆی ناپلئۆن لە تۆزی گەچدا ون بوون، بەڵام چاو و کەپۆ و نووکی لەباری سمێڵی تێکنەچڕژابوون. دوکتۆر جاڕز ببوو، مستێکی لە کورسییەکە سرەواند و بە کۆتەڵەوە لە خۆڵی گەوزاند و وەک مرۆیەکی سەرکەوتوو پێی لەسەر لەتە کۆتەڵ دانا و گوڕاندی:

"دەبا خوێنڕێژان وێکڕا نەمێنن!"

عالەمەکە هێشتا هەر وایان دەزانی بایە و بە پەنا گوێیاندا دێ و پۆلی چاودێران لەبەرسەرسووڕمان دەتگوت بە داری لە تەپلی سەرت داون. سەرکردە بە چەکدارەکانی گوت: "بڕۆنەوە ماڵێ." بۆخۆشی بەرەو ماڵ بۆوە، شەقاوی زل زلی دەهاویش، دەتگوت ئەوە بە دوایەوەن.

هەرکە سەر و کەللەی لای ماڵێ وەدەرکەوت، خرمەتکارەکەی گوتی هێندێ لە نەخۆشەکان سێ سەعاتە چاوەڕێتن. بە پەلە خۆی کرد بە ژووریدا. ئەو ژن و مێردە لادێییەی واریسیان بوو، لە کەڕەی بەیانییەوە هاتبوون، وەک قیلی کەوای سپی بەڵام بێ ئەوەی وەڕەز بن، دانیشتبوون.

پیرە پیاو دیسان دەستی پێکردەوە:

"دە پێشدا، بێشکی خودا، دەتگوت مێروولە بە نێو لاقمدا ڕێچکەیان بەستووە، دێن و دەچن."

# دزی بەشەڕەف:

فیۆدۆر داستایەفسکی

بەیانییەکیان، راست لەو جەنگەیدا دەمەویست وەدەرکەوم بچم بۆ ئیدارە، ئاگرافێنا[1] کە ئاشپەز و جلشۆر و خزمەتکارم بوو، وەژوور کەوت و بەربووە قسە کردن. دەمم بوو بە تەڵەی تەقیو.

ئەو خزمەتکارەی من ژنێک بوو بێسەروزمان و ساویلکە. بە رۆژدا ئەگەر قسەیەکیشی کردبا هەر ئەوەندە بوو بڵێ ئاغا بۆ شێو چ لێنم و چ لێنەنێم و هیچی دی. شەش ساڵیش دەبوو لەوەی زیاتر کەلیمەی بە زاریدا نەهاتبوو. یان هەر نەبێ، وەبیرم نایە قسەی دیم لێ بیستبێ.

گوزوگومەت هەڵیکوتا سەر ئەسڵی مەتڵەب: "قوربان بۆ عەرزێک هاتوومە خزمەتت. دەڵێم ئەو دیوە چکۆلەی بەکرێ دەدەی؟"

"کێهە دیوە چکۆلە؟"

"چۆن قوربان؟ ئەوەی پەنا ئاشپەزخانە."

"ئاخر بۆ؟"

"چۆن بۆ قوربان؟ دەخۆ هەموو کەس ماڵ بە کرێ دەدا."

"باشە، کێ بە کرێی دەگرێ؟"

"قوربان چۆن کێ؟ کرێنشین بە کرێی دەگرێ."

"دەخۆ بەشەری خودا، ئەو دیوە جێگای نوێن و بانێکی تێدا نابێتەوە. پیاو نە سەری تێدا هەڵدێتەوە، نە رێگای هەیە لاقی تێدا درێژ کات! ئاخر کێ لەو دیوەدا هەڵدەکا؟"

---

[1] Agrafena

قوربان ئەوە چ فەرمایشتێکە، کەسی تێدا هەڵناکا یانی چی؟! ئەو کابرایە هەر ئەوەندەی جێگا خەوێکی بێ، لە تاقەکەدا دەنوێ."

"تاقە کام؟"

"بێبەڵا بی قوربان، چۆن تاقە کام؟! ئەو تاقەی وا پەنجەرەی تێدا، ئەوەی ڕێڕەوەکە. قوربان کابرا بۆخۆی لەوێ دادەنیشێ، خەریکی خەیاتی دەبێ یان نازانم کەیفی خۆیەتی چ دەکا. ڕەنگە لەسەر کورسی خۆشی دانیشێ. ئاخر کورسییەکی هەیە و مێزێکیشی هەیە. قوربان هەموو شتێکی خۆی هەیە."

"باشە کابرا کێیە؟"

"کابرا، پیاوی چاکە. سارد و گەرمی ڕۆژگاری چێشتووە. من چێشتی بۆ لێدەنێم. مانگی سێ رووبلیشی هەقی خۆراک و کرێماڵ لێدەستێنم."

زۆرم ئاگرافێنا دۆزی تا ئاخرییەکەی چوومە بنج و بناوانی شتەکە. وا دیار بوو کابرایەکی پیر، خستبوویە سەر هەوا کە وەک کرێنشین ڕێگای ئاشپەزخانەی بدا. بێتوو ئاگرافێنا لەسەر شتێک سوور بوایە، چارەم نەبوو دەبوو بە قسەی بکەم، دەنا خەو و خۆراکی لێ حەرام دەکردم. هەر ئەوەندەش خۆش بوو کارێک بە دڵی وی نەکرابا، ئەوە ئیدی دەستبەجێ مووشی دادەخست و هەتا دوو سێ حەوتوو ورچیشت لە بەرچاوی هەڵپەڕاندبا بزەی نەدەهاتێ. لەو ماوەیەیدا نە چێشتی دەستی بۆ خواردن دەبوو، نە ئەو تەرزەی لازمە بە جلوبەرگم ڕادەگەیی و نە گەسکێکی لە دیووبان دەدا. بە کورتی و کوردیت پێ بڵێم وەفرۆزی دێنام.

لەمێژ بوو ئەوەم لێ حاڵی ببوو کە ئەو ژنە بێدەمودووە، بۆخۆی ڕێ بە هیچ کارێک نابا و قەت هیچ هەوایەک لە کەللەی نادا. بەڵام بێتوو

بە جۆرێک هەوایەک لە کەللەی مەبارەکی دابا نیو مسقاڵی ئەقڵ تێدا نەبوو. هەتا بەینێ سواری کەری شەیتان دەبوو و بە ئیفلاتوون نەدەهاتە خوارێ. منیش خودا خودام بوو لێخەم بێتەوە. جا بۆیە گوتم ڕەزای خودایە با قسەی تۆ بێ.

گوتم: "سجیلێ، ناسنامەیەک، شتێکی هەیە؟"

"ئائا قوربان هەیەتی، چۆن. خۆ زۆر پیاوی چاکە. ساردوگەرمی ڕۆژگاری چەشتووە. بڕیاریشی داوە مانگی سێ رووبل بدا."

هەر بۆ سبەینێ سەروکەللەی کابرای تایین لە ماڵی بێژن و منداڵی هەژارانەمدا پەیدا بوو. بەڵام زۆریشم لەبەر گران نەهات، هیچ، ڕاستت بوێ لە دڵەوە پێشم ناخۆش نەبوو. من هەر بە جارێ وەک زاهیدێکی گۆشەگیرم لێهاتبوو. دۆست و برادەرێکی وام نەبوون، زۆر بە هەڵکەوت ئێرە و ئەوێ چووبام. دە ساڵان بوو چووبووم لە قاپێلکی خۆمەوە و خووم بە تەنیایی گرتبوو. بەڵام لێکی دەوە دە پازدە ساڵان یان خودا دەیزانێ چەند ساڵی دی هەر ئاوا لە تەنیایی خۆمدا دەبوو بڕزێم و تا ئێوارێ هاودەمم ئاگرافێنا بێ، سەڵت و قوڵت لەوماڵەیدا داخۆ دەبوو چ ژیانێکم بێ! جا بۆیە گوتم هاودەمێکی تازە، بێتوو ماقووڵ و نەجیم بێ، نەعمەتی خودایە.

ئاگرافێنا ڕاستی دەکرد: کابرای کرێنشین بەڕاستی ساردوگەرمی ڕۆژگاری چەشتبوو. بە سجیلیڕا دیار بوو سەربازێکی پیرە، دەشبوو لە ڕواڵەتیڕا ئەو شتەم لێ حاڵی با. پیاو کۆنە سەرباز دەستبەجێ دەناسێتەوە. ئاستافی ئیڤانۆڤیچ[1] نموونەی کۆنە سەربازێکی ڕەزاشیرین بوو. زۆر باش هۆگری یەک بووین. لە هەمووی باشتر ئەوە بوو جاری وا بوو حیکایەتێک، شتێک لە بەسەرهاتی ژیانی خۆی بۆ دەگێڕامەوە. لە

---

[1] Astafy Ivanocitch

ژیانی دایمە پڕ لە وەڕەزیمدا حیکایەتبێژێکی ئاوەها شتێکی هەر زۆر نایەفت بوو. رۆژێکیان بەسەرهاتێکی خۆی بۆ گێڕامەوە، سەیر کاری لێ کردم. ئەو حیکایەتە بە هۆی ئەو رووداوەوە هاتە گۆڕێ کە وا ئێستا بۆت باس دەکەم.

بە تاقی تەنێ لە ماڵێ بووم. ئاستافی و ئاگرافێنا هەر یەکەی چووبوون بە شوێن کاری خۆیاندا. لە پڕێکدا لە دیوەکەی ژوورێوە، هەستم بەوە کرد کە یەکێک هاتۆتە ژوورێ. دەرپەڕیم. دیتمک ئەرێ ئەوا یەکێک لە رێڕەوەکەیە. کابرایەکی کورتەباڵام دیت کە بەو ساردی پاییزە باڵتەی لەبەردا نەبوو.

گوتم: "چت دەوێ؟"

"وا بزانم کارمەندێک بە ناوی ئەلکساندرۆڤیچ لێرەی مەنزڵ گرتووە."

"برا کەس بەو نێوە لێرەی مەنزڵ نییە. سەرچاوم هاتی."

کابرا گوتی: "دەخۆ سەرۆکی پۆلیس پێی گوتم کە ماڵی لێرەدایە." و بە ئەسپایی بەرەو درگا رۆییشت.

گوتم: "کاکە وەدەر کەوە، دەی خێرا، بۆ دەرێ."

رۆژی دوایی، شێو کرابوو. ئاستافی ئیڤانۆڤیچ باڵتەکەمی بۆ دەستکاری دەکردم و خەریک بوو بە بەرمی بگرێ، هەر لەو دەمەیدا گوێم لێ بوو یەکێک هاتە ژوورێ. درێکم بە درگاکە دا.

هەر ئەو کابرایەی دوێنێ، زەق و زیندوو راست لەبەر چاوی خۆم باڵتە ئاستەڕدارەکەمی لە بزمار کردەوە و دایە بن باخەڵی و بۆی دەرچوو. ئاگرافێنا زەق چاوی تێ بڕیبوو. دەمی ببوو بە تەڵەی تەقیو، هیچ بەرگێڕەوەی کابرای نەکرد کە شتەکەم نەبا. ئاستافی ئیڤانۆڤیچ بە شوێن دزەدا دەرپەڕی و دە دەقیقە دوایی هانکە هانک بە دەستی بەتاڵ هاتەوە. کابرای دز بۆی دەرچووبوو.

گوتم: "ئاستافی ئیڤانۆڤیچ، وا دیارە ئەورۆ بەختەکەم بەکارە."

"قوربان، خودا رەحمی کرد باڵتە درێژەکەت هێشتا ماوە! بێتوو دزە ئەوی بردبا، تووشی چەرمەسەرێ دەبووی!"

بەڵام ئەو رووداوە وای ئاستافی شەمزاند کە من دز و باڵتەم لەبیر چۆوەو سەیری خۆییم دەکرد. لە دڵی دەرنەدەچوو. هەر بە نێوان یەک دوو دەقیقە، دەستی لە کارەکەی دەکێشاوە. بەردەبووە گێڕانەوەی شتەکە دەیگوت: ئەمن لە هۆوەی راوەستابووم، جا وەرە لە بەرچاوی خۆت کابرا لە یەک هەنگاوییەوە پڕ بداتە باڵتە و بیبا، کوڕە خۆ وەدووشی کەوتم نەیگەیشتمێ. دیسان دادەنیشتەوە خەریکی کارەکەی دەبۆوە. کەچی دیسان وەلاوەی دەناوە، ئاخری دیتم هەستا رۆی بۆ لای سەرۆکی پۆلیس، چاکی پێ کردبوو و گوتبووی چۆن دەبێ لەو شارەیدا کە لە ژێر حوکمی تۆدایە، کارەساتی وا روو بدا. پاشان هاتەوە و بەربووە سەردەنیشتی ئاگرافێنا. دوایە دانیشت و چۆوە سەر کارەکەی خۆی. ئەوە هەر لە بن لچەوە لە پەستا لەسەری دەڕۆیی کە شتەکە چۆن بوو و چۆن هات، کە چۆن بۆخۆی لەوێ و من لە هۆوێ راوەستابووین، کەچی زەق و زیندوو هەر راست لە بەرچاوی ئێمە، کابراکە بە هەموویەوە شەقاوێکمان لێ دوور نەبوو، باڵتەی لە بزمار کردەوە و بردی و نازانم وا بوو و وا چوو. ئاستافی ئیڤانۆڤیچ لە کاری خۆیدا وەستا بوو بەڵام تا بڵێی بە شێنەیی و بێدەستوبرد بوو.

شەو ئیستیکانێک چاییم دا دەستی و گوتم: "ئاستافی ئیڤانۆڤیچ کابرا باشی بە کەر زانین." دەمویست حیکایەتی باڵتە دزینەکە بێنمەوە گۆڕێ و شەوی پێ رابوێرین. ئاخر شتە وای لێهاتبوو کە جار لەگەڵ جارێ کە پیاو دەچۆوە سەری، خۆشتر دەبوو، ئەویش بەو دەم و راوێژەی ئاستافی.

"ئەریٚ وەڵڵا قوربان وای بە کەر زانین نەبێتەوە! هەرچەند شتەکە دەخڵی بە منەوە نییە، بەڵام داخم ناچیٚ، لە حەیفان وەختە بتەقم هەر چەند خۆ قوربان باڵتەی من نەدزراوە، بە لای منەوە دز لە هەرچی ئافەتی زیانی خرۆی ئەو دونیایەیە خراپترە، چونکیٚ دەعبای زیانی خورۆ هەر ئەو شتە دەخوا کە دەتەویٚ پاشکەوتی کەی. بەڵام دز لە دەستڕەنجت، لە ئارەقی نێوچاوانت، لە عومرت دەدزیٚ... تیەحماڵتە کار لەوەی نالەبارتر نابیٚ! کوڕە پیاو بۆ وەی نابیٚ باسی بکا! پیاو لە دین و ئیمان دەچێتە دەریٚ. قوربان تۆ ماڵت دزراوە ئەدی بۆ مێشێکیشت لیٚ میوان نییە."

گوتم: "ڕاست دەکەی ئاستافی ئیڤانۆڤیچ، بریا باڵتەکە سووتابا بەڵام دز نەیبردبا، پیاو داخی ناچیٚ."

"داخی ناچیٚ! قوربان تۆ چت دیوە! دزی وا هەیە، دزی وا هەیە. قوربان ئەمن بۆخۆم، جارێکیان تووشی دزێکی بەشەڕەف هاتم."

گوتم: "دزی بەشەڕەف! ئاخر ئاستافی ئیڤانۆڤیچ دز چۆن بەشەڕەف دەبیٚ؟"

"قوربان ڕاست دەفەرمووی. دز چۆن دەتوانیٚ بەشەڕەف بیٚ. کوا دزی بەشەڕەف؟ مەبەست ئەوە بوو کابرا لە دەروونی خۆیدا پیاوێکی بەشەڕەف بوو کەچی دزیشی دەکرد. زۆرم بەزەیی پێدادەهات."

"ئاستافی ئیڤانۆڤیچ، بەسەرهاتەکەی چۆناوچۆنە؟"

"قوربان نزیک دوو ساڵ لەوە پێش بوو. ماوەی ساڵێک لە جێگایەک بووم. پێش ئەوەی لەویٚ بڕۆم، لەگەڵ کابرایەکی هەژاری ڕۆژەڕەش ئاشنا بووم. لە مەیخانە پێکەوە ئاشنا بووین. کابرا دایمە مەست بوو، بەڕەڵڵا و هەرەڵڵا بوو. وە سواڵ کەوتبوو. ئەوە ڕۆژ و ڕۆژگاری بوو. لەبەر ئەوەی سەروبابانی لە ئارەق خواردنەوە نابوو، لە سەر کاریان

دەرکردبوو. خوا بەڵای وا بەسەر شانی کەسدا نەهێنێ! کابرای تایین جلوبەرگ چی لەبەردا نەبوو، خوا بۆ خۆی دەیزانێ! زۆر جاران لەوانە بوو کراسی لەبەردا نەبێ و کۆتەکەی لەسەر گۆشتی رووتی کردبێتە بەر. ئەوەی وەبەر دەستی هاتبا دەیدا بە ئارەق. بەڵام بنیادەمێکی زۆر لاشەڕ بوو، زۆر هێدی و بەستەزمان بوو. مرۆیەک بوو لەسەرخۆ، هەتا بڵێی پیاوی چاک. داوای هیچی لە کەس نەدەکرد، لە رووی هەڵنەدەهات. بەڵام پیاو دەیدی پووڵی ئارەقی لێ بڕاوە، بە خێرا خۆی شتێکی دەدایە. بووین بە هاواڵ، یان باشترە بڵێم لێم بوو بە گۆشتی گەردەمل... لێم بوو بە قیلی کەوای سپی. بەڵام بەستزمانە، نازانی چ مرۆیەک بوو! بە دایمەی خودا وەک تووتک بە شوێنمەوە بوو. بۆ هەر کوێ چووبام، ئەو لە پێشدا لەوێ حازر بوو. ئیتر هەر جاری یەکەم کە پێکەوە ئاشنا بووین، هەر ئەوە بوو ئیدی لێم نەبۆوە. هێندەش کز و باریک بوو لە کونی دەرزییەوە دەچوو! هەوەڵێ گوتی: قوربان هەر تاقە ئەمشەو رێگای ماڵێم بدە. منیش رێگام دا.

تەماشای سجیلەکەییم کرد، کەموکووڕیی نەبوو. رۆژی دوایش هەر هەمان باس بوو. رۆژی سێهەمیش هەر هات و لەبەر پەنجەرەکە شین بوو، شەویش ماوە. گوتم بابە چۆن ئائەوەم لێ بۆتە دۆڵپا و لێم نابێتەوە و دەبێ نان و چاشی بدەمێ و شەویش رێگای کەم. منێکی ئاوا دەستکورت و بێئەنوا، رێوی جوان دەچوو لە کونەوە، یەکیشی دەبەست بە گونەوە! پێش ئەوەی لێم پەیدا بێ، هەر ئەبەو دەستوورەی، خۆی بەسەر کارمەندێکی دەوڵەتدا دەبڕی. لێخەی نەدەبۆوە و بە جووتە دایمە سەریان لە خواردنەوەدا بوو. بەڵام بۆخۆی سەرەڕای ئەوەی سەربار بوو، هێندەشی دەخواردەوە هێندەی نەدەما لاق جووت

کا. کابرا نێوی ئێمیلیان ئیلیچ[1] بوو. هەرچی سەرم هێنا و برد، خودایە چی لێ بکەم، بڵێم وەدەری دەنێم ئاخر لە رووم هەڵنایە. بەزەییشم پێدا دەهات، لەو دنیا پان و بەرینەدا بەشەرم لەوە مەزڵوومتر و رۆژەڕەشتر نەدیبوو. تاقە کەلیمە چییە، هیچی نەدەگوت. داوای هیچیشی نەدەکرد. دادەنیشت و وەک سەگی چاو لەدەست، چاوی لە چاوت دەبڕی. تۆ بیری لێبکەوە، خواردنەوە مرۆڤێک ئەئاوا چارەڕەش بکات!

هەر دەمگوت خودا چۆنی پێ بڵێم کە "ئێمیلیان گیان دەبێ بڕۆی، ئاخر هیچت لێرە وەگیر ناکەوێ. لێت گۆڕاوە، تۆ دەبوو روو لە جێگایەکی دی بکەی. هەر ئەمڕۆ و سبەیە کە ئیدی بۆخۆشم پاروە نانێک شک نەبەم. ئاخر تۆم لە کوێ پێ بەخێو دەبێ؟"

دادەنیشتم دەمهێنا بەرچاوی خۆم کە ئەگەر ئەو شتانەی پێ بڵێم چ دەکا. دەمهێنا بەر نەزەر کە دوای ئەو قسانە، چاوی لە چاوی دەبڕیم، ئەگەریش ئەو قسانەی بیستبا، هەروا لە جێی خۆی دادەنیشت و وای دەزانی گوێزی بۆ دەبژێرم. ئاخری ئەگەریش لێی حاڵی با، لەبەر پەنجەرەکە هەڵدەستا دەستی دەدا شتومەکەکەی کە ئێستاش جوان لەبەر چاومە کە بە هەموو کەیفی خۆی دەسرەیەکی سووری چوارخانەی کۆنی کونکون بوو و خودا دەیزانی چی تێدا گرێ داوە و هەمیشە و دایم لەگەڵ خۆی دەگێڕا، پاشان باڵتە کۆن و شڕۆڵەکەی لەبەر دەکرد و راست و پاستی دەکرد کە وەک شتێکی ئابڕوومەند بێتە بەرچاو و گەرمیشی داپۆشێ و کون و شتی دیار نەبێ. ئەو کابرایە هەستێکی سەیر ناسکی بوو! پاشان دەمهێنا بەرچاو کە چۆن دەرکەی

---

[1] Emelyan Ilytch

دەکردەوە و بە چاوی بە فرمێسکەوە وەدەر دەکەوت. کورە جا پیاو چۆنی دڵ دێ مرۆیەک ئاوا دڵ بشکێنێ... پیاو بەزەیی پێدا دێ.

دیسان بیرم لەوە دەکردەوە ئەدی خودایە چۆنی خۆ لە دەست رزگار کەم؟ لە دڵی خۆمدا گوتم راتوەستابێ ئێمیلیان گیان، وای ناخۆی. هەر بەو زووانە وای بۆ دەرباز دەبم کە هەرگیز بە شوێن و هەوێڵم نەزانی.

قوربان ماڵی ئەربابەکەم لەو شارەی رۆیشت. ئەلێکساندر فیلی نێو بوو (نەماوە، خولا روحی غەرقی رەحمەت کا) گوتی: "ئاستافی ئیڤانۆڤیچ ئەمن زۆرت لێ رازیم، هەر کاتێ لە دێ هاتینەوە، دیسان دەتگرمەوە. قوربان من خزمەتکاری تایبەتی شەرابساز کردنیان بووم. ئای چەندە پیاوێکی باش و ماقووڵ بوو، بەڵام هەر ئەو ساڵە بە رەحمەتی خودا چوو. پاش سەرەخۆشی، شتومەکم تێکەوە پێچا و برە پووڵێکیشم بوو، گوتم ماوەیەکی وچان دەدەم و دەحەسێمەوە. جا بۆیە چوومە لای پیرێژنێکی ناسیاوم و سووچێک لە دیوەکەیم بەکرێ گرت. دیوەکە هەر ئەو سووچەشی خاڵی بوو. ژنە زەمانی خۆی پەرەستاری نەخۆشخانە ببوو. ئێستاکە خانەنشین بوو، مانگانەیەکیان پێدەدا و دیوێکیشی بە دەستەوە بوو. لە دڵی خۆمدا گوتم ئیتر خواحافیز ئێمیلیان گیان، ئیدی چاوت پێم ناکەوێ، کاکی خۆم.

قوربان جا جوان گوێم بۆ شل کە. ئەوێ رۆژێ چووبوومە لای کابرایەکی ناسیاو. هەرکە شەوێ هاتمەوە ماڵێ دیتم ئەی مەبارەک بێ خۆ ئەوە ئێمیلیان لە لای سەروو دانیشتووە! لەسەر چەمەدانەکەم بۆی دانیشتبوو و پرێسکە سوورەشی لە تەنیشت خۆی دانابوو. باڵتە کۆن و پیناوییەشی لەبەردا بوو و چاوەڕوانی من بوو. بۆ ئەوەی بێتاقەت نەبێ، کتێبێکی کلیسای لە پیرێژنەی خاوەن ماڵ وەرگرتبوو و ئەویش

سـەروقون گرتبـووی چـاوی لـێ دەکـرد. لـە دوورەوە بـۆنی کـرد مـن هاتوومەوە! دڵم داکەوت. گوتم تازە کار لە کار ترازاوە، ئەرێ بۆ هـەر یەکەم جار وەدەرم نەنا؟ جا بۆیە ئەمجارە لەڕێوە لێم پرسی: "ئەرێ سجلیت پێیە ئێمیلیان گیان؟"

قوربـان دانیشـتم و بەربوومـە بیـر کردنـەوە و گوتم بڵێی مرۆیـەکی بەرهەڵدای ئاوا ببێتە هۆی دەردەسـەرم؟ هـەرچی لێکمداوە دیم رەنگە زۆریش مایەی دەردیسەر نەبێ. گوتم ئەوەندەی هەیە دەبێ زگی تێر کـەم. بـەیانییان تیکەیـەک نـانی وشـکی لەبـەر دەم دادەنـێم و پێخـۆریش پیـوازێکی بۆ دەکرم. نیوەڕۆژەش هـەر بـەو دەسـتوورە: نـان و پیـواز. شێویش هەر پیواز لەگەڵ بڕێک ئابجۆی عرووسی و ئەگەریش ئیشتیای لـێ بـو لەتـە نانێکیشـی لەبـەر دەمـی دادەنـێم. ئەگـەریش خـوای کـرد و شۆرباوی کەلەم رووی لە سفرەمان کرد، ئەوا هەردووک زگێکی باشـی لێدەدەین. من بۆخۆم هێندە خۆرا نیم و ئارەقیش ناخۆمەوە. خواردنەکە چارەی دەهـات، بـەڵام ئاغـا دەبـوو کۆنیـاکی گیـایی یـان ڤۆدکـای سـەوز مەیل بفەرموێ. کوتم بە خـوای بـەو خواردنـەوە ماڵوێرانم دەکا. بـەڵام قوربـان بیرێـک بـە مێشـکمدا هـات و بـەرۆکی بەرنـەدام. هەسـتم دەکـرد بێتوو ئەو ئێمیلیانە لێدا بڕوا، ئیدی لـەو دونیایـەدا دڵخۆشـییەکم نییـە کـە بە هیوای وی بژیم...

جـا بۆیـە لـێ بـڕام بـۆی ببمـە بـاب و پشـتیوان. گـوتم نـاهێڵم چیـدی خانەخراپ بێ، نەمرم تـەرخی ئـارەق خـواردنی پێدەکـەم! بـە خـۆم گـوت دەبێ لەسەرخۆ بی و بڕێکی مۆڵەت بدەی. گوتم باشـە ئێمیلیـان هـەر لـە لای من بمێنەوە، بەو شـەرتەی کـردار و ئاکـارت جـوان بـێ و لـە قسـەم دەرنەچی.

لای خۆم بیرم کردەوە. گوتم فێری کارێکی دەکەم، بەڵام پیاو لە پڕێ نابێ بە کوڕێ. لە هەوەڵەوە لێیدەگەڕێم با تۆزێک خۆشی رابوێرێ. پاشان چاو دەگێڕم، لێرە بێ لەوێ بێ، کارێکی بۆ پەیدا دەکەم. بۆ هەر کارێکی بچێ، پیاو دەبێ تواناییەکیشی هەبێ بۆ ئەو کارەی، قوربان.

وردە وردە بە دزییەوە دابوومە بەر سیلەی چاو. دەمدی مرۆیەکی داماوە. قوربان، برام، ئەوە ڕێگات ئەوە شوێنت، وا بکە، وا مەکە. دەمگوت: "ئێمیلیان بیرێک لە حاڵی خۆت بکەوە و دەست هەڵگرە لەو ئاکارەت. لابە ئیدی ئارەق خواردن وەلا نێ! تۆ هیچ چاوت لەو گەدوگیپاڵەی خۆت کردووە، تماشا ئەو باڵتە شڕ و شپرزەی، کوڕە باڵتەی چی، دەڵێی بێژنگە. هیچ چاوت لەو سەروبیچمەی خۆت کردووە! ئیدی وەختییەتی، دەبێ دەست بشۆیەوە لەو ئاکارانەت." ئێمیلیان دانیشتبوو و سەری بەردابۆوە. باوەڕ دەفەرمووی قوربان؟ قوڕ وەسەر وای لێ بەسەر هاتبوو، خواردنەوە دەردێکی وای دابوویە زمانی لەنگ و لاڵ کردبوو و دوو قسەی بە ساغی بۆ نەدەچۆوە سەر یەک. تۆ باسی خەیارت دەکرد، کەچی ئەو بەردەبووە باسی پاقلە! قەدەرێکی گوێی بۆ شل دەکردم، دەنگی نەدەکرد، پاشان هەناسەیەکی هەڵدەکێشا. لێم دەپرسی: "ئێمیلیان ئیلیچ ئەو هەناسەیەت بۆچی هەڵکێشا؟"

دەیکوت: "هیچ، هیچ. ئاستافی ئیڤانۆڤیچ، خەمی منت نەبێ. بیستووتە دوو ژن ئەورۆ لە خیابان بەشەڕ هاتوون؟ یەکیان نەیزانیبوو قرتاڵەی پڕ لە تووسرکانی ئەوی دی سەرونخوون کردبۆوە."

"دەیجا؟"

"ئەویش نایکاتە نامەردی و قرتاڵە تووسرکانەکەی ئەوی دی بڵاو دەکاتەوە و بە لەقە بەر دەبێتە تووەکان و دەیانپلیخێنێتەوە."

"دەیجا، مەنزوو ئێمیلیان ئیلیچ؟"

"هیچ، هیچ، ئاستافی ئیڤانۆڤیچ، هەروا لە خۆڕا باسم کردا!"

"کاکی خۆم وا دیارە ئارەق مێشکی لە کار خستووی!"

"ئەدی ئەوەت نەبیستووە کابرایەکی خانەوادە، ئەسکیناسێکی لە پیادەڕەوی خیابانی "گۆڕۆهۆڤی" لێ داکەوتبوو، ناوەڵڵا خودا تۆبە لە خیابانی "سادۆڤی" بوو. کابرایەکی لادێیی دەیبینێ و دەڵێ: "ئەوە لە بەختی خۆم" بەڵام هەر لەو کاتەیدا کابرایەکی دیش پووڵە دەبینێ و دەڵێ: "ناوەڵڵا ئەوە لە بەختی خۆم بوو. ئەمن لە پێش تۆدا دیتم."

"دەیجا؟"

"دەیجا لێیان دەبێتە شەڕ. بەڵام پاسەبانێک دەگاتە سەریان و پووڵە دەداتەوە بە کابرای خانەوادە و هەڕەشە لەو جووتە دەکا و دەڵێ لە کونەڕەشوو توند دەکەم."

"دەیجا، مەنزوور؟ پیاو لەو قسەی چ فێر دەبێ، ئێمیلیان گیان؟"

"وەڵڵا هیچ، ئەوەندەی بوو خەڵک زۆریان پێ پێکەنین، ئاستافی ئیڤانۆڤیچ!"

"ماڵت شێوێ ئێمیلیان! تۆ چت داوە لە خەڵکی؟ تۆ باسی خۆت بۆ ناکەی کە دار و نەدارت دۆڕاندووە. ئێمیلیان ئیلیچ، دەزانی دەمەوێ چت پێ بڵێم؟"

"فەرموو ئاستافی ئیڤانۆڤیچ"

"خەریکی کارێ، کاسبیەک بە. ئەوە دەردی تۆ چارەسەر دەکا. ماڵتە سەد جارم پێ گوتووی کار بکە کار، ئاخر بەزەییەکیشت بە حاڵی خۆتدا بێ."

"ئاستافی ئیڤانۆڤیچ کاری چی بکەم. نە هێندە وەستا و دەستڕەنگینم و نە هیچ کەس هەیە پێم بڵێ خاڵە کەرت بە چەندی!"

"بەهانەی باشت بۆ هەڵکەوتووە خۆ لە کار ببوێری. ئارەقخۆر!"

"ئەدی ئاستافی ئیڤانۆڤیچ نەتبیستووە ئەورۆ لە ئیدارەوە ناردبوویانە شوێن ڤلاسی[1] نۆکەر؟"

پرسیم: "چکاریان پێی بوو؟"

"وەڵڵا نازانم چکاریان پێی بوو، ئاستافی ئیڤانۆڤیچ. هەر ئەوەندەی دەزانم ناردبوویانە شوێنی و ئەها."

گوتم: "ئەی رۆژیڕەش، بە خوای پیس قەوماوە ئێمیلیان! خودای تەبارەک و تەعالا لە تۆڵەی گوناهەکانماندا غەزەبی لێگرتووین، باشە ئێمە چمان داوە لە ڤلاس؟"

"ئینسانێکی فێڵەزانیش بوو. قسەی لەسەر نەبوو. ماوەیەکی باش گوێی بۆ رادەگرتم. بەڵام ئاخریەکەی وا بزانم وەڕەز ببوو. هەرکە دەیزانی خەریکم لە دین دەهری دەبم، سووکێ دەستی دەدا باڵتەکەی و بێهەست و خوست بۆی دەردەچوو. ئەو ڕۆژە بەرەڵڵا و هەرەڵڵا دەسووڕاوە، شەوێ بە مەستی دەهاتەوە ماڵێ. پووڵی لە کوێ وەگیر دەکەوت، خودا بۆ خۆی نەبێ کەس نەیدەزانی. من بووم، دەیجا خۆ تاقە فلسێکم نەدەدایە.

گوتم: "نە، ئێمیلیان، بە خوای ئەو حاڵە بە حاڵ ناشێ. دەست لە خواردنەوە هەڵگرە، کوڕە ئەوە پێت دەڵێم ها ئیدی نابێ بخۆیەوە! بێتوو ئەمجار بە مەستی روو بکەیەوە ماڵێ، شەو رێگای ژوورێت نادەم، دەبێ لەسەر پلیکانەکان بخەوی. بە خوای ئیدی رێگای ژوورێت ناکەم!"

ئێمیلیان دوای ئەو هەڕەشەیەی ئەوێ رۆژێ و رۆژی دوایەشی لە ماڵێ نەبزووت. بەڵام رۆژی سێهەم سووکێ بۆی دەرباز بوو. ئەوێ رۆژێ هەر چاوەڕوانیم کرد، هەر مەحتەل بووم، رووی لە ماڵێ

[1] Vlass

نەکردەوە. ئاخری چت لێ وەشارم قوربان، ترسم لێ نیشت. زۆریشم بەزەیی پێدا دەهات. دەمگوت باشە من بۆ وام لێکرد؟ من بە دەستی خۆم گورگەم کرد. ئاخر بڵێی ئەو بەستەزمانە بۆ کوێ چووبێ. لەوانەیە ون بێ، خوایە بۆخۆت لە تاوانی هەردووکمان ببوورە!

شەو بەسەردا هات، ئەوە هەر دیار نییە. بەیانی چوومە ڕێڕەوەکەی دەرێ. تەماشا دەکەم خۆ ئەوە لێرە خەوی لێکەتووە! سەری کردبووە سەر پلەیەکی پلیکانەکان و لە سەرمانیشدا ئەوە هەڵدەلەرزێ چۆن!

گوتم: "دەی ئێمیلیان گیان ئەوە سەرپلیکانیشت دی، خودا روحمت پێ بکا! داخوا ئەمجار دەبێ لە کوێ سەر دەربێنی؟"

"ئاستافی ئیڤانۆڤیچ وەک شتێک لێم تووڕە بووی لەو ڕۆژانەدا، قەڵس بووی و بڕیارت دا لە سەر پلیکانەکانم بخەوێنی، بۆیە منیش وەک شتێک نەموێرا بێمە ژوورێ، ئاستافی ئیڤانۆڤیچ، بۆیە هەر لێرە بۆخۆم بۆی راکشام..."

رقم هەستابوو، لە لایەکیشەوە بەزەییم پێدا دەهات.

گوتم: "ئێمیلیان لە جیاتی ئەوەی لێرە راکشێی و ئاگات لە پلیکانان بێ، وا باشترە کارێکی دیکە بگریە ئەستۆ."

پرسی: "چ کارێک، ئاستافی ئیڤانۆڤیچ؟"

لە حەیفانێ وەختا بوو لێک بمەوە، گوتم: "قوڕت وەسەر، خۆزگە تۆزێک خەیاتی فێر بای! تەماشای ئەو باڵتە شڕ و پەتۆرەت بکە! ئەو بۆخۆی جێگای ساغی تێدا نەماوە، کەچی کردووشیەتە گەسک و پلیکانەکانی پێ ماڵیوە! دەبێ دەرزی و درووما‌ن هەڵگری، ئەو جێیەی دڕاو و سوواوە بیدووریەوە، با ئابڕووت نەچێ، ئارەقخۆری خۆڵ وەسەر!"

قوربان پێت وابێ چی کرد؟ باوەڕی کردبوو، دەرزی و دەزووی هێنا، ئیدی نەیدەزانی من لە داخان وام گوتووە. بەڵام هێندەم لێ ترسابوو، دەستبەجێ خەریک بوو. باڵتەی دەرهێنا و بەر بووە دەزوو پێوەکردن. چاوم لەسەر هەڵنەدەگرت، هەروەکی رەنگە بۆخۆشت بۆی چووبی، چاوی سوور هەڵگەڕان و لێڵ ببوون. دەستی وەک شەقشەقە دەلەرزی. هەر دەزووی هێنا و برد، بەڵام ئێستا و ئێستا نەیتوانی بە کونی دەرزییەکەیەوە کات. چاوی قیچ و فیچ دەرکرد، سەری دەزووی تەڕ دەکرد، بە سەری قامکی بای دەدا، خەیر بێفایدە بوو! وەلاوەی نا و چاوی بڕیە من!

گوتم: "بە خوای بابە کەس وەک تۆ من ناترێنێ! خولا رەحمی کرد کەس ئاگای لێ نەبوو، دەنا چم لە دەست دەهات لە خەجاڵەتییان. ئاخر گێژە، خۆ من لە داخا وام گوت لابە بەسی کە ئەم کارە قۆڕەت،ماڵت شێوێ! قوون بدە سەر دەرپێی خۆت و ئیدی بەسم ئابڕوو بەرە. ئیدی نەچی لەسەر پلیکانی ماڵم بنووی. بەسم ئەتک پێ بکە."

گوتی: "باشە، ئاستافی ئیڤانۆڤیچ، دەفەرمووی چ بکەم؟ من بۆخۆشم جوان دەزانم کە مرۆیەکی عارەقخۆری هیچەکە و پووچەکەم! چم لە دەست نایە بۆ تۆ جگە لە زەحمەت و چەرمەسەرێ، وەلی... وەلی... وەلینێعمەتی من..."

هەرکە ئەوەی گوت، لێوی شین هەڵگەڕاوی دەستی کرد بە لەرزین و دڵۆپێک فرمێسک بە روومەتی سپی دا هاتە خوارێ و چوو لەسەر چەنەی نەتاشراوی دەستی کرد بە لەرەلەر. ئەمجار کوڵی گریانی هەستا و بانگی هەڵدا. ئەی رۆژی رەش! دەتگوت بە خنجێر لە دڵیان دام! کوڕە چووزانم هێندەش دڵ ناسکە! کێ باوەڕی دەکرد ئاوا بێ. لە

دڵی خۆمدا گوتم، باشە ئێمیلیان گیان ئیدی کارم پێت نییە. دە هەر دەست هەڵمەگرە لەو ئاکارەت، بۆرە پیاو.

قوربان، کورتی ببڕمەوە با بەست سەر بێشێنم. سەر لەبەری ئەم بەسەرهاتە، بایەخی چڵەپووشێکی نییە، بۆ وەی نابێ پیاو هێندەی لەسەر بڕوا! قوربان داینێین یەکی وەک جەنابت یان من ـ بەو مەرجەی دەستم بڕۆیشتایە ـ خۆزگە بمانتوانیبا کارێک بکەین نەهێڵین هەرگیز شتی وا بێتە پێشێ.

من شاروالێکی تایبەتی ئەسپسواریم بوو، قوربان خودا بەزیادی نەکا، بەڵام تا بڵێی شاروالی چاک بوو. شینێکی چوارخانە بوو. ئەربابێکی خەڵکی دێ سفارشی دا بۆی بدوورم، بەڵام ئاخری نەیویست گوتی: بۆم تەنگە و بۆ بەرم نابێ. جا بۆیە بەسەر دەستمدا ماوە. هەروەک یەکێک پێم بڵێ گوتم ئەرێ خۆ هەر نەبێ ئەو شەڵوارە بۆخۆی پوولێک دەکا. یان لە دووکانی کۆنەفرۆشان پێنج رووبل پوولی زیوی عرووسیات دەکا، دەنا هەر نەبێ دوو شاروال و جلیسقەیەکم بۆ دەکا. شاروالەکان دەفرۆشم بە ئاغاواتی پیترزبوورگ و جلیسقەکەش بۆخۆم لەبەری دەکەم. بەڵام پیاوی هەژاری وەک مەمانان، بەرەیان هەر لە لای تەنکیڕا دەدرێ. ئێمیلیان هەتا ماوەیەک دەتگوت مردووی لێ مردووە، چەند رۆژێ لە ماڵێ دانیشت، دەمی لە ئارەق نەدا و تاقە دڵۆپێک چییە بە گەروویدا نەچووە خوارێ، خەمناک و خەفەتبار دانیشتبوو دەتگوت کوندەبووە. لە دڵی خۆمدا گوتم کاکی خۆم لە دوو حاڵ بەدوور نییە. یان ئیدی شاییەک پووڵت لە گیرفانیدا نیە بچی بخۆیەوە یان لێبڕاوی رووپەڕێکی تازە لە ژیانتدا هەڵدەیەوە و ئیدی خواردنەوەت وەلا ناوە و خەریکی دێیە سەر رێ. قوربان، چەند رۆژێ ئاوا هات و چوو، تا رۆژی هەینی بەسەردا هات من بۆ نوێژی خەوتنان

چووم بۆ کلیسا. کاتێ هاتمەوە ماڵێ دیتم ئەوا ئێمیلیان بە مەستی لەبەر پەنجەرە دانیشتووە و خۆ رادەژێنێ.

لە دڵی خۆمدا گوتم: "ئەی خودا مەبارەکی نەکا! ئەوە خوێڕییە پیاو، دیسان چوویەوە سەر ئەو ئاکارە جوانەت؟"

نازانم چووم چی دەربێنم لە نێو چەمەدانەکەدا، دیتم شارواڵی ئەسپسواری نەماوە... وڵاتم لێک و زەمەر دا، شەڵوار نەبوو. ئاخر قوژبن نەما نەگەڕێم، شەڵوار بە نان هات و بە ئاو خورا. هەر دەتگوت بە خەنجێر لە پەڕەی دڵیان دام. دەپێشدا هۆمەنم بۆ پیرێژنە برد و گوتم کاری تۆیە. بە قەرا سەرە دەرزییەکیش شکم لە ئێمیلیان نەبوو، هەرچەند ئەئاوا بە مەستی دانیشتبوو، دەبایە بمزانیبا ئەو ماستە بێموو نییە.

پیرێژنە گوتی: "خوات لێ رازی بێ ئاغا، ئاخر من شارواڵی ئەسپسواریم بۆ چییە؟ ئاخر لە پێی دەکەم؟ چی؟ ئەلەو رۆژانەدا دامەنێکی منیش بزر بووە، بە خوای هەر بە دەست پیاوەکی وەک جەنابت تواوەتەوە... بەڵام ئەمن لە تاریکی دام و نازانم بڵێم کاری کێیە؟"

پرسیم: "کێ واوە هاتووە؟ کێ هاتۆتە ژووری؟"

پیرێژنە گوتی: "بە خوڵای کەس نەهاتۆتە ژووری. خۆ من دایم و دەرهەم لە ماڵێم. ئێمیلیان ئیلیچ وەدەرکەوت و پاشان هاتەوە. ئەوەتا لە هۆوێ دانیشتووە. لەوی پرسیار بکە."

گوتم: ئێمیلیان تۆ ئەو شەڕواڵە تازەی ئەسپسوارییەت هەڵگرتووە؟ لەبیرتە ئەو شارواڵەی وا بۆ ئەو ئەربابە لادێیەم دووری؟"

گوتی: "ناوەڵڵا ئاستافی ئیڤانۆڤیچ ئەمن عەرزت کەم دەستم بۆ نەبردووە."

نـازانی چ وەزعـێکم بـوو! دار و دیـوارم پشـکنی. شـارواڵ دەتگـوت عەرز هەڵیلووشیوە. ئەوە ئێمیلیان گیانیش هەروا لەوێ بۆی دانیشتووە و خۆ رادەژێنێ. لەسـەر پاژنـە و بەرانبـەر بـەوی هەڵترووشـکابووم و خۆم کۆم کردبۆوە بەسـەر چەمەدانەکەدا و لـەپڕ بە دزییـەوە چاوێکم لەنێو چاوی کرد... گوتم، هێی کەڵەگا! دڵم دەتگوت شیشـەی سوورەوە بـووی تێڕۆدەکـەی و هــەر بــە جـارێ خــوێن بــەرچاوی گرتبــووم. ئێمیلیانیش لەپڕێکدا چاوی بە چاوم کەوت.

گــوتی: "ئاســتافی ئیڤــانۆڤیچ، رەنگــە وا بزانــی مــن ئــەو شــاڕواڵە ئەسپسوارییەم هەڵگرتووە، بەڵام من عیلم و خەبەریشم لێ نییە."

"ئەی ئەگەر وایە چی لێهاتووە، ئێمیلیان ئیلیچ؟"

گوتی: "ئاستافی ئیڤانۆڤیچ، من چاوم بە شارواڵ نەکەوتووە."

"کەوایە بۆخۆی باڵی دەرهێناوە و هەڵفڕیوە!"

"ئاستافی ئیڤانۆڤیچ، لەوانەشە باڵی دەرهێنابێ"

هەرکە ئـەوەم لێ بیست، گورج هەستامە حـەوا، بۆی چووم بـەڵام چراکەم هەڵکرد و خەریکی کاری دروومان بووم. جلیسقەی کارمەندێکم چـاک دەکـرد کـە لـە نهـۆمی خوارمانـەوە دەژیـا. دەتگـوت بـە خـەنجێری دەبیـان لـە جـەرگ و دڵـم دەدەن! وەڵـڵا ئەگـەر تـەواوی جلوبـەرگم لـە ئاوردا سووتابا بە قەرا ئەو شـارواڵە ئێش بە دڵم نەدەگەیی. ئێمیلیـان گیــان وەک شــتێک سۆســەی کردبــوو کــە خــوێنم خــوێن دەخــوا. دار هەڵێنییەوە سەگی دز دیارە.

ئێمیلیان گیان دەستی پێکرد: "دەزانی چییە، ئاستافی ئیڤانۆڤیچ، (ئـەوە دەنگی پیر و فەقیرانـەی دەلـەرزێ) ئانتیپ پرۆهـۆڕیچی دەرمـانفرۆش، ئەم بەیانییە ژنەکەی کابرای داشقەچی هێنا، ئـەوە نییـە وا لـەو رۆژانـەدا عەمری خودای کرد..."

چاوێکم لێ کرد قوربان لە جنێو خەراپتر بوو، ئێمیلیان بۆخۆشی لێی حاڵی بوو. بەڵام چاوم لێ بوو هەستا چوو لەسەر تەختی خەوەکەی وڵاتی لێکدا، ملی نابوو لە گەڕان. راوەستام بزانم چ دەکا: ئاخر زۆر گەڕا و هەر لە بن لچەوە دەیگوت: "نەخێر، ئەی دەبێ ئەو بەزیاد نەبووە چی لێهاتبێ!" ئەوە هەر چاوەڕوانم بزانم چ دەکا. دیتم لەسەر چنگ دەڕوا و خۆی کرد بە بن تەختی خەوەکەیدا. کاسەی سەبرم پڕ بوو. گوتم: "ئێمیلیان، ئەوە بۆ لەبن ئەو تەختە خزاوی، ئاخر لە چ دەگەڕێی؟"

"ئاستافی ئیڤانۆڤیچ، بۆ شاڕواڵەکە دەگەڕێم، دەڵێم بەشکوو داکەوتبێ و چووبێتە بن تەختەکەوە."

لە داخان چەقۆت لێدابام خوێنم لێ نەدەهات، گوتم: مەرەحەمتت زیاد بێ، بەسە ئیدی خۆت بۆ کەرێکی وەک من ماندوو مەکە. خزاویەتە ئەو بنەوە بۆ تەڕەماش دەگەڕێی."

گوتم: "ئەممم...، بڵێ بزانم ئێمیلیان ئیلیچ"

گوتی: "دەڵێی چی، ئاستافی ئیڤانۆڤیچ؟"

گوتم: "راست بڕۆ، تۆ بۆخۆت وەک دز و جەردە رۆنەهاتوویە شاڕواڵەکە لە ئەمەکی ئەو نان و نمەکەی لە ماڵی منت کردووە؟"

قوربان نازانی هەر کە ئەو ئەدا و ئەتوارەم لێ دی کە ئاوا لەسەر چنگ دەڕۆیی، وەختابوو کوێرایی بە هەردووک چاومدا بێ.

گوتی: "ناوەڵڵا، ئاستافی ئیڤانۆڤیچ."

لەبن تەختەکە لەسەر دەم راکشابوو نەدەهاتە دەرێ. قەدەرێکی باش هەر لەو بنە ماوە. ئاخری هاتە دەرێ. چاوم لێکرد، رەنگی دەتگوت جاوی سپییە. هەستا و هات لە نزیک من لەبەر پەنجەرەکە بۆی دانیشت. دە دەقیقەی پێچوو."

گوتی: "ناوەڵڵا ئاستافی ئیڤانۆڤیچ." لەپڕ هەستا و هات بۆ لام. ئێستاش قیافەی لەبەر چاومە. نازانی چی بەسەر هاتبوو. گوتی: "ئاستافی ئیڤانۆڤیچ، هینە، وانێکە، من دەستم بۆ ئەو شاڕواڵەی نەبردووە."

ئازای ئەندامی وەک مێوژۆکە دەلەرزی، چنگ و مەقوشی بە لەرزە لەرز لە سینگی دەکوتا و دەنگی پیر و فەقیرانەی وا دەلەرزی، بە جارێ ترسم لێ نیشت، قوربان پێی هەستانم نەبوو، دەتگوت بە کورسی پەنا پەنجێرەکەیانەوە دووریوم.

گوتم: "ئێمیلیان بمبوورە ئەگەر لە رووی گەوجی خۆمەوە و لەخۆڕا شتەکەم بەسەر تۆدا هێناوە، دەشزانم دەمبەخشی. قەیدێ ناکا چاوی شاڕواڵ دەرێ، دوای ئەوەش رۆژ دەبێتەوە. شوکری خودا تەواو ناکەم کە هێشتا دەست و چاوی لێ نەسەندووم، بەس نیە ناچم دزی لە بێئەنوایەکی وەکی خۆم بکەم یان دەستی دەرۆزەگەریی بۆ لای درێژ کەم. خودا یار بێ، تیکەیەک نان پەیدا هەر دەبێ."

ئێمیلیان لە هەوەڵ تا ئاخر جوان جوان گوێی بۆ شل کردم، لە بەرانبەرمدا راست چەقیبوو. سەرم هەڵێنا، دیتم دانیشتبۆوە. ئەوشەوە هەر لەو جێیەی لێی دانیشتبوو چرکەی نەکرد. عاقیبەت بۆی وەرکەوتم ولێی نووستم. ئێمیلیان ئەوە هەر لە جێی خۆی چرکە ناکا. بەری بەیانی دیتم بەو باڵتە شڕۆڵەیەوە، لەسەر عەرزی رووتی خۆی گرمۆتکە کردووە. وای قەڵەمی دەست و لاق شکابوو، بڕی نەکردبوو بچێ لەسەر تەختەکەی بنوێ. قوربان، چم پێدەڵێی پێم بڵێ، لەوێ رۆژەوە ئیدی لەبەر چاوم کەوت و راستی قسە، رۆژانی هەوەڵ پێم خۆش بوو کوێر بم و نەیبینم. هەر وام دەزانی ئەولادی خۆم دزی لێ کردووم و جەرگی بە تەندوورەوە داوم. داد لە دەست ئێمیلیان، داد لە دەستت!

قوربان ئێمیلیان، ماوەی دوو حەوتووان شەو و ڕۆژ بێپسانەوە ئارەقی خواردەوە. شەو و ڕۆژ، لەیل و نەهار مەست بوو، ئاگای لە مەحموودی بێزەواد نەبوو. بەیانی وەدەر دەکەوت، شەو درەنگان بە مەستی دەهاتەوە. لە ماوەی دوو حەوتووەیدا تاقە کەلیمەیەک چییە لێم نەبیست. دەتگوت خەم و خەفەت جەرگ و دڵی هەلا هەلا کردووە یان دەتگوت بۆخۆی بە دەستی خۆی دەیەوێ بە جارێ هەلا هەلای کا. ئاخری دەستی کێشاوە، ڕەنگ بوو کەوتبێتە ئەولای بێتفاقی. دیسان لەبەر پەنجەرەکە بۆی دانیشتەوە. لەبیرمە سێ شە و ڕۆژ لەو بەر پەنجەرەی دانیشت، چرکەی نەکرد و متەقی لێ نەهات. لە پڕ دیم دەگریا. قوربان، لە جێی خۆی دانیشتبوو نازانم بڵێم وەک چی دەگریا: فرمێسک بە جۆگەلە بە چاویدا دەهاتە خوارێ دەتگوت بۆخۆشی ئاگای لێ نییە ئەو هەمووە فرمێسکە لە کوێڕا دێ. قوربان زۆر ناخۆشە پیاو چاوی لێی بێ کە پیاوێکی زل و زەبەندە، ئەویش پیرە پیاوێک لەبەر خەم و خەفەت ئاوا بگری.

گوتم: "ئێمیلیان ئەوە چ بووە؟"

دەستی کرد بە لەرزین، ئەویش چ لەرزینێک، وەک مێوژۆکە. لەو شەوەوە تازە دەمدوواند.

گوتی: "هیچ، ئاستافی ئیڤانۆڤیچ"

گوتم: "ماڵتە ئێمیلیان، خوات لێ ڕازی بێ، بە شوێن چووان‌دا مەچۆ. ماڵتە چ قەوماوە بۆ وا فرمێسک هەڵدەوەرێنی؟"

بەزەییم پێیدا هات.

گوتی: "هیچ نەبووە، ئاستافی ئیڤانۆڤیچ، چ نییە. دەمهەوێ کارێ بارێ پەیدا کەم."

"کاری وەک چۆن؟"

"هەر کارێک بێ، رەنگە هەر بچمەوە سەر کارەکەی جارانی خۆم. بە فێدووسای ئێڤانۆڤیچیشم گوتووە بۆم لە فکردا بێ. نامەوێ بار بم بە سەر شانی تۆوە. ئاستافی ئیڤانۆڤیچ، هەر ئەوەندەی کارم وەدەست کەوێ، شەرتە دەستەوامی چاکەکانت بدەمەوە و قەرەبووی هەموو پیاوەتییەکانت بکەمەوە."

گوتم: "ئێمیلیان، بەسە چی دی باسی مەکە. بە شوێن چووانددا مەچۆ. وەرە با بۆ هەمیشە بەردێکی لەسەر دانێین. وەرە با وەک خۆمان لێ بێتەوە."

گوتی: "ئاستافی ئیڤانۆڤیچ، رەنگە دڵت پاک نەبووبێتەوە، بەڵام باوەڕ کە دەستم وەو شارواڵەی نەکەوتووە."

"بە ئارەزووی خۆت بکە، ئێمیلیان"

گوتی: "ناوەڵڵا، ئاستافی ئیڤانۆڤیچ تازە ئیدی ماڵە تۆ جێگای من نییە، ئەوە شتێک نییە پیاو بە دزی بیڵێ. دەبێ بمبووری، ئاستافی ئیڤانۆڤیچ"

"کاکە، خوات لێ رازی بێ، ئاخر قسەی سارد و سووکیان پێ گوتووی، وەدەریان ناوی، چی؟"

"نەو، تازە مانەوەم لێرە بێلەزەت بوو، لێرە بڕۆم لە هەمووی باشترە."

وا دیار بوو، وای ئێش بە جەرگی گەییوە کە لەسەر قسەی خۆی سوورە. چاوێکم لێ کرد، دیتم کردی بە راست، هەستا و باڵتەی بە شانیدا دا.

گوتم: "ئێمیلیان ئیلیچ، ئاخر بۆ کوێ؟ ماڵتە لە کەری شەیتان وەرە خوارێ، ئاخر بۆ کوێ دەچی؟ روو لە کوێ دەکەی؟"

"نەو، ئاستافی ئیڤانۆڤیچ، کاکە ئەمن خوداحافیز، ئیدی نابێ پێشم پێ بگرێ" و دیسان لە بانگی گریانی دا و گوتی: "کورە هەر لێمگەڕێ با بڕۆم. تۆ ئیدی لە حاستی من ئەو بنیادەمەی جاران نەماوی."

"چیم گۆڕاوە؟ وەڵڵا من هەر ئەو بنیادەمەی جارانم، ئەوە بۆخۆتی گۆڕاوی و بە جارێ وەک منداڵێکی بێدەسەڵاتت لێهاتووە."

"نەو، ئاستافی ئیڤانۆڤیچ، وا نییە، تۆ ئێستاکە دەتەوێ وەدەرکەوی، لە پێشدا درگای چەمەدانەکەت دادەخەی، جا بۆیە کە ئەوەی دەبینم ئەو دڵەم وەک مەنجەڵ دەکوڵێ. لێمگەڕێ با بڕۆم لە هەمووی باشترە. گەردنم ئازاد کە ئەو ماوەیە زۆرم ئەرک بە سەر شانتەوە بووە."

سەرت نەیەشێنم قوربان، کابرا لێیدا رۆی. ئەو رۆژە هەر چاوەڕوان بووم، گوتم شەوێ دەگەڕێتەوە، دیتم خەیر بێفایدەیە. رۆژی دوایی و دواترەکەشی هەر سۆراغی نەبوو. ترسم لێ نیشت. لەبەر دڵ نیگەرانی خەو و خۆراکم لێ حەرام بوو. ئەو کابرایە بە جارێ بەیدەستی کردبووم. رۆژی چوارەم کەوتمە پێ و شوێنی. مەیخانە نەما سەری پێدا نەکەم و چاوی بۆ نەگێڕم، هیچ، بێفایدە بوو. ئێمیلیان لە هیچ کوێیەک سەر و سۆراغی نەبوو. هەر دەمگوت خودایە بلێی مابێ و هیچی بەسەر نەهاتبێ. دەمگوت خواکەی ئەو ئارەقخۆرە هەناسە ساردە ئاخۆ لە کام بنە دیواران بۆی درێژ بووە و گیانی دەرچووە و هەروەک کۆلکە دارێکی لە ئاودا ماسیو بۆی کەوتووە. چوومەوە ماڵێ، مردووی قەبران چۆنە ئاوا بووم. رۆژی دوایە دیسان بە دوویدا وێڵ بووم. هەر تف و لەعنەتی خۆم دەکرد، دەمگوت بە ئەستۆی شکاوم بۆ هێشتم بڕوا. رۆژی پێنجەم کە هەینی بوو، بەیانی زوو گوێم لە جیڕەی دەرکە بوو. چاوم هەڵبڕی، دیتم ئێمیلیان وەژوور کەوت. دەموچاوی شین هەڵگەڕاو، سەر و قژ قوڕاوی، وەک شتێک لە خیابان و شت

خەوتبوو. هەر بە جارێ ببووە چیلکەیەکی رەق و تەق. باڵتە شڕەی داکەند، قوونی دا سەر چەمەدانەکە و چاوی تێبڕیم. نازانی بە دیتنی چەندە دڵشاد بووم، بەڵام سەد هێندەی جارانم بەزەیی پێدا هات. قوربان، بۆخۆت دەزانی، منێکی ئەئاوا تووشی ئەو گوناهە گەورەیە ببوم،بێتوو خودا ئەو هەلەی بۆ نەڕەخساندبام کە لە گوناهی خۆم پاشگەز بم، ئیمانم دەرنەدەبرد و وەک سەگ دەتۆپیم. بەڵام باش بوو ئێمیلیان هاتەوە. پیاو کززە لە جەرگیشیەوە دێ کە دەبینێ مرۆیەک تا ئەو پلەیە نزم دەبێتەوە. بەربوومە خزمەت کردنی، هەر بە قسەی خۆش دواندم و دڵنواییم داوە.

گوتم: "ئێمیلیان زۆرم پێ خۆش بوو هاتییەوە. بێتوو لەوە زۆرترت پێچووبایە و هەر نەهاتیایەوە ناچار دەبووم ئەمڕۆش بە دووتدا مەیخانە بە مەیخانە بگەڕێم. ئەرێ برسیت نییە؟"

"ناوەڵڵا ئاستافی ئیڤانۆڤیچ"

"کوڕە پیاوی چا بە، شتی وا چۆن دەبێ؟ کاکە شۆرباو کەلەمێکمان هەیە هی دوێنێیە ماوەتەوە، گۆشتی تێدا بوو، شتێکی خراپ نییە، نان و پیوازیش هەیە. وەرە، بخۆ، زەرەری نییە."

بە زۆر لەسەر سفرەم دانیشاند. هەر دەستبەجێ لێم حاڵی بوو، لەوانەیە سێ رۆژیش بێ مۆری هیچ زەوادێکی نەکردووە. کاکە لە برسان دەتگوت گورگە رۆدێتە نان و خوان. ئەو بەستزمانەم ئاوا دیت، کززەم لە جەرگییەوە دەهات. لە دڵی خۆمدا گوتم: "کوڕە با هەلینگدەم بۆ مەیخانە شتێکی بۆ بێنم با ئەو دڵەی پێی ساکین بێ. دوایە ئاو بە ئاوردا دەکرێ و لە حاستی وی ئیدی هیچم لە دڵیدا نامێنێ!" چووم هێندێکم ئارەق بۆ هێنا. گوتم: "ئێمیلیان گیان ئەوڕۆ هەینییە، کوڕە وەرە با گەروویەک تەڕ کەین. توخوا چت کوت ها؟ دەشزانم ئەوی دەرد و

عەلەمتە دەیپەڕێنێ." دەستی بۆ ئارەقە هێنا، هەر زۆر بە تامەزرۆییەوە دەستی بۆ درێژ کرد، خەریک بوو لێوی بۆ ببا و نەبا، ددانی بە جەرگی خۆیدا گرت و دایناوە. دەقیقەیەکی پێ چوو، دیتم هەڵیگرت، بۆ لای دەمی برد، بەڵام رشتی بە قوڵیدا. بە لێویەوە نا کەچی دیسان دایناوە.

"ئەوە چییە ئێمیلیان؟"

"هیچ، دەڵێم، هینە، ئیدی..."

"نایخۆیەوە؟"

"وەڵڵا، ئاستافی ئیڤانۆڤیچ، دەڵێم ئیدی وانێک ناکەم، یانی ئیدی ناخۆمەوە."

"ئێمیلیان خواردنەوەت بە ئێجگاری وەلا ناوە، یان هەر ئەمڕۆ ناخۆیەوە؟"

هیچی نەگوت. دوای دەقیقەیەک سەری نا سەر دەستی.

گوتم: "ئێمیلیان، ئەوە چییە، نەکا نەخۆش بی؟"

گوتی: "وەڵڵا ئاستافی، هیچ باش نیم."

بردم لەسەر تەختەکە رامکێشا. دیتم هەر بەڕاستی نەخۆشە. سەری وەک تەندوور دایسا و چەق و چۆی دەهاتێ. ئەو رۆژە سەرانسەر هەر لە لای دانیشتم. بۆ لای تاریکان ئەوەندەی دی حاڵی تێکچوو. بڕێکم رۆن و پیواز و ئابجۆی عرووسی تێکەڵ کرد و نانم بۆ تێکوشی.

گوتم: "هەستە بڕێک لەو تێکوشیوە بخۆ با بەشکوو پێی باشتر بی."

گوتی: "نا ئاستافی ئیڤانۆڤیچ، ئەمڕۆ نیوەڕۆژە ناکەم."

چایەکم بۆ ساز کرد. پیرێژنەم بە جارێ هەراس کرد. فایدەی نەبوو. کابرا هیچ باشتر نەبوو، گوتم ئەو حاڵە بە حاڵ ناشێ، خزمەتی نەخۆش خۆ وا نابێ! بۆ سێ سبەیدا چوومە شوێن پزیشکێک. ماڵەکەی هەر لەو نزیکانە بوو و ناوی کۆستۆپراڤۆف بوو. ئەو زەمانی کە خزمەتکاری

بنەماڵەی بۆسۆمناگین بووم لەگەڵ ئەو دوکتۆرەی ناسیاویم پەیدا کردبوو. دوکتۆر وەریگرتم و هات و چاوی لە نەخۆش کرد.

گوتی: "کار لە کار ترازاوە. تازە هاتنی من چارەی دەردی ناکا. بەڵام دەشڵێی گەردێکی بۆ دەنووسم."

گوتم بە خوای ئەوەش لەبەر دڵی من دەکا دەنا بێفایدەیە. بوو بە رۆژی پێنجەم.

قوربان، بە جێوبان کەوتبوو و لەبەر چاوی خۆم بەرەو گۆڕی هەنگاو دەنا. لەبەر پەنجەرە دانیشتبووم درووومانم دەکرد. پیرێژنە ئاگردانەکەی خۆش دکرد. هەموو کڕوکپ بووین. جەرگم بۆ ئەو هیچ و پووچە ببووە کەباب. وام دەزانی ئەوە ئەولادی خۆمە، خەریکە لە دەستم بچێ. دەمزانی ئێمیلیان چاوی لێمە. سەرانسەری ئەو رۆژەی، ئەوە ئاگام لێیە دەیەوێ شتێکم پێ بڵێ و کەچی ناشوێرێ.

ئاخری چاوم لە چاوی کرد. دەتگوت ئەوەی رەنج و عەزابی دونیایە لە چاوی ئەو رۆژەڕەشەدا کۆ بۆتەوە. ئەوە هەر چاویشم لەسەر هەڵناگرێ. بەڵام کاتێ زانی چاوم لە چاوی بڕیوە، چاوی بەرداوە.

گوتی: "ئاستافی ئیڤانۆڤیچ؟"

"دەڵێی چی ئێمیلیان؟"

"ئەگەر ئەو باڵتە کۆنەی بەری بۆ بازاڕی کۆنەفرۆشان، پێت وایە چەندت دەنێ؟"

"نازانم چ دەدەن، رەنگە رووبلێک بدەن."

کوڕە خۆ ئەگە بشمبردایەتە بازاڕ تاقە سکەیەکی بێقابیلەتیشیان پێ نەدەدام هیچ، پێم پێدەکەنین و دەیانگوت ئەو شتە خاوێنە چییە هێناوتە لەو لاوە. من ئەو قسەیەم هەر لە بەر دڵی ئەو هەناسە سارده کرد، چونکی دەمزانی چەندە ساویلکە و بەستزمانە.

گوتی: "دەخۆ من وام دەزانی هەر نەبێ سێ رووبلت دەدەنێ، ئاخر خۆ جنسەکەی پارچەی ئەسڵە. ئاستافی ئیڤانۆڤیچ، جا چۆن تاقە رووبلێک دەدەن، ئەویش بۆ باڵتەیەکی پارچەی ئەسڵ بێ؟"

گوتم: "چووزانم ئیمیلیان، ئەگەر خەیاڵت هەیە بیبەی بۆ بازاڕ، وا باشە لە پێشدا داوای سێ رووبلی لێ بکەی."

گوتی: "ئاستافی ئیڤانۆڤیچ؟"

گوتم: "دەڵێی چی ئیمیلیان؟"

گوتی: "ئەگەر مردم باڵتەکەم بفرۆشە و بەو باڵتەوە مەمنێژە. بە بێ ئەو باڵتەیەش ئەمن لە قەبردا دەحەوێمەوە. هەر چی بێ، شتێک هەر دێنێ، رەنگە بە کەڵکی خۆی هەر بێ."

ئای نازانی هەرکە ئەو قسەیەم لێ بیست، دەتگوت بە خەنجێری دەببیان لە جەرگ و دڵیان دام. دەمدیت کە ئێش و ئازاری مەرگ بەربینگی پێ گرتووە. قەدەرێک بێدەنگ بووینەوە. سەعاتێکی پێچوو. چاوم لێ کردەوە. دیتم ئەوە هەر چاوم لەسەر هەڵناگرێ و کە چاویشی بە چاوم دەکەوت چاوی بەردەداوە.

پرسیم: "ئیمیلیان، بڕێکت ئاو بۆ بێنم بیخۆیەوە؟"

"ئەرێ وەڵڵا بڕێکم بۆ بێنە، خودات لێ رازی بێ."

ئاوم بۆ هێنا.

گوتی: "سپاست دەکەم، ئاستافی ئیڤانۆڤیچ"

گوتم: "ئیمیلیان هیچی دیت ناوێ؟"

گوتی: "ناوەڵڵا ئاستافی ئیڤانۆڤیچ، هیچی دیم ناوێ، بەڵام وانێکە..."

"چییە؟"

"وەڵڵا..."

"دەی بڵێ، ئیمیلیان"

"ئەو شارۆواڵە ئەسپسوارییە، عەرز بێ، دەڵێم، هینە، وانێکە، کاکە من هەڵمگرتبوو، ئاستافی ئیڤانۆڤیچ"

گوتم: "ماڵتە، خوات لێ رازی بێ، هەژارەی هەناسە ساردە، کاکە گەردنی خۆشوو سەد جار ئازاد بێ."

قوربان گریان ئەوکی گرتبووم، چاوم پڕ بوون لە فرمێسک. قەدەرێک رووم کرد بەو لاوە.

هەرای کرد: "ئاستافی ئیڤانۆڤیچ"

چاوم لێ بوو دەیهەویست شتێکم پێ بڵێ، هەوڵی ئەوە بوو هەستێ، هەوڵی ئەوەی بوو قسە بکا، بە غڵدە غڵد شتێکی گوت. لەپڕ سوور هەڵگەڕا، چاوێکی لێ کردم و...

پاشان دیتم سپی هەڵگەڕا، سپی سپی، و هەر بە دەقیقەیەکی دەتگوت بە جارێ تێکقوپێ. سەری بە پشتدا کەوت، هەناسەیەکی هەڵکێشا و گیانی سپارد.

# سروودی شاهێن:

ماکسیم گۆرکی

دەریای بێسنوور کە بە دەم خەوەوە لە بەستێنەوە شڵپەی دەهات و دوور لە بەستێن مەند ببۆوە و وەنەوزی دەدا، بە جارێ کەوتبووە بەر مانگەشەو، ئەندامی ناسک و زێوینی لە ئاسۆوە تێکەڵ ئاسمانی باشوور ببوو و لە پرخەی خەودا بوو و وەک ئاوێنە پەڵە هەورە ناسک و سپییەکانی دەنواند. ئەم هەورانەش چرکەیان نەدەکرد و نەخش و نیگاری زێڕینی ئەستێرەکانیان نەشاردبۆوە. ئاسمان دەتگوت خۆی شۆڕ کردۆتەوە و گوێی هەڵخستووە بۆ سرتە و چپەی شەپۆلە نەسرەوتووەکان کە لەسەرخۆ خۆیان بە بەستێندا دەدا.

کێوە پڕ لە دارستانەکانی وا با لق و پۆپی شکاندبوون، لوتکەی بڕگە بڕگەیان بەرەو ئامسانی شین و بەرین هەڵێنابوو، یانی بەرەو ئەو شوێنەی وا دەستی پڕ لە خۆشەویستی و لاواندنەوەی شەوی باشوور، شاخ و داخی ڕەق و ناهەمواری نەرم و نیان دەکرد.

چیاکان نوقمی دەریای بیر کردنەوە بوون. سێبەری تاریکی شاخەکان ئەتگوت جلوبەرگێکی تەنگن کراون بە بەر شەپۆلە شینە نەسرەوتووەکانا، وەک شتێک دەیانویست شەپۆلی بێپسانەوەی ئاو و ناڵەی کەف و کوڵی دەریا و هەر دەنگێ کە ئەم بێدەنگییە پڕ لە نهێنییە بشەمزێنێ، کپ کەن. ئەم بێدەنگییەش وێڕای ڕۆشنایی شین و زێوینی مانگ کە هێشتا لە پشت لووتکەی کێوەکانەوە نەهاتبوونە دەرێ، دیمەنەکەی گرتبووە بەر.

نادر ڕەحیم ئۆغلی شوانە وێڵەیەکی پیری خەڵکی کەریمیە بو، لەسەرخۆ دەستی کرد بە "ئەڵڵاهو ئەکبەر" کوتن. پیرە پیاوێکی زانا بوو، کزو کەڵەگەت بوو. سەر و ڕیشی سپی بوو و پێستی لەبەر تاو ڕەش هەڵگەڕابوو.

من و نادر لەسەر خیزەڵانی گوێی دەریا، لە پەنای گاشە بەردێ، بۆی درێژ ببووین. بەردەکە کەوتبووە بەر تاریکایی و قەوزە دایپۆشیبوو. خەفەتباری ئەوە بوو کە لە دایکی خۆی یانی لە کێوەکە هەڵبڕاوە. لایەکی تاتە بەردەکە قەوزە وای داپۆشیبوو دەتگوت نووساوە بەو توولە ڕێیە خیزەڵانییەی نێوان دەریا و چیاکانەوە. گڕی ئەو ئاورەی کردبوومانەوە، بەستێنی ڕووناک کردبوو. سێبەری پریسکە ئاورەکان لە سەر بەستێنەکە دەتگوت هەڵدەپەڕێ.

لەگەڵ ڕەحیم ئەو ماسییانەی گرتبوومان دەمانبژارد. ئەوەندە بەکەیف بووین کە هەموو شتێک لەبەر چاومان ڕوون بوو و دەتگوت شتێکی پێ ئیلهام کراوە و ئێمەش تێیدەگەیشتین. دڵخۆش بووین و دڵمان پاک و بێخەوش بوو. لە دارای دونیادا هەر ئەوەندەمان دەویست لێرە ڕاکشێین و بۆی بچینە دەریای خەیاڵاتەوە.

دەریا لە لای بەستێنەوە هاشەی دەهات. دەنگی شەپۆلەکان ئەوەندە نەرم و نیان بوون دەتگوت لێمان دەپاڕێنەوە کە بێڵین بێن و خۆ لە بەر ئاگرەکە گەرم کەنەوە. دەتدی شەپۆلێ دەنگی شەپۆلەکانی بەستێنی دەبڕی. ئەم شەپۆلە ڕوودارە دەیهاژاند و بەرەو لای ئێمە دەخوشی.

رەحیم بەرەو ڕووی دەریا ڕاکشابوو و ئانیشکی لە خیزەکە ڕۆچووبوو. سەری خستبووە نێو دەستی و چووبووە دەریای بیر و خەیاڵاتەوە و چاوی بڕیبووە ئەو دیمەنە دوورانەی لە تاریکاییدا بوون. کڵاوە کەوڵەکەی بە پشتدا کەوتبوو و شنەبایەکی خۆش تەوێڵە بەرزە

چرچ و لۆچەکەی باوەشێن دەکرد. دەستی کرد بە قسەی پسپۆڕانە و گوێی لەوە نەبوو کە ئایا من گوێم بۆ شل کردووە یان نا، هەر دەتگوت ڕووی دەمی لە دەریایە. دەیگوت: "ئەوەی بە ئیمانەوە سەری لە ڕێی خودا دابێ، دەچێتە بەهەشت. ئەی ئەوەی سەری لە ڕێی خودا و پڵغەمبەردا نییە؟ ڕەنگە فرێیدەنە نێو کەفوکوڵی ئەم دەریایەوە. لەوانەیە هۆو پەڵە سپییانەی سەر ئاوەکە، وەها بنیادەمێک بن. پیاو چووزانێ؟"

دەریای تاریک هەڵدەچوو. وردە وردە ڕووناک بوو و شەوقی مانگەشەو سەدان پەڵەی ڕۆشنیان لە سەر ئاو بەدیهێنا. مانگ لە پشت لوتکە بڕگە بڕگەکانەوە هاتە دەر و بە جۆرێ ڕووناکی کردە سەر بەستێن و بەردەکەی پەنامان و سەر دەریا کە دەتکوت لە خەو و خەیاڵدا دەیبینی. دەریا هەناسەیەکی هەڵدەکێشا و بەرو مانگ هەڵدەکشا.

رووم کردە پیرە پیاوە و گوتم: "ڕەحیم، چیرۆکێکم بۆ بڵێ."

بێئەوەی لام لێ بکاتەوە پرسی: "بۆ چتە؟" کوتم: "وەڵڵا هەر وا. چیرۆکەکانتم پێ خۆشە."

ـ ئەوەی دەمزانی هەمووم بۆ گێڕاویەوە. ئیدی هیچی دیکەم پێنەماوە.

ئەویویست لەبەری بپاڕێمەوە و پاڕاشمەوە. گوتی: "ئەگەر پێت خۆش بێ، گۆرانیت بۆ دەڵێم." لە خودام دەویست هەوایەکی کۆنم بۆ بڵێ. لەسەرخۆ دەستی پێکرد. دەیویست لەسەر هەوا کۆنەکە بڕوا.

(١)

مارێک لە سەر شاخەکانەوە دەخزی تا لە دۆڵێکی تەنگی تەمگرتووی ڕوو لە دەریا بحەسێتەوە.

ڕۆژ لـە حـەوێقی ئاسـمان بـوو. هەناسـەی گـەرمی کێـوان بـەرەو ئاسمان دەچوو. لە دامێنی چیاکان شەپۆلەکان خۆیان لە گاشەبەردەکان دەسرەواند و دەیانلرفاند و دەپچڕان.

چۆمێک بە تاڵووکە بە دۆڵە تەپومژاوییەکەدا بەرەو دەریا دەچوو و بەردی سەر ڕێی دەگلاند.

کەفی کردبوو، سپی هەڵگەڕابوو و بە هێز و گوڕێکی زۆرەوە بە ناو گاشـە بـەردەکانا تێدەپـەڕی و بـە تووڕەییـەوە دەیلرفانـد و ئـەڕژا نێـو دەریاوە.

لـەپڕ بـازێکی بـاڵ خوێنـاوی و سـینگ برینـدار لـە ئاسـمانەوە کەوتـە دۆڵەکەوە و لە پەنا مارەکەی وا خۆی گرمۆتکە کردبوو، لە خۆڵ گەوزا. دەستبەجێ ناڵاندی و بە هیوا بڕاوی باڵەکانی لە تاتە بـەردێک سـرەواند. مارەکە ترسا و ڕایکرد. بەڵام زوو زانی ئەم باڵندەیە ژیانی بەرەو تەواو بوونـە و تـاوێکی دیکـە گیـان دەدا. جـا بۆیـە گـەڕاوە بـۆ لای باڵنـدە زامدارەکە و چووە پەنای گوێی و هووشـاندی و تانـەی لێدا: "وا دیـارە کاتی مردنتە." باز، هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و وڵامی داوە: "ئەرێ، کاتی مردنمـە. بـەڵام ئـای چ ژیـانێکی خۆشـم ڕابـوارد! ئـای چەنـدم تـامی بەختەوەری چەشتووە! ئای چ خەباتێکم کرد! ئەفڕیمە حـەوێقی ئاسـمان. هەی بەستزمانە هەرگیز ئەو ئاسمانەی من دیومە تۆ نایبینی."

ـ ئاسمان؟ ئاسـمانی چـی؟ چمـا مـن دەتـوانم لـە ئاسـماندا بخـزیم؟ بۆ جێگایەک هەیە لەم شیو و دۆڵە باشتر؟ جێگای ئاوا گەرم و پڕئاو؟

ئادی، مار ئەوەی گوت لە وڵامی بازدا. لە وڵامی ئەو مەلەی شـێت و شـەیدای ئازادییە. لە دڵی خۆیا پێکەنینی دەهات بـەو قسـانەی بـاز کـە لـە ڕووی نەترسییەوە دەیکرد.

لە دڵی خۆیا کوتی: "چ فەرقی هەیە پیاو بخزێ یا بفڕێ؟ ئاکامی کارەکە بە هەر دوو لادا هەر دەبێتە ئەوەی لەسەر زەوی بمری و ببیەوە بە خاک و خۆڵ."

باز لە پڕ سەری هەڵێنا و چاوێکی بە دۆڵە تەپومژاوییەکەدا گێڕا. ئاو لە درزەکانی تاتە بەردەکەی پەنای دەهاتە دەر. شیوەکە بۆنی مەرگ و بۆگەنیوی دەهات.

باز، لە خۆی نووسا و بە داخ و تامەزرۆییەوە گوتی: "ئای خۆزگە هەر جارێکی دیکە بەرەو ئاسمان باڵم بگرتایەوە، هەر تاقە جارێکی دیکە... هەر بە سینگم مێشکیم دەهاڕی... لە خوێنی خۆما دەمخنکاند... ئای، نازانی خەبات چەندێ خۆشە!"

مار لە دڵی خۆیا گوتی: "ڕەنگە ژیان لە حەوێقی ئاسمان هێندە خۆش بێ کە ئەم مەلە ئاخی بۆ هەڵدەکێشێ!" پاشان ڕووی کردە باز (کە ئەوەندە شەیدای ئازادی بوو) و گوتی: "بەو تاتە بەردەدا هەڵگەڕێ. ڕەنگە باڵەکانت ئەوەندەی گوڕ تیا مابێ پێیان هەڵفڕی."

باز مچوڕکێکی بە گیانیدا هات. بە سەربەرزییەوە نالاندی و چنگی لە قوڕ و لیتەی بەردەکە گیر کرد و پیا هەڵگەڕا.

گەیشتە لێواری بەردەکە، باڵی لێک کردەوە و هەناسەیەکی توندی هەڵکێشا و لە چاو تروکانێکا خۆی هەڵداشت. وەک خڕکە بەردێک کەوتە عەرزی، باڵی شکا و پەڕوپۆی وەری.

شەپۆلێ هات، خوێنی شتەوە و لە کەفوکوڵی دەریایەوەی پێچا و لەگەڵ خۆیا بردی بۆ نێو دەریا.

شەپۆلەکان کاتێ خۆیان لە تاتە بەردەکە دەدا، ئەلۆرانەوە. مەلەکە ڕۆیی و لە دەریای بێسنوورا ون بوو.

مـار، بـەینێکی بـاش لـە دۆڵەکـەدا پاپۆکـەی خواردبـوو و بیـری لـە مەرگی ئەو مەلە دەکردەوە و لە ئەوینێکی ئەو بە ئاسمانی بوو.

دەیرِوانییــە ئاســمان یــانی ئــەو شــوێنە وا ئــەو هیوایانــەی دڵــی نەسرەوتوو هێمن دەکەنەوە، سەری تیا هەڵدەدەن.

دەیگـوت: "ئـەم بـازە بەسـتزمانە چـی دیبـوو لـەم بەتاڵاییـەدا، لـەم ئاسمانە بێبنەدا؟ ئاخر ئەم باڵندانە بۆ دەبێ ئەوەندە تامەزرۆی هەڵفرِین بن، نەیەڵن کەس دڵی بسرەوێ؟ ئاخر لە ئاسمان چی دەبینن؟ وەڵڵاهـی دەبێ هەر تۆزێکیش بێ بۆی بفرِم با لێم حاڵی بێ."

مـار ئـەوەی وت و خـۆی گرمۆڵـە کـرد و خـۆی فـرِێ دا و لـە بـەر تیشـکی تـاو، وەک هێڵێکـی رەش بـە حـەوادا تێپـەرِی. بـەڵام ماریـان نەگوتووە و هەڵفرِین. لەسەررِا کەوت بە بەردەکانا، بەڵام نەمرد، پێکەنی و گوتی: "کەوابێ هەڵفرِین، خۆشییەکەی هەر لەوەدایە کە شڵپ بکـەوی بـە عـەرزا! ئـەی باڵنـدە گەوجـەکان! سـەر عـەرزتان پـێ خـۆش نییـە، ئـەرزێکی کـە هـەر نایناسـن. جـا بۆیـە دەچنـە حـەوێقی ئاسـمان و لـەو شـوێنە بەرینـە پرِ لـە دڵەکوتەیـەدا دەژیـن. ئـاخر ئاسـمان چییـە؟ هـەر شــوێنێکی بەتاڵــە و هیچــی دی. بــەڵێ رۆشــنایی لــە ئاســمان زۆر و بێسنوورە، بەڵام ئاخر خۆ هیچی لێ نییە پیاو پێیەوە راگیر بێ. ئەی ئەگەر وایە ئەم هەموو رێزە چییە لە ئاسمانی دەنێن و بۆ عەرزیان لە بەرچاو سووکە؟ لەبەر ئەوەی لە خەڵکی بشارنەوە کە ئەو هەموو هیوا و ئـارەزووە شـێتانەیان هەیـە و ئـەرکی ژیانیـان پـێ هـەڵناگیرێ؟ ئـەی باڵندە ئاسمانم بە چاوی خۆم دی. بە ئاسماندا فرِیم و تیا خولامـەوە. لەو ئاسمانەوە کەوتمە خوارێ بەڵام نەشمردم. ئەمجار زۆرتر لە جاران برِوام بـە قسـەی خۆمـە. ئـەوەی وا لـە عـەرزی لەبـەر چـاو سـووکە، لێیگەرِێ با هـەر بـە خـەیاڵی خاوەوە بژی. من راستەقینەم لێ ئاشکرا

بوو. ئیتر خەباتی ئەو مەلانە لە لای من بایی تووریکە. من لەسەر عەرز لە دایک بووم و هەر لەسەر عەرزیش دەژیم."

ئەمەی گوت و زۆر شایی بە خۆی بوو و لەسەر بەردێ پاپۆکەی خوارد.

دەریا تریفەی دەهات. شەپۆلەکان وەک شێت خۆیان لە بەستێن دەسرەواند. گرمەی شێرانەیان، دەنگدانەوەی سروودی بازی تیا بوو.

گاشە بەردەکان لە بەر هەڵمەتی دەریا و ئاسمان لەبەر ئەم سروودە دەلەرزی:

وەرن بەستەیەک بۆ شێتی لە کاتی ئازایەتیا هەڵبەستین. شتێی لە ئازایەتیا ئەقڵی ژیانی تیایە. داخەکەم، ئەی باز، ئەی مەلی بێباک! خوێنی پڕبایەخت کاتی خەبات لەگەڵ دوژمنا ڕژا عەرز بەڵام زەمانێ دەگا هەر دڵۆپە خوێنێکت ببێتە پریشکە ئاورێ و تاریکی ژیان ڕووناک کاتەوە و لە دڵە نەترسەکانا ئاگرێ هەڵدەکا، ئاگری ئەوینی ئازادی و ڕۆشنایی."

گیانت بەخت کرد، بەڵام نەمرە سروودی تۆ کە سروودی ئەوانەیە وا نەترسن، سروودی خەباتی پڕ لە شەڕەفە لە بۆ ئازادی و ڕووناکی."

"ئاهەنگێ ئەڵێین بۆ شێتییەک وا لە ئازایەتیدایە!"

... ئێستا قەراغی دەریا لە ڕەنگی شیرە و کش و ماتە. ئەو شەپۆلانە وا خۆ لە بەستێن دەکوتن، ویرەویریانە. منیش بێدەنگم و چاوم بڕیوەتە دوور. ئەو پەڵە سپییانەی سەر ئاو کە ڕۆشنایی مانگ پێکی هێناون، پتر بوون... کترییە چایەکەمان لەسەرخۆ دەکوڵێ.

شەپۆلێ لە هاواڵەکانی پێش دەکەوێ و بۆ گاڵتە هاوار دەکا و بەرەو سەری ڕەحیم دێتە پێش.

ڕەحیم دەستی ڕادەوەشێنێ و دەڵێ: "بۆ کوێ؟ بکشێوە بزانم" شەپۆلەکە بە قسەی دەکا و دەکشێتەوە. لەوەی کە ڕەحیم بە جۆرێ لەگەڵ شەپۆلەکە دەدوێ کە دەڵێی بنیاددەمە پێکەنینم نایە و پێشم سەیر نییە. چونکی ئەوەی لە دەور و پشتمانە سەیر دڵخۆش و مێهرەبانە و پیاو دەلاوێنێتەوە. دەریا مەند و هێمنە. شنە بایەک لە دەریاوە بەرەو لووتکەی چیاکان کە هێشتا گەرمی ڕۆژیان تیایە دێ و هێزێکی زۆر دەخاتە دڵی پیاو. ئەستێرەکان لە سەر تەختی سوورمەیی ئاسمان، پەیغامێکیان نووسیوە، ئەو پەیغامە ئینسان تامەزرۆی ئیلهامێک دەکا، جا لەبەر ئەوەی جادوو لە ڕۆح دەکا و بیر و مێشکی ئینسان دەهەژێنێ.

خەو نیشتۆتە چاوی هەموو شت، بەڵام ئەو خەوە هاوڕێیە لەگەڵ بەخەبەرییەکی زۆر و دەڵێی خەبەریان دەبێتەوە و ئاهەنگێکی خۆش دەست پێدەکەن، ئاهەنگێ کە نهێنی ژیان بە گوێی گیاندا بسرپێنێ و وەک شەهاب ڕۆشناییەک بخەنە سەر مێشک و ڕۆحی ئینسان کە هەڵیفڕێنن بۆ لای ئاسمانی شینی شەو، بۆ لای ئەو شوێنە وا نەخش و نیگاری ئەستێرەکانیش حکایەتێکە لەو ئیلهامە خوداییەی کە بە هەموو شتێک کراوە.

# قەرزی شەرەف:

ئاندرێ مۆروا

بیست ساڵ لەمەوبەر ئەو شانازییەم بە نەسیب بوو کە لەگەڵ ژن و مێردێکی نووسەر ببمە دۆست. من لێرەدا بە ناوی خانمی ژوولییێت و ئاغای پییێر داڤای ناویان دەبەم، بەڵام ناوی خۆیان شتێکی دیکەیە و وام پێ باشە ناویان نەهێنم. بەو ئەندازەی ڕێزم لێ‌دەنان، خۆشیشم دەویستن. هەردووکیان لێهاتوو بوون. کەم بەشەرم دیتووە بەقەرا پییێر بەفەرهەنگ بێ. چەند ڕۆمان و مەقالەی ئەدەبی نووسیبوو، دروستە هێندەی پارە پێ وە گیر نەکەوتبوون بەڵام ببوونە هۆی ئەوەی ڕەخنەگری سەر بەدەرەوە ئافەریمی لێ‌بکەن و وێکڕا گوتیان ئەئەوە دەبێتە ڕۆماننووسێک ناوبانگی سنووران دەبەزێنێ. ژوولییێت خانمی خێزانی لە تەمەنی بیست و دوو ساڵی‌دا کۆمەڵێ چیرۆکی بڵاو کردنەوە هێندە ڕەسەن و لەبەردڵانن، ڕەخنەگران ئەو داهاتووە پڕ گەشە و نەشەی مێردەکەیان بۆ ئەمیش پێش‌بینی کرد.

ئەم ژن و مێردە بێئەنوا بوون، بەڵام خوا نەکا پرتە و بۆڵەیەکیان لێ‌ببیستم. دوو منداڵیان لە ئاپارتومانێکی چکۆلەدا بەڕێوە دێنا کە خۆیان بە شێوەیەکی تا بڵێی جوان و بە دابی ئەمڕۆیی ڕازاندبوویانەوە. ساڵی ۱۹۳۰ نەهاتی بە شوێن نەهاتی‌دا سواری شانیان بوو. منداڵە گەورەکەیان سیپەلکی نەخۆشی گرت و ناچار، دەبوو بینێرنە وڵاتێکی کوێستانی. ژوولییێت خانمیش بۆخۆی نەخۆشییەکی گرت دەبوو عەمەلی کەن. ئەو ڕۆژەی لە نەخۆشخانە چوومە هەواڵپرسی، پییێری مێردی لەوێ نەبوو و نەیپێچاوە و گوتی نازانم پووڵی عەمەل لە کوێ بێنین.

دیـاره مـن حـازر بـووم پـوولی عەمـەلیان بـدەمێ، بـەڵام دەمزانـی ئـەمانیش وەک خەڵـکی کاسـتیلی ئیسـپانیا دڵیـان گەورەیـە و غیـرەتیان هـەڵیناگرێ، جـا بۆیـە هـەرچی سـەرم دێنـا و دەبـرد نەمدەزانی شـتەکە چـۆن بـدرکێنم. ئـەو بنەماڵەیـە، لـەوەتی ناسـیبوومن، قـەتیان هیچـی هیچکەس نەویستبوو و چ کەیفم لەوەی نـەبوو پـووڵ بـە قـەرز بدەم بـە دۆسـتی وەکـی ئەمانـە نزیکم، چـونکێ ئـەزموونی تـاڵی ژیـان لێـی حـاڵی کردبـــووم کـــە زۆر جـــاران پیـــاوەتی ئـــا لـــەو چەشـــنە، ئاکامەکـــەی لێکهەڵبڕانی دۆستانی گیانی گیانییە.

هەڵبـەت ئەمـەش خـەتای کەسـی تێدا نیـە. لـە پێشدا ئـەو دۆسـتەی موحتاجە دەستبەجێ و بە گیـان و دڵ خـۆ دەبـوێرێ لـەوەی کـە بچێتـە ژێر باری قەرزەوە، بەڵام جاری واش هەیە چاری ناچارە. ڕۆژان دێ و دەڕوا و ئەمە نیەتی، جا بۆیە ئیدی لە خەجاڵـەتییان خۆ لە هاواڵەکەی ئاشـکرا ناکـا، چـونکێ هـەر کـە دەیبینـێ وە بیـر قەرزەکـە دەکەوێتـەوە، کابرای ساحەب پیاوەتی نە باسـی پـووڵ دەکا و تـا ئـەو جێگایـەی بۆی دەکـرێ کارێک دەکا وا پیشـان بـدا کـە قـەرزی هـەر لـە بیـریش نیـە و ڕەنگە هەر واش بێ. بەڵام کابرای قەرزدار هیچ کات و سـاتێک قـەرزەی لە بیر ناچێ و لەبری ئەوەی عـوزر بێنێتـەوە و پاکانەیـەک لـە بـۆ خـۆی بکـا، خـۆ لـە ڕەفیقەکـەی دەبـوێرێ. بارودۆخێکـە دارەڕای لـە درۆیـە و ژوورەوەی هەناسە و بۆسۆیە!

دیارە نەمدەویست لاقی خۆم و ئەو دۆستانەم بە قولاپی وەها تەڵـە و داوێکەوە بێ، جا بۆیـە بـە ژوولییێت خـانمم گـوت: "ئێوە هـەردووکتان دەسـتی خۆتـان بەسـتووە، چـونکێ ئـەو پووڵـەی مـن بێمنـەت دەمـەوێ بتاندەمێ وەرینـاگرن. دۆسـتایەتی ئێوەم زۆر لا بەنرخـە و نامـەوێ ئـەم دۆستایەتییەمان بچێ."

ژوولییێت بزەیەکی هـــاتێ و لە وڵامدا گوتی:"ڕاست دەکەی. پییێر بۆ شتی وا هێند دڵناسکە ئیدی دیداری تۆی لە لا تاڵ دەبێ. بەڵام لە لایەکیشەوە..."

گوتم:"بەڵێ لە لایەکیشەوە، ئەمە کارێکی گەوجانەیە کە خۆ بکێشمە کەنار و لێتان گەڕێم بەتەنێ ڕووبەڕووی ئەم کوێرەوەریانە بنەوە کە ژیانی لێکردوونە ژار و پەکی کاروباری خستوون. پێشنیارێکم هەیە و ئەویش ئەمەیە کە من ئەو پووڵەو دەدەمێ نەک بە باربوو بەڵکوو بە قەرزی شەرەف."

ژوولێت گوتی:"وا بزانم هەر بۆخۆت گوتت هیچ چەشنە قەرزێک بێگێرە و کێشە نیە."

گوتم:" ڕاوەستە، پەلە مەکە. با ئەوە ڕوون کەمەوە کە ئێوە نابێ خۆ بە قەرزداری من بزانن و تەنانەت زەمانێک دەوڵەمەندیش بوون هەقتان نیە تاقە قڕانێکم بدەنەوە. بەڵام دەبێ قەولی شەرەفم بدەنێ هەر کاتێ لە دەستان هات و هەلتان بۆ ڕەخسا، ئەو پووڵەی بدەن بە نووسەر یا هونەرمەندێکی پەکی لە سەری کەوتووە و ئەویش دەبێ بە نۆرەی خۆی قەولی شەرەفتان بداتێ کە بیدا بە نووسەر یان هونەرمەندێکی پێداویستییەتی.

ڕەنگی بزرکاوی ژوولییێت گەشایەوە و گوتی:"ئەی هەزار ئافەریم لەو فکرە باشە! دەزانم پییێریش یەخەی لێهەڵناتەکێنێ. منیش بەڵێنی دەدەم کە ئەو قەولە بەرینە سەرێ."

پییێر پێشنیارەکەمی وەرگرت و ئەم کەیفخۆشییەم بە نەسیب بوو کە دەستی یارمەتیم دۆستانی منی لەو تەنگ و چەڵەمە ڕەها کرد. ژوولییێت هەستاوە و هێندەشی پێنەچوو کوڕەکەشیان چا بۆوە و گەڕاوە نێو باوەشی دایک و بابی. ڕۆمانەکانی پییێر داڤای لە کۆڕی

ئـەدیبان‌دا زۆری نـاو دەرکـرد. دوو کتێبیـان وەرگێـڕا سـەر زمـانی ئینگلیسی. کورت و کرمانجی، دەمدی کە بەخت ڕووی تێکردووە هەتا ساڵی ١٩٣٩ هات و شەڕ دەستی پێکرد. پییێر چووە ڕیزی ئەفسەرە زەخیرەکانەوە. شێرانە شەڕی کرد و لە پاشەکشەکەی ١٩٤٠ی هێزی فەڕەنسی و پەڕینەوەی لە چۆمی لوار لە باشووری فەرانسە، گیانی بەخت کرد. لە نزیک شاری سۆموور، پەیکەرێکی چکۆلەیان لێداتاشیووە کە یادی وی لە دڵ و مێشکدا بپارێزێ.

ساڵی ١٩٤٥ گەڕامەوە فەڕانسە و هەواڵی ژوولییێتم زانی کە هێشتا بە بێوەژنی دانیشتووە و بە وەفادارییەوە یادی پییێری لە دڵ و مێشکا پاراستووە. بەتەنێ توانیبووی هەردک منداڵەکانی ڕەسیدە کا.

سەرپەرستی گۆڤارێکی گرتبووە ئەستۆ کە بە پووڵی دوو ژنی ژیری ئەمریکایی هەڵدەسووڕا و مەقالەی خۆشی تێدا چاپ دەکرا. ئەو مەقالانە لەو بابەتانە بوون کە خۆی و پییێر زەمانێ چ حەزیان لێ نەبوو، بەڵام هەرچی بێ پووڵێکی باشیان بە ناوچاوانەوە بوو. بە پارەی ئەم کارەی توانی بە کوڕ و کچەکەی بخوێنێ و ئەمان توانیان خوێندنی دەبیرستان و زانکۆ تەواو کەن.

جاروبار ژوولییێت خاتوونم دەدی. جارێکیان گوتی:"چاوم لەو کارەی ئێستام مەکە. من خەریکی کارێکی دیم. دوایە لێت حاڵی دەبێ."

بەینێکی پێچوو سەروتارنووسێکی بەناوبانگی پاریسی هەواڵی بڵاو بوونەوەی ڕۆمانێکی ژوولییێت پییێر داڤای ڕاگەیاند. خۆی نوسخەیەکی لەو کتێبە بۆ ناردم و هەر کە چەند لاپەڕەی یەکەمم خوێندنەوە لێم حاڵی بوو کە ئەو خاتوونە بەڕاستی چ کتێبێکی جوانی نووسیووە. شتێکی پڕ گەشەم لە سەر نووسی و زۆر کەس تێبینییەکانی منیان

سەلماند. ڕەخنەگران هیچ، خەڵکیش ئەو ڕۆمانەیان بە باوەشێکی پڕ لە هەست و تامەزرۆییەوە وەرگرت.

پەنجا شێست هەزار نوسخەی لێ‌فرۆشرا. ناڵێم بەو پووڵەی وەگیری کەوت، پاشنەی کەوشەکەشی بوو بە زێڕ، بەڵام باری خۆشتر و داهاتوویەکی باشتری بۆ مسۆگەر کرد، چونکێ ڕێگای بۆ ژوولییێت خۆش کرد کە کتێبی دیش بە چاپ بگەیەنێ.

باسی قەرزەکەم هەر لە بیریش نەمابوو، کە چی لەم بەینانەدا نامەیەکم بە دەست و خەتی ژوولییێت بە دەست گەیشت و دەتگوت لە ئاسمانەوە بەریانداومەتەوە. ژوولییێت لە ماوەی حەوت ساڵاندا تاقە جارێک نامەی بۆ نووسیبووم و ئەویش لەبەر ئەوەی بە بۆنەی مەقالەیەکمەوە سوپاسم بکا. جا بۆیە نامەکەم بە سەرسووڕمانەوە کردەوە.

نووسیبووی:"هاواڵی خۆشەویست، هەواڵێکی خۆشم بۆت هەیە. ئەم هەواڵە ڕەنگە لای تۆ چ نەبێ، بەڵام لای من زۆر گرینگە. لام وایە تۆ ئەو ڕۆژەت لە بیر نەماوە کە هاتیە خەستەخانەکەی شەقامی پیکسینی بۆ لام و لە بەینی قسەکانمان‌دا باسی قەرزی شەرەف هاتە گۆڕێ. ڕەنگە دڵنیا بی لەمەی کە نە من و نە پییێر هیچکام بەڵێنییەکەمان لە بیر نەچۆتەوە. بەداخەوە تا زەمانێ شەڕ بوو، باری ژیانمان نالەبار بوو. کاتێ مێردەکەم چۆوە بۆ نێو واحیدەکەی خۆی لە سوپای شەڕێ، تا چەند حەوتوو تەنانەت نان و پێخۆرێکی وامان نەبوو پێی بەڕێ‌بچین. دوایە ئەو گیانی خۆی بەخت کرد و مامەوە من و چەرمەسەرێ و لەباتی وی بوومە گەورەی ماڵێ. بەڵام کاتێک کتێبەکەم بڵاو بۆوە و ڕمێنی باشی پەیدا کرد، گرێپووچکەی ژیانم هەموو کرانەوە. دەمتوانی مانگی پێشوو قەرزەکەت بدەمەوە، بەڵام زانیم وەریناگرییەوە و ئێمە

قـەول و قـەرارێکی دیمـان هەیـە... دوو حـەوتوو لەمـە پـێش، کوڕەکـەم هـاواڵێکی خـۆی هێنـاوە مـاڵێ. گـەنجێکی بەڕاسـتی بلیمەتـە. کـوڕێکی شاعیـرە، وا دیـارە دەتـوانێ شـێعری زۆر جـوان بڵـێ. بـەڵام هـەژارە و کاتی ئەوەی نیە خۆی تەرخانی هونەرەکەی بکا. من بەڵێنییەکـەی بـەینی خـۆت و خۆمـانم لـە بیـر مـابوو، جـا بۆیـە پارەکـەی تـۆم، هەڵبـەت بـە سـوودەکەیەوە دا بـەو کـوڕە و قـەولم لـێسەند کـە ئـەویش بـە نـۆرەی خـۆی زەمـانێ کـە دەسـتی ڕۆیـی بیدا بـە نووسـەرێکی دی کـە پەکی لـە سـەری کەوتووە. هـەر وەکی دەبینی زنجیرێکی پیاوەتی هۆنراوەتـەوە و خوا یار بێ، ئەم زنجیرە هەر ناپسێتەوە و تـا دێرزەمـان هـەر بـۆ خـۆی دەڕوا... "ئـــای ئـــەم نامەیـــە چەنـــدەی شـــاد کـــردم و بـــڕوای منـــی بـــە هاونەوعانم پتەوتر کرد. کەم وایە پیاو لە خۆڕا پشت بە قەولی شـەرەفی مرۆڤێک ببەستێ.

---

*ئەم چیرۆکەی ئاندرێ مۆروا، نووسەری فەرانسەوی کە لە سـەدەی بیستەمدا دەژیا، دەتوانێ بۆ ماوەی چەند ساتێک دڵـی نووسـەری کـورد شـاد و ئـاوپڕژێن بکـا، هـەر بۆیـەش وەرمگێـڕاوە. کـوڕە فەقیـرە گـوتی داپیـرە سـێیەک برنج دێنمـەوە، پڵاوێ لێنـێ و دووسـێ ڕۆنـی تـێ بکـە. گوتی کوڕی خۆم پڵاو ئەو هەمووە ڕۆنەی بۆ چیە؟ کوڕە گوتی داپیـرە مادام کە خەیاڵ پڵاوە توخوا لێگـەڕێ با هـەتا شـانی هەڵـدەگرێ چـەور بـێ. هونەرمەنـد و قەڵـەم بەدەسـتی کـورد کـە قەڵـەم نافرۆشـێ و خـۆ ناچەمێنێ و خۆ نـادۆڕێنێ، دەبا هاوڕەگـەزانی خـاوەن تـوانی ئـاوڕێکی لێدەنەوە. (م.ڕ)*

# بەسەرهاتی خوشکی ئایینی، خاتوو ئاپاریسۆن:

ئێمیلیا پاردوو بازان[١]

لە پشت نەردەی کورتی دوولایی دەیری "خۆشکانی ئایینی حەزرەتی کلار" لە شاری "س" دیتم ڕاهیبەیەک چۆتە سوژدە و بەرەو میحرابی بەرز، دەم لەسەر حەرز، ڕاکشاوە و هەردووک باڵی لێک ڕەویوەتەوە و جووڵەی لە خۆی بڕیوە. دەتگوت چەندە کۆتەڵی پشتەوقەفاری شاژن و کچەشای کە قەبری مەڕمەڕینیان لاشانی میحرابی کلیسایان دەڕازاندەوە گیانیان لەبەردایە، ئەم ژنەش هەر ئەوەندە. چاوم لێ بوو لەپڕ هەستا دانیشت، دیار بوو دەیەویست پشوویەکی بێتەوە بەر. دیار بوو زەمانێ خۆی چ جوانێک بووە، مزگەوت ڕووخاوە خۆ میحرابی ماوە. هەشتا نەوەد ساڵێک دەبوو. بە ڕووی زەردهەڵگەڕاوی‌ڕا کە ڕەنگی مردووی لێ نیشتبوو و بە سەری لەرزۆکی و دەمی پڕ چرچ و لۆچی و بە برۆی سپی‌ڕا دیار بوو گەیشتۆتە تەمەنێک کە ڕەوتی زەمانێ ئیدی هیچ شوێنی لەسەر دانانێ.

دەم و چاوی کە وەک ئی ڕوحانەتی چاکی دەچوو نە وەک مرۆیەکی خاکی، شتێکی زۆر بەرچاوی بوو، ئەویش هەردووک چاوی بوو. هەروەک تافی لاوی چاوی ڕەش و گەش بوون و خەریکی گێڕانەوەی بێپسانەوەی بەسەرهاتێک بوون و دەستیان دابووە

---

[١] خاتوو ئێمیلیا پاردوو بازان (١٨٥١ – ١٩٢١) لە شاری "کۆڕۆنیا"ی ئیسپانیا لە دایک بووە. بازان وەک نووسەرێکی هەڵکەوتەی بلیمەت درەوشاوەتەوە و گەلێکی کورتەچیرۆک و ڕۆمان نووسیوون.

خەنـجەری دەبان و دەستەویەخە بوون لەگەڵ ڕەوتی زەمان. ئەوی چاوی لەم جووتە چاوە کردبایە، لەبیری نەدەچوون هەتا هەتایە. چاوی ئاوا فیتنەگێڕ کوا لەم ڕاهیبەیە دەکاڵاوە کە پاڵی دابوو بە ماڵی خوڵاوە و بە دڵێکی پاک لەبەری دەپاڕاوە. ڕابردووی دڵی گڕگرتووی و بەسەرهاتی ڕۆژی نەهاتی ببووە دەمگۆ و هۆی گفتوگۆ. ئای دەمگوت خوڵایە، چۆن شتێکم لێ حاڵی بوایە. دوایەش دەمگوت بە خوڵای لەخۆڕا سەری خۆ دێشێنم، لەم نەهێنییەی ناتوانم هیچ هەڵکرێنم. بەڵام هەر بە ڕێکەوت وام بۆ ڕێک کەوت کە بە ویستی خۆم گەییم و لە هەموو شتێکی تێگەییم.

هەر ئەو شەوەی شێوم دەکرد لە مسافیرخانە لەسەر ئەو خوانە بەرین و پانە، بوومە ئاشنا لەگەڵ کابرایەکی فرەوێژ بەڵام نەک گێژ و وێژ. کابرا لەم کەسانە بوو کە لەلای بیانی، ئەوەی دەیزانی، دەریدێنا لە هەمبانی. کابرا زانی لە قسەکانی بوومە میوان، هەڵیداوە لێفە لەسەر ڕووی هەتیوان. هەر ئەوەندەی باسی دێری "کلار"م بە زاریدا هات و گوتم لە تاوی ئەو جووتە چاوە، بە جارێ هۆشم لێبڕاوە، کابرای ئاشنام بۆی لە بنی کوولەکە دام. گوتی:

"ناکا باسی خوشکە "ئاپاریسۆن" بکەن! ئادی، ئادی بابم. بێگومان کاکی خۆم، ئەو چاوانە بۆوەی دەبن زۆریان لەسەر بڕۆم ... ئەو جووتە چاوە، بۆتی باس دەکەن، ئەم سەرگوویشتەی لێیان نووسراوە. بڕوام پێ بکە، ناشیکەی مەیکە؛ چرچ و لۆچی ئەو دەم و چاوە، هەمووی کووزە و بە لووزەوی فرمێسک کێشراوە. کوڕە تو بیهێنە بەرچاوان، ماوەی چل ساڵان، کارت هەرگریان بێ و گریان! تۆ بزانە چەند ساڵانێ گوزەراوە، بە درێژایی ئەوان ڕۆژان، هەر سوێراوی لە دوو چاوانی ڕژاوە. کەچی سەرەڕای ئەو هەمووە ئاوە، بلێسەی ئەو

جووتـە چـاوە، هـەروەکی خـۆی مـاوە. ئـای لـەو "ئاپاریسـۆن"ە دامـاوە! بەسەرهاتی ویت بۆ باس دەکەم وەک حیکایەتخوانێ، سەرگوریشتەی وی کەس وەک منی نازانێ. بابم لە کچیڕا دەیناسی، بۆیە دەیزانی بە هەموو باس و خواسی. ئەگەر ئیمانم نەچێ بە زایە، لە دووشی دەخشا هەروەکوو سایە! دەڵێن نازانی چەندە جوان بوو، کچ چ کچ فریشتەی ئاسمان بوو.

ئـەم خوشکە ئایینییە نازانـم چۆنـە، کـە ئێسـتا نـاوی "ئاپاریسـۆن"ە؟ جاران دوور لە ئێستای کە ڕووی گەشی، داپۆشیوە ڕووبەندی ڕەشی، "ئیرێن"ی ناو بوو. دایک و باوکی، هـەرکامی لـە بنەماڵەیەکی باش بـوو، دەوڵەمەندی لادێ و هەموو شتیان هەر بە بەلاش بوو. خوا منالّی زۆر پێ دان، بەڵام هیچیان بۆ نەمان، جگە لە "ئیرێن". ئەم کچە تاقە مندالّیان بوو، جا بۆیە تەنیا ڕووناکی نێو ماڵیان بوو. "ئیرێن" لـە شـاری "ئـا" لـە دایک بوو. هـەر ئـەو دەسـتی چارەنووسـەی تـەناف دەهۆنێتـەوە لـە بۆ جۆلانێی کوڕ و کالان، وای ڕێکخست باری کاران، کە شاعیرێکی ناودار هەر لەو شارە بێتە جیهان ..."

هەرکە ئەمەم بیست، زارم بە جارێ بوو بە تەڵەی تەقیو، بێ ئیختیار نـاوی ئـەم نووسـەرەم هاتـە سـەر زار؛ نـاوی پـەڕتووکی ئەمـە بـوو: "مەلایکەی موقەڕڕەبە هاتوونە خوار". ڕەنگە نوێنەری هەرە بلیمەتی دڵی پڕ دەرد و کوڵی ڕۆمـانتیکی هـەر بۆ خـۆی بێ. نـاوی وی تێکـەڵ بـە بەرزەدەماخی بوو، لە عالەم و ئادەم یاخی بوو. تەوس و پلاری کەسی نەدەپاراسـت، مـووی دەردەکێشـا لـە ماسـت. ئـاخی هەڵدەکێشـا بۆ ئـەو ئایینەی لە بیر کرا. دەردی وی چ بوو؟ بێزاری لە ڕەوتی دینداری. ناوی ئەم شاعیرە هێژایە و ئەم ژنە پارسایە، لە بیرم دا بوونـە یـەک. جـەغزی نێوان دوو نـاوان کوژاوە، دوو لەتـە مـۆم بـوو بـە سـەر یـەکدا تـواوە.

هەرچەند حیکایەتخوانی گێژ دەتگوت بە دارت لە تەپڵی سەرت داوە، هەوەڵێ نەیدەزانی ئەم دوو ناوە، بەژنیان بە بەژنی یەک بڕاوە. بەڵام دوایە لێم حاڵی بوو، کە پەیوەندی ئەم دوو ناوە، بۆتە هەوێنی چیرۆکێکی دڵداری کە پیاو دەیبیسێ، خوێنی وە جۆش دێ لە نێو دەماری.

کابرا وتی: "ئەدی خۆیەتی، "خوان کامارگۆ". ناوی زۆر لە نێو ناوان دایە، ناوی هۆی شانازی ئاوایی "ئا"یە. تۆ پێت وایە ئەم ئاواییە چی لێیە؟ نە گڕاو و گەرمکاوێ لە هیچ شوێنێ کە حەفتا و حەوت عیللەت بپەڕێنێ، نە چاکێ کەڕامەت بنوێنێ، نە کەنیسەی وا کە پڕشان و شکۆن، نە بەردی نووسراوی ڕۆمی کۆن، نە شتێ کە خۆ لەبەر چاوی گەڕۆکان بنوێنێ و هەستی دەروونیان بهەژێنێ. بەڵام لەو جێیە، لە مەیدانی ئەم دێیە، بە شانازییەوە دەڵێن: ئەوەتا ئەو خانووەی وا "کامارگۆ" تێیدا چاوی بە دنیای ڕوون هەڵێنا."

بە هەڵەداوان پەڕیمە نێو قسەکانی، گوتم: "جا بزانە چۆنی بۆ چووم کاکە، ئەم "ئاپاریسۆن"ە جەماڵ پاکە – کە بە لاوی "ئیرێن" بوو ناوی – "کامارگۆ"ی دی و کەوتە داوی. کەچی ئەو بە پشیلەی دانەدەنا، جا بۆیە کچی کابرا پەنای بۆ دێر برد کە خەمی بە با دا ..."

کابرای ئاشنام بزەی هاتێ و گوتی: "پەلە مەکە کاکی خۆم، ڕاوەستە تاوێکی، بە سەرهات هەر ئەوەندە با، نەیدێنا نانە سووتاوێکی. هەر ئەوەندە نیە و هەمووت بۆ باس دەکەم، بێ زیاد و کەم، پەلە نەکەی بۆت لە بنی کوولەکە دەدەم ... "ئیرێن" بە منداڵی "کامارگۆ"ی دیبوو، ئەویش نە جارێک هەزاران جاران، بەڵام بە بێ دوان، ئاخر کچە منداڵ و کوڕە جوان. ئەویش ئەو کوڕە دایمە سەری لە قاپێلکی خۆیدا بوو و کاری بە کەس نەدابوو. کچ بە جێی خۆی، کوڕە خۆ قەت تێکەڵ کوڕانی

نێو دێش نەدەبوو. ئەم کاتەی "ئیرێن" دەگەیشتێ و باوی بوو، "کامارگۆ"ی هەتیو نەدایک نە باوی بوو. وانەی حقووقی دەخوێند لە زانکۆی شاری "سالامانکا". لە ڕۆژانی هەینیدا ئەویش وە ڕێ دەکەوت، دەهاتەوە ئاوایی و چاوی بە سەرپەرستەکانی دەکەوت. جارێک لەم جارانە، چاوی کەوت بە چاوی ئەم کچە جوانە، "ئیرێن"ی ئاوا خوێنشیرین و جوان، لە پشت پەنجەرەڕا کوڕەی دابووە بەر سیلەی چاوان. ئەویش چاو چ چاو، چۆنی باس بکەم بۆت، خۆ تۆ بۆخۆت دیوتە بە چاوی خۆت، چاوی وێنەی ڕۆژ گەش بوو، بەڵام وەک ڕۆژی هەژاران ڕەش بوو. ئەی هاوار کێ دیویە ڕۆژی ئاسمان ڕەش بێ کەچی ئاوا گەش بێ؟! ئەوێ ڕۆژێ "کامارگۆ" دەیەویست ئەسپی ئاواتی تاو دا، بیبا لەسەر کانی مرادی ئاو دا. بەڵام هەیهات ژیان هەمووی ژان و برکە، چونکێ ئەو ناسکە ناسکۆڵ سرکە، لە شەرمان سوور هەڵگەڕا وەک گوڵاڵەی کوێستان، دایخست پەنجەرە لەسەر خۆی، پەردەی داکێشا و لێی دا ڕۆی.

"کامارگۆ" تازە خەریک بوو لە گۆڤارە ئەدەبییەکاندا شێعری بڵاو دەبوونەوە. هەر ئەوێ شەوێ، لێی حەرام بوو خواردن و خەوێ. چی دی ئەوێ ڕۆژێ شاعیری مارانگەست، ئەوێ شەوێ هێنایە چوارچێوەی هەڵبەست. شێعری لە پەڕی کاغەز نووسی و بەردێکی تێخست و پێچایەوە و ئەو شەوە دەستوبرد لە پەنجەرەی ماڵی "ئیرێن"ی هەڵکرد. بەرد شووشەی شکاند و شێعری تەڕ کچەی شەمزاند. "ئیرێن" خوێندیەوە بەستەی دڵداری، نە جارێکی هەزار جاری. ئەو کیژۆڵە نەرم و نۆڵە، ئەوسێوە کاڵە، هەروەک بادەی حەوساڵە، نۆشی هۆنراوەی لەجۆش و خرۆشی. کیژ بوو بە مەلەوانی کارامە، ملی نا لە مەلە لە دەریای شەرابی خامە، ئەم ئاوا مەست، شەراب ئاوا

خەست. بەڵام ئەم شێعرە لە کۆمەڵە شێعری بڵاو کراوەی "کامارگۆ"دا نەهاتووە. لەم شێعرەدا لە باسی دڵدار کەلیمەیەک بە زاریدا نایە، بەڵکوو تێکەڵاوێکی سەیر لە شیوەن و تووک و نزایە. شاعیر لەم هۆنراوەیدا دەڵێ شیوەنی من ئی ئەوەیە کە پاکی و جوانی ئەو کیژۆڵەی بەر پەنجەرەی، لە بۆ من نیە و لەبەر ڕۆژی ڕەشم لێی بێبەشم، ئەگەر دەستی بۆ لا بێنم، ئەو لاولاوە دەژاکێنم. "کامارگۆ" هەر ئەوەندەی لەم شێعرە بۆوە، "ئێرێن"ی بە جارێ لە بیر چۆوە. مانگی ڕەزبەرێ، بەرەو شاری "مادرید" کەوتە ڕێ. لەوە بەو لاوە، بە دەم گژە بای ڕۆژگارەوە دەسووڕاوە، تاوێ شەپۆلی سیاسەت دەگەڵ خۆی دەبرد، تاوێ گێژاوی ئەدەب ئێرێ و ئەوێی پێ دەکرد.

لەوێ ڕۆژێوە دەستی چارەنووس "کامارگۆ"ی نەدیو کرد، دەریای پەژارە ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژێ کچەی پتر ڕۆ برد، وای لێ هات کچی جوان، کەوت بە جێوبان. دایک و باب ئەوەی زانیان و توانیان کردیان کە دڵی پەرۆشی وەک جاری جاران پڕکەنەوە لە خۆشی. بۆ شاری "باداجۆز"یان برد؛ گوتیان دەشقەم ئۆ خودایە، دەگەڵ کوڕان بچتە سەمایە. لاوی جوانچاک پێیاندا هەڵدەگوت، هەر لە نووکی پێی هەتا تۆقی سەری، بەڵام ئەو قسانە هیچی نەیاندەکرد چارەسەری؛ ئاگرێک بوو دەروونی بە هیچ ئاوێ نە دەکوژاوە، دەردێک بوو بە هەموو دەرمانێک دەکولاوە.

شەو و ڕۆژێ، فکر و هۆشی هەر لە لای "کامارگۆ" بوو. ئەم قسەیەی "لۆرد بایرۆن" هۆنەری پایەبەرزی ئینگلیسی کە لە شێعرێکی دڵداریدا سەبارەت بە "لارا" دەیکا، لێرەشدا جێی خۆیەتی، ئەویش ئەمەیە کە: ئەوی ئەو کابرایەی بدیبایە، لە بیری نەدەچۆوە هەتا هەتایە.

یادی وەها کەسێ لە دڵ و مێشکدا جێ دەگرێ، بۆوەی نابێ پیاو بە هێندی نەگرێ.

"ئیرێن" هیچ باوەڕی نە دەکرد گرفتاری داوی دڵدار بێ. لای وا بوو سێحری ئەو هۆنراوەیە لێی بووە کاریگەر، ئەو شێعرەی ئاوا پڕتەپ و مڤ، ئەوەندە سەیر و سەمەر. بێگومان "ئیرێن" بە دەردی کابرا گوتەنی، سێحری لێ کرابوو. تەنیا تاوێ "کامارگۆ"ی لا نەدەچوو لەبەر چاوی: کچە ڕەنگی هەڵبڕسکاو، نێو چاوانی گرژ و تێکنراو، قژی لوولی بەسەر برۆیا ڕژاو. دایک و باب دیتیان کە ئەوا "ئیرێن"ی کچیان بە هۆی دەردێکی نەناسیاو، وەک قەندی نێو ئاو، ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژێ دەتوێتەوە؛ لێبڕان بیبەن بۆ پێتەخت، چونکە لەوێندەرێ پزشکی قابیلی لێن، دەردی دەکەن دەرمان و سەیرانگا و سەرگەرمی لێن، بەشکوو بە بای دا خەمان.

پێش وەی "ئیرێن" بچتە "مادرید" ، "کامارگۆ" ناوبانگی دەرکردبوو. شێعری بەرز و ئاگرین و پڕجۆش و خرۆشی، ببووە ڕێباز بۆ هۆنەری لاو، بە دووی‌دا دەهاتن بە لافاو. شێر بوو نەدەپرینگاوە لە شیر و تیر، لە هەموو ئاوێکی دەدا جا چ قووڵ و چ تەنک و بوار، بۆیە لە کووچە و لە بازار، باسی وی نەدەکەوت لە زار. مریدانی وی کۆمەڵێک لاو بوون، لە نێو کۆمەڵدا بەدناو بوون، قسەقوت و بێدەربەست، هەر شەوەی لە جێگایەک سەرخۆش و مەست. دەمێ ئاسایشی خەڵکی هێور و سەرنەرمی شاریان دەشەمزاند، دەمێ بەزم و شاییان کلکی کەرێی دەپساند. "کامارگۆ" جاروبارە هێندی لەم کردار و ئاکارە دەسمایەی پارچە هەڵبەستی بوو کە سەرانسەر کفر و باسی سەرمەستی و بێدەربەستی بوو، هەرچەند هێندێک ڕەخنەگر کە شێعران هەڵدەسەنگێنن، ئەم هۆنراوانە هیچ بە شێعری وی ناشوبهێنن.

بادەنۆشی و بەزم و هەڵڵا لە لایە، چوونە نێو کۆڕی فراماسۆنێر و شۆڕشگێڕان لە لایەکی دی، بوونە هۆی وەی دەوڵەت "کامارگۆ"ی دوور بخاتەوە لە وڵاتی خۆی. بنەماڵەی "ئیرێن" ساکار و لادێیی بوون و بێهەواڵ لەم باس و خواسە. جا بۆیە کاتێ "کامارگۆ"یان دی لە خیابان، ویکڕا خەنی بوون لە خۆشیان، گوتیان: ئەوەتا هاووڵاتییەکی خۆمان.

کچی لەباری لادێیی چ شاییەکی لە دڵی گەڕا، ڕوومەتی وەک سێوە لاسوورە سوور هەڵگەڕا. جوانی کیژ سەرلەنوێ "کامارگۆ"ی هەژاند، هەست و هەناوی بە جارێ ڕاتڵەکاند. خۆی کردە هاوڕێ و هاواڵیان، بڕیاری دا زوو زوو بچێتە ماڵیان. بنەماڵەی بەستەزمانی لادێیی لەبەر نەزانی، هەڵفریوان بە گفتولفتی جوانی، وەک بەرخ کەوتنە بەر چنگ و ددانی. لەوەش خۆشتر ئەوە بوو کە چەند ڕۆژ دوایی، "کامارگۆ" بە پێی بەڵێنی هات بۆ ماڵیان، دیتیان کچ کە هەر پێست و ئێسکانی ماوە، بە دیتنی ئەم کوڕە وەک گوڵ گەشاوە، لە خۆشیان دەتگوت حەوت مێشیان لە کونێکدا دیتۆتەوە. بێخەبەر لەوەی بۆتە چ کوڕێ کە ناهێنێ تاقە ترێ. بە زاوای داهاتوویان دانا و هێشتیان هاتوچۆیان بکا.

کاکی خۆم لە دەم و چاوتڕا وا دیارە دەڵێی لەم چیرۆکە حاڵی بووم بە جوانی، ئیدی جوان جوان چوومە بنج و بناوانی. نا برا هێشتا نازانی، چ ڕابرد، چ کرا. "ئیرێن" سەرمەستی بادەی ئەوین بوو. شەش مانگ لەم قسە و باسە ڕابرد، "کامارگۆ" کچەی بۆ ماڵی خۆی بانگ کرد، بەڵام ئەم ڕێگای لەگەڵ دانەگرت، ئەوەی کە حەزەکەی خۆی بە دەستەوە نەدا بە هاسانی، بوو بە هۆی گاڵتە و گەپجاڕی هاوالانی. "کامارگۆ" بە هۆی خۆ بە زلزانی کە هەوێنی کارەساتی دڵتەزێنی هێندێ چیرۆکی دڵدارین، چ لە شێعری خۆیدا، چ لە شێعری "بایرۆن"دا،

بەلێنی دا بە هاوالانی کە لە کچە بستێنێ تۆڵەی شەیتانی. لەبەری پاڕاوە، بە زمانی لووس و چەور بە دەوریدا هات. لێی تۆرا، بە قەستی خۆی لەگەڵ کچانی دی خەریک کرد. گوتی خۆم دەکوژم. سەرت نەیەشێنم، هەر تاوێ نایەوە داوێ. کچە کە یەکپارچە حەیا و شەرم بوو، ئاخری فریوی خوارد و دڵی نەرم بوو. هەرچی بوو ئەمجارەش کچە بەختەکەی باشی هێنا، لە سایەی سەری نەترس و ڕۆحی خاوێنی، لەکەی هەڵنەگرت داوێنی. "کامارگۆ" لە دین ببوو دەهری، چونکێ گاڵتەی هاوالانی پێ تاڵتر بوو لە ژەهری.

جاری دووهەم ئیتر "ئیرێن" دەستی پێنەکراوە و پێ هات خۆ بدا بە دەستەوە. دەتگوت بە داری لە تەپڵی سەریان داوە، وەک مێژۆکە دەلەرزی، چاوی قووچاند و خۆی هاویشتە باوەشی یاری نەیاری. "کامارگۆ" دای لە قاقای پێکەنین و پەردەی لادا. "ئیرێن" دیتی ئەوا هەش نۆ دە کەسی لاوی زەلامی مل پان، لەوانەیە بیخۆن بە چاوان، پێی پێدەکەنین و بە ئەتک بەرببوونە چەپڵە لێدان. "ئیرێن" قرچەپێ هەستا، دە فریا نەکەوت خۆ لەبەر کاتەوە، بەسەر و قژی ئاڵۆز و شان و ملی ڕووت، بە پلیکانان‌دا هەڵاتە خوارێ و ڕووی کردە شەقام. وە دووی کەوتبوون منداڵی هار و هاجی شاری، پێیان‌دا دەدا بە قوڕ و بەرد و داری. ئا بەم وەزعەوە خۆی کردەوە بە ماڵی خۆیان‌دا. لە ماڵێ لە ئەڵفەوە نەهاتە بێ. نە گوتی کێ وای کرد و یان لە کوێ ئەمە ڕابرد. بابم بۆی گێڕامەوە ئەم قسانەی، چونکێ یەکێ لەم کەسانەی "کامارگۆ" گرێوی دەگەڵ کردبوون، ناسیاوی بابم بوو. لەرز و تایەک شوێنی لەسەر مێشکی دانا. پاشان کە هەستاوە لەم نەخۆشییە، پەنای هێنا بۆ ماڵی خولا، ویستی تا دەتوانێ دوور بێ لە ئاوایی "ئا". سەبری ئەو ژنە ئەییووبی لەبەر دەبەزێ، چی خوشکی ئایینیە دەیبینێ، گوستی خۆی دەگەزێ: ڕۆژووی لەپەستا و دوور و درێژی، نانی کە ئاردی تێکەڵ

دەکا دەگەڵ خۆڵ و ڕێژی، لەسەر ئەژنۆ و بە لاقی ڕووتی بە زستان شەونوێژی. خۆ بە بەردەپێ دەشوا، چەڵەمە لە مل دەکا. لە بن تاسکڵاوی، تانجی دڕوو لەسەر دەنێ[1]، پشتێندی لە بزمار دەئاخنێ ...

ئەوەی کە ببووە مایەی سەر سووڕمانی هاوالانی، کە بە مرۆیەکی خوایی دەناسن، گریانی بێوچانی بوو. دەڵێن جارێک لە جاران، تەشتێکی پڕ کرد لە فرمێسکی چاوان. (بەڵام ئەو قسەی وەک حیکایەت و شتی وا دەچێ.) پاشان دوای ئەم هەمووە فرمێسکەی لە چاوی هات، ئیتر لەپڕ وشکاوی هات. ئەمجار چاوی گەشاوە و درەوشاوە، بوونە ئەم شتەی وا بۆ خۆت بە چاوی خۆت دیتووتن. ئەمە قسەی لەمێژە، ئی بیست ساڵ لەمەوپێشە. ئەمانەی کاریان خواپەرستییە، بەو ڕۆژگارە، دەڵێن ئەمە نیشانەی لێبووردنی پەروەردگارە. بەڵام خوشکە "ئاپاریسۆن" باوەڕ ناکا لە تاوانی بووردبێ، چونکێ بەم پیرییەش هێشتا ڕۆژوو دەگرێ و سوژدە دەباتە بەر خودا و خۆ بە بەردەپێ دەشوا."

دیتم حیکایەتبێژی وەک خۆم گێژ و وێژ کە هەموو شتی شی کردەوە وەک خوری و پەموو، ئاخری شتێکی لەبیر چوو، شتێکی باریکتر لە موو، ئەویش ئەمە بوو، گوتم: "پەشیمانی و خۆ جەزرەبە دانی ژنە هەر ئی خۆی نیە بە تەنێ. تۆ پێت وایە ئەم "ئاپاریسۆن"ە بەستەزمانە، لەبیری چووبێ ڕۆحی تاوانباری ئەو هەتیوە نائینسانە؟"

---

[1] لە چەشنی تاجە دڕووەکەی سەری حەزرەتی عیسا کە بەر لە خاچ دانی لەسەری نرا. وەرگێڕ

# باخی جڕ و جانەوەر:

ئیۆد. دی. هۆچ

ئای مندالْ مانگی پووشپەڕیان چەندە پێ خۆش بوو، بەتایبەت ئەو ڕۆژانەی کە ئەوەندەی نەدەما بۆ ٢٣ی مانگ. چونکێ هەموو ساڵێ لە ٢٣ی گەلاوێژ، کەشتییەکی حەوایی زەلامی ڕەنگ زێوین، دەهات بۆ ماوەی شەش سەعات لە ناوچەی شیکاگۆی ئەمریکا دەنیشتەوە. ئەم کەشتییە هی پرۆفسۆر هۆگۆ بوو و لەو سەری ئاسمانەوە و خودا دەزانێ لە کام کوراتەوە چی جڕ و جانەوەری سەیر بوو لە قەفەسی دەنا و دەیهێنان.

خەڵک لە کەڕەی بەیانیەوە لە پیر و جوان دەهاتن و ڕیزیان دەبەست. یەکی دۆلاریکیان لە مستی دابوو و بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوان بوون بزانن ئاخۆ ئەمجارە جەنابی پرۆفسۆر، لە جڕ و جانەوەری سەیر سەیر چی هێناوە پێشانیان بدات.

سالان پرۆفسۆر، جاروبار دەعبای سێ لاقی کورەی ڤێنووس و یان ئادەمیزادی ڕەقەڵی تەژەی کورەی مریخ و بگرە دەعبای ترسێنەری لە چەشنی مار و شتی لەو کوراتەی ئەو سەری ئاسمانڕا دێنان و پێشانی خەڵکی دەدا.

ئەمسالْ هەر کە ئەم کەشتییە خڕ و زەلامە، لە پارکینگە زەلامەکەی دەرەوەی شیکاگۆ نیشتەوە، خەڵکەکە بە ترس و لەرزەوە دیتیان کە هەر دووک تەنیشتی کەشتی لەسەرخۆ هەڵدرانەوە و هەر ئەو قەفەزانەی سالان وەدیار کەوتن. قەفەزەکان جۆرە دەعبایەکی سەیریان

تێدا بوو، بە ڕواڵەت وەک ئەسپی وردیلانەی کایەی دەستی منداڵان دەچوون، وەک ودودە دەهاتن و دەچوون و بە زمانێکی عەجایەبی وەک زیکەزیک پێکەوە دەدوان.

خەڵکی سەر عەرز هەر کە دارودەستەی پرۆفسۆر دۆلارەکانی لێ وەرگرتن، لە دەوری کەشتی کۆ بوونەوە. جەنابی پرۆفسۆر هۆگۆ، بۆخۆی تەشریفی هاتە دەرێ. کەوایەکی ڕەنگاوڕەنگی لەبەردا و کلاوێکی لەسەر نابوو. میکرۆفۆنەکەی نا بە دەمیەوە و گوتی: "ئەی دانیشتوانی سەر عەرزی"

عالەکمەکە بێدەنگ بوون و پرۆفسۆر دەستی کردەوە بە قسە: "ئەی دانیشتوانی سەر عەرزی، ئەمساڵ هەر بەو تاقە دۆلارەی دەیدەن، چاوتان بە شتی سەیر و سەمەرە دەکەوێ. ئێمە کۆڵێ پووڵمان خەرج کردووە و لە ملوێنان فەرسەخ لەو سەری ئاسمانەوە، ئادەمیزادی وردیلەی خەڵکی کەیهانمان هێناون نیشانتانی بدەین. ئەم دەعبایانە بە ڕواڵەت وەک ئەسپی وردیلە دەچن و دەڕۆن. وەرن، کۆ ببنەوە. تماشایان کەن. ورد تێیان ڕامێنن. گوێیان بۆ ڕاگرن. چتان دی بۆ دۆست و ئاواڵی بگێڕنەوە. خێرا کەن، وەرن. سێ و دووی لێ مەکەن! کوڕە لە کیستان دەچێ، کەشتییە ئاسمانییەکەم تەنیا شەش سەعات لێرەیە و هیچی دی!"

خەڵکەکە وردە وردە کۆ بوونەوە و چاویان بەم دەعبا سەیرانە کەوت کە لە چەشنی ئەسپی وردیلانە بوون و کەچی وەک جاڵجاڵووکەش بە دار و دیواری قەفەزەکەدا هەڵدەگەڕان و دەستبەجێ سامیان لێ نیشت و دمیان هەر بە جارێ بوو بە تەڵەی تەقیو.

کابرایەک گوتی: "ئەمن و ئیمانم دیتنی ئەم جانەوەرانە دۆلارێک دێنێ. کوڕە با ڕاکەم بچمەوە ماڵێ خێزانیشم بێنم."

ئەو ڕۆژە ئاوا تێپەڕی و دە هەزار کەس لە دەوروبەری قەفەزەکانی تەنیشت کەشتییەکە کۆ بوونەوە. شەش سەعاتەکە تەواو بوو. پرۆفسۆر دەمی نا بە میکرۆفۆنەکەوە و گوتی: "دەبێ بڕۆین. بەڵام ساڵی داهاتوو هەر لەم ڕۆژەدا دەگەڕێینەوە. ئەگەر سەیری جڕ و جانەوەری باخی ئێمەتان پێ خۆش بووە، تەلەیفوون لە دۆست و هاوڵتان بکەن لە شارەکانی دیکە و چیتان دیوە، بۆیان بگێڕنەوە. ئێمە سبەینێ لە نیۆیۆرک دەنیشینەوە. حەوتووی داهاتووش دەچینە لەندەن، پاریس، ڕۆم، هۆنگ کۆنگ و تۆکیۆ. پاشان ڕوو دەکەینە وڵاتانی دی لەو سەری ئاسمان!"

پرۆفسۆر، دەستێکی بۆ عالەمەکە ڕاوەشاند و ماڵاوایی لێ کردن و لەو دەمەیدا وا کەشتییەکە وردە وردە بەرەو ئاسمان هەڵدەکشا، خەڵکی سەر عەرز وێکڕا گوتیان بەینو بەینەڵڵا باخی جڕ و جانەوەری وا هەر نەبووە...

دوای نزیکەی دوو مانگ، کەشتییە ڕەنگ زێوینەکەی پرۆفسۆر لە کورەیەکی دوور لە عەرز، لە وڵاتە شاخ و داخ و تەقتەقانەکەی کەنعان نیشتەوە. ئەو دەعبا سەیرانەی لە چەشنی ئەسپی وردیلانە بوون و وەک جاڵجاڵووکە بە دار و دیوار هەڵدەگەڕان، لە قەفەزەکانیان دەرپەڕین. پرۆفسۆر هۆگۆ بە تاڵووکە ماڵئاواییەکی لێ کردن و ئەمانیش دەم لەسەر پشت هەر یەکەی بۆ لایەک ڕایان کرد و لە ناو شاخ و بەردا ڕوویان لە کونی خۆیان کردەوە.

لە کونێکدا مێوینەیەک لە هاتنەوەی نێرەکە و بەچکەکەی شاد بوو. بە غڵدە غڵد و بە زمانێکی سەیر بەخێراتنی کردن و بە پڕتاو بەرەو پیریانەوە چوو کە لە باوشیان گرێ. گوتی: "ئای چەند لە مێژە ڕۆیون. دەی! سەفەرێکی خۆش بوو؟"

نێرینەکە بەسەر جوابی داوە یانی ئەرێ. گوتی: "بەچکەکەمان هەر زۆری پێ خۆش بوو. سەرمان لە حەوت هەشت دونیای جۆراوجۆر هەڵێنا و زۆر شتی سەیر و سەمەرەمان دی."

بەچکەکە بە دیواری کونەکەدا هەڵگەڕا و گوتی: "جێگایەک عەرزیان پێدەگوت لە هەموویان خۆشتر بوو. گیانلەبەری ئەوێ جلوبەرگ لەبەر دەکەن و لەسەر دوو لاقیش دەڕۆن."

مێوینەکە پرسی: "ئەیەڕۆ؟ جا ئەوانە زەڕیان نییە؟"

نێرینەکە وڵامی داوە: "نا، چونکێ ئەو میلانە بەرگێڕەوەیان بوو، نەیاندەتوانی وەزندمان بۆ بێنن. ئێمە هەر لە کەشتییەکە نەدەهاتینە دەر. ئەمجار دەبێ تۆش لەگەڵمان بێی. پیاو ئەو تۆزە پووڵەی لێی دەستێنن بەزایە ناچێ."

بێچووەکە قسەی بابی سەلماند و گوتی: "هیچ باخەوەحشێک بە قەرا عەرزی خۆش نییە."

# یەکەم جار کە چووم ددان بە تاوانەکانمدا بنێم:

فرانک ئۆکانێر

ئەم بەڵایە وەختێک پەیدا بوو کە باپیرم مرد و نەنکم، کە دەبووە دایکی بابم، هاتە لای ئێمە. حەوانەوەی خاوخێزان تەنانەت لە کاتی سەرودڵخۆشیدا شتێکی دژوارە بەڵام لەوەش خەراپتر ئەوە بوو، نەنکم پیرێژنێکی لاپ لادێیی بوو و ژیان لە شاری بۆ ویی هەر نەدەبوو. دەموچاوێکی پیرانەی قەڵەو و چرچ و لۆچی هەبوو. بە پێخواسی دەگەڕا (جا دایکم چەندەی قین لەو کارەی هەڵدەستا). نەنکم دەیگوت پۆتین لاقی گۆچ کردووم. شێوی بە بترییەک ئابجۆ و دیزەیەک هێرەڵماسی و جارجارەش بە تۆزێک ماسی خوێکراو دەکرد. هێرەڵماسییەکانی لە سەر مێزەکە هەڵدەڕشت و وردە وردە و زۆر بە ئیشتیاوە دەیخوارد، ئەویش بە چنگ نەک بە چنگاڵ.

کچانی ئەمڕۆ لەوانەیە زۆر ئیرادگر بن، بەڵام لە ماڵێدا کەس بەقەد من لەم بارودۆخە وەڕەز نەبوو. نۆڕا[1]ی خوشکم لەبەر خاتری ئەو تۆزە پوولەی نەنکم ڕۆژانی هەینی لە پانسیۆنی پیرەکانی وەردەگرت کلکە سووتێی لەبەر دەکرد، من کاری وام پێ نەدەکرا. کڵۆڵی من لەوەدا بوو کە زۆر پاک و ڕاست بووم و کاتێ لەگەڵ بیل کۆنیل[2]ی کوڕی سەرهەنەگ کایەم دەکرد و دەمدی نەنکم بە خۆی و بتری ئابجۆکەیەوە کە لە بن دەسماڵەکەیڕا زەق ببۆوە، بە شوێنەکەدا دەهات، لە خەجاڵەتی یان وەختابوو ببمە دڵۆپێ ئاو و لە عەرزی ڕۆچم. زۆرم

---

[1] Nora
[2] Bill Connkll

بیانوو لە بیل دەدۆزیەوە لەبەر ئەوەی نەیەتە ماڵمان، چونکێ خودا دەیزانی کاتێ چووبایەتینە ژووری، نەنکم خەریکی کام یەک لە کارە جوانەکانی خوی بوو.

ئەگەر دایکم لە کار با و نەنکم کێشتی لێنابا خۆ دەمیشم لێ نەدەدا. نۆڕا جارێکیان ویستی بە زۆر دەستاوی نەنکمم دەرخوارد دا، بەڵام لێی چوومە بن مێزەکەوە و چەقۆی نان بڕینەکەم لێ هەڵگرت. نۆڕا بە قەستی خۆی قەڵس کرد و ڕەپێم کەوت. (قەڵسیش نەبوو، بەڵام دەیزانی نەنکم دەزانێ چەند ڕەگ لە قالبی دایە، جا بۆیە بە سەگیەتی لای نەنکمی گرت) چەقۆکەم لێ ڕاوەشاند و ئیدی لە کۆڵم بۆوە. مەحتەل بووم تا دایکم لەسەر کار گەڕاوە و کێشتی بۆ لێنام. بەڵام کاتێ بابم هاتەوە، نۆڕا بە هەناسەبڕکێ پێی گوت: "بابە دەزانی جەکی[1] لە کاتی شێوکردنا چی کرد؟" دیار بوو بابم بە هەموو شتێکی زانی و بەربووە کوتانم. دایکم کەوتە بەینمان و بابم هەتا چەند ڕۆژ دەنگی لە من و دایکم داگۆڕی و تەنیا لەگەڵ نۆڕا قسەی دەکرد. ئەو هەمووە چەرمەسەرییە لەبەر خاتری ئەو پیرێژنە بوو! ئا بەو خودایە لە حەیفانی وەختابوو تەقە بکەم.

سەرەڕای ئەو هەموو کڵوڵیەش دەبا بۆ یەکەم جار بچم لە کلیسا ددان بە گوناحەکانمدا بنێم. پیرێژنێ بوو "ڕیان"[2]یان پێ دەگوت، ئێمەی بۆ ئەم کارە ساز دەکرد. لە عەمری نەنکمدا بوو. دەوڵەمەند بوو. لە ماڵێکی گەورەی سەر مونتنۆت[3]دا دەژیا. کراسێکی درێژی ڕەشی لەبەردا بوو، کڵاوێکی ڕەشیشی لەسەر دەکرد. هەموو ڕۆژێ سەعاتی سێ یانی لەو وەختەشدا کە دەبا چووباینەوە ماڵێ دەهاتە مەدرەسە و باسی جەهەننەمی بۆ دەکردین. لەوانەبوو باسی جێیەکی دیکە بکا،

---

[1] Jackie

[2] Ryan

[3] Montcnottc

بەڵام ئەگەر بشی کردبا بە هەڵکەوت دەیکرد، چونکێ جەهەننەم پتر لە هەموو شوێنێ جێی لە دڵیدا کردبۆوە.

پیرێژنە شەمێکی هەڵدەکرد و پاشان سکەیەکی تازەی دەردێنا و دەیگوت دەیدەم بەو کەسەی کە پێنج دەقیقە بە سەعاتی مەدرەسە، قامکێکی، هەر تاقە قامکێکی! لە بەر گڕی ئەو مۆمە ڕاگرێ. چونکێ بەرزەفڕ و دڵپڕ لە ئارەزوو بووم، قسەی پیرێژنە دنەی دەدام بچمە بەرەوە بڵێم من دەتوانم. بەڵام لاموابوو کە بنیادەمی چاوچنۆک کاری وادەکا. پیرێژنە پاشان دەیپرسی باشە ئێوە کە دەترسێن قامکێکتان، ئەویش هەر تاقە قامکێکتان! پێنج دەقیقە لەبەر ئاوری شەمێک ڕاگرن ئەدی لەوە ناترسن هەموو ئازای لەشتان هەتا هەتایە لەو کووورە سوورەوە بووانەی جەهەننەما بکوڵێ؟ هەتا هەتا! کوڕە جوان بیری لێ بکەوە! عومرێک تێدەپەڕێ و لە چاو دەریای ئێش و ئەشکەنجەی ئێوە، تاقە دڵۆپێکیش نییە. پیرێژنە هەر زۆری دڵ بە جەهەننەمەوە بوو، بەڵام من بیر و هۆشم هەر لەلای سکە تازەکە بوو. کاتێ دەرسەکەی تەواو دەبوو، سکەکەی دەخستەوە نێو کیفەکەی. هەزار مخابن، ژنێکی ئاوا لە خوا ترس خۆ دەبایە چاوی لە سکەیەک پووڵ نەبایە.

ڕۆژێکی دیکە دەیگوت: قەشەیەک دەناسم شەوێکیان خەبەری دەبێتەوە تەماشا دەکا ئەوە کابرایەکی نەناسیاو پاڵی بە لێواری تەختی خەوەکەیەوە داوە. قەشەکە بڕێک دەترسێ ـ دیارە سەیر نیە پیاو لە وەختی وادا بترسێ ـ بەڵام لێی دەپرسێ چت دەوێ. کابرا بە دەنگی گڕ و گیراو دەڵێ: دەمەوێ ددان بە گوناحەکانمدا بێنم. قەشەکە پێی دەڵێ جارێ خۆ حوکم نییە هەر بەو شەوە ددان بە گوناحەکانتا بێنی، سبەینێ وەرە. بەڵام کابرا دەڵێ، ئەو جاری دواییە کە ددانم بە گوناحەکانمدا هێنا، گوناحێکیانم ماڵبوێر کرد. چونکێ ڕووم نەبوو

ددانی پیدا بێنم و ئەوا ئێستا هەر لە مێشکمدا دێت و دەچێ. قەشـە زانـی پیس قەوماوە و کابرا ددانی بە هەموو گوناحـەکانی دانـەناوە و گونـاحی کـەبیرەی کـردووە. قەشـە هەسـتا بـەرگ بکاتـە بـەری، هـەر لـەو کاتـەدا دەبیستێ کە کەڵەشێر لە حەوشـە دەخوێنێ و قەشـەکە ـ کورە جوان گۆێ ڕاگرن! ـ قەشەکە وەختێ تەماشای دەوروبـەر دەکا، دەبینـێ کـابرا دیـار نیـە، هـەر بـۆنی سـووتانی داری دێتـە کـەپۆ. پاشـان چـاو لـە تەختووخابەکـەی دەکـا پێتوایـە چ ببینـێ باشـە؟ شـوێنی دوو پەنجـەی دەست کە جێیەکی سووتاو بوو!" هۆی ئەم شتە گۆیا ئەوە بوو کە کابرا بە باشی ددانی بە گوناحەکانیدا نەنابوو. ئەم چیرۆکە سەیرێ کـاری لـێ کردم.

بەڵام لە هەموو ئەوانە خەراپتر ئەوە بوو کە پیرێژنە فێری دەکـردین ویژدانمان تاقی کەینەوە. دەیگوت بزانن ئایا نـاوی خـوا بـە درۆ دەبـەن؟ ئایـا ڕێـزی دایـک و بابمـان لەبـەرە؟ (مـن لـێم پرسـی ئایـا دەبـێ ڕێـزی نەنکیش هەر بگرین، لە وڵامدا گوتی: ئەی چۆن). ئایـا دراوسـێکانمان بـە قەرا خۆمان خۆش دەوێ؟ ئایا ئێرەیی بـە شـتی جیرانـەکانمان دەبـەین؟ (ئەمەم بە مێشکدا هات کە بەخیلیم دەبرد بەو سکە پووڵەی نۆڕا هەموو هەینی‌یەک لە نەنکمی وەردەگرت). من وەکی لێکم دابۆوە، بێتوونـەبێ دە فەرمانەکەی خوام بەجێ نەهێناوە ئەویش هـەر لەبـەر ئـەو پیرێژنـە و تـا ئەو جێ‌یە کە لێم حاڵی بوو هەتا لەماڵی ئێمە با هـیچ هیوایـەکم بـە خـۆم نەبوو کە کاری باشم لێ بوەشێتەوە.

ئەوەندە لەوە دەترسام کە لـە کلیسـا ددان بـە گوناحەکانمدا بێنم کە لەوانـە بـوو گیـانم دەرچـێ. ئـەوێ ڕۆژێ قوتابییـەکانی کلاسـی ئێمـە هەموویان چوون بۆ کلیسا، بەقەسـتی گـوتم ددانـم دێشـێ بـەو هیوایـەی کە نەزانن نەهاتووم. بەڵام سەعاتی سێ، کە حەلەمم نـەبوو، هاواڵێکمـان

هـات و پـەیغامی خـاتوو ڕیـانی بـۆ هێنـام کـە گوتبـووی دەبـێ ڕۆژی یەکشەممۆ بۆخۆم بچم بۆ کلیسـا ددان بـە گوناحەکانمـدا بنێم و لەگـەڵ خەڵکی دیکە داب ودەستووری ئاخرین شـێوی عیسـا بـەجێ بێنم. لەبـەر ڕۆژە ڕەشـی، دایکـم نـەیتوانی لەگـەڵم بـێ و نۆڕایـان لـەباتی وی لەگـەڵ ناردم.

ئەو کچە بۆ شکەنجەی من ڕێ و شوێنی وای دەزانی کە دایکم هـەر ڕوحیشـی لێـی ئاگـادار نـەبوو. کـاتێ لـە گردەکـە دادەگـەڕاین، دەسـتمی گرتبوو و بزەیەکی خەفەتبارانەی هێنابووە سەر لێوی و دەیگوت زۆرت بۆ بەداخەوەم، دەتگوت دەمبا بۆ نەخۆشخانە هەتا بکەومـە بـەر چـەقۆی پزیشک. بە ئاە و ناڵەوە دەیگوت: "خودا بۆخۆی ڕەحم بکا! ئایا جێی داخ نیە کە تۆ کوڕێکی باش نەبووی؟ جەکی بە خودا جەرگم بۆت ژان دەکا! هیچ بیرت لەو هەمووە گوناحـەت کردۆتـەوە؟ لـە بیـرت نـەچێ بـە قەشـە بڵێی کە بە شەپ لە بەلەکی نەنکمت هەڵدا."

هـەولم دا دەسـتمی لـە دەسـت دەرێـنم و گـوتم "لـە کـۆڵم بـەوە! مـن ئەسڵەن نامهەوێ بچم ددان بە گوناحەکانمدا بێنم."

بەو دەنگە پڕ لـە داخ و خەفەتەیـەوە وڵامـی دامـەوە و گـوتی: "جـەکی خاترجەم بە، مەجبووری بچی ددان بە گوناحەکانتدا بێنی. خاترجەم بە بێتوو نەچی، قەشە بۆخۆی بە شوێنتدا دێتە ماڵێ. خودا دەزانـێ وا نیـە من زگم بۆت نەسووتێ. لەبیرتە خەریک بوو بە چەقۆی نان بڕین لە بن مێزەکـەوە بمکـوژی؟ جـەکی مـن نـازانم قەشـە چـت لـێ دەکـا. لەوانەیـە بتنێرێ بۆ لای قەشەی گەورە."

لە بیرمـە کـە زۆر بـە داخـەوە بـووم لـەوەی کـە نۆڕا لـە نیـوەی ئـەو شتانەی کە دەبا ددانیان پێدا بێنم هـەواڵی نـەبوو. (ئـەویش ئەگـەر ددانـم پێدا بنایـە). مـن دەمزانـی کـە نـاتوانم ددان بـە سـەر هەموویانـدا بێنم و

جوان لێم حاڵی بوو کە بۆ ئەو کابرایەی کە خاتوو ڕیان چیرۆکەکەی گێڕاوە، ددانی بە سەر هەموو گوناحەکانی‌دا نەنابوو. زۆرم لا شوورەیی بوو کە خەڵک لە پەستا ڕەخنەیان لەو کابرایە دەگرت. ئەو سەرەو لێژەییەی گردەکە کە بەرەو کلیسا دەچوو، ئەو تەپکانەی کە لەوبەری شیوی چۆمەکەوە کەوتبوونە بەر تاو، هەموویانم لە نێوان ماڵەکانڕا دەبینی. ئێستەش ئەو شوێنانەم هەر لەبیرە.

نۆڕا کاتێ لە پلیکانە دوور و درێژەکەی کە دەچووە حەوشەی کلیسا بردمیە خوارێ، لە پڕ شێوە قسە کردنەکەی گۆڕی. سەر لەبەر بۆوە بەو شەیتانە دەروون چەپەڵ و ڕق ئەستوورەی جاری جاران.

بە ڕقهەستاوی و بە دەنگێکی کە پیشاندەری سەرکەوتنی بوو گوتی: "ئەوە گەیشتی!" و لە دەرکەی کلیساڕا پاڵی تێوەنام بۆ ژوورێ، و گوتی: "هیوادارم بۆ تەمبێیانە هەر حەوت سروودەکەی تەوراتت دەنێ لەبەری کەی، هۆقەبازی چەپەڵ!"

زانیم بە سەرلێشێواوی دراومە دەست عەداڵەتی هەتاهەتایی خوداوەندی. دەرکەکە شووشەی ڕەنگاوڕەنگی تێگیرابوو شەق لە سەرم پێوەدرا، هەتاوم لەبەر چاو ون بوو و لە جیاتی، کەوتمە بەر سێبەرێکی گەلێ تاریک و تنۆک. لە دەرێڕا هاژەی با دەهات جا بۆیە دەتگوت بێدەنگی ناو ساختومانەکە وەک سەهۆڵ لە ژێر پێما قرچەی دێ و دەشکێ. نۆڕا لە بەردەمی من و لە پەنای قتووی تەختەبەندی تایبەتی ددان نان بە سەر گوناحەکاندا دانیشت. دوو پیرێژن لەبەر دەمی نۆڕا دانیشتبوون. بنیادەمێکی ناحەزی نالەبار دەتگوت شەیتانە هات و ئەولایەی دیکەی لێ گرتم. جا لەبەر ئەوە غیرەتیشم هەبا هەر نەمدەتوانی هەڵێم. پرتە پرت بەربووە دوعا کردن. گوتم: خولایە بڵێی ئەویش هەر نەنکی بێ؟ هەر نەنک دەبووە هۆی ئەوەی بنیادەمێ ئاوا بە

خەفەتباری هەستێ و دانیشێ. بەڵام هەرچی بێ ئەو لە من باشتر بوو چونکێ هەر نەبێ دەچوو ددانی بە گوناحەکانی خۆی دادەنا، بەڵام ئەمن ددانم بە هەموویاندا نەدەنا و پاشان بە شەو دەمردم و لەپەستا ڕووحەکەم دەهاتەوە و کەل و پەلی ماڵی خەڵکم دەست لێدەدا و شوێنی دەستەکەم دەسووتا.

نۆرەی نۆڕا گەیی. گوێم لێبوو دەرکەیەک پێوەدرا، پاشان دەنگی نۆڕام بیست کە دەتگوت ڕۆنی ماستی مەییوە. دیسان دەنگی پێوەدانی دەرکەکەم بیست و نۆڕا هاتە دەرێ. ئەی داد لە دەست مەکری ژنان! نۆڕا چاوی بەردابۆوە، سەری شۆڕ کردبۆوە، دەستی زۆر لە خوار زگییەوە لێک هەڵپێکابوو، بە شوێنی نێوان نیمکەتەکانی کلیسادا بەرەو مێحرابەکە دەڕۆیی، ئەویش بە شێوەیەک کە دەتگوت یەکێ لە خۆشەویستەکانی خودایە. پیاو قەتی نەدیبوو بنیادەمێ ئەوەندە خۆی وەک خواترس و پارسایەک پیشان بدا. هاتەوە بیرم کە هەر لە دەرکەی ماڵێڕا تا کلیسا بە چ شێوەیەکی چەپەڵ و ئەهریمەنانە ئازاری دابووم. گوتم: بڵێی بەراستی هەموو مرۆیەکی ئایینی ئەمە کاری بێ؟ نۆرەی من هات. لەوە دەترسام وەبەر لەعنەتی خوا بکەوم. چوومە ژوورێ و دەرکەی قوتووی تایبەتی ددان بە گوناحداهێنان لە سەرم پێوەدرا.

زۆر تاریک و تنۆک بوو و نە قەشەم دەدی، نە هیچم لێ دیار بوو. پاشان سەیر خۆفم لێنیشت. لەو تاریکییەدا کارەکە کەوتبووە بەینی خۆم و خودا و ئەویش بە هەموو شتێکمی دەزانی. ئەو پێش ئەوەی دەم بکەمەوە دەیزانی چ خەیاڵێکم لە مێشکی دایە، ئیتر دەرفەتی خۆگێل کردنم نەبوو. ئەو داب و دەستوورەی بۆ ددان بە گوناحدانان پێم گوترابوو هەمووم لێ شێوا. لەبن دیوارێکا چۆکم دادا و گوتم: "باوکی

ئایینی دۆعام بۆ بکە. من تاوانم کردووە، ئەمە هەوەڵ کەڕەتمە ددان بە گوناحمدا دێنم."

چەند دەقیقە ڕاوەستام هیچ خەبەرێ نەبوو، جا بۆیە چوومە بن دیوارێکی دی و هەر ئەو کارەی پێشووم کردەوە. لەوێش هیچ باس نەبوو.

وەک شتێ هەر لەو کاتەدا بوو کە ڕەفحەیەکم لە بان سەرمەوە دی. هەر بۆ ئەوە دروست کرابوو بنیادەمی گەورە ئانیشکی بداتە سەر. بەڵام من وام سەر لێشێوا بوو وامزانی بۆوەیان دروست کردووە پیاو بچێتە سەری ئەژنۆ دادا. هەڵبەتە ڕەفحەکە بەرز بوو و هێندەش قووڵ نەبوو، بەڵام من بەجێی بڵێندا باش هەڵدەڕووچکام و توانیم سەرکەوم. پیاو زۆر بە کلکە لەقێ لەو سەرە گیر دەبوو. هەر جێی ئەژنۆم دەبۆوە و هیچ شتێ نەبوو دەستی پێ بگرم، جگە لە شتێکی لە دار تاشراو کە برێک لە سەرووی ئەو جێیە بەرزە بوو. دەستم بەو شتە گرت و قسەکانم برێک بە دەنگێکی بەرزتر کرد و ئەمجارە باشم بۆ هات. دەریچەیەک کرایەوە، تۆزێ ڕۆشنایی هاتە نێو قوتووەکەوە و دەنگی پیاوێک هات: "ئەوە کێیە لەوێ؟"

لە ترسی ئەوەی نەوەک نەمبینێ و دیسان لێدا بڕوا وڵامم داوە: "منم، باوکی ئایینی". دەنگەکە لە خوار ئەو شتە لە دار تاشراوە و لەلای ئەژنۆمڕا هات، جا بۆیە توند دەستم بەو شتە گرت و خۆم شۆڕ کردەوە و دیتم قەشەیەکی لاو بەسەر سوورمانەوە لەبەر دەمما ڕاوەستاوە و تەماشام دەکا. دەبایە سەری بۆ لایەک خوار کردباوە هەتا بمبینێ، منیش دەبا سەرم بۆ لایەکەوە خوار کردباوە هەتا قەشەکەم بدیبا، جا بۆیە هەرچی بێ ئێمە کەش و تووش پێکەوە قسەمان دەکرد و پێکەنینم دەهات لەوەی کە قەشە ئا بەو شێوەیە گوێم بۆ ڕاگرێ هەتا

ددان بە گوناحەکانمدا بێنم، بەڵام نەمدەگوت ئاخر ناو ئەم قوتووە و ددان بە گوناحدانان؟

بە پشوویەک گوتم: "دۆعام بۆ بکە باوکی ئایینی، من تاوانم کردووە. ئەمە هەوەڵ کەرەتمە ددان بە گوناحمدا دەنێم." چوومە بەر سێبەرە تاریک و تنۆکەکە هەتا کارەکەی لەبەر هاسان کەم.

بە تووڕەیی گرماندی بە سەرما: "ئەوە لەو سەرە چ دەکەی؟" لە لایەکەوە ئەوەندەم شەرم دەکرد کە دەستم بەو شتەوە گیرابوو دەتگوت بارێکی گرانم پێیە و لە لایەکی دیکەوە ئەو دەنگە تووڕەیەی قەشەکە سەیری تاساندبووم و من هەڵگری ئەو هەمووە ناڕەحەتی‌یە نەبووم. دەستم لە شتە لە دار تاشراوەکە بەربوو، بەربوومەوە و زرم لە دەرکەکە کەوتم و لە شوێنی نێوان نیمکەتەکاندا بە پشتەوەدا تەخت لێی کەوتم.

ئەوانەی چاوەڕوانی نۆرە بوون کە ددان بە گوناحەکانیان بنێن، قرچەپێ هەستان و دەمیان بوو بە تەڵەی تەقیو، قەشەکە دەرکەی قوتووکەی نێوەڕاستی کردەوە، و هاتە دەرێ و کڵاوە چوارگۆشەکەی[1] لەسەر نێوچاوانی لادا، هەژار وەک مۆتە و شت دەچوو، پاشان نۆڕا بە هەڵاتن بە شوێنی ناو نیمکەتەکاندا هات.

نۆڕا گوتی: "چەپەڵی هۆقەباز! دەبایە بمزانی‌با کاری وا دەکەی. دەبایە بمزانی‌با ئابڕووم دەبەی. ئەمجار تاقە دەقیقەیەکیش نابێ چاوت لێ غافڵ کەم."

بەرلەوەی هەستمەوە و لەسەر خۆم وە جواب بێم، هات و لەسەرم چەماوە و زللەیەکی لە بنا گوێم ڕاکێشا. ئەوەندەم فکر و هۆش بوو کە

[1] ئەم کڵاوە تایبەتی قەشەکانە.

زانیم تاساوم و لەبیرم نیە بگریم، جا بۆیە خەڵکەکە لەوانە بوو وا بزانن ئێشم پێنەگەیوە، بەڵام هیچ دوور نەبوو هەتا ئاخری عومرم گۆج و ئیفلیج ببم. زریکاندم.

قەشە، بە سرپە گوتی: "چ بووە؟" و ئەوەندەی دیکە لە دین دەهری بوو و نۆرای لەسەر هەڵپچڕیم و گوتی: "چۆن دەتوانی لە منالێکی ئاوا بدەی، دێڵە ڕێوی؟"

نۆڕا قریشکاندی: "باوکی ئایینی من ناتوانم لەگەڵ ئەوە تەمێیانە کەم جێبەجێ کەم". و لەوانە بوو قەشەکە بە چاو بخوا.

قەشەکە دەستی هێنا، هەڵیسەندمەوە و گوتی: "باشە، برۆ بۆخۆت جێبەجێی کە، من تەمێیانەکەت پتر دەکەم. "و لێی پرسیم": بەستەزمانە هاتووی ددان بە گوناحە کانتا بێنی؟

بە گریانەوە گوتم: "بەڵێ قوربان."

بەڕێز و حورمەتەوە گوتی: "بنیادەمێکی گەورە و زەلامی وەک تۆ، گوناحی گەورەی هەر دەبێ. هەوەڵ جارتە ددان بە گوناحە کانتدا دەنێی؟"

گوتم: "بەڵێ قوربان."

بە خەفەتباری‌یەوە گوتی: "ئەوە لە هەمووی خەرابترە. گوناحی عومرێک کۆبۆنەتەوە سەر یەک. نازانم بلێی ئەمڕۆ لە چنگ هەمووتان خەلاسیم بێ؟. واباشترە جارێ ڕاوستی هەتا کاری ئەو گەورانە تەواو دەبێ. لە چاویانڕا دیارە چی وایان نیە ددانی پێدابێنن.

شاییەک لە دڵم گەڕا و گوتم: "ڕادەوەستم باوکی ئایینی."

هەر دەتگوت بارێکی قورسیان لەسەر دڵم لابردووە. نۆڕا، لە پشت باوکی ئایینیڕا، زمانی لێدەرهێنام، بەڵام هێندە دەربەست نەبووم و زمانم لێ دەرنەهێناوە. ئەم پیاوە هەرکە زمانی کردەوە زانیم لە

بنیادەمە ئاساییەکان ئاقڵترە. هەرکاتێ بیرم دەکردەوە، لێم حاڵی دەبوو کە بە ڕاستی زۆر جوان بۆ شتەکە چووم. هەموو کەس دەزانێ کەسێ دوای حەوت ساڵ هاتبێ ددان بە گوناحی دانێ زۆرتر لەوەی هەموو حەوتوویەک دێ، قسەی پێیە کە هەڵیڕێژێ. تۆ بیری لێبکەوە، بە دەردی باوکی ئایینی گوتی، گوناحی عومرێک کۆ بووبێتەوە سەریەک. دەنا ئەوەی لە کلیسا بگوترایە و ببیسترایە، زەنا زەنای کچان و پیرێژنان بوو کە باسی جەهەننەم و قەشەی گەورە و سروودەکانی تەوراتیان دەکرد. ئەم بنیادەمانە چیدیکەیان نەدەزانی. دەستم کرد بە تاقیکردنەوەی ویژدانم و جگە لەو دەردە بێ دەرمانە کە نەنکم بێ، بە ڕواڵەت لە هیچ بابەتێکی دیکەوە دۆخێکی خراپم نەبوو.

جاری دوایی، قەشەکە هات بۆخۆی بردمیە نێو قوتووەکەوە و دەربیجەکەی ئاواڵە هێشتەوە، جا بۆیە دیتم هات و لەو بەرەی میلە ئاسنەکانەوە دانیشت کە لە من دوور بوو.

پرسی: "دەی، نێوت چیە؟"

گوتم: "جەکی، باوکی ئایینی."

پرسی: "جەکی، گیروگرفتت چیە؟"

هەستم کرد هەتا قەشەکە خوڵقی خۆشە هەموو شتێکی بۆ ڕوون کەمەوە،

گوتم: "باوکی ئایینی، تەمام بوو نەنکم بکوژم."

بە ڕواڵەت لەم قسەیە تاسابوو، چونکی هەتا بەینێ ورتەی لێوە نەهات.

پاشان گوتی: "ئەیهاوار لە ماڵم. کاری وا عالەمی دەتاساند. باشە، لەبەرچی کەوتیە سەر ئەو هەوایە؟"

زگم بەخۆم سووتاو گوتم: "باوکی ئایینی، نەنکم هەتا بڵێی ژنێکی خراپە.

پرسی: "بەڕاستە؟ چۆناوچۆن خراپە؟"

گوتم: "ئابجۆ دەخواتەوە" و لەو قسانەڕا کە دایکم سەبارەت بە وی دەیکرد، دەمزانی کە ئابجۆ خواردنەوە گوناحێکی کەبیرەیە و هیوام وابوو ئەم شتە بێتە هۆی ئەوە قەشەکە لانی من بگرێ.

گوتی: "ئەی هاوار لە ماڵم! دیتم قسەکانم سەیر کاری لێکردوون.

گوتم: "ئەنفیەشی پێیە، باوکی ئایینی."

گوتی: "وەڵا ئەمەش هەر کارێکی خراپە، جەکی."

دیسان سەیر ـ زگم بەخۆم سووتا و گوتم: "بە پێخواسیش دەگەڕێ و دەزانێ خۆشم ناوێ، پارە دەدا بە نۆڕا و هیچ نادا بە من. باوکم هەر لانی وی دەگرێ و من دادەپڵۆسێ، شەوێکیان ئەوەندە نارەحەت بووم لێبڕام بیکووژم."

قەشەکە بە سوێر قسەیی پرسی: "دەی، پاشان چت لە لەشی مردووی دەکرد؟"

گوتم: "تەمام بوو لەتوپەتی کەم و بە زەممەکەی خۆم ڕایگوێزم."

گوتی: "ئای بۆخاتری خوا، جەکی، تۆ دەزانی منداڵێکی زۆر بەدفەڕی؟"

بۆخۆشم هەر پێم وابوو منداڵێکی تووش و بەدفەڕم جا بۆیە گوتم: "ڕاست دەفەرمووی، باوکی ئایینی. ویستم لە بن مێزەکە نۆڕاش بە چەقۆی نانبڕین بکووژم، بەڵام لە چنگم دەرچوو"

پرسی: "نۆڕا هەر ئەو کچە چکۆلەیە ماوەیەک لەوە پێش لێیدای؟"

گوتم: "بەڵێ باوکی ئایینی."

قەشەکە زۆر بە ماناوە گوتی: "ڕۆژێ کەسێ بە چەقۆی نانبڕینەوە دەکەوێتە شوێنی، لە چنگیشی دەرناچێ، وادیارە زۆر بە جەرگی، قسەی خۆمان بێ زۆر بنیادەم هەن من بەش بە حاڵی خۆم پێم خۆشە بە

چەقۆ هەڕایان کەمێ بەڵام لەخۆم ڕانابینم. ئاخر نازانی چەندە ناخۆشە پیاو لە سێدارە دەن."

باسەکەم سەیر بە دڵ بوو. جا بۆیە پرسیم: "ڕاست دەفەرمووی باوکی ئایینی؟ قەتت دیوە کەسیان لە سێدارە دابێ؟" ئاخر هەرگیز لە باسی سێدارەدانی بنیادەم تێر نەدەبووم.

قەشەکە گەلێ بە ماقووڵی وەڵامی داوە: "حەح، سەد نەفەریشم دیوە هەڵیانواسیبێ. هەتا گیانیان دەردەچوو هەر دەیانقیژاند."

ـ تۆخوا؟

بە ڕەزامەندییەکی زۆرەوە گوتی: "حەح نازانی وا چەندە ناخۆشە! زۆر لەوانەش نەنکیان کوشتبوو، هەموویان دەیانگوت کارێکی قۆڕیان کردووە."

دە دەقیقە لەگەڵم دوا، لەگەڵم هات تا لە حەساری کلیسا چووینە دەرێ. بەڕاستی پێم ناخۆش بوو لێی هەڵبڕام، چونکێ لە نێو بنیادەمە ئایینییەکاندا کەسم بە قەرا وی وەبەر دڵ نەکەوتبوو. لەدەرێ، هەر ئەوندەی سێبەری کلیسام لێ ڕەدبوو، هەتاو وەک شەپۆلی قەراغ دەریا هەرا و هەنگامەی ساز کردبوو. هەتاو چاومی بە شەوارە خست. کاتێ بێدەنگی کلیسا دوایی هات و دەنگی تراmواکانم لە خیابان بیست، دڵم کراوە. زانیم ئیدی بە شەو نامرم کە ڕووحەکەم بێتەوە و هەر ئەوەندەی دەست بنێم بە شتومەکی دایکمدا جێ پەنجەکەم ڕەش هەڵگەڕێ. چونکی ئەگەر شتی وا ڕوویدابایە، دایکم زۆر خەفەتبار دەبوو و ئەو بەستەزمانە لە ژیانیا زۆری خەفەت و ناخۆشی دیبوو.

نۆڕا لەسەر نەردەکان دانیشتبوو، مەحتەلم بوو کاتێ قەشەکەی لەگەڵم دیت، ڕووی گرژ کرد. لە حەسوودیان وەختابوو شێت بێ چونکی قەت قەشە لەگەڵ ئەو لە کلیسا نەهاتبووە دەرێ.

پاش ئەوەی قەشەکە ماڵاوایی لێ کردم، نۆڕا بە ساردوسڕی لێی پرسیم: "دەی قەشەکە تەمێیانە چی لەسەر دانای؟"

گوتم: "سێ سروودی حەزرەتی مریەم."

نۆرا بە بێ بڕواییەوە پرسی: "جا چۆن سێ سروودی حەزرەتی مریەم؟ بێتونەبێ هەموو شتێکت لە لا نەگوتووە."

بە دڵێکی قایم و پتەو گوتم: "هەموو شتێکم پێ گوت."

ـ باسی نەنکیشمت کرد؟ باسی هەموو شتێکت کرد؟

ـ ئەرێ وەڵڵا باسی نەنکم، باسی هەموو شتێک.

(چەتیوە لەوە دەگەڕا بەڵگەیەکی گیر کەوێ تا لە ماڵێ بڵێ جەکی ددانی بە هەموو گوناحەکانی دانەناوە)

نێوچاوانی تێکناو گوتی: "باشە بۆت گێڕاوە کە بە چەقۆی نانبڕینەوە کەوتبوویە سەرم؟"

ـ ئەرێ وەڵڵا.

ـ دەیجا قەشەکە هەر سێ سروودی حەزرەتی مریەمی لەسەر دانای؟

ـ ئەیچی.

لە نەردەکان هاتە خوارێ. سەری لێ ماسی بوو. دیار بوو، سەری لەم کارە دەرناچێ. کاتێ لە پلیکانەکان سەردەکەوتین و بەرەو شەقامی گەورە دەچووین بە دڵپیسییەوە چاوی لێ کردم.

پرسی: "ئەوە چ دەمژی؟"

ـ نوقوڵ.

ـ قەشە پێی دای؟

ـ ئا.

نۆڕا دای لە بانگی گریان : "خودایە، خودایە، هیوا هەیە چەندە بەختەوەرە! ئەگەر بتەوێ باش و لە خوا ترس بی، چت گیر ناکەوێ، دەبا منیش گوناحکارێکی وەک تۆ بام."

## قانوون:

رابرت. ئێم. کۆوتس

کارەساتەکە لەوێوە دەستی پێکرد کە شەوێکی پاییزی دوو سێ ساڵ پێش ١٩٥٠ی زایینی، کاربەدەستان ڕایانگەیاند بارودۆخێک هاتۆتە پێش کە پەت و هەوساری لە دەست کەسدا نەماوە. شتەکە هەر ئەوە بوو کە ئەو شەوە لە نێوان سەعاتی حەوت و نۆدا، پردی ترایبارە ئەوەتا هەبووە قەتی ئەوەندە ماشێن پێدا نەڕۆیبوو.

ئا ئەم شتەش زۆر سەیر بوو، چونکێ ئاخر خۆ شەمبە و یەکشەمبە نەبوو خەڵک تەحتیل بن (دەبا ئیمانم زایە نەبێ، کوڕە چوارشەمبە بوو) مانگەشەوێکی تا بڵێی خۆش بوو و مانگی چاردە هێندێ کەسی وەسەر هەوا دەخست سواری ماشێنەکەیان بن و وەدەر کەون. باشە ئەوە قبووڵ. بەڵام ئەو قسانە هیچی نەدەبوونە بەڵگە بۆ ئەو بارودۆخە. باشە زیادە لە هەموو پرد و جادەیەک، بۆ دەبوو هەر تاقە ئەم پردە ئەوەندەی ماشێن بەسەردابێ؟ دەیجا خۆ شەوی پێشوو و شەوێ پێشتریش، مانگەشەوێکی هەر ئاوا خۆش بوو، کەچی ئەم پردە هەر بە عادەتی جاران ماشێنی پێدا دەهات و دەچوو.

هەرچی بێ، پاسەبانی پردەکە بە جارێ پەشۆکابوون و دەستیان تێکەڵ دەهات. لافاوی ماشێن وەک ئەوەی وا ئەو شەوە بەسەر پردی ترای‌بارەدا تێدەپەڕێ، دەیار دەبێ لە ژێر چاوەدێری پۆلیسدا بێ. هاتوچۆی ماشێن، وەک هەموو هەڵسووڕانەکانی دیکەی جەماوەر، دەبێ لەو قانوونە دەرنەچێ کە دەڵێ: "هەموو شت بە ئەندازە باشە."

ئەم قانوونە مەزن و کۆنە دەڵێ: "هەستان و دانیشتنی جەماوەر دەبێ ڕێوشوێنێکی دیاری کراوی هەبێ." پۆلیس جاران بە تەجروبە لێی حاڵی ببوو کە لە فلانە سەعاتی شەو یان ڕۆژ چەند ماشێن بەو پردەدا دەبێ بێ و بچێ و حیسابەکە، تەنیا موویەک ئەوبەروبەری نەبوو. کەچی لەو شەوەدا سەد لێکدانەوەی ئاوا تاقە پوولێکی نەدەکرد.

لە کاتی ئاساییدا، لە حەوتی ئێوارەوە تا نیوەشەو، هێندە ماشێن بە سەر ئەم پردەدا نایەت. کەچی ئەو شەوە قورعانت دەخوارد دەتگوت ئەوی ماشێنی هەیە لەم شارەدا، یان هەر نەبێ لە لایەکی ئەم شارەدا، لە بنەوە قسەیان کردبووە یەک کە بێن و قانوونی سەر ئەم پردە تێکدەن. لەوانەیە بڵێم سەعاتی حەوتی تەواو بوو، ماشێن وا بە لێشاو و وا بە تیژی دەهاتن کە کاربەدەستانی وا کرێی پردەکەیان وەردەگرت دەستبەجێ بڕستیان لێ بڕا. هێندەی پێ نەچوو کە ئەمانە لێیان حاڵی بوو ئەم لافاوە کاری لەوەدا نییە کە پاش قەدەرێک وشکاوی بێ و کە دیتیان، بابە لێشاوی ماشێنی ئەمشەو کارێکی کردووە کە هەرگیزاو هەرگیز لە بیر نەچێتەوە، هەرچی پاسەبان لەو دەوروبەرە بوو کۆیان کردەوە کە دەست بدەنێ بەشکوو ئەم هەمووە ماشێنە دابین بێ.

لە هەر چوارلاوە هەر ماشێن بوو جمەی دەهات و لە خیابانی برانکسەوە و لە خیابانی مەنهەتەنەوە و لە خیابانی ژمارە ١٢٥ەوە و لە خیابانی چەمی ڕۆژاواوە ڕوویان کردبووە ئەم پردە. (دەوروبەری سەعاتی هەشت و پازدە دەقیقە کە جەنگەی قەرەباڵغییەکە بوو، ئەوانەی لە سەر پردەکە بوون وتبوویان کە لە خیابانی چەمی ڕۆژاوادا هەر ماشێن بوو ڕیزی بەستبوو تا بەرەو باشوور دەگەیشتە پێچەکەی خیابانی شومارە هەشتا و نۆ، لە چوارڕێیانەکەی مەنهەتەنەوە ڕیزی

ماشێن بەرەو ڕۆژاوا هەتا خیابانی ئامستردام ڕۆیبوو) پیاو بۆیە سەری لەم شتە دەماسی کە لەوە نەدەچوو هیچ هۆیەکی وای هەبێ.

جار و بار، کاربەدەستانی پەشێوی پردەکە جێ گۆڕینەوەیان لەگەڵ یەکتری دەکرد کە دەرەقەتی لافاوی ماشێنان بێن و لەو دەرفەتەدا لە خاوەن ماشێنەکانیان دەپرسی: ئەرێ کاکە ئەو قیامەتە چییە؟، کەچی سێحەب ماشێن بۆ خۆشیان لە هەموو کەس بێخەبەرتر بوون.

گوزارشی سەرجووخە ئالفۆنس ئۆتوول کە ئەو چەند پاسەوانەی خیابانی برانکسی لەبەر دەستدا بوون، بارودۆخەکەی زۆر جوان پیشان دەدا کە دەیگوت: "لە پەستا لێم دەپرسین ئەرێ ئەوە کاکە لە جێگایەک تۆپێنی شەوانە دەکەن و ئێمە لێی بێهەواڵین؟ یان دەچن بۆ تماشای کێبەرکێی ئۆتۆمبیل؟ بەڵام قسەی خۆش لەوەدا بوو کە نیوەی کاتەکەم بەوە بەفیڕۆ دەچوو کە دەبوایە وڵامیان دەمەوە، چونکێ ئەوانیش بۆخۆیان لێیان دەپرسیم: بەڕێز، ئەرێ ئەوە چ بووە و ئەم هەموو حەشامەتە چییە؟ منیش لە داخا هەر چاوم لێدەکردن و متەقم نەدەکرد. هەتیوێک وا بزانم لە ماشینێکی فۆردا بوو، کچێکی لە تەنیشتەوە دانیشتبوو، لێی پرسیم: ئەرێ کاکە ئەوە چ قەوماوە. گوتم ئەرێ مردووت نەمرێ، تۆ بۆخۆت یەکێ لەم حەشامەتەی، دە پێم بڵێ چی بۆتە هۆی ئەوەی بە خۆت و ماشێنتەوە ئەلێرە شین بی؟ ئەویش وا دیار بوو ئاگای لە مەحموودی بێزەواد نییە، گوتی: "ئەمن؟ من هەر ئەوەندەی گوتم با وەدەر کەوم و لەو مانگەشەوەیدا تاوێک بگەڕێم. بەڵام ئەگەر بمزانیبا ئاوا دەبێتە قیامەت، چما لە ماڵێ وەدەر دەکەوتم؟..." پاشان لێی پرسیم: "بەڕێز، تۆ بڵێی ڕێگایەک هەبێ پێیدا بگەڕێمەوە و لێرەم ڕزگاری بێ؟" ڕۆژی دوایی ڕۆژنامەی هێرالد تریبۆن هەواڵی ئەو شتەی دا و هەر ئەوەندەی نووسی کە: "دوێشەو

دەتگوت ئەوەی لە خیابانی مەنهەتەنەدا ماشێنێکی هەبووە، هاتۆتە دەرێ کە بەو خیابانە دوور و درێژەدا تێپەڕێ."

ئەم ڕووداوە ئەوەندە سەیر بوو کە پەڕی یەکەمی ڕۆژنامەکانی بە خۆیەوە خەریک کرد و زۆر ڕووداوی دیکەی لەو چەشنە کە ڕۆژان محەلێکی وایان لێنەدەنان، بە بۆنەی ئەم ڕووداوەی دوێنێ شەوەوە، قەدر و قیمەتیان پەیدا کرد. خاوەنی تئاتری ئارامیس لە خیابانی هەشتەم گوتی: "ئەلەم بەینانەدا، هەشت نۆ دە شەوان مشتەریمان هەر نەبوو و سالۆنی تئاترەکەمان چۆڵ چۆڵ بوو، کەچی شەوانی دوایی ئەوەندەی عالەم تێدەترینجا لەوانە بوو پیاوی تێدا بخنکێ. کەبابخانەکان بۆیان وەدەرکەوتبوو کە ئەوا بەینێکە مشتەریەکانیان فێر بوون هەر ڕۆژەی داوای شتێک دەکەن، ڕۆژێ هەموو هەر داوای کەبابی گۆشتی لاشانی گوێلک دەکەن و سۆسی ئاوی گۆشتیشی بە تایبەت بۆ سفارش دەدەن، کەچی ڕۆژی دوایی وێکڕا ڕوو دەکەنە کولیچەی گۆشتی ڤیەنی و کەبابی لاشانی گوێلک کەس بە پوولێکی ناوێ. کابرایەکی بەقالی خیابانی بێیسايد سوێندی خوارد گوتی چوار ڕۆژ لەسەر یەک، دووسەت و حەفتا و چوار مشتەری، یەک بە دووی یەکدا، هاتوونە دووکانەکەم و داوای دەزووی گوڵپەمەییان لێ کردووم.

هەواڵی سەیر سەیرت دەبیست کە جاران ڕۆژنامەکان ئەوەندەیان گوێ نەدەدایە و هەر ئەوەندە بوو گۆشەیەکی ڕۆژنامەیان پێ پڕ دەکردەوە یان لەو گۆشە تایبەتیەی ڕۆژنامەکەدا دایاندەنا کە هەواڵی ئەو شتە سەیرانەیان لێ دەنووسی وا بە دەگمەن هەڵدەکەوتن. کەچی ئێستا بازاڕ، بازاڕی ئەم هەواڵانە بوو. ئاخرەکەی وا دیار بوو ئەم خەڵکە بە دانستە خوو و ڕەوشتی سەیر و سەمەرەیان گرتۆتە پێش. ئەم شتانە پیاوی خوودار دەکرد، هەر وەک ئەوەی دەچوو چەند کەس

بۆ بێتاقەتی سواری لۆتکە بووبێتن، کەچی لەپڕ عالەمەکە وێکڕا بەرەو ئەم شان یان ئەو شانی لۆتکەکە هەڵێن. یەکێ لە ڕۆژەکانی مانگی دیسامبر بوو و پاپۆڕی "شیرکەتی گەمیەوانی سەدەی بیستەم" لە نیۆیۆرکەوە بەرەو شیکاگۆ کەوتبووە ڕێ و بە هەمو کەیفی خۆی سێ نەفەری مسافیر هەبوو و ئەو کاتە بوو کە کابرای بازرگان و کاسب لێیان حاڵی بوو کە ئەم چاو لێکەرییەی خەڵک چۆن دەبێتە هۆی ماڵ وێرانییان.

یان بۆ وێنە شیرکەتی ناوەندی گەمیەوانی نیۆیۆرک، هاتوچۆیەکانی بە دڵێکی قایمەوە لەسەر ئەم حیسابە دانابوو کە هەر چەند هەزاران کەس لە نیۆیۆرکدا هەن کە پێوەندی بازرگانییان بە شیکاگۆوە هەیە، هەر تاقە چەند سەد کەس مسافیری ئەو شارەیان دەبێ و حیسابەکەیان ئەمبەرەوبەری نەبوو. جاران شانۆگەران دڵنیا بوون کە مشتەرییەکانیان کاتی خۆیان بە جوانی بەسەر ڕۆژەکانی حەوتوودا دابەش دەکەن و بۆ وێنە سێشەمبانەش هەر بە قەد ڕۆژانی چوارشەمبە یان پێنج شەمبە شانۆکەیان مشتەری دەبێ. کەچی ئەوا ئێستا هەموو حیسابێک تێکچووبوو و کەس نەیدەزانی چی چۆن دەبێ. "قانوونی هەموو شت بە ئەندازە"، حیسابی بەتاڵ ببۆوە ئا ئەمە ئەگەر کار و کاسبی بە جارێ بە قوڕدا بردبووە خوارێ، خوێنی مشتەری ئاساییشی هێنابووە جۆش.

دەتدی ئەوا خاتوونێک بۆ شت کڕین چۆتە نێو شار، نەیدەزانی ئاخۆ فرۆشگای زنجیرەیی مەکی، لەبەر خەڵک هەر جمەی دێ و یان ئەوەندە چۆڵە پیاو نازانێ چ بکا و ڕاهرەوەکانی لەبەر چۆڵ و هۆڵی دەنگ دەدەنەوە و کچانی فرۆشەندە بێکار بێبارن. ئائەم هات و نەهاتە ببووە هۆی ئەوەی کە پیاو دەستی بۆ هەر کارێکی دەبرد لە داخا زگی دەماسی. ئینسان دەیگوت: "ئەرێ خوایە دەست بۆ فلانە کار بەرم یان

لێی گەڕێم؟" دیارە پیاو دەیزانی ئەگەر فڵانە کارەی دەست بۆ بردبا خوا دەیزانی کە ئەوا هەزاران کەسی دیش تێنەمرووکابێتن و ئەوانیش هەر بۆ ئەو شتەی نەهاتبێتن کە تۆ بۆی هاتووی. ئەگەریش پیاو لێی دەگەڕا ئەوا هیچ دوور نەبوو کە ئەو دەرفەتە خواداوەی لە کیس بچێ کە بۆ وێنە بچووبایە گوێی دەریا، چونکێ چۆڵ و هۆڵ بوو. بازاڕ هەر بە جارێ کەوتبوو و عالەمەکە وای لێ هاتبوو کەس بە ڕێگای خۆی نەدەزانی.

لەم بارودۆخەدا، کۆنگرەی ئەمریکا چاری نەبوو، دەبوایە دەست بە کار بێت. هەر واش بوو، کۆنگرە دەست بە کار بوو و پیاو هەقی خودا بڵێ، زۆریش نەجیمانە لەگەڵ شتەکە جووڵاوە. کۆمیتەیەک لە هەردووک حیزبەکەی ئەمریکا پێک هات و سەناتۆر جێی وینگ سلووپر خەڵکی ئەیالەتی ئیندیانا بوو بە سەرپەرستی. هەر چەند ئەم کۆمیتەیە جوان چووە بنج و بناوانی شتەکە و ناعیلاج بوو ددان بەوەدا بنێ کە هیچ بەڵگەیەک بە دەستەوە نییە کە پیشان بدا دەستی کۆمۆنیستەکان لەو کارە دایە، پیاو بە چاوی خۆی دەیدیت کە ئەم خەڵکە بێئەوەی بزانن بوونەتە هۆی تێکدەری و پشێونی، قسە لەسەر ئەوە بوو کە دەوڵەت دەبایە چی کردبا؟! دەی خۆ ئیشەڵڵا نایەنێ نەتەوەیەک بە تێکڕایی تاوانبار بکات، ئەویش بە بۆنەی شتێکەوە کە کەس نەیدەزانی هۆیەکەی چییە. بەڵام سەناتۆر سلووپر زۆر پیاوانە گوتی: "کاکە، عیلاجی دێ" و لە ئاکامدا بڕیار درا خەڵک لە سەرڕاوە دەرسیان دادرێ و بیانهێننەوە سەر ڕێ و ـ بە دەردی سەناتۆر سلووپر دەیفەرموو ـ "بۆ سەر ڕێ و ڕوشتە ئاساییەکەی جارانی ژیانی ئەمریکایی."

کۆمیتە لە لێکۆڵینەوەکەیدا تووشی شتێک هات کە عالەمی بە جارێ تۆقاند و ئەویش ئەوە بوو کە لە قانوونی فێدراڵی ئەمریکادا، "قانوونی

هەموو شتێک بە ئەندازە باشە"ی تێدا نەبوو و هەر چەند چاوەدێرانی مافی ئەیالەتەکان بە هیچ کلۆجێ ملیان نەدا و هاوار و دادیان کرد، ئەم درزەی قانوونی بنەڕەتی ئەمریکایان ئاوا پنج کرد کە هێنایان لە پێشدا قانوونێکیان بە ناوی "قانوونی هیلز سلووپر" چەسپاند، دوایی ئەم قانوونەیان بەڕێوە برد. ئەم قانوونە دەڵێ: "خەڵک نابێ پێ لە بەڕەی خۆیان درێژتر کەن." بۆ بەڕێوەبردنی ئەم قانوونەش ڕێگایەکی هاسانیان گرتە پێش و ئەویش ئەوە بوو کە هێنایان نێوی خەڵک و ئەو کارانەی ئیجازەیان هەبوو بیکەن، بە پێی ئەلفوبێ دابەشیان کرد. بە پێی ئەم گەلاڵەیە، ئەوانەی ناوی بنەماڵەیان بۆ وێنە بە "گ" یان "ن" یان "یو" دەستی پێ دەکرد تەنیا سێ شەمبانە ڕێگایان بوو بچن بۆ تئاتر و تەنیا پێنجشەمبانە دەیانهێشت بچن بەیسبال بکەن و بۆ کڕینی جلوبەرگ و کەوش و شانە و دەرزیلە و شتی وا تەنیا لە سەعاتی دەی بەیانی تا نیوەڕۆی دووشەمبانە ئیجازەیان پێدەدرا.

دیارە ئەم قانوونەش بەشی خۆی کەم و کووڕی تێدا بوو. لەنێو کارە کۆمەڵایەتییەکاندا هەر بە جارێ پەکی شانۆی خست. بەڕێوە بردنی ئەم قانوونە، خەرجێکی زۆری لەسەر شانی دەوڵەت دانا. لە ئاکامیشدا ناچار بوون لە پەستا شتی لێ زیاد کەن کە کەم و کووڕی نەمێنێ، بۆ وێنە پیاوان ڕێگەی ئەوەیان هەبێ دەستگیرانەکەیان (ئەڵبەت بەو مەرجەی قانوونیش وەک دەستگیران وەریان بگرێ) بۆ ئێرە و ئەوێ بەرن و جا قەیدێ ناکا ناوی بنەماڵەی دەستگیرانەکە بە کام پیت دەست پێ بکا.

ئەم شتانە وا لە قانوونەکەیان زیاد دەکرد، هەر کاتێ پێشێل دەکران، دەبوونە هۆی ئەوەی دادگا سەری لێ بشێوێ و نەزانێ چۆنیان لێکداتەوە.

بەڵام، بەم جۆرە ئەو قانوونە بە مەبەستی خوی گەیی و هەر چەند بە زۆرەملێ، بەڵام بە ڕووسووری توانی خەڵک با داتەوە سەر ئەو ژیانە ئاساییە ئەمریکاییەی وا بە دڵی سەناتۆر سلووپر بوو. عالەم لە بەروبووی ئەو قانوونە دەحەسانەوە، کەچی دوای دەوربەری ساڵێک هەواڵ هات کە لەو ناوچانەی خەڵکەکەیان ڕەمەکی و کێوی بوون، ملیان نا لە مل بادان و ناجسنی. وا دیار بوو لەو ناوچانەی کە تا ئەو دەمی وەک قەراغ و قوڵاغی وڵاتی ئەمریکا چاویان لێ دەکردن، خەڵک لەبەر تێری چاویان سوور ببوو. چیانشینەکانی ئەیالەتی تێنیسی ملیان نابوو لە کڕینی ماشێنی پەکرد و سیرز. ڕۆژنامەی ڕۆباک نووسیبووی کە لە ناوچەی ئۆزارکس، خەڵک هەشت نۆ دە بەرانبەری جاران شتی لۆکس دەکڕن. لەو ناوچانەی ڤێرمونت کە دارەکانیان لاواز و بێنازن، هەر ئەو خەڵکەی جاران بە حاڵەحاڵ پاروە نانێکیان لە زەویە بەردە ڕەقان و کەس نەکێڵەکانیان وەگیر دەکەوت، ئێستا کچەکانیان دەناردە ئۆڕووپا و دەیاننارد لە نیۆیۆرکەوە سیگاری گرانباییان بۆ بێنن. وا دیار بوو "قانوونی گەڕانەوە بۆ سەر دۆخەکەی جارانیش"، ئەوی ڕستبووی، بۆوە بە خوری.

# ئەو کابرایەی وا ژنێکی ناجسنی هێنا:

دۆن خوان مانوئێل

جارێکیان ئاغای ئاغاواتان، جەنابی کۆنت لووکانۆر لەگەڵ کوێخا پاترۆنیۆس دانیشتبوون و قسەیان دەکرد. جەنابی کۆنت گوتی: "کوێخا پاترۆنیۆس، بیستوومە ژنیان بۆ یەکێ لەو ئاغاواتەی ژێر دەستم دیوەتەوە. ژنە زۆر دەوڵەمەندە و لەمیش بالاترە. گۆیا کابراش مرخی خۆی لێ خۆش کردووە. بەلام کارەکە تەنیا عەیبێکی تێدایە و ئەویش ئەوەیە کە گۆیا بێحەیا و زمان درێژی وەک ئەو ژنە کەس نەیدیوە و نەیبیستووە. ئێستا بە ئەقڵی تۆ بە کابرا بڵێم ئەو ژنە بێنێ یان نا، ئەویش ژن چ ژنێ!

کوێخا پاترۆنیۆس گوتی: قوربان ئەگەر ئەو ئاغایەی بندەستت وەک ئەو ئاغا موسڵمانە مەراکیشیـیە بچێ وا من بەسەرهاتەکەی دەزانم، ئەوا پێی بڵێ با خۆ پێدادا، دەنا بێپرینگێنەوە لەو کارەی.

جەنابی کۆنت گوتی: ئادەی کوێخا سەرگوزیشتەی ئەو ئاغایەم بۆ وەگێڕە. کوێخا پاترۆنیۆس گێڕایەوە و گوتی:" جارێکیان لە شارێ، کابرایەکێ خاوەن پلە و پایە دەژیا و کوڕێکی بوو لە زۆر بابەتەوە لێهاتوو بوو. بەلام، کوڕە بیری زۆر بەرز دەفڕی و سامانی بابی لە قەدەر خەیاڵ وبەرزە فڕی یەکانی ئەو نەبوو. جابۆیە کوڕە، مات وملوول بوو، چونکێ دەیدی خەیاڵ و دەستی بە تاڵ یەک ناگرنەوە.

هەر لەم شارەدا پیاوێکی دی بوو کە پلە و پایەی زۆر لە بابی ئەوکوڕە بەرزتر و سامانیشی تا بڵێی پتر بوو. کابرا، تاقە کچێکی بوو.

ئەوندەی کوڕە نەجیم ولەبەر دالآن بوو، بە پیچەوانە کچە بەدفەڕ و دێزە بوو. هەر بۆیەش کەس نەیدەناردەسەر ئەو دێو و درنجەی.

ڕۆژێکیان کوڕە دەچێتە لای بابی و دەڵێ بابە تۆ ئەوندەت سەروەت و سامان نیە کە ئەو جۆرەی دڵم دەیەوێ پێی بژیم. یان دەبێ دانیشم و قوون بدەمە سەر دەرپێی خۆم یان بە شوێن بەختی خۆمدا پەڕەوازەی وڵاتان بم. جا بویە لام وایە شەرتی ئەقڵ وایە، ژنێکی وا بۆ خۆم حەول بدەم کە نانم بخاتە نێو ڕۆنەوە. بابە گوتی ڕۆڵە ئەوەی لە دەستم بێ وەک بابانوئل دەیکەم لەبەر ئەوەی  ئەتۆ ژنی بەدڵی خۆت بێنی. کوڕە لە وڵامدا گوتی بابە ئەگەر دڵت پێوەبێ، دەمەوێ بچیە لای کابرای دەوڵەمەند و داوای ئەو کچە ناجسنەی لێ بکەی.

باب کە ئەو قسەیەی بیست، دەمی هەر بەجارێ بوو بە تەڵەی تەقیوو و گوتی ڕۆڵە شتی چاک بڵێ. ئاخر خۆ ئەوەی گەداش بێ هەر کە ئەو کچە بناسێ، بە خێری خوداشی ناوێ. بەڵام کوڕە هێند  پاراوە و ئەوەندە سوور بوو لەسەر قسەی خۆی کە بابی با ئەوەی سەری سووڕ مابوو، ملی دا.

بابی کوڕە، دەست بەجێ  چوو بۆ لای کابرای دەولەمەند. ئەم دووانە دۆستی لەمێژینە بوون. کابرا قسەی کوڕەکەی بۆ هاواڵە کەی گێڕاوە و لە دواییدە گوتی: ئێستا کە ئەم کوڕە ئەوەندە لە خۆی ڕادەبینێ کە کچی تۆ بینێ، تۆ کچەکەی، پێشکەش دەکەی یان نا؟

هەر کە باوکی کچە ئەو قسەیەی بیست گوتی: کوڕە بۆخاتری خودا، جا ئەگەر من بێتووکاری واله گەڵ تۆ بکەم، ئیدی کوا بۆ ئەوەی دەبم نێوی خۆم بێنم دۆست. براله، کوڕت هەتا بڵێی کوڕی چاکە و چ خودا هەڵیدەگرێ بێنی بە دەستی خۆت بە قوڕدا بیبەیە خوارێ، یان قبری بۆ هەڵکەنی. وەک ڕوژ لێم ڕوونە، بێتوو ئەو کوڕەی تۆ ئەو کچەی من

بێنێ یان دەداتە دڵ یان مەرگی خۆی بە ئاوات دەخوازێ. پێت وانەبێ ئەو قسانە لەبەر ئەوەدە کەم، کچە کەم نەدەم، چونکێ لە خودام دەوێ کوڕی تۆ یان هەر بابایەکی دی ئەو چەتیووەم لە یەخە بکاتەوە.

بابی کوڕە گوتی ماڵت ئاوەدان بێ و ئێستا کە کوڕە دڵی بەم پێوەندییەخۆشە، هیوادارم تۆش دەستیان وەڕێ نەهێنی.

شایی و بەزم و ڕەزم گیرا و بووکیان دابەزاند. دابی موسڵمانە مەراکیشی یەکان ئاوایە کە نان و خوان بۆ بووک و زاوا ساز دەکەن و بە تەنیا بەجێیان دێڵن تا ڕۆژی دووایی.

ئەم کارانە هەموو کران. بەڵام دایک و باب و کس وکاری بووک و زاوا، وێکڕا زەندەقیان چووبوو و لەوەی دەترسان سبەینێ بە سەر ترمی زاوا دابچن یان زۆری بەشپرزەیی ببینن.

بووک و زاوا هەرکە بە تەنێ مانەوە، لە سەر سفرە دانیشتن، پێش ئەوەی بووک هیچ بڵێ زاوا چاوێکی بە دەور و لای سفرەدا گێڕا و سەگێکی بەدی کرد و دەستووری پێدا و گوتی: ئادەی سەگە، بچۆ ئاومان بۆ بێنە دەستمانی پێبشۆین.

سەگە جووڵەی نەکرد. زاوا تووڕە بوو و گوڕاندی و گوتی: دەڵێم بچۆ ئاو بێنە! سەگە ئەمجاریش لە جێی خۆی جووڵەی نەکرد. کابرای زاوا هەرکە دیتی سەگ جوابی ناداتەوە، بە تووڕەییەوە لە سەر سفرە هەستا و هەڵیکێشا شمشێر و بۆی چوو. سەگە دیتی کابرا هۆمەنی بۆ هێناوە، هەڵات و زاواش کەوتە سەری. سەگ و ساحەب بە سەر نان و خوان و مەنقەڵیدا قەڵەمبازیان دەدا. کابرا، سەگەی گرتەوە و سەرو چوار پەلی پەراند و لەت وپەتی کرد. هۆدە و نان و خوان بە جارێ لە خوێن هەڵکشا.

پاشان بە قەڵسی و گیانی خوێناوی‌یەوە لە سەر سفرەکە دانیشتەوە. چاوێکی بە دەور و لای خۆیدا گێڕا و پشیلەیەکی دیت و پێی گوت: "ئادەی بچۆ ئاو بێنە دەستمانی پێ بشوێن. کە دیتی پشیلە جوابی ناداتەوە، پێی گوت: "پەس ئاوا، سپڵەی نەمەک بە حەرام! یانی تۆ نەتدی چ بەڵایەکم بە سەر سەگ هێنا چونکێ جوابی نەدامەوە؟ ئابەو خودایە، بێتوو تۆش خیلەسەری بکەی، هەر بەو دەردەت دەبەم!"

بەڵام پشیلە، لە جێی خۆی جووڵەی نەکرد. ئاخر، پشیلەش سەگ ئاسایی، فێر نیە ئاو بێنێ. زاوا دیتی پشیلەکەش جوابی ناداتەوە، هەستا لاقی گرت، وای دا بە تەختی دیواردا، ئێسک و پرووسکی ورد کرد و پتر لە جاری پێشوو کە سەگەکەی کوشت، خۆی قەڵس کرد.

بە بۆڵە بۆڵ و پرتە پرت لە سەر سفرە دانیشتەوە و چاوی بە دەور و پشتی خۆیدا گێڕا. بووک، ئەو کارەساتانەی هەموو بە چاوی خۆی دی و لە دڵی خۆیدا گوتی: بێتوونەبێ ئەم کابرایە شێتە و لە کەللەی داوە. کچە، فزەی نەکرد.

کابرا چاوێکی بە دیوەکەدا گێڕا و ئەسپێکی بەدی کرد. بە تووڕەی‌یەوە دەستووری بە ئەسپەکەداو گوتی: ئادەی ئاو بێنە بۆ دەستشتنمان و ئەسپەکەش جوابی نەداوە. جا لەبەر ئەوە، کابرا پێی گوت:

"پەس ئاوا کاکی ئەسپ! تۆ پێت وایە هەر بەوەندەی تۆتاقە ئەسپەی منی، ئیدی دەتوانی بێ قسەییم بکەی و منیش هەروا سووک و ئاسان بە سەرتەوە بچم. خراپی لێ حاڵیت! ئا بەو خودایە بێتوو ناجسنی بکەی و جابم نەدەیەوە، بە دەردی ئەوانی دیت دەبەم. چونکێ گیانلەبەر نییە بێ‌قسەییم بکات و گیانی نەکێشم.

ئەسپەکە لە جێی خۆی چرکەی نەکرد. کابرا هەر ئەمەی دی، چووە جەستەی ئەسپ و بە توورەییەوە سەری بڕی و ورد ورد جنی.

بووک کە دیتی زاوا تاقە ئەسپەکەشی کوشت و دەڵێ هەر گیانلەبەرێک بە قسەم نەکات ئا بەو دەردەی دەبەم. زانی قسەی ئەو کابرایە شۆخی و گاڵتە نیە و لە ترسان ڕۆحی پیێنەمابوو. کابرا بە ڕق هەستاوی و گیانی خوێناوی، هات لەسەر سفرە دانیشتەوە و ملی لە سوێند خواردن نا و دەیگوت: بە خودای هەزار ئەسپم بێ یان ئەم ماڵە هەزار ژن و پیاوی تێدا بێ و بە قسەم نەکەن، هیچی لە دەستم گیان بەدەر نابەن.

کابرا دانیشتبوو، شمشێری شەلاڵی خوێنی لە سەر کۆشی دانابوو. چاوێکی گێڕا بە دەور و لای خۆیدا. هۆدەکەی جوان پشکنی و کە دیتی گیان لەبەری تێدا نەماوە، بە ڕقەوە چاوێکی لە ژنەکەی کرد و شمشێر بە دەست گوڕاندی بە سەریا: "ئادەی هەستە بچوو ئاو بێنە بیکە بە دەستمدا"

بووک بە جارێ زەندەقی چوو بوو و دەیگوت ئەلحان نا ئەلحان لەت و کوتم دەکات، دەرپەڕی و خێرا چوو ئاوی بۆ هێنا.

مێردەکەی گوتی: "شوکری خودا تەواو ناکەم بە قسەت کردم، دەنا ئەو گیانلەبەرە گەوجانە وایان ڕق هەستاندبووم کە تۆشم بە دەردی ئەوان دەبرد" پاشان دەستووری بە بووک دا و گوتی: نان و چێشتم بۆ بێنە. ژنە دەست بە جێ دەستوورەکەی بە جێی هێنا. زاوا ئەوندە بە تورەییەوە قسەی دەکرد کە بووک لە دڵی خۆیدا دەیگوت: ئەلحان نا ئلحانسرم دەپەڕێنێ و لە خاک وخۆڵدا دەیگەوزێنێ .

بەم جۆرە شەویان کردە ڕۆژ وئەوە ژنە هەر ناوێرێ ورتەی لێوە بێ و ئەوی کابرا دەستووری پێدا دەدا، هەر بەسەر هڵدەهات جێ بە

جێی دە کرد. پاش ئەوەی بڕێک نوستن، کابرا گوتی:" ئەمشەو لە داخان نەخەوتووم. بەیانی نەهێڵی کەس بانگم لێکا و نان و چاییشم بۆ ساز کەی، ها!"

تاو وبان گرەم ببوو. دایک و باب و کس و کاری بووک و زاوا هاتن. کە دیتیان ماڵ بێدەنگە گوتیان بێت و نەبێ زاوا یان مردووە یان شڕ و شپرزەیە. لە کەڵێنی درگاکەوە تەنیا بووکیان دی دێ ودەچێ وزاوایان نەدی و ئیدی دڵنیا بوون کە زاوا شتێکی بە سەر هاتووە.

بووک هەرکە عالەمەکەی دی، بێ هەست و لە سەر نووکی پەنجە بەرەو لایان هات. لە ترسان ڕەنگی بە ڕووەوە نەمابوو. گوتی: "شێت و شوورانە، خەیان و نمەک بە حەرامانە، ئەوە چ دەکەن؟ ئەوە چون دەوێرن بێنە بەر درگا و ئاوا دەنگ هەڵێنن؟ بێدەنگ بن، دەنا بێتوو خەبەری بێتەوە، ورد و درشتمان ناهێڵێ."

عالەمەکە ئەم قسەیان بیست. هەر وایانزانی لەو ئاسمانەوە بەریانداونەوە و هەرکە زانیان دوێنێشەو چ گوزەراوە، هەموو هەزار جار ئافەریمیان لەو شۆڕە لاوەی کرد کە ئەوندە لە کارزان و لە بارزانە و ئەوندە زاڵە بە سەر ماڵ و حاڵیدا. لەو ڕۆژەوە، ژنە ئەوندە ژنێکی عال و سالی لێدەرهات کە بۆ ئەوەی دەبوو ژنان چاو لە ڕەوشتی جوانی بکەن و لێوەی فێر بن. ژن و مێرد، ژیانێکی پڕ لە بەختەوەرییان گرتە پێش.

چەند ڕۆژێک دوای ئەو حەیس و بەیسە باوکی بووک هەوا لە کەللەی دا و ویستی چاو لە زاواکەی بکات و ژنەکەی چاوترسێن کا، کەڵەشێرێکی کوشت و ئەنجن ئەنجنی کرد.

بەڵام ژنەکەی پێی گوت: "بە خوای مام تەڕەماش تۆ درەنگ وەخەبەر هاتووی. کەڵەشێر سەهلە ئەگەر هەزار ئەسپیش بکوژێ، بایی

تووڕێک نیە. دەبایە هەوەڵێ ئەو تەکانەت لە خۆت دابا، تازە بە کار نایە و لە مێژە هێلکەی تۆمان لە ددانمان داوە".

کوێخا پاترۆنیۆس گوتی: "ئەدی گەورم، ئەگەر ئەو ئاغایەی بندەستت. وەکی ئەو کابرایەی بچێ بۆم گێڕایەوە، ئەوا پێی بڵێ خۆ پێدادات، چونکی دەزانێ ماڵ و حاڵ چۆن بعاملێنێ. بەڵام ئەگەر لەوجۆرە پیاوانەیە، بەڕێ و شوێنی کار نازانێ، پێی بڵێ هەر لێی گەڕێ و بەردێکی لە سەر دانێ. ئاغا ئەگەر بە قسەی من دەکەی، ئەوانەی وا هەڵس و کەوتیان لەگەڵ تۆدا هەیە، وایان تێبگەیەنە کە بفامن بە دڵی تۆ هەستن و دانیشن.

جەنابی کۆنت ئەم ئامۆژگارییەی زۆر بە دڵەوە نیشت. ئەم نەسیحەتەی هەڵگرت و کردیە چرای ڕێ و بە دوویدا ڕۆیشت و دیتی کاروباری ئەمجار پاکی لە شانان زۆر خۆشە و جوان دەچێتە پێش.

جا، چونکێ ئاغای ئاغاواتان، شازادە دۆن خوان کە بۆ خۆمم ئەم ئامۆژگارییەم زۆر بە دڵ بوو، ئەوا دەستوورم فەرموو بیخەنە نێو کتێبەکەمەوە و ئەم شێعرەشی لە پاڵدا بنووسن:

لە پێشدا زەبر و زەنگت بنوێنە
دەنا وەک حیزان سەر دانەوێنە.

---

١ـ بە چەند هۆ ئەم چیرۆکەم وەرگێڕا سەر کوردی: یەکەم وێنەی ئەم حیکایەتە لە وڵاتی خۆمان هەیە و لە کاتی زاڵ بوونی موسڵمانان بە سەر ئیسپانیادا، ئەم چیرۆکە لە ئێمەی ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ناو خەڵکی ڕۆژاوا چووە. دووهەم، نوسەری ئەم چیرۆکەدۆن خوان مانوئێل

(١٢٨٢-١٣٤٨ میلادی) لە شازادە زۆر خوێندەوارەکانی ئیسپانیا بووە و وەکی دەڵێن لە بناغەدانەرانی نەسری نوێی ئەو وڵاتە بووە. نازانم بۆ ئەوەندەم پێخۆشە کە شازادەیەکی نووسەربووبێ! ناوبانگی ئەم خوالێخۆشبووە بە هۆی کتێبی کۆنت لووکانۆرەوەیە کە لە پەنجا کورتە چیرۆک پێک هاتووە. سێهەم: ویلیام شکسپێر، شانۆنووس و شاعیری بە ناوانگی ئنگلیس، ئەم چیرۆکەی خوێندۆتەوە و کردوویەتە هەوێن بۆ شانۆی بەناوبانگی The Taming of the Shrew یانی (عاملاندنی ژنێکی بێحەیا)

## ...، پەت لە مل خراوی، دڵ هەراو!:

مارسێل ژووهاندۆ[1]

لە بەر درگای ماڵی "مادلێن"ەوە، عالەمەکەم دی کە دەچوون تەرمی ژنێکی لادێیی بنێژن. بەسەرهاتی ئەم ژنە زۆر خۆشە:

مێردی ژنە لە شەڕدا دەگیرێ و ئەلمانییەکان بە دیل دەیبەن. ژنەش بۆ خۆی دەمێنێتەوە و سێ منداڵی سەروپێچکە. نەشیدەتوانی بە کاری مووچە و مەزرایە ڕابگا. دەی جا چی کردبا؟ ناچار پیاوێکی گرت. ئەوی ڕەنجبەری بەکارهاتوو بوو خەڵکی گرتبوویانن، کەسی وا نەمابۆوە. بۆ بەدبەختی، ژنە چوو ڕاست بە یەکێکەوە نووسا پووڵێکی سووتاوی نەدێنا. کابرا بە ڕەچەڵەک لە بریتۆنەکانی وڵاتی باکووری فەرانسە بوو. لە تەمەنی ١٦ساڵیڕا تا گەیشتبووە ٣٢ ساڵی، لە نێو پاپۆڕاندا کرێکاری کردبوو و تەواوی دونیای تەقاندبۆوە و بەندەرا و بەندەر گەڕابوو، ژێرزەمین و عەمبارنەمابوو کاری لێ نەکا. بە ڕواڵەت جحێڵێکی جوانچاک بوو، بەڵام زۆر هیچەکە و پووچەکە بوو. تەواوی گیانی خاڵکوت کردبوو و ئەوەندەی ئارەق خواردبۆوە لەوانە بوو جەرگی هەلاهەلا بێ. بە ڕێگا ڕۆیشتنی دا دەتگوت کوڕی قەراڵی فەڕەنگە. لووتی لە حەوای دەکرد و دەنگ و دوانی بەجۆرێک بوو دەتگوت ئەوە ئەو عالەمە بە نانی ماڵی بابی وی بەڕێ دەچن. جا بۆیە خەڵک بە تەوسەوە نێویان نابوو "قازی".

---

[1] مارسێل ژووهاندۆ marcel jouhandeau لە ساڵی ١٨٨٨ ناوچەی "گێرێ"ی فەرانسە لە دایک بووە. ماوەی چل ساڵان مامۆستای فێرگە بووە. چیرۆکی کورت و بڵیندی زۆر نووسیون. بۆ وێنە: ئاغای گۆدۆی خاوەن ژن و ماڵ، سالی ١٩٢٦. ئێلیز، سالی ١٩٣٣. شامینادوور، بەرگی یەک و دوو ١٩٣٤ و ١٩٣٦. و...

قەت حەفتەیەکی پێنەچوو کابرا ژنەی وا هێنا ژێر ڕکێفی خۆیەوە کە شەوانە لە باخەڵی دا دەخەوت و ژنەش هیچ بەرگێڕەوەی نەدەکرد و هەر لەڕۆژی هەوەڵەوە هەموو دەسەڵاتێکی نایە بەردەستی و لێی گەڕا چۆنی بە کەیف بێ وا بکا. ژنەی وا دەمەچێشتە کرد کە گیانی شیرینی بویستایە بۆی دەردێنا. وای لێ هات ژنە ئەوەی هەیبوو دەیدایە بە تالان، چونکێ بالای وی دەویست دەم لە سەر خالان. شام و نەهار پلاو و گۆشت کلاشەی دەکرد، دەتگوت جەژنە. گیرفانی هەڵتەکا، کەوتە ئەولای بێتفاقی. دەستی کرد بە فرۆشتنی پاتاڵ و دوایەش کەرەسە و کەلوپەلی نێو ماڵ. ئەمجار نۆرە گەیشتەجێوبان و کراس و دەرپێ. نیوەی داهاتی مووچەکە بوو بە خەرجی کەیف و نەهەنگ و نیوەکەی دیکەش بێچووە پشیلەکەی جەنابی قازی دەیخواردو کلکی لێ ڕادەوەشاند و پەلی لێ ئەستوور دەکرد.

ساڵی ١٩٤٤ هات و شەڕ بەرەو کۆتایی چوو. قازی دوو ڕێگای لەبەر بوو: یان بڕوا یان دایکوتێ و بمێنێتەوە. بەلام ژنە تاقە ڕێیەکی لە پێش بوو: هەر چۆنێک بێت نەهێڵێ ئەم کابرایەی لە کیس بچێ. جا بۆیە کاتێ مێردەکەی هاتەوە، لێبڕابوو هەتاهەتایە لە کۆڵ خۆی کاتەوە. حازر بوو گیانی بدا و کابرای خەمڕەوێنی لە دەست نەچێ.

قازی نەخشەیەکی کێشا، دڵی دەویست پیاو کاری وا بکات. بڕیاروا درا بچێ خۆ لە کادێندا حاشار بدا و لە وێڕا لە کونێکەوە هاتوچۆی مێردی ژنە بۆ تەویلە، کە نهۆمێک لە خوار کادێنەوە بوو، بداتە ژێر چاوەدێری. لەوێڕا تەنافێک بەرەو ئەو شوێنە ڕاهێڵێ کە "دووکورتیاڵ" یانی مێردی ژنە لە سەر سێپایەکە دادەنیشت کە مانگاکان بدۆشێ. تەنافەکە ئاڵقەیەکی پێوە بوو و وەک هەوسار دەیکرد بە سەری کابرادا و لەچاوتروکانێکدا ملی دووکورتیاڵی بەستەزمان پێوە دەبوو و هەڵدەواسرا.

بەڵام "ئاننا" کە دەبووە ژنی کابرا هەر وەک یەکێک پێی بڵێ، دەیزانی ئـەم نەخشـەیە کـەم و کـوورِی یـەکی هەیـە و بێتـوو وا بـێ، هـەر بـە هیچەرِیسەکەیان دەبۆوە خوری و بە جارێ ماڵوێران دەبوون. قازی بە پیلانی خۆی پشتەستوور بوو، گوتی:

"من کاری خۆم زۆر جوان دەبەم بەرِێوە." بەم قسەیە، وای کرد ژنـە لەم پیاو کوشتنەدا هاودەستی بێ.

*

دەبا لـە گۆشـەیەکەوە گـوێ بـۆ کـابرای مێـردی ژنـە بگـرین. دەڵـێ: "کورِە وەرن قورِی دونیا بکەن بە سەری مندا! بابە خۆ ئێوە دۆستن و بێگانە نین، وەرەن بزانن چم بە سەر هاتووە. چوار رِۆژە هاتوومـەوە و پێویست ناکا ئەم و ئەو شتم بە گوێ هەڵێنن، خۆ بۆ خۆم چاوم هەیە و دەبینم چۆن رِۆژەرِەش و داماو بووم. دار و دیواری ماڵەکە بۆخۆی هـاوار دەکـا. کـاتێ دەچـووم بـۆ شـەرِ، هەشـت مانگـام لـە مـاڵێ بـە جـێ هێشـت، کـەچی ئێسـتا دوانیـان مـاون، ئـەویش دەبـێ بـە کلـک هەڵیانئەستێنی. تاقە شایی یەک پووڵ چیە لە گۆرِێدا نەماوە. ئەوەی کەل‌وپـەل و کەرەسـەی بەکارهاتوویـە، فرۆشـراون و تەنانـەت کـراس ودەرپێش نەماون. تووکی سەریشمان بۆتە قەرز. لە هەموان نەهاتیتر ئەوەیە کە ژنەتیو لە خشتە دەرچووە و هـەر کـە چاوم لـە چاوی کرد، هـەموو شـتێکم لێحـاڵی بـوو. بـەڵام ددانـم بـە جەرگمـدا گـرت و هـیچم نەگوت. ناچار بووم بە قازی بڵێم برِوا و بەرۆکم بەردا. کە چی کابرای تایین سێ رِۆژ بوو دایکوتابوو ونەدەرِۆیی. لێ برِام جارێ خۆ شلوێ نەکەم و هیچ وە رِووی کەس نەدەم. گوتم با ئەم قازی یە گۆرِی گوم کات، دوایە کارێک دەکەم ژنە وەک جاری جاران لەگەڵم رِێک کەوێتەوە. ژنەکـەم تـا بڵێـی ژیـر و وریـا و رِەزا سـووک و کابـان و دەسـترِەنگین بوو و ماڵی وەک دەستەی گوڵ رِادەگرت و قسـەی خـەراپی بـە زاری دا نـەدەهات. گـوتم وەک جـاری جـارانی لـێ دێتـەوە. مـن حـازر بـووم

چاوپۆشی لێ بکەم. کەچی شەوی چوارەم، لەو تەویلە تاریک وتنۆکەدا، تازە خەریک بووم دەست بکەم بە مانگا دۆشین، هەستم کرد شتێکی نەرم بەڵام زوور، خەریکە بە سەر سەرمدا دەخزێ و دوایە بە دەم وچاومدا هاتە خوارێ. "خودایە بلێی چ بێ؟" قرچەپێ هەستام و بە هەردووک دەست گرتم. هەڕام کردە شەنەکە، ئەزقەزا بە دەستیشەوە بوو. ئاوڕم داوەو ڕووم لە درگای تەویلە کرد. دیتم خێزانم ئەوا لە پشت سەرم لە پەنای سێپایەی شیردۆشەکە ڕاوەستاوە، چرکە ناکات و هەردووک دەستی لێکهەڵپێکاون و دەم و چاوی بە جارێ تێک چووبوو، دەتگوت بە یەکجاری بۆتە مجەسەمە. دیتم ئەوە لەو سەرەی، قازی خۆی لە نێو کادێن حاشار داوە. هێشتا دەتگوت بە دار لە تەپڵی سەریان داوم و دەمگوت خودایە ئەوانە چ خەیاڵێکیان لەگەڵ من بوو. دەرپەڕیم و لە کووچە کابرای نانەوا کە خەریک بوو داری ئاوردووی هەڵدەچنی، هەر کە چاوی پێم کەوت هەرای کرد و گوتی: "تیەح! دووکورتیاڵ کوڕە ئەوە چت بە سەر هاتووە؟ ئابەو سەر ووەزعەوە بۆ کوێ دەچی، شەنە بە دەستەوە و پەت و هەوسار لە ملدا؟"

ڕاستی دەکرد، پەت و هەوسارێکم بە دوای خۆدا خێشک دەکرد کە پێنج شەش گەز دەبوو و سەرێکی لە ملم هالابوو. قسەی تێدا نیە کەنەخشەیان بۆ کێشا بووم پەتم لە مل کەن و بمخنکێنن و خێزانیشم دەستی لەو کارەدا بوو. دەڵێی کوا شایەدت؟ شایەدێکم هەبوو. ڕەنگ بوو باری کارەکە وا بکەوتایە خەڵکی بیانگوتبا: "کابرای قوڕ وە سەری ژن واوا لێکراو، لە بەر ڕۆژەڕەشیان بە پێی خۆی چووە سەر ئەو تەڵەیەی بۆیان نابۆوە."بەڵام نا، ئەی هەر موعجزەیەکی خودایی بوو کە زوو ڕاپەڕیم، ئەی ئاننا نەیویست یان نەیوێرا هیچم لێ بکا، گیانێکی مفتم دەربرد.

ئا لەو دەمەی دا کە گرینگترین کاتی ژیانمە، سەبارەت بە شتێک پیرۆزبایی لە خۆم دەکەم و ئەویش ئەوەیکە بە قەد سەرە دەرزی

یەک خەمی خۆمم نەبوو و خەمی منداڵەکانم بوو. دەمگوت دایکیان دەیویست بمکوژێ و چی وای نەمابوو ساردم کاتەوە. لەو دەمەی دا دەهات کارەکەیان سەربگرێ، دەستی تێ نەچوو. دەستی لەرزی و هەر ئەو دەست لەرزین و دوو دڵی یەی وی، بوو بە هۆی نەجاتم. جا بۆیە هەر لەو کاتەوە بڕیارم دا ئابڕووی بکڕمەوە و لە ناو خەڵکدا وای بشوبێنم کە بێتاوانە. دەمویست کارێ بکەم ڕووزەردی لای خوداش نەبێ. تازە من بڕیاری خۆم دابوو. بۆیە پێشم بەکابرای نانەوا گرت و نەمهێشت خۆ بکا بە تەویلەدا. دەسبەجێ چوومە دیوی خەوەکەم و جل و بەرگی جوانم کردە بەر و خێرا بە پێیان بەرەو ئەوگوندەی وە ڕێ کەوتم کە پانزدە شانزدە کیلۆمێتر لە دێیەکەی ئێمە دوور بوو؛ چوومە زەماوەندی کوڕی خوشکە گەورەکەم. گوتم لەوێ چاوم بەدایکیشم دەکەوێ. هەوای ئازاد و پیادەڕەوی، بڕێکی بووژاندمەوە. بەڵام لەمە باشتر ئەوە بوو کە ئەو عالەمەم دەدی کە لە سەر زەماوەند ئەوەندە شاد وبەکەیفن، ئەوەندەی دی بڕیارەکەم پتەوتر کرد کە سفرەی دڵی خۆم بۆ کەس نەکەمەوە تا ئابڕووی خۆم و بنەماڵەکەم نەچێ.

ڕۆژی دوایە، تاریک و ڕوونی بەیانی، بەرەو ماڵ بوومەوە. دیتم قازی نەماوە و ڕۆیوە، خێزانم دەتگوت بۆ خۆی نەماوە و هەر تەنیاسێبەرەکەیەتی دێ و دەچێ و لە ترسان و لە شەرمەزارییان ئۆقرەی نەدەگرت. ئەوەندە مات و پەرێشان و سەر و قژ ئاڵۆزاو بوو کە دیتنی پتر لە شەوی پێشوو ئازاری دەدام.

ڕەنگە شەوێ نەنوستبێ و لە ترسی وەی من چووبێتم شکاتی لێ بکەم و هەر تاوناتاوێ ڕەنگ بوو مەئموور بێن بیگرن، هەر هەڵلەرزی بێت.

ماوەی سەعاتێک بە نێو ماڵدا گەڕام و تەواوی کەلێن و قوژبنم دەپشکنی و دەمگوت بێتوو بیانکوشتبام تازە ئیدی ئا ئێرە یان ئا هۆوێم نەدەدیەوە. وام دەهاتە بەر چاو کە چی کەلێن و قوژبنی ئەو ماڵەیە،

زیتەزیت چاویان تێبڕیوم و پێیان سەیرە کە چۆنە ماوم و نەمردووم. ئاخری چوومەدیوی دانیشتن و دیوەکە جگە لە من و ئاننا کەسی لێ نەبوو. لە بەرانبەری دانیشتم و گوتم: "بێتوو ئەو کارەساتە قەومابا، تۆ پێت وایە ئەمشەو بۆ خۆت یان کابرای کەڵەگا لە کوێ دەنوستن؟ با لەو قسانە گەڕێین. جارێ لە پێشدا، ئێمە منداڵمان وردن و تەنیا مەسەلەی گرینگ ئەوانن. ئەگەر دەڵێی ئەدی بۆخۆمان، بۆ تازە ئێمە بۆ وەی دەبێ بڵێین ماوین؟ منم، ئەوە نیە دەتویست بمکوژی؟ بۆ خۆشت کە شیاوی مەرگی نە ژیان. بەڵام هەرچی کردت کردت، من ئەوا لێی گوزەرام. ڕاستی یەکەی ئەوەیە ئەوەندەی قسە بۆ دڵی خۆم دەکەم، بە هیچ کوێ ناگا و بە دەست خۆم نیە لە بەر چاوم ڕەش بووی. من لەوپیاوانەم کە تاقە جارێک لە ژیانیاندا ئاشق دەبن و هیچی دیکە. بزانە دەڵێم چی، ئەگەر دەتوانی دەست لەو کابرایە هەڵگری، ئەوا حازرم پێکەوە بژین؛هەروەک ئەوەی هیچ نەبووبێ. ئەگەر ئەمەشت بۆ ناکرێ و ئیتر ناتوانی دەستی لێ هەڵگری ؛ هەر وەکی من دەستم لە تو هەڵنەگرتووە، دەی جا فەرموو، هازا گۆ، هازا مەیدان! ئەگەر کابرات لە منداڵەکانت خۆشتر دەوێ و ئا ئەو لێ بووردنەی من کاری نەکردۆتە سەر دڵ و مێشکی تۆ، فەرموو ئەوە ڕێی من و ئەوە ڕێی تۆ! بەڵێنیت دەدەمێ کە من ڕێگات لێ نەگرم. برۆ وە شوێن زیندەگی خۆت کەوە و من کارم نە بە تۆیە و نە بە کابرا. من زیاتر خەمی ئابڕووی خۆت و منداڵەکانمە تا ئەوەی لە فکری تۆڵەدا بم."

لە پێشدا هیچی نەگوت. دوایە لە کڵپەی گریانی دا و ئەژنۆی دادا ویستی خۆ بە سەر لاقمدا بدا. گوتم: "لا بە، هەر معازەڵڵا نابێ دەستی تۆ وەگیانی من کەوێ." هەردووک دەستی بۆ لای من درێژ کردبوو و دەپاڕاوە. گوتم: "جارێ بەو دەم و دەستە خۆ لە ئامێزت ناگرم. با ڕۆژان بێن و بڕۆن. ئەگەر زانیم وەک جاری جاران لە دڵەوە منت دەوێ و ئەوەندە سەبارەت بە من پێزان و ئەمەگناسی کە کابرای

تایینت بە ئێگجاری لە بیر بردۆتەوە، ئەوا ڕەنگە وردە وردە لێک نزیک بینەوە و لەوانەیە ڕۆژێک بێ وا بە دڵخۆشی یەوە یەک بگرینەوە، هەر وەک ئەوەی هیچ نەبووبێ." گوتی:"قسەکەت حیسابی یە. هیچمان درۆ لەگەڵ ئەوی دیمان ناکەین. بەڵام دوو شت هەن دەمەوێ باسیان بکەم. یەکیان ئەوەی دوێنێ شەو تێگەییم کە بوومەچ ژنێک و ئەمە بە ڕاستی دڵی داخورپاندم. یەکیشیان ئەوەی تۆم ئاوا دی، خۆت ئاسایی، کەسم لە تۆ پیاوتر نەدی. با لەو قسانە گەڕێین. سوێند بێ، چاکە و ئەمەگی تۆم هەر لەبەر چاو بێ. من ئەمەگی ئەو چاوپۆشی یەی تۆ دەدەمەوە." ئاننا بەڵێنی خۆی بردە سەر.

هەڵبەت ئاگادار بووم کە تاقە جارێک چوو چاوی بە قازی کەوت و ئەویش تەنیا لەبەر ئەوە بوو پێی بڵێ ئەوی لە نێوانیاندا گوزەراوە تازەگوزەرا و ئەو ڕووپەڕە لاچووە و بە شان و باڵی دا هەڵگوتبووم. ئاننا پەی بە تاوانی خۆی برد بوو و دەیویست تێی هەڵێنێتەوە. ئەو بەڵێنەی بە منی دابوو، بردیە سەر. لەو کاتەوە هەستان و دانیشتنی لەگەڵ من و منداڵ وەک کابانی ماڵێ، قسەی لە سەر نەبوو. شەش مانگ هێشتا بە تەواوی تێنەپەڕیبوو کەوەک جاران پێکەوە دەخەوتین و هەردووکمان لە دڵەوە کەیف خۆش بووین.

ئەو ژنەی ئەم قسانەی بۆ گێڕامەوە لە کۆتایی دا گوتی: "دوای ئەوەی قازی ڕۆیشت، هەر کە بیستمان دووکورتیاڵ چەندەی باوەڕ بە ژنەکەیەتی، من و ئەو کابرایەمان دەممان بوو بە تەڵەی تەقیوو، ڕاوەستابووین و چاومان لێک نەدەکرد. دوایە دانیشتین، هیچمان نەگوت، بەڵام فرمێسک هۆن هۆن بە چاوماندا دەهاتە خوارێ."

*

خەڵکی دێ تەواویان سەریان لەم کارە ماسیبوو. کابرای نانەوا بۆی لە بنی کوولەکە دابوون. سەیر لەوەدایە ئەم بەسەرهاتە، هەر چەند تاقە ئەم شایەدەی هەبوو، خەڵک موو بە موو دەیانزانی قازی چۆناوچۆنی

نەخشەی کارەکە دارِشتبوو. بەڵام شتەکەشیان ئاوا باس دەکرد کە گۆیا قـازی پەتەکـەی لـە دەسـت هەڵخلیسـکاوە و کارەکـەی بـە دەسـتەوە نەهاتووە. هەر چەند ئا بەم بارەدا، ژنی کابرا بە ڕواڵەت دەستی لەو کارەدا نەبوو، بەڵام خۆ خەڵک لەقسە و باساندا ژنەیان نەدەپەڕاندەوە و دەیانگوت وا هەر نیە ئەویش لەو کارە چەپەڵەدا دەستی بووە. لەوەش خەراپتر ئەوە بوو خەڵک دووکورتیاڵیان لۆمە دەکرد و دەیانگوت ئەم قزەی خوێڕیلەیە خەتای خۆیەتی و بە دەردی پێشینیان دەڵین: "بەشی کـابرای گـەوادی شـاخدار هـەر تێهەڵدانـە." ئـەم نەزیلەیەخـەڵکی ئـەمڕۆ ئاوای دەڵێن: "پیاوی خوێڕی پەتی لە مل دەکەن کەچی گووی سەگ وەک هەڵوا دەخوا."

بێتوو دووکورتیاڵ لێرە و لەوێ کە باسی شتەکە دەهاتە گۆڕێ، لە بەر ئەوەی دمی خەڵک ببەستێ، بە ڕاشکاوی و بە دڵەوە بەر بوایەتە تاریفی ژنەکەی، قسەکانیان بە هاشە و هەمانە دەزانی. دڵیان نەدەهات لە ڕووی خۆیا پێی پێ بکەنن، بەڵام پاشملە نێوی بابیان دێنا.

پاش ساڵێک و دووان، ژن و مێردی کلۆڵ بەو هیوایە کە دمی خەڵک ببەستن، خۆیان گورگە نەکرد و دەهاتنە نێو خەڵک و پێشدەکەنین و لە شایی و زەماوەندی دێدا هەڵدەپەڕین و دایمەش لە چۆپی دا دەچوونە دەستی یەکەوە. لە داوەتێکدا ژنێک بە ناوی خانمی ئاپرمۆن هات و گوتی:"دووکورتیاڵ دێی پێکەوە دەورێک واڵتس بڕەخسێین؟" کەچی دووکورتیاڵ گوتی: "وەڵا خانمی ئاپرمۆن چت لێ وەشارم، من و خێزانم خەیاڵمان هەیە دەورێک لەم هۆڵی سەمایەدا پێکەوە هەڵپەڕین، بە یادی جاری جاران." خانمی ئاپرمۆن گوتی: "ئەدی نابێ بە داب و هەوای ئەم زەمانەهەڵپەڕین؟" دووکورتیاڵ گوتی: "هەڵپەڕینی ئەم زەمانە فێر دەبین؛ هەر ئەوەندەی خۆ بە هەوای هەڵپەڕینەکە بادەی تەواوە."

خانمی ئاپڕمۆن هەر کاتێ باسی دووکورتیاڵی کردبا یان ڕووی دەمی لەوی با، وێڕای ناوەکەی وشەی "ئاغا"شی لەگەڵ دەکوت.

دەیگوت:"ئەم کابرایە با جووتیار بێ، پیاوێکی ماقووڵە و لەو خانزادە هەرە نەجیبانەیە. هەر ئەوەندە نیە حورمەتێکی ئاسایی بگرم، ئاغای دووکورتیاڵ لای من زۆر زۆری ڕێز هەیە. ئەوی سیفەتی چاکە و پیاوەتی یە لەو کابرایەدا کۆ بۆتەوە و بۆتە گەوهەرێکی پڕبایەخ، کە چی بۆتە هۆی سەر سوڕمان وسەرئێشەی ئەوانەی وا هەرچی و پەرچین."

ڕۆژێکیان لە مەزرایە، پاش ئەوەی گەنمەشامییان دان کرد، بە پێی دابی وڵات جێژنیان گرت و نان و خوان دانرا بوو، بابنۆکەرێک بۆ خۆی لەماڵێ بەزمی ببوو، بڕێک بە هەوای مەستی لەو سەری سفرەکەوە هەرای کرد: "ئەرێ بابم، دووکورتیاڵی بەستەزمان! بچیە ئاسمان و بێیەوە خوارێ، تازە بلیتە وبۆت وەدەر کەوتووە! بە خوای وە نەبێ ژنەکانی ئێمە چی لە هی تۆ باشتر بن، بەینەڵڵا ئەوەندەی هەیە ئاننای ژنی تۆ بڕێک لە "فێنێلا"ی ژنی من خەراپترە، چونکێ هەرچی بێ، ژنی من پەتم لە ئەستۆی ناکا بمخنکێنێ." پیس قەوما، عالەمەکە سەریان هەڵێنابوو بەڵام چاویان بەردابۆوە، باش بووکابرایەکی لە وی دم هەراشتر فریای کەوت و باسەکەی گۆڕی. ئەو ڕۆژە دووکورتیاڵ، بێ تێکوڵ، ترکی خۆی بە گوێی خۆی بیست. بەڵام خۆی نەکردبە ساحەبی و چاوی لە میچەکە بڕی. کەچی کابرایەکی لەو دوانەی پێشوو ناماقووڵتر وا دەکا: "باشە تۆ ئاگات نەکرد کە پەتەکەیان کرد بە سەر وگوێلاکتدا؟" دووکورتیاڵ چ بکا؟ هەستا و لێی دا ڕۆیی!

*

ژنان بە قسەی خۆیان دەیانگوت دووکورتیاڵ بە دەم جووت کردنەوە دەگری و دەلۆرێتەوە. ئەگەر واشی کردبا لە خۆشیان وای دەکرد؛ لەخۆشی ئەوەی ئەوەندەی تاقەت هەیە خۆ لەبەر ئەو هەمووە نەهاتی و ڕۆژەڕەشی یە بگرێ. بۆ خۆی بە چاوی خۆی دەیدیت کە سوور بوونی وی لەسەر چاکە، پاڵی بە خەراپەوە ناوە و ڕۆحی ئەو بە سەر ڕۆحی خەڵک و وڵاتدا زاڵ بووە، هەر وەک چۆن پیاوانی خوا دڵی

مرۆی خوێنڕێژ و دڕندەی کێویان نەرم دەکردن. باشە تۆ پێت وایە هەروا هاسانە پیاو لە جێیەکی وەک ئەو شوێنەی وا جەژنی لێ بوو، بار و دۆخێکی ئاوا تاڵ ببینێ و قسەی ساردو سووک و کاڵ ببیسێ، کەچی کارێک بکا ئاخری خەڵک هەر باشی بڵێن؟ ژنەکەی ئەوەندەی هەوەڵێ بە خوێنی تینوو بوو و دەیهەویست ملی بەپەتەوە ببینێ، ئەوەندە ئێستا وەک ئاغا و سەروەری خۆی ڕێزی بۆ دادەنا. لەم دێیانەی دەور و پشت، هیچ ژن و مێردێک بە قەد ئەوان تەبا و ڕەبانەبوون و خۆشی و بەختەوەری ئەم دوانە بوو بە شتێکی ئەفسانەیی و سەرتر بوو لەوەی مێشکی بەشەر تێی بگات.

*

هەواڵی نەخۆشی ئاننا بە ڕاست دەرچوو. دووکورتیاڵ ئەوەندەی لە دەستی هات پووڵی لێ خەرج کرد و داو و دەرمانی دونیا نەما لێی نەکا. پزیشک و پسپۆڕ و شکستەبەند و جەڕاحی بەناوبانگی هێنایە سەری بەشکوو دەرمانی دەردی بکەن. شەو و ڕۆژ بە سەریەوە بوو، بە کۆڵ دەیگێڕا و نان و ئاوی دەدایە و بۆ خۆی بە فینجان چا و قاوەی بە دمیەوە دەکرد و نەیدەهێشت کەسی پێوە ماندوو بێ، جا ئیدی مەگەر چلۆنها کە بۆ خۆی نەیتوانیبا ولە شان و شەپیلک کەوتبا. ماوەی ئەو شەش حەوتووەی ژنە بە جێوبان کەوتبوو، کابرا چاوی لێک نەنا.

*

لە بەر درگای ماڵی مادلێن وێستا بووم، کابرای مێردی ژنەم دی کە دەهاتە بەرەوە. تەنیا ئێسک و پێستێکی مابوو، بەستەزمان و بێداروبار و ڕەقەڵ و درێژ و دەم و چاوی هەر بە جارێ تێک قوپابوو و بە شوێن تەرمی ژنەکەیەوە هەنگاوی دەنا. دەسرەیەکی سپی خاوێنی بە بەر دەمیەوە گرتبوو ودەم و چاوی دیار نەبوو.

لەو کاتەدا کابرا هات و ڕۆیی. "ئێلیز" کە هەمیشە قسەی خۆی دەکرد، گوتی: "هەرچی بێ، ئەم ژنە خاچپەرستێکی بەڕاستی بوو."

بەڵام کەس گوێی بۆ قسەکەی شل نەکرد. کچانی نەفام و ژنانی زمانشڕی گۆج و شەل و گێڕ و ئەو کەسانەی بە جارێ تێکەڵاوی دونیا ببوون، لەلاڕا و بە بێزەوە چاویان بڕیبووە کابرا کە لە بەر چاویان یەکی گەوجی قزەی خوێڕی بوو و تماشای کالیسکە تەرمکێشەکەیان دەکرد کە قەشەی ئاوەدانی ڕایدەکێشا. ئەم عالەمە، ئەو ژن و پیاوەیان نەدەبەخشی، چونکێ بە شوێن داب و دەستووری ئەواندا نەڕۆیشتبوون و چونکێ ئاکاری وان لە سەرووی ئاکاری خۆیان بوو و هەر یەکەی بە بارێکدا دەستی هەموو ژن و پیاوی دونیایان لە پشتەوە بەستبوو، ژنە بە باری خەراپی دا و پیاوە بە باری باشی دا. ئەوەی وا لە کاکڵی ئەم بەسەرهاتە تێنەگەیشتبا، دەرگای ڕەحمەتی لێ دادەخرا. بەڵام ئەم ژن و مێردە شیرنایی پاک بوونەوە لە گوناهیان چێشت ودەیانتوانی بڵێن "گەورەیی خوایان" دیووە و - تۆ بڵێی بۆ خۆیان ئەمەیان زانیبێ؟ - ڕۆشنایی خوا دوور نیە کە لە کاتی خۆی دا و هەر لە بارودۆخی ئاسایی دا دەم و چاومان ڕوون کاتەوە و جارێکی تر بە دیداری پڕ شان و شکۆی کردگار شاد ببنەوە.

*

کەس نەیزانی ئاننا بە چی مرد. ئەوەندە تامەزرۆ بووم بزانم ئاننا بە چ دەردێک چوو، شەوێ خۆم گەیاندە ئەو دارتاشەی کە ئاننای لە تابووت خستبوو، گوتی: "نازانی، نازانی! من لە پیر و جحێڵ، لە هەموو چەشنە مردوویەکم دە تابووت ناوە، کار و پیشەی من ئەوەیە. شتی وام هەر نەدیوە. ئەم چەند مانگەی ئاخری ژیانی، تەواوی ئەندامی ماسیبوو، دەتگوت گۆشتی گیانی تواوەتەوە و دەستت لە پێستی دەدا، دەتدی ئەندامی هەموو وەک دەڵەمەی لێ هاتووە. دوای مردنیش، هەر دەهات و دەماسی، سەری بە قەد سەری ماین و ملی بە قەرا قەدی کچێک ئەستوور ببوو و باقی ئازای ئەندامی بۆخۆت حیسابی لێک بدەوە. پاش ئەوەی ئەندازەم گرت کە تابووتی بۆ ساز کەم، باسکی

هێندە ماسین کە لەبەر ئەوەی لە قوتووی تابووتەکەوە بچێ هەردووک شانیم پێکەوە بەستن و سەرتاپام تەتەرپێچ کرد، لەوەی دەترسام بدڕێ. کاتێ لە سەر نوین و بانەکەمان هەڵگرت ـ واشمان تەتەرپێچ کردبوو دەتگوت تەرمی یەکێ لە فیرعەونەکانی میسری کۆنە ـ سەیر لە وەی دا بوو سەرەڕای ئەو هەمووە ئەستوور بوونە، دەتگوت پەلەپووشە. هەرکە لە تابووتەکەمان ئاخنی، وەک هەویر یان ژیلەی کە لە قالبت کردبێ، هەموو سووچ و کەلێنی تابووتەکەی پڕ کردەوە، کەچی دەموچاوی هەر وەک خۆی جوان مابوو، بەڵام هێندەی پێ نەچوو لووت و دەمی تێک تەپین و تێکەڵ بە ڕوومەت و چەنەی بوون و هەر وەک ئەووێنانە دەچوو کە لە میداڵ یان دەرزیلەی بەرۆکی ژنان هەڵکەندراون.

# نامەی منالآن بۆ خوا

پێناسەیەکی کورت

"نامەی منالآن بۆ خوا" کتێبێکە ستوارت هەمپل و ئێرێك مارشاڵ بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٧٥ زایینیدا لە چاپیان داوە. ئەمانە، چوونەتە ناو منالآنی ئینگلیسی زمانەوە و گوتوویانە نامەیەکی بۆ خوا بنووسن. هەر منداڵەی لە حاستی خۆیەوە و بە دڵی خۆی نامەیەکی لە خودا نووسیوە و چی بە مێشکیا هاتووە دەری بڕیوە. خاوەنی ئەم کتێبەش نامەکانی هەر بەو دەستوخەتە لار و وێرە منالآنەی خۆیان هێناوە و ڕەنگە ئەمە تەنیا شێوەیەکە کە خەتی خوار ڕێگای ڕاست پیشان ئەدات! من ئەوا وەرگێڕاوی چەند دانە لەو نامانە ئەخەمە بەرچاوی خوێنەری کورد، هیوادارم بە کەیفوو بێ.

وەرگێڕ

***

خوا گیان!

من کتێبەکەتم خوێندەوە. ئای چەندم بە کەیف بوو. ئەرێ ماڵەتە ئەو هەمووە قسە خۆشانەت لە کوێڕا هێناوە؟

قوربانی تۆ: جان

***

خوا گیان:

حەزرەتی عیسا فەرموویەتی ئەگەر بە زللە لە ڕوومەتێکیان دای، ڕوومەتەکەی دیش ڕاگرە با تێیبسرەوێنن. باشە خوا گیان ئەوە هاتوو خوشکەکەم شەق لە لاچاوێکی سرەواندم. چاوەکەی دیکەشم ڕاگرم لێیدا؟

قوربانت: جێرسی

***

خوا گیان:

نازانم بۆ دار باڵا دەکا، کەچی بنیادەم هەر کورتە باڵان.

بە فیدات بم: گەڕی

***

خوا گیان:

دەڵێن ئێدیسۆن کارەبای داهێنا، بەڵام بە خوای ئەوەش هەر کاری خۆتە.

لەبەرت مرم: دۆنا

***

خوا گیان:

چۆنە ئاسمانت شین کرد و گژوگیات سەوز کرد؟ قوربان قوتووی قەڵەمڕەنگییەکانت هەر ئەو دوو ڕەنگەی تێدا مابوو؟

بە فیدات بم

سەرچاوەکان:


١. The Experience of literature, Lionel Trilling, Colombia University, primted in the United States of America
٢. The Great short stories of De Maupassant, Pocket Library, ١٩٥٨
٣. Dublinners, James Joyce (١٩٧٧ by Triad/ Panther Books)
٤. The Essential James Joyce, Edited by Harry Levin, Penguin Books, printed in Great Britain
٥. French short stories, translated by Barbara wright, Penguin Parallet Text
٦. Spanish stories and Tales, Edited by Harriet de Onis
٧. A study of the short story, Jack Fields, Mccormick – Mathers Publishing Company, Manufactured in the United Stats of America
٨. Edgar Allen Poe stories, Platt and Munk Publishers New York ١٩٦١
٩. Short stories for oral production, Dr. Abbas Ali Rezai, The center for studying and compiling university Books in Humanities (SAMT), Tehran – Iran, ١٩٩٧
١٠. Children Letters to God, stuart Hampel and Eric Marshal